Pertukxanay Elictrony Jihany

پەرتووکخانەی ئەلیکترۆنی جیهانی



Facebook:

فەیسبووك:

www.facebook.com/pertukxanay.elictrony.kurdi

ڕۆمان

عاشقترین

مریەم یافتیان

وەرگێڕانی: سامان کەریم

پێداچونەوەی دەقی کوردی: سەلام کەریم

www.pertwk.com

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: عاشقترین..

بابەت: رۆمان

رۆماننوس: مریم یافتیان

وەرگێڕانی: سامان کەریم عەلی

پێداچونەوەی دەقی کوردی: سەلام کەریم

کۆمپیوتەر: سەیوان جەمال

نۆبەتی چاپ: یەکەم

چاپەمەنی: چوارچرا

تیراژ: هەزار دانە

ژمارەی سپاردن:

ئیمێڵی وەرگێڕ: saman_sk_karim@yahoo.com

پێشەکی

ئێستاش هەر کاتێک باس لەخانوی کۆنو حەوزی بچوکی ناو ئەو خانوانە دەکرێت، بەبێ ئەوەی بمەوێت دەکەومەوە یادی کوچە کۆنەکانی ئێرانو یادی گەڕەکە تەنگو پێچاوپێچەکانی.. یادی خانوە بچوکو گەورەکانی کە زۆربەیان لەخشت دروستکرابون، چ جیاوازییەک هەبوو ئەگەر خانوەکە بچوک یان گەورە بوایە، یادی بەختەوەری مرۆڤەکانی بەخێر، دەنگە دەنگی منالان کە بەتۆپێکی لاستیك یاریان دەکردو بەناڕەزایی گەورەکان یەکسەر کۆمەڵەکەیان تێکدەچوو، چەند ساتێك بێدەنگی بڕیاردەر دەبوو کە خۆرئاوا دەبوو ژنان زۆربەیان لەبەر

دەرگای یەکێك لەماڵەکان کۆدەبونەوەو بیروڕای خۆیان دەربارەی مەسەلەگەلێکی جیاواز دەردەبڕی.

نزیکەی سی ساڵێك پێش ئێستا لەیەکێك لەم کۆڵانە تەنگانەداو لەیەکێك لەخانوەکانیدا کە بەئەندازەیەکیش خانویەکی گەورە بوو خانەوادەیەکی گەورە ژیانیان دەگوزەراند.

خاوەنی خانوەکە بەناوی خەلیل دەمێك بوو لێرە دەژیا، یەکەمین خانوی کۆڵانەکە ئەو دروستی کردبو، هەر لەبەر ئەمەش بوو کەوا ناوی کۆڵانەکەیان بەناوی ئەو "خەلیل"ەوە ناونابوو.

لەدەرگای خانوەکە ئەڕۆیشتیتە ژورەوە دارەبەنێك لەبەردەم باخچەکەدا بوو کە گەڵاکانی دارمێوەکەی لەسەر پەرشو بڵاوبوو.

بەتول خان ژنی خەلیل لەژێر سێبەری دارەبەنەکەدا کورسییەکی لەدار دروستکراوی دادەناو دەوروبەری هەموی گوڵە وەنەوشە بوو، بەتول خان کە پێشیان ئەوت حاجی ژن لەناوەڕاستی باخچەکەدا سەوزەی دەچاندو گشت رۆژێك دەمەو عەسر لەئاوی حەوزەکە ئاوی ئەدان، حاجی ژن ئەگەر حەزی لێبوایە لەباخچەکەدا گوڵی پونگیشی دەچاند.

بەوتەی رەجەبی شاعیری دراوسێیان کە دەیوت:

– خانوەکەی خەلیل مرۆڤ دەباتە جیهانی مەستیو عیشق، دواتریش هەر بەپێشنیازی ئەم "رەجەب"ە خاوەنی خانوەکە لەناوەڕاستی حەوزەکەدا پەیکەرێکی دانا کە لەدەمییەوە ئاو دەردەچوو ئەمەش فوارەیەك بوو بۆ خۆی.

خەلیل لەژیانیدا زۆری حەز لەکورِ بوو، لەمەدا خودا بەدڵی کردو چوار کوڕی پێبەخشی، کەچی حاجی ژن وەك زۆربەی ژنانی تر حەزی لەکچ بوو، کچێك کە هاودەمو هاوڕێی بێت.

حاجی ژن کاتێك دڵی تەنگ دەبو دەیوت:

– خـــەلیل ئەترســـم بمـــرم‌و لەپرســـەکەمدا یـــەک دڵـــۆپ فرمێســـک نەڕێژرێت، ئەگەر کچێکم هەبوایە ئەو بۆم دەگریا.

خەلیل پێئەکەنی‌و دەیوت:

– لـــەجیاتی ئـــەو کچـــەدا چـــوار بوکـــت هەیـــە، خـــەلیل یەکـــەمین کـــوڕی ناونـــا "ســـاڵەح" ئەیویســـت یەکـــەمین منـــداڵی کەســـێکی ئیمانـــدار بێـــت، کـــوڕی دوەمـــی خـــەلیل بـــەناوی "ئیســـماعیل" لەخۆشـــی ئیســـماعیل کـــوڕی حـــەزرەتی ئیـــبراهیم نـــاونرا، ســـێیەم کـــوڕ زۆر بەئەســـتەم هاتەژیانـــەوە.. خـــەلیل حـــاجی ژنـــی گەیانـــدە نەخۆشـــخانە، ئـــەو دکتـــۆرەی کـــە منداڵەکـــەی هێنایـــە دنیـــاوە کـــوڕێکی گـــەنج بـــوو بـــەناوی پـــەرۆیز، بەبۆنـــەی ئـــەو پزیشـــکە گەنجـــەوە ناویـــان نـــا "پـــەرۆیز"و نـــاوی منـــداڵی چـــوارەم خـــەلیل لەبـــەر دڵـــی حـــاجی ژن کـــە برایـــەکی لەشـــاری"مەشـــهەد" بـــەناوی ئـــیرەج هـــەبوو، بـــەڵام نەیدەبینی بۆیە ناویان نا "ئیرەج".

هـــەر چـــوار کوڕەکـــە لەهـــەمان ئـــەو خـــانودا پێیـــان گـــرت‌و تـــا هەریەکـــەیان بووە خاوەنی ژن‌و منداڵی خۆی.

خـــەلیل کـــە بـــۆ منداڵـــەکانی "باوکـــەگیان" بـــوو، زۆر شـــانازی پێـــوە دەکـــردن لەهەرکوێیـــەک کـــە دادەنیشـــت باســـی ئـــەدەب‌و چـــاکەی کوڕەکـــانی دەکـــرد، کاتێـــک کـــە ئەیبیســـت کـــوڕی کەســـێک ئیشـــی خـــراپ دەکـــات پێدەکەنی‌و دەیوت:

– پێویســـتە پیـــاو بەباشـــی منداڵـــەکانی پـــەروەردە بکـــات، خراپـــی منـــداڵیش لەکەمتەرخـــەمی باوکەوەیـــە.. خـــەلیل پیـــاوی پـــەروەردەکردنی منـــداڵ نـــەبوو، چـــونکە منداڵـــەکان ئەگـــەر کـــارێکی خراپیـــان بکردایـــە دەخرایـــە ئەســـتۆی حـــاجی ژن، بـــەڵام ئەگـــەر کوڕەکـــە بـــاش بوایـــەو پێبکەنیبا، خەلیل دەیوت:

– کوڕی منە.

بەرە بەرە کوڕەکانی خەلیل گەورە بونو کاتی ژنهێنانیان هات، یەکەمجار سالّەح ئامۆزاکەی خۆی پەروین–ی هێناو منداڵێکیان بوو بەناوی وەحید کە لەکاتی ئاهەنگی ژنخوازیی ئیسماعیل–دا هاتە دنیاوە، جگە لە"وەحید" خودا سێ کچیشی بەسالّەحو پەروین بەخشی (سەمانە، موحەدیسە، ئاسیە).

ئیسماعیلو ئەعزەم بونە خاوەنی سێ کوڕ (فەلّامەرز نۆبەرەکەیان و، فەرهادو کیومەرس دوانە بون) دە سالّ کەوتە نێوان ژنهێنانی ئیسماعیلو پەروێزی برای، پەروێز درەنگتر لەهەمویان ژنی هێنا.

پەروێزو نێرگس بەزویی بونە باوکو دایک "مەنوچەر" لەگەلّ دوانەکەی ئیسماعیل هاوتەمەن بوو.

بەشی یەکەم

ئـــیرەج گـــەورە بـــوو، کـــورێکی وشـــیار بـــوو، لـــەبازاڕدا ئیشـــی ئـــازادی دەکـــردو شـــتومەکی دەفرۆشـــتو دەرامـــەتێکی باشـــی هـــەبوو، ئەمـــەش بـــووە هۆی ئەوەی بەباشی ئیشەکانی بکات.

www.pertwk.com

بەرزەفڕییەکەی ئێرەج گەشتبووە گوێی باوکی، کارێکی خراپیش نەبوو، کوڕەکانی تری خەلیل" سالّەح‌و ئیسماعیل‌و پەروێز، هەمویان کارمەندی دەوڵەت بون، کەچی ئێرەج دەرامەت‌و ئایندەی لەکاسبی ئازاددا دەبینی، راستیشی دەکردو ئەو کاسبییە پارەیەکی باشی هەبوو.

ئەو پیاوەی ئێرەج کاری لەلا دەکرد ناوی ئەمیرخان بوو، ئەم ئەمیرخانە سەرەتا دوکانی پێڵاو دورینەوەی هەبوو، وردە وردە بەئەستەم‌و هەوڵدانی بێوچان توانی چەند دوکانێک بکرێت، پاشان بووە خاوەنی ئیش‌و کارگەی دانا، بەکورتییەکی گوزەرانی باش بوو.

هەمیشە ئێرەج باوەڕی وابو کە دەیوت:

– هەموو کارێک سەرەتاکەی سەختی تێدایە، برسێتی تێدایە، هێواش هێواش ئیش شێوەیەکی تایبەتی دەگرێت‌و سەرکەوتن لەرێوە دەگات، دواییش مرۆڤ دەبێتە یەکێکی وەک ئەم ئەمیرخانە.

ئێرەج لەبراکانی جیاواز بوو، تەنانەت حاجی ژن بەو هەموو پلان‌و سیاسەتەوە نەیتوانی بوو دەماری خەوتنی بدۆزێتەوە، ئێرەج لەکۆمەڵدا کەسێکی بێدەنگ بوو، هەوڵێدا بیری کەسانی تر بخوێنێتەو پێشینان وتەنی بەزمانی خۆیان وەڵامیان بداتەوە، ئەمەش رەفتارێکی باش بوو.

خەلیل حەزی لەم رەفتارەی کوڕەکەی بوو، ئەو ئێرەجی لەهەموو کوڕەکانی زیاتر خۆشدەویست، ئەگەرچی لەدەموچاویدا وادەردەکەوت دژی شێوازی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی ئێرەجی کوڕیەتی، کەچی لەناخەوە بەبیرکردنەوە نوێ‌و پوختەکانی خۆشحاڵبوو، تەنانەت هەندێ کات لەمینگەمینگی سێ کوڕەکەی تری تورەدەبوو، بەڵام بۆ ئێرەج بەوشێوەیە نەبوو کاتێک دژایەتی شتێکی بکردایە بەکورتی‌و پوختی دژایەتییەکەی رادەگەیاند، هەر بۆ نمونە لەبارەی کارکردنی لەبازاڕ زۆر بەئاسانی توانی خەلیل رازی بکات، ئەمە لەکاتێکدا کەوا براکانی لێی

توڕەبـــون، لەبەرئـــەوەی هەریـــەك لەوانـــە رۆژێـــك بیرێکـــی لەســـەردا بـــووە، کەچـــی بـــەهۆی ترســـی پەیوەندییەکانییـــەوە چاوپۆشـــی لێکـــردوە، ئـــیرەج زۆر بەئاسانی قسەکانی کرد.

خـــەلیل وابـــیری دەکـــردەوە کـــە ئـــەم ژیرییـــەی کوڕەکـــەی لـــەم جێیـــەدا کۆتـــایی دێـــت، بۆیـــە هـــیچ کاتێـــك بـــیری نـــەدەکردەوە کـــە رۆژێـــك ئـــیرەج دژایـــەتی هـــەموو بەرنامـــەکانی بکـــات، خـــەمخواردنی ســـێ براکـــە بەبۆنـــەی ئەمـــەوە بـــوو، چـــونکە دەیـــانزانی ئـــیرەج دەربـــارەی هـــەموو شـــتێك هـــەنگاوی نـــەگۆڕیی هەیـــە، خـــەلیل چـــەندین بەرنامـــەی چـــاکی لەمێشـــکدا بـــوو، ئـــیرەج دوایـــەمین منـــداڵی بـــوو دەیویســـت لەرێگەیـــەوە گشـــت ئارەزوەکـــانی رەنگـــی راستی بگرن، بەوتەی پێشینان هەرگیز چوار پەنجە یەك شێوە ناگرن.

وردە وردە چـــپەکردن بـــۆ ژنهێنـــانی ئـــیرەج لەلایـــەن حـــاجی ژنو خەلیلـــەوە دەســـتی پێکـــرد، ئـــیرەج وەك براکـــانی نـــەبوو، کەســـێکی ســـەقامگیر، قســـەیەکی هەبوایـــە هـــەرگیز نەیـــدەگۆڕی، ئـــیرەج لەمەشـــدا راســـتی دەکـــرد، چـــونکە قســـەکردن لەســـەر ژنهێنـــان قســـەکردن بـــوو لەســـەر تەمـــەنێکی دوورو درێـــژ ،، باوکیـــان هەمیشـــە لـــەجیاتی هـــەمویان بڕیاریئـــەداو، بڕیـــاری ئەنجامـــدانی کـــارێکی بدایـــە ســـەرو ژوری نـــەبوو، ئەبوایـــە هـــەر ئـــەو بڕیـــارە بوایـــە، ئـــەمجارەش کچـــێکی بـــۆ ئـــیرەج دیـــاری کردبـــو، بـــەڵام ئـــیرەج نەیدەویســـت گـــوێ لەقســـەکانی بـــاوکی بگرێـــت، لەگـــەڵ خۆیدا دەیوت:

– خـــۆ خـــۆم چـــاوم هەیـــەو کـــوێر نـــیم، ئـــەم ورتـــە ورتـــە ئیرەجـــی خســـتە خەیاڵـــەوە، عەســـر بـــوو ئـــیرەج هـــیلاکو کفـــت لەســـەر کـــار دەگەڕایـــەوە، ئـــەو رۆژە شـــەڕێکی دەمەقاڵـــەی لەگـــەڵ یـــەکیك لەکڕیارەکانـــدا کردبـــو، بۆیـــە کاتـــەکانی زۆر تـــەماویی بـــوون، لـــەخاڵی خۆیـــدا بـــوو، کاتێـــك ئافرەتێـــك بەگریانو شێواوییەوە بەرەو روی هاتو وتی:

– کاکە، بۆ خوا یارمەتیم بدە مێردەکەم خەریکە دەمرێت.

www.pertwk.com

ئیرەج بەبینینی روخساری پڕ پاڕانەوەو نیگەرانی ژنەکە دڵی سوتاو لەگەڵیدا رۆیشت، پاش ماوەیەك رۆیشتن، ژنەکە دەستی بۆ کۆڵانێك راکێشاو وتی:

– لەوێیە ماڵەکەم لەوێیە.

رۆیشتە یەکێك لەخانوەکان، بێچارە مێردەکەی پیرەمێردێك بوو، رەنگو روی پێوە نەمابوو، بەئەستەم هەناسەی بۆ ئەدرا، ئیرەج بەخۆی وت:

– واتە ئەم پیرەمێردە مێردی ئەم ژنەیە، دەنگی ژنەکە بەرزبوەو بەدەنگێکی بزێو وتی:

– کاکە توخوا خێراکە.

ئیرەج کاتێك پیرەمێردەکەی خستە سەرپشت نیگای لەگەڵ دوو چاوی پڕگریانیدا گرێدا، کچێك لەپشتی پەنجەرەکەوە وەستابوو دەگریا، ئیرەج نەوەستا، پیرەمێردەکەی بەپەلە لەماڵ بردە دەرەوە، ژنەکەش بەگریانەوە دوای کەوت.

بەکورتی ئیرەج پیرەمێردەکەی گەیاندە نەخۆشخانە، بەڵام دڵی نەدەهات بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ژنەکە ژمارەیەکی تەلەفۆنی بەئیرەج دا، ئیرەج بەبێ دواخستن بەرەو لای تەلەفۆنەکە رۆیشتو هەواڵی نەخۆشکەوتنی پیرەمێردەکەی بەکچو زاوای ژنەکە راگەیاند، بەهاتنی کچو زاوای ژنەکە ئیرەج مانەوەی بەباش نەزانیو لەنەخۆشخانە هاتەدەرێ.

لەڕێی گەرانەوەیدا بیری لەئەو دوو چاوە گریاناوییە هەر لەمێشکیدا بوو، بەبێ ویستی خۆیو بێ ئەوەی نیازی پێشوی هەبێت خۆی لەبەردەم ماڵی پیرەمێردەکەدا بینییەوە، نەیدەزانی بۆچی لەوێیە، دەستی لەرزۆکینی لەسەر زەنگەکە داناو بەئارامی پەنجەی لەسەر دانا، دەنگی ئەو کە بەخێرایی باخچەکەی تێدەپەڕاند دەبیسترا، دەرگاکە

کرایەوە، هەمان نیگابوو کە لەپشت پەنجەرەکەوە فرمێسکی دەڕشت، دوبارە گریانبوو، ئیرەج بەدەنگێکی لاواز وتی:

– سلاّو، کچەکە بەگرنگی پێدانێکەوە وتی:

– باوکم!.. چی بوو؟.. ئێستا لەکوێیە؟

ئیرەج زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– گەیاندمانە نەخۆشخانەو ئێستا لەژوری بووژانەوەیە، بەباشم زانی کەبێمو بەتۆ بڵێم تا نیگەران نەبی.

دنیا تاریک بوو ئیرەج بۆ تەنیا ساتێکیش لەبیری پیرەمێردەکەو کچەکەی دەرنەدەچوو، باخچەکە وەك هەموو رۆژێك قەرەباڵغ بوو، هەمیشە هاوینان وابوو وەحیدو فەڵامەرزو کیومەرس‌و فەرهاد خاوەکەیان دەخستە سەرشانیان، هەندێ کات تورەبونی خەلیل زیاد دەبوو، کەچی سودی نەبوو، ئەو رۆژە ئیسماعیل لەهەیوان رۆژنامەی دەخوێندەوە, ئیرەج سڵاوی کردو بەخێرایی باخچەکەی تێپەڕاند ئەویست بۆچەند خولەکێکیش بێت ماڵەکە بێدەنگ بێ خواستی خۆی پەنجەرەکەی کردەوەو هاواری کرد:

– بەسە، ئیتر برۆنە بۆ مااڵی خۆتان،، ئیسماعیل سەری بەرزکردەوەو وتی:

– فەڵامەرز منداڵەکان ببەرەوە ماڵ، وەحید تۆش بڕۆرەوە بۆماڵەوە.

حاجی ژن کە لەچێشتخانە لەگەڵ بوکەکانیدا دانیشتبوو هاتە ژورە، ئیرەج بەتورەییەوە وتی:

– ئاە، دایە هەوالّ چییە؟ هەرگیز نەبووە کە جارێك پێ بخەینە ئەم ماڵەو ئێرە چۆڵ بێت، هەموو جارێ ئەبێ دەنگە دەنگی منداڵان ببیستین.

حاجی ژن وتی:

– ئەزانم، بەڵام باشە من چیبکەم، باوکتە هەر لوتفی بەمەوەیەو، دەڵێ: مانّ ئەبێ پڕ بێت لەدەنگە دەنگی منداڵ.

پاشان بەهێواشی وتی:

– دوو ڕۆژی تر کە لەدەستی منداڵەکان وەڕەس ئەبێت، ئینجا هاواری دەگاتە ئاسمان کە ئەم منداڵانە چەند قسە ئەکەن.

دوایی بەئاوازێکی دڵسۆزانە وتی:

– دایە برسیتە؟.

ئیرەج بەرەو جێگەی نوێنەکان ڕۆیشتو پشتییەکی هێناو پاڵکەوت، پاشان وتی:

– چێشتی چیت هەیە دایە؟.. بەڵێ، برسیمە؟.

حاجی ژن ویستی لەژورەکە بڕواتە دەرەوە وتی:

– ئەمڕۆ بۆ مەنوچەر دانولەمان دروستکردوەو دەوروبەکم بۆ تۆ داناوە، ئێستا ئەڕۆم ئەیهێنم بۆت.. پاشان لەکاتی ڕۆیشتنە دەرەوەدا وتی:

– یاخوا ڕۆژێکیش نۆبەی منداڵی تۆبێت.

ئیرەج دوبارە کەوتەوە بیری کچەکە، قسەکەی دایکی ژنو ژیانی خستە یادی.

"2"

ئاهە، کە دنیا چەند بێوەفایە، ئەڵێی دوێنێ بوو، لەروخساری ڕەنگ پەڕیویدا دیاربوو کە حاڵی زۆر باش نییە، لەسەر دیوارەکە لافیتەی مردنی هەمان پیرەمێرد هەڵواسرابوو "مەشهەدی یەزدان فەراهانی" کەواتە ئەم ماڵە "ئەراك"ین، ئیرەج سورەتێکی فاتیحەی خوێندو کەوتەوەڕێ، دەمێك بوو ئیرەج زۆر بیری دەکردەوە، لەبیری هەمان دوو چاوی گریاناوییدا بوو، لەبیری ژنهێنان، ژیانو دەنگە دەنگی منداڵدا

بـــوو، لـــەبیری زۆر شـــتدا بـــوو، ئاهـــەنگی ژنهێنـــان.. هەلهەلـــەی شـــادی.. ئینجـــا لەبەری خۆیەوە:

نـــەخێر، لـــەم کاتـــەدا کـــە ئـــەوان پرســـەیان هەیـــە نابێـــت بڕۆیتـــە داوای ژن بـــۆ مالّیـــان، پێویســـتە ئـــارام بگـــرێو پـــێ بەجـــەرگی خۆتـــدا بنێـــی، مـــن ئـــەزانم بـــاوکم چ نەخشـــەیەکی بـــۆ دانـــاوم، ئـــەو کچـــی شـــێخ جـــەوادی بـــۆ هەڵبـــژاردوم، مـــن نامـــەوێت، رقـــم لـــەو شـــێخە زمـــان لوســـەیە، چـــجا بەکچـــەکەی بگـــات، پیرەمێردێکە سێ ژنی هەیە، ئەم کچەی دیارنییە لەم کام ژنەیەتی؟

خۆرئـــاوا بـــوو، ئـــەو رۆژە ئـــیرەج دڵـــی خۆشـــبوو، چـــونکە پارچـــە ڕەشـــەکانی ســـەر دەرگـــای مـــاڵی ئـــەو کچـــەیان لابردبـــوو، ئـــیرەج رۆیشـــتە نـــاو باخچـــەکەوە.. دەســـتبەجێ چـــاوی بەمەنوچـــەر کـــەوتو بـــێ خواســـتی خـــۆی بەئاوازێکی پرسیارئامێز وتی:

– ها، براژن، مەنوچەر ڕێدەکات؟

– نێرگس بەپێکەنینەوە وتی:

– ئـــۆو، هـــەر پێـــی نایـــە نـــاو نـــۆ مانگییـــەوە ڕێـــی کـــرد، ئێســـتا دوو مانگـــە ڕێدەکات.

ئـــیرەج دەســـتی کـــرد بەگیرفانیـــداو پارەیـــەکی پێـــنج تومـــەنی دەرهێنـــاو بـــەدەوری ســـەری مەنوچـــەردا هێنـــاوبردیو خســـتییە گیرفـــانی مەنوچـــەر.. نێرگس وتی:

– وای خوا مەرگم بدات، ئەم کارانە چییە؟.

ئیرەج مەنوچەری خستە باوەشیو وتی:

–شایەنی نییە، مەنوچەر خۆشەویستی منە.

پاشان بەئارامییەکەوە وتی:

– ئینشا ئەڵڵا، ئەبێتە زاوام.

نێرگس پێکەنیو وتی:

– جارێ تابیست ساڵی تر ژنهێنانی خۆت نابینین، ئینجا بەژنهێنانی کچەکەت.

ئیرەج وتی:

– ماوەیەکی تر هەواڵێك دەبیستی.

****

باوکە مەگەر تۆ ئەتەوێت لەگەڵ ئەو کچەکە بژیت، مەگەر تۆ ئەتەوێت کچەکە پەسەند بکەیت، من بینیمو پەسەندم کرد.

ئەمەوێت هەر ئەو کچەم ئەوێت، خەلیل بەتوڕەییەوە سەیری ئیرەجی دەکرد وتی:

– ئەمە مانای چی؟.. تۆ کاتێك ئەو کچە ئەهێنیت ئەبێتە ئەندامی ئەم خێزانە، دەبێت ئەو کچە عەشیرەتی بەناوبانگی هەبێت، خانەوادەی هەبێت، ئێمە ئەمانە ناناسین.

ئیرەج لەبەردەم باوکیدا هەڵساو بەتوڕەییەوە وتی:

– کەواتە ناتانەوێت بچنە خوازبینی ژن بۆ من؟.. خەلیل وتی:

– کێ وتوێتی ئێمە ناچینە خوازبینی، بەڵام ئەم کچە نا، ئەم کچە باری دارایی لەگەڵ ئێمە ناگونجێت، ئێمەش ئاشنایەتییەکمان لەگەڵ خێزانەکەیاندا نییە.. ئیرەج وتی:

– ئێستا کە ئێوە ناچنە خوازبینی ئەو کچەی من دەمەوێت، من خۆم ئەڕۆم.

ئیرەج ئەوەندە بەشێوەیەکی بڕاو قسەکەی کرد توڕەییەکەی باوکی زیاتر بوو، هاواریکرد وتی:

– کوڕە گێلەکە سەرکێشی بۆ من دەکەی، بڕۆ بزانم چ هەڵەیەك دەتەوێت بیکەی، بیکە.

بەکورتی بابەتەکە بەخۆتێهەڵقورتاندنی ساڵەحو ئیسماعیل برایەوە، بەڵام دوای دوو رۆژ دوبارە دەستی پێکردەوە، خەلیل زۆر بەخۆیدا دەینازی، دەیوت:

ئەبێت ئێمە لەگەڵ هاوئاستی خۆماندا ژنو ژنخوازی بکەین، هەموو کچێك توانای ئەوەی نییە ببێتە بوکی خانەوادەکەمان،، لەم نێوانەدا کەسێك نەبوو پێی بڵێت مەگەر خۆت کێی؟.. چ کارەی؟.. بازرگانی؟.. زۆر دەوڵەمەندی؟..

تۆیەك کە جگە لەخانویەكو موچەیەکی کارمەندی بژێو مەمرە چی ترت هەیە؟.. ئەم هەمو لەخۆبای بونەت لەچیە؟.. ئەڵبەت بوکەکانی خەلیل لەدڵەوە ئەم قسانەیان دەکرد، کەچی کەسیان نەیاندەوێرا ئەم قسانە لەبەردەمی خەلیل یان تەنانەت لەپێش مێردەکانیاندا بکەن.

بەکورتی وردە وردە دەنگەدەنگی هەموو شەوانەو بێنەو بەردەی کاتو بێکاتی خەلیلو ئیرەج بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی گەڕەك هەست بەشتێك بکەن، یەکسەر وتی وتی لەکوڵاندا دەستی پێکردو پروپاگەندە ئەوە بڵابووە کە گوایە خەلیل دەیەوێت کوڕەکانی لەخانوەکە دەربکاتو، کاتێکیش ئەم قسانە دەگەیشتە گوێی خەلیل وەك ئەوەی تیرێك لەدڵی دابێت تورە دەبوو، بەڵام ئایا چی دەتوانی بڵێت؟.. ئایا دەیتوانی لەکۆڵان جارێبدات کە مەسەلەی هەموو شەوان لەبەر بابە تێکی تر بووە.

بەڵێ، بەمجۆرە بوو کە خەلیل بەم ژنهێنانە ڕازیبوو، خوازبینی هەمان ئەو کچەی ئیرەج دەستنیشانی کردبوو، بەڵام لەپێشدا حاجی ژن لەکۆڵاندا دەستی بەلێکۆڵینەوە کرد.. ئەوان دایكو کچێك بوونو بەتەنیا دەژیان، کچەکە ناوی "مونیرە" بوو، ژنهێنانەکە زوو سەری گرتو لەئاکامدا ئیرەج بەخواستی خۆی گەیشت،، بەڵام دوبارە شەڕو مقۆمقۆ

جـــاریکیتر لەســـەرەتاوە دەســـتی پێکـــردەوە، ئـــیرەج ئەیویســـت سەربەخۆبێ‌و، لەخانویەکی جیادا بژی، خەلیل بەمە رازی نەدەبوو.

تەماشـاکە خـەڵک چـییان دەوت کـە لەشـەڕیکی بچـوکەوە پڕوپاگەنـدەی وایـان دروسـتدەکرد، کاتێـک ئـیرج لـەباوکی جیادەبێتـەوە، دەڵـێن بێگومـان خـەلیل کوڕەکـەی لـەماڵ دەرکـردوە، ئـەی مەگـەر خـەلیل هەمیشـە نەیدەوت:

– کوڕەکانم پیاوچاکو قسە لەگوێ گرن!.. یان مەگەر نەیدەوت:

– بـاوک دەبێـت توانـای ئـەوەی هـەبێ کوڕەکـانی بخاتـە ژێـر دەسـتی خۆی، مەگەر نەیدەوت:

– بـاوک ئەگـەر نـەتوانێت منداڵـەکانی لەدەوروبـەری خـۆی کۆبکاتـەوە ئـەوە بـاوک نییـە، ئـەی ئێسـتا چـی؟.. لەبـەردەم دراوسـێ‌و کەسـوکارەکەیدا ئابڕوی دەچێت!.

لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا ئـیرەج سـوربوو لەسـەر بڕیارەکـەی‌و، تـا لەکۆتایـدا برینـی زمـان بـۆ بـوکی تـازە هـاتوو دەسـتی پێکـرد، حـاجی ژن دەیوت:

– تـۆ بـوی کـە یەکـەمجار بڕیـارو پەیمانتـداو کوڕەکـەی منـت خسـتە دوای خـۆت، ئێسـتاش بێگومـان خـانوی سـەربەخۆت دەوێ؟.. ئـاخر دایکـی مـونیرە لـەخانوی کرێـدا دەژیـا،، ئـیرەج کاتێـک زانـی دایـکو بـاوکی چـییان بـەمونیرەی هاوسـەری کـردوە، تاقـەتی نـەماو شـەو کەلوپـەلی ناوماڵی کۆکردەوەو بەیانی زۆژی دوایی لەماڵی باوکی زۆیشت.

سـەرەتا بـۆ خـەلیل رازیبـون بـەم مەسـەلەیە زۆر ئەسـتەم بـوو، بـەڵام وردە وردە پێـی ڕاهـات، ژورەکـەی ئـیرەج درا بەپـەرۆیزو ژیـان جـاریکیتر گەڕانـەوە سـەر ڕەوتـی ئاسـایی خـۆی.. ئـیرەج شـتو مەکـەکانی چـەند زۆژێـک بردەمـاڵی خەسـوی، بـەڵام دوایـی ژورێکـی لـەو نزیکانـە بـەکرێگرتو کەلوپەلی ناوماڵی بۆئەوێ گواستەوە.

www.pertwk.com

تەنیا دوو مانگ بەسەر شوکردنی مونیرە بەئیرەج تێپەڕی کاتێک مەنیجەی خوشکی مونیرە لەمێردەکەی جیابوەوە، مێردەکەی مەنیجە، کە ناوی زەییا بوو کەسێکی زۆر بەدڕەوشت بوو، کەچی زۆر زوو دوای جیابونەوەی لەمەنیجە ژنی هێنایەوە، تەنیا باشەیەك کە زەییا دەرهەق بەمەنیجە کردبوی ئەوەبوو کە سادق-ی کوڕیانی بەمەنیجە دا، بەقسەی ئیرەج:

- ئەو باشییەشی تەنیا لەبەر خۆش رابواردنی خۆی کردوە، بەکورتی مەنیجە لەمالّی دایکی دەژیاو بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان لەکارگەیەکدا ئیشی دەکرد.

ماوەیەك رابورد، مونیرە سکی پڕبوو، خەلیل لەگەلّ زویربونی لەئیرەج، وردە وردە رقو کینەکانی لەبیرکردو چاوەڕێی لەدایکبونی دوایەمین نەوەی خۆی دەکرد، لەم نێوانەدا تەنیا حاجی ژنو نێرگس "ژنی پەروێز" سەریان لەمونیرە دەدا.

منداڵەکە لەدایکبوو، ئیرەج زۆر خۆشحاڵبوو، شیرینی دا بەهەموو کارمەندانی نەخۆشخانەکە، نێرگس لەلای مونیرە بوو، حاجی ژن زۆر ڕازی نەبوو، منداڵێکی تابلّێی جوان بوو، سپیو خرپنو موەکانی ئەستوورو ڕەش،، خەلیل بێدەنگ بووبوو هەر تانەو توانجی دەدان لەژێر لێوەوە پێدەکەنی کە بۆچی منداڵەکە کچە؟.. بۆچی مونیرە وەك پەروینو ئەعزەمو نێرگس کوڕی نەبووە، خەلیل وایدەزانی بەهێنانە دنیای کچێك ئیرەج واز لەمونیرە دێنێت.

لەراستیدا خەیاڵەکانی خەلیل راست دەرنەچون، بەبۆنەی ئەوەی کەمنداڵەکە ساغو سەلامەتە سوپاسگوزارو خۆشحاڵ نەبوو، بەڵام باشە مادام ئیرەج ڕازیبوو ئیتر تەواو، چونکە بەپێچەوانەوە، ئیرەج کچی خۆشتر دەویست بەبەردەوامی دەستە بچوکەکانی کچەکەی ماچ دەکردو دەیوت:

– بۆ ئەم دەستانە دە دانە بازنەی ئالتون دەکرم.

تەمەنی شەقایق بووە دوو مانگ، تائەو کاتە خەلیل بۆ بینینی نەڕۆیشتبوو، بەهەر شێوەیەك بێت جیاوازی نییە، چونکە کاتێکیش کە ڕۆیشت ئەوەندە تووڕەبوو کە زیاتر بووە هۆی دڵشکان، خەلیل لەشادی ئیرەج مات بوبو، بەخۆی دەوت:

– ئەم کوڕە چەند بێدەسڵاتە، منداڵەکەی کێ دەرچوو، کەچی هەر بەخەیاڵیشیدا نایەت!.

بەکورتی، ڕۆژگار تێدەپەڕی و، ئیرەج بەسەختی ئیشی دەکرد، بەهۆی بەشداربونی لەکڕینی دوکانێکدا زۆر قەرزار بوبو، سەرباری ئەمانەش بەبونی شەقایقو ئارامی مونیرە دڵی خۆش بوو، هیچ خەمێکی نەبوو، شەقایق ددانی دەرکردو، کەوتە سەرپێ، قسەی کرد، وتی بابە، دایە، بەڵام زیاتر دەیوت سادق، لەگەڵ سادقدا زۆر هاوڕێ بوو، سادق چوار ساڵ تەمەنی بوو، سادقیش هیچ هاوڕێیەکی نەبوو، بەتایبەت کاتێك مەنیجە شویکرد بەیەکێك لەهاوکارەکانی خۆی و لەوە بەدواوە کەمتر بەسادق دەگەیشت، ئەحمەدی مێردی مەنیجە پیاوێکی زۆر چاکبوو بەبۆنەی دوو کچەکە بچوکەکەیەوە ژنی هێنابوو.

"3"

هەموو شتێك لەو ڕۆژە گەرمەی هاوینەوە دەستی پێکرد، ئێستا شەقایق تەمەنی یازدە ساڵەو زیاتر شێوەی لەدایکی دەچێت، خانووە بچوکەکەیان بەسادەیی و چاکەو خۆشی کەسەکانی ناویەوە گەرموگوڕ بوو.

ئیرەج هەرچەندە لەماڵی دونیا شتێکی زۆری نەبوو لەبەر مونیرەش پەیوەندی لەگەڵ ماڵی باوکیدا بڕیبوو، کەچی بەمشێوەش هێشتا هەر خۆی بەبەختەوەر دەزانی، ژیانێکی بچوکی دروستکردبو کە ئەنجامی

پشتگیرییه نەبڕاوەکانی هاوسەرەکەی بوو، هەرگیز نائومێد نەدەبوو، بونی شەقایقی کچیو هاوسەرەکەی بەهۆکاری سەرکەوتنەکانی دەزانی.

چارەنوس رێگەیەکی تازەی دەخستە پێشیانو بەرەبەرە شیرازەی خێزانەکەیانی تێکدەدا، لەسوڕانەوەی گەردوندا فڕینو نیشتنەوەو تاڵیو شیرینی بنەمایەکن بۆ تاقیکردنەوە: بۆ جیاکردنەوەی باشەکان لەخراپەکان، ئارامگر لەبێئارام.

نیوەڕۆ بوو، وەك ڕۆژانی تر مونیرەو شەقایق لەدەوری سفرە دوو کەسییەکەیان دانیشتبوون، "جگە لەدوو مانگی سەرەتای شوکردن، ڕۆژانی تر مونیرە بەتەنیایی نانی نیوەڕۆی دەخوارد".. درا لەدەرگا، مونیرە هەستاو بەسەرسوڕمانەوە وتی:

کێیە بەم نیوەڕۆیە؟!.

ئەویش وەکو دایکی هەمیشە نیگەران بوو، ئەڵێی هەمیشە چاوەڕوانی هەواڵی ناخۆشە، بەڵام ئەمجارە دڵە خورتێکەی بێجێ نەبوو، ڕاستە دەڵێن ئەگەر ڕووداوێکی ناخۆش بەڕێوەبێ ئیلهام دەدەن بەمرۆڤ.

ئێرەج لەگەڵ پیاوێکی تر کە چوبووە ژێر باڵی هاتنە ماڵەوە، بەرەنگپەڕیوی دەهاتە پێشچاو، مونیرە بەترسەوە وتی:

– چی ڕوویداوە ئێرەج؟.. ئەو پیاوەی لەگەڵ ئێرەج هاتبوو بەهێواشی وتی:

– شتێك ڕوینەداوە، وادیارە زۆری خواردوە.

مونیرە ڕوی کردە پیاوەکەو بەترسەوە پرسی:

– چی بووە کاکە ڕوداوی ئۆتۆمبیل بووە؟.

پیاوەکە پێکەنیو وتی:

– هیچ روینەداوە، هاوشیر، نیگەران مەبە تەنیا زۆری خواردوەو دڵی ئازاری گرتوە، منیش وتم بابڕۆین بۆ لای دکتۆر، کەچی ئەو ڕازی نەبوو.

مونیرە سوپاسی پیاوەکەی کردو ئەو ڕۆشت، ئیرەج خەوتبوو، ڕوخساری هێلاك بوو، ڕۆژی دوایی و ڕۆژانی دواتر دڵنیشە دوبارە بوەوەو ئەوەندە ئارامی لەئیرەج بڕی کە لەتاوی ئێشدا ئەوەندەی نەمابوو قەپ بکات بەزەویەکەدا.

دکتۆرەکان سەریان لەنەخۆشییەکەی دەرنەئەهێناو حاڵی ئەو ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبوو، حاجی ژن لەگەڵ خەلیلدا چەندینجار سەردانیان کردو بەرای ئەوانیش ئیرەج زۆر لاوازو ڕەنجەڕۆ بووبوو، جگەرو شیرو داودەرمان هیچ کاریگەرییەکی نەبوو، نەخۆشییەکەی ئیرەج ڕۆژ بەڕۆژ قورستر دەبوو، ئەڵێی دوای ئەو ڕۆژە خۆشو باشانە نۆبەی غەمو تاڵی گەشتووە، نەخۆشییەکەی ئیرەج هەموو شتێکی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، وردە وردە دەنگە دەنگی خاوەن خانوەکە دەستی پێکرد، ئەمە سەرەتای هەموو سەختییەکان بوو.

****

– من چیم لێهاتوە مونیرە؟.

مونیرەش نەیدەزانی ژیانی چی لێهاتووەو چی لێدێت، بەڵام تێگەشتبوو کە کونەپەوی شومی ڕۆژگار شوێنی قەڵەپاچکەی خۆشبەختی گرتوە.

– هیچ نییە ئیرەج، تا کۆتایی بەمجۆرە نابێت، حاڵت باش دەبێتو ئەڕۆیتەوە سەر ئیشەکەت.

ئیرەج نیگای سەنگینی بەچاوانی مونیرەوە گرێداو بەهێواشی وتی:

– ملوانکەکەت فرۆشت؟.

مونیرە بەپێکەنینێکی ساختەوە وتی:

– زێـڕو زیـو بـۆ ئـەم رۆژانەیـە ئـیتر، کـە چـاك بویتـەوە دەبێـت بـۆمی بکڕیتەوە!.

ئیرەج پێکەنیو وتی:

– ئەها، کەواتە دوایی ئەتەوێ زیان بدەی، بەڵێ؟.

پاشان لەدڵی خۆیدا وتی:

– سـوێند بـەخوا ئەگـەر چـاك ببمـەوە لـەبری ئـەو ملوانکـە سـەر تاپـات پڕ دەکەم لەئاڵتون!.

ئـازار ئـەمانی نـەبوو، ڕۆژ بـەڕۆژ زیـاتر دەبـوو، ئـەمڕۆ سـەختتر لـەدوێنێ ئیرەجی ئازار ئەدا، ئاکام ئیرەج کەوتە نەخۆشخانە.

خـەلیل هـەموو ڕقو کینەیـەکی دڵـی وەلاوەنـاو هاتـە ژور سـەری ئـیرەج، ئـەو ئیرەجـە بـەهێزەی کـە نازناوی پاڵـەوانی لەماڵـدا هـەبوو، ئێستا بووەتـە پیـاوێکی ڕەنجەڕۆیـە وەك مـۆم لەبـەردەم هەمواندا دەتوێتـەوە تادەبێتـە ئاو..

****

"4"

دکتۆرەکان وتیان:

– تـازە ئـیرەج چـاکنابێتەوە.. بەمشـێوەیە ئیرەجیـان لەنەخۆشـخانە دەرکـردو تـەنیا خـەلیل دەیزانـی کوڕەکـەی تـەنیا چـەند ڕۆژێکـی زینـدوە، کـوڕە گەنجەکـەی بچـوکترین منـدالّی بـاوکی.. بـێ ئـەوەی کـارێکی لەدەسـت بێـت، خـەلیل ئیرەجـی بـردە مـاڵی خـۆی، بردییـە هـەمان ئـەو ژورەی کـە بڕیاربوو بدرێتە ئەوو مونیرەو ئێستا دراوە بەمەنوچەر.

حاجی ژنی بێچارە چێشتی خەیری دروستکردبو، مونیرە هەمیشە ئەڕۆیشت بۆ ئیمامزادەی یەحیاو زیارەتی عاشورای دەخوێند، مردنیش لەگەڵ چرکەکاندا هەنگاو بەهەنگاو لەئیرەج نزیك دەبووە.

شەو بوو، کاتێك حاجی ژن لەسەر بەرمالّەکە دانیشتبوو، دەپارایەوەو داوای چاکبونەوەی بۆ کوڕەکەی دەکرد، خەلیل لەپشت پەنجەرەکەوە چیچەکەی کردبو، دەستی لەسەر سەری دانابوو، تەماشای ژورەکەی ئیرەجی دەکرد.. بەبێویستی خۆی وتی:

– حاجی ژن، دەڵێم ببمە قوربانی حیکمەتی کارەکانی خودا، ببمە قوربانی گەورەییەکەی. یەکێکی وەك ئەم "بێبی"ە کە توانای نان خواردنیشی نییە، ئەوکات بەوجۆرە خەریکە گیان دەسێنێ، یەکێکی وەك ئەم کوڕەی ئێمەش گەنجو زیرەك خەریکە دەمرێت، دەمەوێت هاوار بکەم خودایە گیان بەگەورەیی خۆت مردنی من بخەرە پێش مردنی ئەو گەنجەوە، مەگەر چەند ساڵە، ئێستا بیستو نۆساڵە!.. خودایە ئەمە ستەمە، ئەمە نادادپەروەرییە.

حاجی ژن هەستاو بەخێرایی وتی:

– ئاهە، ئاهە پیاوەکە خەریکە کوفر دەکەیت ها!.. تۆ لەکوێ دەزانی حیکمەتی ئەم کارە چییە. لەوانەیە ئەمە بەشی خۆی بوبێو کەوا وائازار بچێژێت.

خەلیل پێکەنینێکی کردو وتی:

– ئافرەت، تۆ چەندە بەئارامی؟ من خەریکە دەمرم، خەریکە دیق دەکەم.

حاجی ژن بێدەنگ بوو، لەنیگایدا غەمێك هەبوو ئەوەندە دەریایەك گەورە بوو، بەهێواشی وتی:

– بۆچی دەتەوێ ئەم راستییە تاڵە لەهەموان، تەنانەت لەمنیش بشاریتەوە، هەرگیز وابیرمەکەرەوە من نازانم، ئاگام لێیە کوڕەکەم

نامێنێت، باش ئاگام لێیە دکتۆرەکان چییان ووت، دەزانم وتیان بیبەنەوە لەگەڵیدا بسوڕێنەوە خەلیل من ئەمە دەزانم.

ئەگەر ئەمەشم لەدکتۆرەکان نەبیستایە خۆم لەحاڵی کوڕەکەم تێدەگەشتم، بەڵام خودا تاقەتێکی پێداوم کەخۆشمی سەرسامکردوە !.

خەلیل لەبەردەم حاجی ژندا نکۆڵی نەکردو بەدەنگێکی لەرزۆک وتی:

– بەخودا راستدەکەی، هەر کاتێک ئەم ئازارە نەفرەتییە دەست پێدەکات، هەر کاتێک لەبەر سەختی ئازارەکەی بانگدەکات: باوکەگیان، خەریکە پەتی دڵم دەبڕێتو دەمەوێت سەرم بدەم بەدیوارێکدا، حاجی ژن چی بکەم، ناتوانم ببینم کوڕە گەنجەکەم بەخۆڕایی لەدەست دەچێت.

حاجی ژن کەمێك وەستاو ئینجا بەچەند وشەیەکی پچڕ پچڕ وتی:

– حاجی.. ئەمڕۆ خەدیجەخان شتێك.. شتێکی پێوتم کە ئەوەندەش بێ پەیوەندی نەبوو!.

خەلیل لەشێوازی دەربڕینەکەی حاجی ژن تورەبوو، بەپەلە وتی:

– چی وت؟!

حاجی ژن بەمنگە منگ وتی:

– خەدیجەخان وتی مەهێڵن ئێرەج ئەوەندە ئێشو ئازار بکێشێ.. منیش پرسیم دەی باشە چی بکەین؟.. وتی: لەکاك نەباتی کەمێك تلیاك وەربگرن بیدەنێ بابیخوات، ئاخر کاك نەباتی لای دەوڵەت بەشداره، ئەو هەموو مانگێك پاکەتێك تلیاك وەردەگرێت.

کاك خەلیل لەتورەییدا هاربوو، وتی:

– ئافرەت، ئەزانی بەراستی ئافرەتێکی نەفامی.. "حاجی ژن دەستی بەنیشانەی بێدەنگی خستە سەر دەمی، بەڵام خەلیل بەدەنگێکی بەرز بەردەوام بوو".. ئاخر ئافرەت ئەگەر کوڕەکە

چـــاکبێتەوە چـــی؟.. دەتـــەوێت بەدبـــەخت بێـــت.. کـــە هـــەموو رۆژێـــک بـــەزۆر لەلای کورەو تلیاك هەڵی بسێنم، ئەستەغفیرواڵڵا لەم ژنە فیتنەیە لەم..

حاجی ژن هەستاو بەتورەییەوە وتی:

– باشـــە، ئێســـتا مـــن قســـەیەکم کـــردو هێشـــتا تلیـــاکم نـــەهێناوە بـــەزۆر بیکەمە دەمی–یەوە.

کاك خەلیل بەحەسرەتێکەوە:

– لێت نایەت. ئەگینا ئەوەشت دەکرد!

ئـــیرەج لـــەناکاو لەخـــەو هەســـتا، بینـــی کەســـێك لەدەروبـــەری نییـــە، بـــەڵام لـــەو خـــەوەی کـــە دیبـــوی تـــەواو ترســـابوو، لەخەویـــدا شـــەقایق توشـــی نەخۆشییەکەی ئەو بووە، لەژێر لێوەوە ورتە ورتی دەکرد:

– ئەستەغفیرواڵڵا، ئەمە چی خەوێك بوو بینیم.

مـــونیرە لەحەوشـــەکە دانیشـــتبوو، ئاگـــای لـــەئیرەج بـــوو کـــە بەروخســـارێکی شـــپرزەوەو ترســـاوەوە ئەبڵـــەقی پێشـــەوەی خـــۆی بووبـــوو، دەستبەجێ رایکرد بەرەو ژورەوەو خێرا پەرداخێك ئاوی دایەدەستی.

– چی بووە ئیرەج؟!*

ئـــیرەج لەســـەر جێگـــەی نوســـتنەکەی جێگۆڕکێیـــەکی کـــردو بـــەدەنگێکی لاواز وتی:

– سەرەتا دەرگاکە پێوە بدە، کارم پێتە.

مونیرە هەستاو دەرگای ژورەکەی داخست.

– باشە دەی بڵێ.

ئـــیرەج ئەبڵـــەقی پێشـــی خـــۆی بوبـــو. دەترســـا ســـەیری دەموچـــاوی مـــونیرە بکـــات، نەیدەویســـت کاریگـــەری قســـەکانی لەســـەر دەموچـــاوی مونیرە ببینێت. بەهەمان دەنگی پێشوو وتی:

– من.. من چەند مانگێك پێش ئێستا زۆر ئومێدەوار بووم..

مونیرە قسەکانی بڕیو وتی:

– مەگەر ئێستا ئومێدەوار نیت؟

ئیرەج بەتورەییەوە وتی:

– بهێڵە قسەکانم تەواو بکەم.. پاشان ئارامتر وتی:

– من ئومێدەوار بوم بەڵام.. ئێستا ئیتر ئەزانم کە نامێنم.

مونیرە وێستی قسەیەک بکات بەڵام ئیرەج بەدەنگێکی بەرز وتی:

– مونیرە باش گوێ بگرە !.. دەزانم کە ئەگەر ئەمڕۆ نا، ئەوا سبەینێ بێگومان دەمرم، لەم نێوانەدا تۆ دەمێنیتەوەو شەقایق، من چاوەڕێ نیم لەبەر خاتری من بەئەمەکداریی بمێنیتەوە:

بڕۆ شوبکە.. بژی، بەڵام وەک مەنیجەی خوشکت نەبیت کە سادقی لەبیرکردوە، من شەقایقم زۆر خۆشدەوێت، گوناهباری ئەگەر لەیادی بکەیت.

مونیرە بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە ئەبڵەقی ئیرەج بوو، چاوەڕێی بیستنی قسەی تری دەکرد.. چاوەڕێ بوو تا ئیرەج قسەی هیوابەخش بکات بەوەی کە باش دەبێتەوەو دوبارە وەک جاران لەسەر ژیانی سادە، بەڵام بەختەوەریان کۆببنەوە.

ئاوازەکەی ئیرەج رەنگێکی گونجاوتری لەخۆگرت، راستەوخۆ سەیری ناوچاوانی مونیرەی دەکردو بەهێواشی وتی:

– ئەو رۆژەی کە بینیتم چوێتە دڵمەوە.. بەخۆمم وت: لەگەڵی دەمێنمەوەو ئەبمە مێردیو تاکۆتایی ڕێگەی ژیان لەگەڵیدا دەمرم، دەبمە هاوڕێی.. بەڵام وەک ئەوەی بومەتە هاوڕێی نیوەی ڕێگە، وەک ئەوەی..

مونیرە هەستاو هاواری کرد:

– بێ دەنگ بە.. شێت!

"5"

مـــــونیره بەچـــــاوی فرمێســـــکاوییەوە لەژورەکـــــە رۆیشـــــتە دەرەوە، ئەگەرچـــی لەقســـەکانی ئـــیرەج زۆر تورەبـــوو، بـــەڵام لەدڵـــدا نەیـــدەتوانی نکـــۆڵی لەئـــەم ڕاســـتییە تاڵـــە بکـــاتو نەیـــدەتوانی خـــۆی بـــەم قســـانە کـــە ئـــیرەج چـــاکدەبێتەوەو، دوبـــارە دەکەوێتـــەوە ســـەرپێ، دەکەوێتـــەوە ڕێو هەموو شتێك وەك جارانی لێدێتەوە. هەڵبخەڵەتێنێت.

چـــەند ســـاتێك لەگـــەڵ خۆیـــدا بیریکـــردەوە، چـــی ڕۆژگارێکـــە چـــارەنوسو قـــەدەر ئەوەنـــدە مـــرۆڤ توشـــدەکات کـــە ناتوانێـــت کـــاتی سەرســـوڕمانیش بەدەســـت بێنێـــت. ئـــەوو ئـــیرەج زۆر بەســـادەیی یەکتریاننناســـی، مردنـــی بـــاوکی بـــووە هـــۆی نزیکبونـــەوەیان، ژیـــانی هاوســـەرییان لەدەســـتپێکردنییەوە ڕێگـــەی ســـەختو پێچاوپێچـــی غـــەمباری دەســـتی پێکردبـــو، لەگـــەڵ ئەمانەشـــدا شـــتەکان بەئەندازەیـــەکی گـــەورە بـــەگوێرەی ئارەزوو بوو.

ئـــیرەج کـــارێکی باشـــی هـــەبوو، میهرەبـــانو ڕەفتاریشـــی چـــاکبوو، پـــاروە نـــانێکی بەدەســـت دەهێنـــا بەوتـــەی پێشـــینان لەئاســـتی بـــژێو مـــەمرەدا بـــوو، هێشـــتا دڵیـــان شـــادبوو.. شـــەقایق بەرهـــەمی عەشـــقەکەیان بـــوو کـــە ئێســـتا تەمەنی یانزە ساڵە..

مـــونیرە ئەوکاتـــە هـــەرگیز بـــەمجۆرە ســـەیری ژیـــانی رابـــردوی خـــۆی نەکردبو، ئەو هەموو شتێکی لەبیرکردبو:

– نـــازانم لەوانەیـــە خـــودا منـــی تـــەمبێ کردبێـــت لەبەرئـــەوەی سوپاسگوزاری نەبوو، بەڵام بۆچی ئیرەج، بۆچی ئەو...

دوبـــارە ئـــێشو ئـــازارە دڵ تەزێنـــەکانی ئـــیرەج دەســـتی پێکـــردەوە، مـــونیرە توانـــای بینینـــی ئیرەجـــی لـــەم بارودۆخـــەدا نـــەبوو، حـــاجی ژنـــی

بێچـــارە دەگریـــاو لەدەوروبـــەری ئـــێرەج دەســـوڕایەوەو باوکـــەگیانیش لـــەلای حەوزەکەدا تەماشای گوڵدانە مۆمدانییەکانی دەکرد.

لـــەم مـــاوەدا ژیـــانی هـــەموان شـــپرزەو شـــێواو بـــوو، چـــیتر هـــەواڵێك نـــەبوو دەربـــارەی چـــەتونی منـــدااڵنو کاروبـــاری ڕۆژانـــە، کـــەس ویســـتی کـــارکردنی نـــەمابوو، هـــەموو بەخۆیانـــدا ڕۆچـــوبونە خـــوارەوە.. دەســـتو دڵـــی کـــەس بـــۆ هـــیچ کارێـــك نەدەڕۆیشـــت. کاتێـــك شـــەو دادەهـــات بۆشـــایی ماڵەکـــە جـــوان دەبـــوو، هـــەر کەســـێك پـــەنای دەبـــردە بـــەر چـــۆڵییەكو بـــۆ چـــاکبونەوەی ئـــێرەج دەپاڕایـــەوە، کەچـــی کـــەس ئاگـــای لەشـــەقایق نـــەبوو، کـــە چـــۆن زیـــاتر لەهـــەموان ئـــازاری دەچـــێژاو ئەیویســـت کاتێـــك بـــاوکی ئـــازار دەکێشـــێو یارمـــەتی دەوێـــت لەژورســـەری بێـــتو هەرچـــی لەتوانایـــدا هەیـــە بیکـــات، بـــەاڵم هەموان ئەویان لەبیرکردبو.

****

حاجی ژن لەلای دەرگاکەوە وەستاو هاواری کرد:

– خـــەلیل، توخـــوا وەرە بیبـــە بـــۆ لای دکتـــۆر.. منداڵەکـــەم خەریکـــە لەدەست دەچێت.

خـــەلیل لەســـەر بەرماڵەکـــە هەســـتاو بەپەلـــە ڕۆیشـــت بـــۆ ژورەکـــەی ئـــێرەج، بەزەحمـــەت ئـــەویان لـــەماڵ بـــردە دەرەوەو، لەســـەر جادەکـــە بـــەبێ دواکەوتن ئۆتۆمبیلێکیان گرتو ئەویان برد بۆ نەخۆشخانە.

مـــونیرە تـــازە لەدەرمانخانـــە دەگەڕایـــەوە، پـــەروینو ئـــەعزەمو نێـــرگس هەوڵیانـــدا ئـــارامی بکەنـــەوە، مـــونیرە نەیـــدەتوانی ئارامبگرێـــت، ڕێـــی دەکـــرد، دەیقیژانـــد،.. خـــەریك بـــوو شـــێت دەبـــوو.. بـــەاڵم بەپێچـــەوانەی چـــاوەڕوانییەوە، باوکـــەگیانو ئـــێرەجو حـــاجی ژن زۆر زوو گەڕانـــەوە، وادیـــاربوو ئـــێرەج حـــاڵی باشـــتر بـــوو.. مـــونیرە یارمەتیـــدا تـــا ئـــەویان بـــردە ژورەکـــەوە، هەرچـــەندە تەنانـــەت شـــەقایقی تەمـــەن یـــانزە ســـاڵ دەیتـــوانی

بەتەنیا ئەم کارە بکات، چونکە بەدرێژایی ئەم ماوە ئێرەج ئەوەندە لاوازو رەنجەڕۆبوو کە شەقایق لەو بەهێزتر دەردەکەوت.

– باوکەگیان زوتر لەژورەکە رۆیشتە دەرەوە وەک مرۆڤە گێژو وڕەکان رۆیشتو لەلای حەوزەکە دانیشت، ئەعزەم هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەناو بەدەنگێکی هێواش وتی:

– باوکەگیان دکتۆر وتی چی؟

باوکەگیان سەری بەرزکردەوە. واقوڕماو چەند چرکەیەک سەیری دەموچاوی ئەعزەمی کردو، پاشان وتی:

– دکتۆر وتی.. هەر ئەمڕۆو سبەینێ..

پەروین دەستی بەتوندی دا بەدەمی–داو ئاهێکی درێژی هەڵکێشا، باوکەگیان تەواوی دوا نیوەڕۆکەی لەلای ئێرەج بەسەربرد، ئێرەج ئارام ئارام قسەی دەکرد، هەندێ جاریش گاڵتەی دەکرد، ئەڵێی باوکەگیان پێویستی بەدڵدانەوەو هاندان بوو.

– ئاخ..

ناڵەیەک لەدڵی ئێرەجەوە هەستا، باوکەگیان بەپەلە لەشوێنەکەی هەستاو لەبەردەمی ئێرەجدا لەسەر ئەژنۆ دانیشت.

– چییە ئازارەکەت دەستی پێکردەوە؟

ئێرەج سەیرکردنە بێ کۆتاییەکەی روکردە دەموچاوی باوکەگیانو بەتوڕەییەوە وتی:

– باوکەگیان دەمەوێت تەواو بم.. هیلاکبوم چیتر تاقەتم نییە.

باوکەگیان پێکەنینێکی دروستکراوی خستە سەر لێوی‌و وتی:

– چاک دەبیتەوە کوڕم.. چاک دەبیتەوە، بەئومێد بەپشت بەخوا بەستە.

ئێرەج بەهێواشی پاڵی دایە دیوارەکەوەو بەدەنگێکی لاواز وتی:

– ئەمانە هەموی دڵ گەرمییە.. دوو مانگ پێش ئێستا کاتێک هێشتا نەخۆشینەکەم نەبووبووە ڕاستی بەخۆمم دەوت هەڵدەستمو.. دەکەومەڕێ، دوبارە کارم دەکەم، گیان دەگرمەوە بەرخۆم، بەڵام ئێستا دەزانم کە هەر ئەمڕۆ یاخود سبەینێ.. جیاوازییەکی نییە، لەئاکامدا لەیەکێك لەم ڕۆژانەدا جێگەم ژێر گڵە..

باوکەگیان نەیتوانی پێشی خۆی بگرێت لەکاتێکدا فرمێسکی دەڕشت، وتی:

– ئەمە ڕەوا نییە کە من زیندوبمو منداڵەکەم.. لەبەرچاومدا پەڕپەڕ بێتەوە!.

ئیرەج زەردەخەنەیەکی تاڵی خستە سەر لێوی و وتی:

– باوکەگیان مەگەر خۆت نەتدەوت خوا هەموو کارەکانی لەسەر حیکمەتو بەرژەوەندییە، دەی هەر ئەمە بوو کە من بڕۆمو تۆ بمێنیتەوە، بەڵام.. دڵنیگەرانی من بۆ مونیرەو شەقایقە..

****

"6"

باوکەگیان سەری بەرزکردەوەو وتی:

ئێستا کە قسەکە گەیشتە ئێرە دەمەوێت چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە، نازانم حەزرەتی موسا بووە یاخود پێغەمبەرێکی تر، باش لەبیرم نییە، ئەم چیرۆکە کاتێك منداڵ بوم لەباوکی خوالێ خۆشبوم بیستوومە، دەڵێن:

کاتێك ساتی مردنی حەزرەتی موسا نزیك دەبێتەوە خودا پێی ڕادەگەیەنێت کە کاتی مردنت نزیك بووەتەوە، حەزرەتی موسا دەستبەجێ ناڕەحەت دەبێت.. خوداوەند دەڵێت:

– چییە؟!.. لەمردن دەترسی. حەزرەتی موسا دەڵێت:

ئەی خودا ترسی من لەبەر مردن نییە، ترسی من لەبەر منداڵەکانمە، دوای من چیان بەسەر دێت، نیگەرانی من بۆ ئەوانە.. خودا حەزرەتی موسا دەباتە کەناری دەریاو لەوێ کرمێکی پیشان دەدات، کرمێکی بچوك لەژێر بەردێکدا بوە، پاشان بەحەزرەتی موسا دەڵێت:

– موسا من کە ئەم کرمە بچوکەم لەبیرنەکردوەو رۆزییەکەی لەبیرناکەم، چۆن دەبێت بەندەکانم لەبیر بکەم..

بەکورتی ئیرەج پێویستە پشت بەخوا ببەستی، هەمیشە وتویانە "ئەجەلی گەڕاوە دەمرێت" خوات چۆن بینیوە لەوانەیە باش ببیتەوەو ئێمە بمرین.

ئیرەج ئەبڵەقی خاڵێك بوو، بەشێوەی چپە وت:

– بەڵام من دەنگی پێی مردن دەبیستم.

شەو بوو، بێدەنگی شەو بەدەنگی گریانو پاڕانەوەی دانیشتوانی ماڵەکە دەشکا، کتوپڕ چرای ژورەکەی ئیرەج داگیرسا، ئیرەج لەژێر کاریگەری ئازاردا لێفەکەی بەددان گرتبو، بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە، مونیرە تەنیا دەگریا.. بەکورتی هەموان لەخەو هەستابوون، تەنانەت فەرهادو کیومەرسیش.

– بیبەین بۆلای دکتۆر!!

ئەمە مونیرە وتی، حاجی ژن دەگریاو بەهێواشی وتی:

دکتۆر وتویەتی هیچ شتێك لەدەستی ئێمە نایەت..

ئیرەج تابەیانی نالأندیو ئازاری هەبوو، فرمێسکی رشتو هەموان لەگەڵ ئەودا دەستیان بەگریان کردو شیوەن، چاوەکان دەگریانو دڵەکان دەپاڕانەوە، بەڵام لەدەمەو بەیانی رۆژێکی مانگی شەهریوەر، ئیرەج لەکاتێکدا دەستی لەناو دەستی باوکەگیاندا بوو لەکۆتاییدا ئارام بووە.

ئـــەو رۆشـــتو هـــەموان بەڕۆشـــتنی خەفـــەتبار بـــون، بـــەبڕیاری باوکـــەگیان هـــەموان بەســـەر کۆســـتی کۆچـــی دوایـــی ئیرەجـــدا ئارامیـــان گـــرتو بێـــدەنگ بـــون تـــا رۆژ بـــووە، دراوســـێکانی خـــەلیل چـــەند نەخۆشـــێكو ژمارەیـــەك پیرەژنو ژمارەیەك پیاوی پیر بوون.. باوکەگیان وتی:

– جوان نییە کە خەڵك لەخەو هەستێنین.

هـــەموان لەبێدەنگییـــەکی تـــاڵو ئازاربـــەخشو گریـــانو شـــیوەن بـــۆ لەدەســـتدانی ئـــیرەج لەدڵـــەوە نالانـــدیان، ئـــەو پارچـــە قوماشـــە ســـپی–یـــەی کـــە دابویـــان بەســـەر دەموچـــاوی ئیرەجـــدا لەفرمێســـکەکانی شـــەقایقدا تـــەڕبوو، ســـودی نـــەبوو، هـــیچ شـــتێك ســـودی نـــەبوو، ئـــیرەج هـــەرگیز نەدەگەڕایەوە..

رۆژ بویـــەوە، ئەمـــە تـــاریکترین بـــەیانی بـــوو کـــە لـــەئاسمانی ژیـــانی مـــونیرەو شـــەقایقدا هەڵـــدەهات، ئەمـــە خـــراپترین رۆژ بـــوو کـــە لـــەیادگاری ئـــەو دوانەدا تۆمار دەبوو.

هاوارەکـــان، نالـــەکانو قیـــژەکان گەیشـــتە ئاسمـــان، مـــاڵ قـــەرەباڵغ بـــوو، پارچـــەی رەشـــیان هەڵواســـیو دەنگـــی قورئـــان بـــەرزبووەوە، خورمـــا بەشـــکرایەوە، هـــاتنو، چـــون ســـەرە خۆشـــییان کـــرد.. ئیرەجیـــان بـــەخاك سپارد..

حـــەوت رۆژ رابـــورد.. هـــەموو شـــتێك تـــەواوبوو. هـــەر کەســـێك بـــەرەو ژیـــانی خـــۆی رۆیشـــتو خـــەمی ئـــیرەج لـــەبیرکرا، تـــەنیا مـــونیرەو شـــەقایق بـــون کە هەستیان بەچۆڵی شوێنەکەی ئیرەج دەکرد.

ئێســـتا کـــە هـــەموو شـــتێك تـــەواوبووە، پارچـــە رەشـــەکان لابـــراونو ئـــارامی گەڕاوەتـــەوە بـــۆ نـــاو ماڵەکـــە، تـــازە نیگـــەرانی مـــونیرە دەســـتی پێـــدەکرد، خـــاوەن خانوەکـــە کـــە چـــەند جارێـــك بـــۆ سەرەخۆشـــی هـــاتبوو لەگـــەڵ کـــاك خەلیلـــدا بەســـەرهاتی کـــرێ دواکـــەوتوەکانیان بـــاس کردبـــو، تـــازە بـــرینو

گرێکانی کۆنی خۆیان پیشاندا، رق‌و کینەکان‌و دوژمنایەتییەکان دەستی پێکرد.

دوبارە بریندی زمانەکان دەستی پێکرد، بەڵام باشە مونیرە چارەیەکی نەبوو جگە لەخۆڕاگریی، دایکی مونیرە کرێچی بوو، بەموچەیەکی کەمی مێردەکەی ژیانی دەگوزەراند، مونیرە هەرگیز نەیدەتوانی پەنابەرێتە بەر دایکی، خەلیل بەباشی لەم مەسەلە گەیشتبوو.. چارەیەکی نەبوو بێجگە لەوەی کە جێگەی بکاتەوە، ئەویش تەنیا لەبەر کوڕەکەی.

هەمان ئەو ژورەی کەوا ئێرەج دوایین رۆژەکانی ژیانی تێدا گوزەراند بوو، درا بەمونیرەو شەقایق، وەرزێکیتر لەژیانی شەقایق دەستی پێکرد، وەرزێك کە لەگەڵ بەرزی‌و نزمی زۆردا هاوڕێ بوو.

"7"

مێژوو خۆی دوبارەکردەوە، هەمان ئەو قسە تاڵو دڕکاوییانە دەوترانەوەو دڵی مونیرە لەپێشتر زیاتر ئازاری دەچەشت، نەك تەنیا لەبەر بیستنی تانەوتەشەر، بەڵکو لەبەرئەوەی لەهەموو کاتێك زیاتر هەستی بەتەنیایی دەکرد، ئەو رۆژگارەی وەبیری خۆی دەهێنایەوە کە تێیدا هەمان قسەو تانەو تەشەری تێدەگیراو دواتر چۆن ئێرەج بەمیهرەبانییەکەوە دڵی دەدایەوەو، دەیوت:

– دەزانم ناخۆشە، بەڵام رۆژە باش‌و شیرینەکانیش چاوەڕوانی ئێمەن، رۆژێك شانازیمان پێوە دەکەن‌و من دڵنیام رۆژێك لەبەر تەواوی ئەو قسانەی کە بەتۆیان وتبوو پەشیمان دەبنەوە..

کەچی ئێستا نەهامەتییەکان زیادیکردوەو هاتنی رۆژە شیرینەکان مەحاڵ دیارە.

وردە وردە ژیـــان رەوتـــی ئاســـایی وەردەگـــرتو، هـــەموان خـــەمی لەدەســـتدانی ئیرەجیـــان لـــەبیرکردبو، هـــەر وەك رۆژێکـــی تـــەواو خـــاڵی لەخـــەمو پـــەژارە بـــەردەوامیان بـــەژیان دەدا، پـــایز دەســـتی پێکردبـــو، لەســـەر داوای حـــاجی ژن کوڕەکـــان کەرەســـتەکانی ترشـــیات–یـــان کڕیبـــوو.. بوکەکان خەریکی ئامادەکردنو دروستکردنی ترشیات بوون.

مـــونیرە لەگـــەڵ خۆیـــدا بیریـــدەکردەوە ئەگـــەر هـــەر لـــەرۆژی یەکەمـــەوە ژیانیـــان لـــەم خـــانوەدا قبوڵبکردایـــە لەوانەیـــە ئێســـتا ئەوەنـــدە بەدابونـــەریتی ئەم ماڵە نامۆ نەدەبۆم.

بوکـــەکانی حـــاجی ژن ئەگەرچـــی ســـەربەخۆ بـــوون، لەهەنـــدێك لـــەکاری وەك ترشـــیات دروســـتکردن هـــەموان بـــەبێجیاوازی هاوکاریـــان دەکـــردو مـــونیرەش وەك ئـــەوانیتر لـــەکاری ماڵـــدا بەشـــداری دەکـــرد، تەنانـــەت زیـــاتر لـــەوانیتر کـــاری دەکـــرد،، باوکـــەگیان زیـــاتر لـــەوانیتر رقـــی لێـــی دەبویـــەوە، چـــونکە لەتـــەواوی ئـــەم ســـاڵانەدا مـــونیرەی بـــەهۆی جیابونـــەوەی ئـــیرەج لەوان دەزانی.

شەقایق وتی:

– دایکە ڕێزمانم پێ دەڵێیت؟

مونیرە دەستی لەئیشەکە هەڵگرتو بەبێزاریـیەکەوە وتی:

– نابینی دەستم گیراوە، برۆ بەمەنوچەر بڵێ.

شەقایق رۆیشت بۆ لای مەنوچەر، بەڵام ئەو بەدڵگرانییەوە وتی:

– ئەوێ ژوری من بوو.. تۆو دایکت هاتن ژورەکەمتان گرت.

ئـــەم قســـەیە کاریگـــەری گـــەورەی لەســـەر شـــەقایق دانـــا، لـــەمبارەوە شـــتێکی بـــەدایکی نـــەوت، بـــەڵام تـــازە تێگەیشـــت کـــەوا کـــەس لـــەم ماڵـــەدا لـــەبونی ئـــەوان خۆشـــحاڵ نییـــە، کینـــە قـــورگی گرتبـــوو، بـــەڵام نەیـــدەتوانی بـــۆ کەســـی بـــدرکێنێت، دایکـــی لەمندااڵییـــەوە پێـــی وتبـــوو کـــە گلـــەیی هـــیچ کەسێك لەلای ئەویتر نەکاتو هەواڵ کۆکردنەوە نەکات.

بەتێپەڕبونی کات هەموو شتێکی گۆڕیو پەیتاپەیتا مەنوچەر لەگەڵ هەموو شتێکدا راهات کینە لەدڵ نەبوو، هەرگیز نەیدەزانی قسەکانی ئەو رۆژەی تاج ئەندازەیەك کاریگەری لەسەر شەقایق بەجێهێشتووە.

هەینی بوو، هیچ کەس لەماڵ نەبوو، مونیرەو شەقایق تەنیا بوون، مونیرە نەیدەزانی بۆ نیوەڕۆ چی خواردنێك بۆ شەقایق دروست بکات، ماوەیەك بوو کە چێشتی باشو خۆشیان نەخواردبوو، بێجگە لەوان هەموان لەماڵدا چێشتی باشو جۆراو جۆریان دەخوارد، لەگەڵ ئەوەشدا مونیرە بەمجۆرە ژیانە رازیدەبوو.

شەقایق خەوتبوو، مونیرە لەماڵ رۆیشتە دەرەوە بۆ شتکڕین، تاکاتی گەڕانەوەی لەبازاڕ شەقایق نانی خواردبوو، لەحەوشەکەدا سەرقاڵی یاریکردن بوو، چونکە ئەوی بێچارە تا کاتێك کیومەرسو فەرهاد لەماڵ بوونایە، نەیدەتوانی جوڵە بکات،، ئای چەند چەتون بوون. باشییەکە لەوەدابوو کە شەقایق نەدەبووە هاوڕێی ئەم دووانە.

مونیرە برنجی شۆردەوە، سەوزەکەی وردکرد، کەمێك کەوەرو کەرەوزو چەند گەڵایەکی تازەی مێوی لەڕۆندا سورکردەوە، چەند ئەڵقەی تەماتەشی تێکرد، خوێو زەردەچۆو دواییش برنجی بۆ زیادکرد، کەمێك نیسك–یشی تێکرد، بەکورتی شتێکی تێکەڵاوی دروستکرد، چ شتێکی لێدەرچوو، لەخوا بەزیادبێ شەقایق بەتەواوی حەزی لەچێشتەکە بوو، هیچ بیانویەکی نەگرت.

مونیرە تازە قاپەکانی شوشتبوو کە لەدەرگا درا، شەقایق دەستی لەیارییەکە هەڵگرت، بۆ کردنەوەی دەرگاکەو زۆری پێنەچوو کە هاواری خۆشی شەقایق ماڵەکەی پرکرد، پورە مەنیجە لەگەڵ کچەکانی فەریباو فاتمەدا هاتبوو، ئەگەرچی فەریباو فاتمە منداڵی مەنیجە نەبوون بەڵام مەنیجە ئەو دوانەی لەسادقی کوڕی خۆشتر دەویست، چونکە مێردەکەی "ئەحمەد" دەرهەق بەخۆیو سادق زۆر میهرەبان بوو.

– چەند سەیرە خۆر لەکام لاوە دەرچووە کە تۆ بیرێکت لەئێمە کردوەتەوە !

مونیرە بەمەنیجەی خوشکی وت.

مەنیجە وەك هەمیشە دەم بەپێکەنینو زۆر قسە بوو. منداڵەکانیش لەسوچی حەوشەکەدا لەژێر کەپرەکەدا سەرقاڵی یاری بوون.

– باشە چی دەکەیت مەنیجە، هەواڵت نییە. بەڕاست! سادق لەکوێیە ؟

هەر ئێستا لەماڵی دایکمەوە دێم، سادقیش باش بوو.

مونیرە هەستاو لەکاتێکدا بەرەو لای مێزەکە دەڕۆیشت، وتی:

– مێردەکەت حاڵی باشە ؟.. مەنیجە بەو شێوەیە سەیری دەوروبەری دەکرد وتی:

– ئەویش باشە، سڵاوی هەبوو بۆتان.

پاشان پرسی:

مونیرە دراوسێکانت دەنگیان نییە، بۆ شوێنێك رۆیشتون؟

مونیرە سینی–یە چاکەی خستە بەردەمیو وتی:

– بەڵێ، رۆیشتون بۆ میوانی، منداڵەکان بانگ بکەم بێن چابخۆن؟.. لەحەوشەکەدا هەوا سارده !.

مەنیجە وتی:

– وازیان لێبێنە، ئەوانە چاخۆر نین،، باشە، تۆ بۆچی نەڕۆیشتیت؟

مونیرە پێکەنینێکی تاڵی کردو وتی:

– ئای خوشکە ! هەر ئەوەندەی لەم ماڵەدا خەریکم دەژیم ئازارە، میوانیم ناوێت.

رۆو کینەیەکی گەورە لەکاتی وتنی ئەم رستەدا قوڕگی گرتبوو، مەنیجە ئاگاداری زنجیرەی فرمێسکی چاوانی خوشکەکەی بوو، بەئارامی وتی:

– چی بووه مونیره؟

ئەم رستەیە بەس بوو بۆ ئەوەی ئاگرپرژێنی رق‌و کینەکەی بتەقێتەوە.

– چی بڵێم، خوشکە لێرە خەریکە دەمرم لەدەستی برینی زمانی خەزورو خەسوو، بێجگە لەدراوسێ بچوکەکە ئەو دوانەکەی تر پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵم نییە، خۆزگە دەمتوانی لێرە ڕابکەم، بەڵام چی بڵێم کە دەستم بەجێگەیەکەوە بەندنییە، مێردەکەم کە لەزەوی‌و ئاسمانەدا دیارنەماو، لەئاکامدا نەمزانی چ نەخۆشییەك چووە گیانی‌و کوشتی، خودا نەیکاتە بەشی هیچ کەسێك. ئەمەش حاڵی خۆم‌و شەقایق!.

مەنیجە وتی:

– بۆچی دوبارە شو ناکەیتەوە؟!.. لەدایکم بیست داخوازیکەرت رەتکردوەتەوە!.

مونیرە وتی:

– نەخێر، چیتر توانای مێرددارییم نییە، دادە گیان بڕام.

مونیرەو مەنیجە تا عەسرێك بەتەنیشت یەکەوە دانیشتن‌و هەریەکەیان باسی گرفتاری خۆی بۆ ئەویتریان دەکرد،، مونیرە بەتەواوی دڵی کرایەوەو، بارەکەی سووك بووبوو. کەچی مەنیجە زۆر دڵنیگەران بوو، دڵی بۆ حاڵی خوشکەکەی دەسوتا.

تەنیا بیست‌و حەوت ساڵ تەمەنی بوو، کەچی بەدەموچاوی لەژنێکی پەنجا ساڵە دەچوو.

****

شەو کاتێك ئەحمەد هاتەوە بۆ ماڵ بەهەڵسوکەوتی مەنیجەدا زانی کەوا شتێك ڕوویداوە، مەنیجەی باش دەناسی لەناخۆشترین کاتدا

پێکەنین لەلێوەکانی وننەدەبو. لەوانەیە هەر لەبەرئەوەش بێت کە ئەو هەمیشە بەئومێدەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە.. مەنیجە هەموو شتێکی بۆ ئەحمەد رونکردەوەو ئەحمەدی هێنایەوە بیری ئەوەی کە ئێرەج بەچ شێوەیەك یارمەتی داوە تاوەکو کارێکی دەستگیربێت، ئەوەی بەخەیاڵدا هات کەوا ئێستا کاتی دانەوەی قەرزی خۆشەویستییەکانی ئێرەجە.

عەسر بوو، باوکەگیان لەو هەوا ساردەدا لەهەیوانەکە دانیشتبوو قلیانی دەکێشا، حاجی ژن هەر چەند خولەکێك چایەکی بۆ دەبرد، کیومەرسو فەرهادیش وەك هەمیشە سەرقاڵی چەتونی خۆیان بوون، لەدەرگا درا، ئەعزەم بەمەبەستی کردنەوەی دەرگاکە هەستا، چەند چرکەیەکی پێنەچوو کاتێك گەڕایەوە ناو حەوشەکە، مونیرە پاڵ حەوزەکەی گسك دەدا.. باوکەگیان وتی:

– کێ بوو ئەعزەم؟.. خوشکەکەی مونیرەیە هەرچی پێی دەڵێم نایەتە ژورەوە، دەڵێت ئیشێکی بەپەلەی بەمونیرە هەیە.

مونیرە گسکەکەی فڕێداو بەشپرزەییەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، دوای مردنی ئێرەج بەو شێوەیە بوو.. تا دەیانوت کەسێك ئیشی پێیەتی دڵی دەکەوتە خوارەوەو دەکەوتە دڵە خورپێوە، مەنیجە وەك هەمیشە پێکەنین لەسەر لێوی بوو.

– چی بووە دادە؟.. مەنیجە پێکەنیو وتی:

– هەوالّی خۆشم پێیە خوشکە!

– خێر بێت؟!.. باشە وەرە ژورەوە.

مەنیجە بەهێوریییەکەوە وتی:

– نەخێر، نایەمە ژورەوە، راستییەکەی ئەحمەد دوێنێ شەو لەگەڵ کاك حەیدەری–دا لەبارەی تۆوە قسەی کرد.

مونیرە بەسەرسامییەوە وتی:

– کاك حەیدەری؟.. کێیە؟..

مەنیجە وتی:

– بەڕێوەبـــەری کارگەکـــە، رازیبـــووە ئیشـــی بـــۆ بکـــەیت، موچـــەکەی خـــراپ نییـــە، هەڵبـــەت تـــەنیا بـــۆ دەســـتپێکردن مـــانگی هـــەفتا تومەنـــەو، وتویـــەتی ئەگـــەر لەئیشـــەکەتدا رازی بێـــت دە تومـــەنی بـــۆ زیـــاد دەکـــات، دەزانم لەوانەیـــە کـــەم بێـــت، بـــەڵام خـــۆ لـــەهیچ باشـــترە.. مـــونیرە لەکاتێکـــدا فرمێسکی خۆشی بەچاویدا دەهاتەخوارەوە، وتی:

– خوشکە، چۆن چۆنی چاکەی تۆو کاك ئەحمەد بدەمەوە.

مەنیجە زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– لەبیرتـــە کاتێـــك لـــەزەییا جیابومـــەوە، ئـــێرەج چـــۆن گەیشـــتە فریـــامو برایـــەتی لەگـــەڵ کـــردم، ئێســـتا کـــاتی قەرزدانـــەوە بـــوو.. بـــەڵام خەزورەکـــەت چی، ئایا ئەوان پازین؟

مونیرە هێواش وتی:

– ئەوان لەخوایان دەوێت برۆم بۆ کاکردن.

بەمشـــێوەیە مـــونیرە ســـەرقاڵی کارەکـــەی بـــوو، بـــەڵام دڵگرانیـــی بـــۆ شەقایق بوو کە نێرگس خەیاڵی لەو بارەوە ئاسودەکرد.

****

"8"

کوڕەزاکـــەی مامـــە ســـاڵەح "حەبیبـــە" لەگـــەڵ ئـــەوەی کـــە تەمـــەنی تـــەنیا نـــۆ مـــانگ بـــوو، بـــەڵام دیـــاربوو کـــە بەتـــەواوی چـــەتونە، شـــەقایق زۆر بەدەوریـــدا دەســـوڕایەوە، وەك بڵێـــی منداڵەکـــەش ئـــەوی ناســـیبوو، دوای چەند ساتێك نامۆیی دەبووە هاوڕێی.

کیومەرس‌و فەرهادیش وەکو هەمیشە لەکۆڵان سەرقاڵی یاری بون، مەنوچەر سێوی دەخواردو کتێبی دەخوێندەوە.

لەهەر سوچێکی ماڵەکە دەنگە دەنگێك دەهات، لەناکاو دەنگی دراوسێکەیان "خەدیجەخان" بەرزبووە کە لەگەڵ کیومەرس‌و فەرهاد بوو.

– چی بووە، هەردوکتان ئەم کۆڵانەتان خستوەتە سەر سەرتان!.. بەسی کەن بڕۆنەوە بۆ مااڵی خۆتان، بەدەستی ئەم دوو منداڵەوە هەراسان بوین.

باوکەگیان کە خۆڕاگری بیستنی ئەم قسانەی نەبوو لەبارەی کوڕەزاکانییەوە هاواریکرد:

– چی بووە، مەگەر چی بووە، باشە کوڕ منداڵی شەیتانە، ئیتر!

لەم نێوەندەدا حاجی ژن لێوی خۆی کرنجاو، وتی:

– پیاوەکە، ناشرینە بۆچی دەمە دەم لەگەڵ ژنی خەڵکی دەکەیت؟!

بەهەرحاڵ منداڵەکان هاتنەوە بۆ ماڵو باوکەگیان بۆ ئەوەی تورەیی خەدیجە خانم بڕەوێنێتەوە، بواریدا منداڵەکان لەحەوشەکەدا یاری بکەن، مەنوچەر تورەبوو، دەستی لەدەرس خوێندن هەڵگرتو چووە لای شەقایقو حەبیبە.

– سێو دەخۆی شەقایق؟

شەقایق کەمێك مۆنەی کردو وتی:

– ئا، بۆچی ئەوکاتە پێت نەدام، ئێستا نامەوێت.

تۆپەکە کەوتەبەر پێی شەقایق، کیومەرس زیرەکی نواندو پێش فەرهاد تۆپەکەی گرت، بەاڵم تۆپەکە بەتوندی بەر شوشەکە کەوتو شکاندی.. مەنوچەر بەرونی بینی کیومەرس تاوانبارەو دەستەکانی لەترسدا دەلەرزین.

ساتێك بێدەنگی بااڵی بەسەر هەموواندا کێشا، هەموان ئەبڵەقی مندااڵەکان بون.. حەبیبە بەچاوە وردبینەکانی بەئەبڵەقی سەیری هەموانی دەکرد، باوکە گەورە بەپەلە لەژورەکەی هاتە دەرەوەو هاواریکرد:

– کێ شوشەکەی شکاند؟

تاوەکو کیومەرس ویستی دەم بەداوای لێبوردن بکاتەوە،، فەرهاد دەستبەجێ چووە پێشەوەو بەرامبەر شەقایق وتی:

– هێی شەقایق مەگەر کوێری؟.. بۆچی تۆپەکەت دا لەپەنجەرەکە.

شەقایق بەسەرسوڕمانەوە چاوی بڕییە کیومەرسو فەرهادو بزێوانە وتی:

– من کەی لێمدا، درۆزن!

کیومەرس هاتە پێشەوەو بەهێواشی وتی:

– توخوا ئەگەر بڵێی تۆ لێتداوە هیچت پێ نااڵێن، بەاڵم من دەکوژن.

پاشان بەدەنگێکی بەرز وتی:

– من بینیم. بۆچی شوشەکەت شکاند؟

باوکەگیان بەچاوێکی تووڕەوە تەماشای رومەتی شەقایقی کردو بەتووڕەییەوە هاواریکرد:

– تۆ شکاندت؟!....

شەقایق سەیرێکی کیومەرسو فەرهادی کردو پاشان هێواش وتی:

– بمبەخشن.

باوکەگیان پێکەنینێکی تووڕەو بەرزی کردو وتی:

– زۆر رودارێی، کەواتە بۆچی بەکیومەرسو فەرهاد دەڵێی درۆزن،، ها؟.. برۆ ونبە.. لەبەرچاوم ونبە.

شـــەقایق لەمندالّییـــەوە بەمشـــێوەیە بـــوو، زوو تـــوڕە دەبـــوو، کاتێـــک ئـــەم قســـانەی باوکـــەگیانی بیســـت کـــانی رقوکینەکـــەی تـــەقیو بـــەرەو ژورەکـــەیان رایکرد.

مەنوچـــەر سەرســـام بـــوو کـــە بۆچـــی شـــەقایق راســـتییەکەی نـــەوت، بەکورتی حاجی ژن شوشەکانی کۆکردەوەو

منداڵەکان ئارامبونەوە، ئەمجارە بەڕاستی بێدەنگی بووە بڕیاردەر.

ئێســـتا دەنگـــی ژنـــەکان بـــەرونتر دەبیســـترا، وەک ئـــەوەی موحەدیســـە قوماشـــی کڕیبـــوو، نێـــرگسو ئـــەعزەم خـــەریکبون ڕێنماییـــان دەکـــرد کـــە جلوبەرگەکـــەی چـــۆن بـــدورێت.. فـــەرهادو کیومـــەرس بەبێـــدەنگی گوێیـــان لەقسەکانی ئەوان دەگرت، فەرهاد وتی:

– کوڕە تۆ چەند گێلی، نزیکبو لێدانێکی باش بخۆیت!.

مەنوچەر بەئارامی لەپاڵیاندا دانیشتو وتی:

– من خۆ بینیم کیومەرس شوشەکەی شکاند.

فەرهاد سەیرێکی مۆنی ئەوی کرد:

– پەیوەنـــدی بـــەتۆوە چـــییە ئـــەی فیتنـــە، ئینجـــا شـــەقایق خـــۆی وتـــی کەوا شوشەکەی شکاندوە!.

مەنوچەر لەکاتێکدا هەڵدەستا وتی:

– ئەگـــــەر کیومـــــەرس نەدەپارایـــــەوە خـــــۆی دەبوایـــــە لێدانەکـــــەی بخواردایە.

کیومەرس وتی:

– ئێستا مەگەر شەقایق لێی دراوە؟

دەرگاکـــــە کرایـــــەوەو مـــــونیرە هاتـــــەژورەوە، وەک هـــــەموو ڕۆژێـــــک دوای ســـــلاّوو هەواڵپرســـــین بـــــەرەو ژورەکـــــەی خۆیـــــان ڕۆیشـــــت، بـــــەڵام دەنگـــــی باوکەگیان ئەوی لەسەر پلیکانەکە وەستاند، مونیرە لەژێر لێوەوە وتی:

– قەمـــەری کـــوڕی هاشـــم هـــاوار، ئـــەمڕۆ چ شـــەڕێکە دەیـــەوێت هـــەڵی بگیرسێنێت!.

– بەڵێ باوکەگیان.

.. خەلیل بەدەموچاوێکی سورەوە بوو، بەئاوازێکی توڕەوە:

– بـــەم کچـــە خۆتێهەڵقورتێنـــەت بڵـــی بەئـــەدەب بێـــت، رویشـــتوەتە نـــاو یارییەکـــەی کیومـــەرس‌و فـــەرهادو شوشـــەکەی شـــکاندوە، تـــازە بـــەتازە بەمندااڵـــەکانیش دەڵێـــت درۆزن، مەگـــەر مـــن لەســـەر گەنجینـــەی قـــارون دانیشتوم کە هەر پارەی شوشە بدەم!.

مـــونیرە خـــۆی بەتـــەواوی هیلاکبـــو، بەبیســـتنی ئـــەم قســـانەش تـــوڕە بوو،لەگەڵ ئەوەشدا خۆی گرتو وتی:

– شەقایق شوشەکەی شکاندوە؟

– بـــەڵێ، ئـــەو کچـــە گرینۆکـــە کـــە پێـــی دەڵێـــی ســـەرو چـــاوت برۆیـــە دەســـت بـــەگریان دەکـــات، ئەگـــەر مـــن لـــەجێی تـــۆ بومایـــە پـــەروەردەم دەکـــرد کـــە ببێتە مرۆڤێکی کاملّ.

ئاکـــام بۆڵـــەبۆڵی باوکـــەگیان کـــاری خـــۆی کـــردو مـــونیرە بەتورەییـــەوە چـــووە ژورەکـــەوە، عەباکـــەی خســـتە لایەکـــەوەو قۆڵـــەکانی هـــەڵکردو بەدەنگێك کەتوڕەیی تێیدا شەپۆلی دەدا، وتی:

– تۆ شوشەکەت شکاند؟

شەقایق ئارام ئارام لەسوچی ژورەکەوە هەستاو وتی:

بەڵێ، بەڵام خۆ بەئەنقەست لێم نەدا!.

مونیرە هاواری کرد:

– تـــۆ هەڵـــەت کـــرد، تـــۆ بێجێـــت کـــردو پاشـــان تـــاوەکو تـــوانی دایـــە بـــەر مست‌و پێ لەقە.

دەنگـــی هـــاوارو قیـــژەی شـــەقایق هـــەموانی لەشـــوێنی خۆیانـــدا وەســـتاندبوو، باوکـــەگیان نـــەبێت کـــە پێدەکـــەنی، هـــەموو وەڕەس بـــون،

کەس نەیدەتوانی خۆی لەمەسەلەکە هەڵقورتێنێ.. بەهاتنەدەرەوەی مونیرە لەژورەکەی شەقایق بێدەنگبوو، مونیرە بەدەنگێکی لەرزۆك هاواریکرد:

– لێمدا، باوکەگیان دڵت فێنك بووە؟

باوکەگیان لەنێو باوەڕنەکردنی ئەوانیتردا پێکەنی و وتی:

– ئەها.. کەواتە لەبەر دڵی من لێتدا، نەك بۆ پەروەردەکردنی، ئەم لێدانە سودی نییە.

مونیرە کە لەبەردەم باوکەگیاندا وەستابوو، بەدەنگێکی بەرز شەقایقی بانگکرد، پاش ماوەیەك شەقایق بەدەموچاوێکی خوێناوی و قژێکی تێکهەڵسکاوە لەدەرگاکەوە دەرکەوت.. مونیرە هاواریکرد:

– وەرە بۆ ئێرە بزانم.

شەقایق بەگریانەوە وتی:

– دا.. دایکە بمبەخشە، ئیتر ..

جارێکیتر هاواریکرد:

– وتم وەرە بۆ ئێرە..

شەقایق بەچەند هەنگاوێکی لەرزۆك لەقادرمەکە هاتەخوارەوەو خۆی لەپشت نێرگس–ەوە شاردەوە..

مونیرە تورەبوو، بەرەو روی هێرشی بردو بەدەست قژی گرتو شەقایق لەکاتێکدا دەیقیژاندو داوای لێبوردنی دەکرد بردەیە بەردەم باوکەگیان.

مونیرە بەهێواشی وتی:

– باشە، کەواتە خۆت لێی بدە.

پاشان بەرەو ژورەکەی خۆیان رۆیشتو بەتوندی دەرگاکەی پێوەدا، بەرۆیشتنی باوکەگیان هەموان بلاوبونەوەو بەبێ بایەخدان

بەشـــەقایق رۆیشـــتنەوە بـــۆ ژورەکـــانی خۆیـــان، تـــەنیا مەنوچـــەر نـــەبێت کـــە لەلایەوە وەستابوو، کاتێك هەموان رۆیشتن، دەستی گرتو وتی:

– هەستە برۆین بۆ ژورەکەی ئێمە!

شەقایق بەئاوازێکی منالانەوە وتی:

– نایەم.. دایکم لێم دەدات.

بـــەکورتی، قســـەکانی مەنوچـــەر ســـودی نـــەبوو، شـــەقایق بەتـــەنیا لەپشـــت دەرگاکـــەوە دانیشـــت.. شـــەو داهـــات.. دونیـــا وردە وردە ســـاردی کـــرد.. رونـــاکی گڵۆپـــەکان تاکـــە رووناکییـــەك بـــوو کـــە لەحەوشـــەکەی دەدا.. لـــەناو ژورەکـــەی ئیســـماعیلو ســـاڵەح دەنگـــی پێکـــەنین دەهـــات.. ژورەکـــەی پـــەرۆیز وەك ژورەکـــەی مـــونیرە بێـــدەنگبوو.. دەرگـــا کرایـــەوەو پـــەرۆیز هاتـــە حەوشـــەکەوە.. ســـەرەتا لـــەبینینی شـــەقایق ســـەری ســـوڕما، هـــاتو لەبەردەمیدا دانیشت.

– ئا.. شەقایق.. مامە گیان.

شەقایق سەری بەرزکردەوە، پەرۆیز بەهەمان سەرسامی وتی:

– شەقایق.. مامە بۆچی لێرە دانیشتویی؟.. دایکت لەماڵ نییە؟!

مـــونیرە لەژورەکـــە هاتـــە دەرەوە شـــەقایق وەك تاوانبارێـــك کـــە دەیویســـت لەزینـــدان رزگـــاری بێـــت لەجێگـــەی خـــۆی بـــەرزبووە، مـــونیرە پێکەنینێکی ساردی خستە سەر لێوی‌و وتی:

– سڵاو کاك پەرۆیز.

پـــەرۆیز پرســـیارەکەی لـــەمونیرەش دوبـــارەکردەوە، مـــونیرە لەکاتێکـــدا بەمۆنییەکەوە تەماشای شەقایقی دەکردو وتی:

– بێ ئەدەبی کردوە- لەبەرئەوە پشت دەرگاکە جێگەیەتی!

قســـەکانی پـــەرۆیز کاریگـــەری نـــەبوو، شـــەقایق هـــەر بـــەو شـــێوەیە لەپشـــت دەرگاکـــەوە دانیشـــتبوو.. وردە وردە لەگـــەڵ کوژانـــەوەی گڵۆپـــەکان تـــرس رویکـــردە شـــەقایق، تـــەنیا گڵـــۆپی ژورەکـــەی خۆیـــان داگیرســـابوو.. مـــونیرە

دەیزانـــی کـــە شـــەقایق بـــەچ ئەندازەیـــەك لـــەتاریکی دەترســـێت.. ئـــەویش تـــۆپە بـــوو. دەرگاکـــەی کـــردەوەو بەتانییـــەکی پیـــاداو زۆر زوو دەرگاکـــەی داخست..

دەنگـــی کـــزی گریـــانی شـــەقایق دڵـــی مـــونیرەی هێنایـــە ئـــێش، نەیـــدەزانی کـــە ئایـــا شـــەقایق بەراســـتی تاوانبـــاربوو، یـــاخود نـــە؟.. بـــەڵام دڵـــی بـــەحاڵی ئـــەو دەســـوتا.. یەکـــەمجاربوو کـــە دەســـتی بـــەرەو روی بـــەرزکردبوەوە، بـــەڵام ئەوەنـــدەی باشـــبوو شـــەقایق کچـــێکی بێئـــەدەب نـــەبوو.. بەوتـــەی پێشینان:

شـــەقایق دەمـــی بـــەخواردنێك ســـووتابوو کـــە ئـــەو نـــەیخواردبوو.. لـــەو بابەتـــەوە لێـــدانێکی باشـــی خواردبـــو، دڵـــی بەتـــەواوی دەســـوتا.. تاچـــەند رۆژێك مونیرە لەگەڵ شەقایقدا دڵڕەق بوو، ئەم مەسەلەیە ئازاری دەدا.

"9"

بـــارینی بـــەفر لـــەلای شـــەقایق مانـــای دەســـتپێکردنی زســـتان بـــوو، بـــەڵام هێشـــتا ســـێ هەفتـــە لـــەپایز نەرۆیشـــتبوو کـــە بـــەفرێکی زۆر بـــاری.. بـــەیانی کاتێـــك مـــونیرە دەرگـــای ژورەکـــەی کـــردەوە تـــا بڕواتـــە ســـەر کارەکـــەی، چـــاوە خـــەوالۆەکانی شـــەقایق حەوشـــەکەی بینـــی،، دەوروبـــەری حەوزەکـــە ســـپی ســـپی بـــوو وەك ئـــەوەی لەدەوروبـــەری حەوزەکـــە پـــەمویان رشـــتبێت، شـــیرینی خـــەوی بەرەبـــەیان شـــەقایقی بەجێگەکەیـــەوە بەســـتەوەو، بریاریـــدا لەژێر بەتانییەکەی نەیەتەدەرەوە.

ئـــەو نەیـــدەزانی چـــەند خـــەوتوە، کـــە بـــەدەنگی پێکـــەنینی کیومـــەرسو فـــەرهاد لەخـــەو هەســـتا، بـــاش نەیدەبیســـت کەچـــی دەڵـــێن، لەوانەیـــە دەنگـــی کیومەرس بوو، دەیوت:

– ئاخ گیانەکەم من خۆ یەك وشەم لەوانەی مێژوو نەخوێندوە.

پاشان دەنگی فەرهاد هات:

– من بۆ نالێی داڕشتنەکەمم نەنوسییوە.

شەقایق لەژێر بەتانییەکەی هاتەدەرەوە، لەپشت شوشەکەوە دەیڕوانییە دەرەوەو بەپشت دەستی هەڵمی شوشەکەی دەسڕیو، لەبەر خۆشحاڵی زۆری خێرا پاڵتۆکەی لەبەرکردو لەژورەکە رۆیشتەدەرەوە.

– دێیت بۆ یاری..!.

دوای بەسەرهاتی شکانی شوشەکە، شەقایق پەیوەندی لەگەڵ کیومەرس و فەرهاد باشنەبوو، بەمبۆنەوە بەبێ گرنگی پێدان بەکیومەرس و فەرهاد بەرەو لای دەستشۆرەکە رۆیشت، کاتێک بۆری ئاوە گەرمەکەی کردەوەو گەرمی لەئاوەکە بەرزبووە.. تەواوی گیانی لەزۆری سەرمادا دەلەرزی، بەڵام دەستەکانی لەژێر بۆری ئاوەکەدا گەرم بوو، کاتێک لەدەستشۆرەکە هاتەدەرەوە مەنوچەری بینیو ئەویش تازە لەخەو هەستابوو.. شەقایق دەستی خستە ژێر سکیو بەسەرسامی وتی:

– بۆچی نەڕۆیشتویت بۆ خوێندنگا؟!

مونیرە لەکاتێکدا چاوەکانی دەسڕی، وتی:

– ئەمڕۆ قوتابخانەکان پشویانە!

پاشان بەرەو دەستشۆرەکە رۆیشت، تۆپەڵێك بەفر لەسەر کەپرەکە کەوتەخوارەوە، شەقایق خێرا چووە ژورەوە.. ژورەکە گەرمبوو.. دەستی لەسەر گەرمی زۆپاکە دانا.. چای تێکردو نانی بەیانی خوارد.. دەنگی رادیۆ دەهات لەژورەکەی باوکەگیانەوە،، دەنگی بێژەرەکە کە بەتێروتەسەلی باسی لەسەرماکە دەکرد..

دەرگاکە کرایەوە، مەنوچەر بوو.

– دێی شێرە بەفرینە دروستبکەین.

شەقایق پیاڵە چاکەی تا کۆتایی نۆشیو وتی:

– بواربده جێگەکان کۆبکەمەوە ئینجا دێم!

شـــێرەبەفرینەیەکی جـــوان دەرچـــوبوو، لەبەرئـــەوەی کـــە گێژەریـــان نەبوو، پەتاتەیان لەجێگەی لوتی شێرەبەفرینەکە دانا.

دوای تەواوبونی یارییەکەیان، مەنوچەر وتی:

– من سەرمامە بابڕۆین بۆلای دایکم.

لـــەو کاتـــەوەی دونیـــا ســـاردی کردبـــو حـــاجی ژنو ئامۆژنـــەکان لـــەژێر زەمینەکـــەدا کـــە لەراســـتیدا چێشـــتخانە بـــوو کۆدەبونـــەوە.. زۆپایـــەکی عەلائـــەدین لەناوەڕاســـتدا بـــوو کـــە لـــەدەوری دادەنیشـــتنو دەمەتـــەقێیان دەکرد، حاجی ژن دەیوت:

– هەینی ئەم مانگە دەمەوێت شۆربا دروست بکەم.

ئینجا بەپەرویی وت:

– بەسەمانەو موحەدیسە بڵێ بێن لەدەوری یەکبین.

پاشان رویکردە ئەعزەمو وتی:

تۆش بەفەڵامەرزو ژنەکەی بڵێ بێن.

نێرگس پرسی:

– دایکە! پێداویستی شۆرباکە ئامادەیە؟

حاجی ژن:

– بـــەڵێ دایـــە گیـــان! جگـــە لەســـەوزە کـــە رۆژی پێـــنج شـــەمە کوڕەکـــان دەیهێنن، هەموو شتێکم ئامادەیە.

نیـــوەڕۆی هـــەینی بەیارمـــەتی بوکـــەکانو کوڕەزاکـــان، حـــاجی ژن شـــۆرباکەی دروســـتکرد، چ بۆنێـــك بـــەرزبووە.. بـــۆنی ســـیری کـــوڵاو.. بـــۆنی ئـــەو دارەی کـــە لـــەژێر مەنجەڵەکـــەدا دەســـوتاو، کاتێـــك ماڵەکـــە قـــەرەباڵغ دەبـــوو ئاهـــەنگی کیومـــەرسو فـــەرهاد بـــوو. بـــەئارەزوی خۆیـــان ئاگریـــان دەکردەوە.

بـــۆنی خۆشـــی شـــۆربا هـــەموو ماڵەکـــەی گرتبـــوەوە.. شـــەقایق دڵـــی دەچـــووە ســـەری، بـــەڵام بـــەیانی مـــونیرە پـــێش لـــەماڵ دەرچـــونی ئاگـــاداریی کردبـــوەوە کـــە مـــافی چـــونە دەرەوەی نییـــە لەژورەکـــە.. مـــونیرە بـــاش دەیزانـــی کـــەس چـــاوی بینینـــی ئـــەو دوانـــەی نییـــە. بەمبۆنـــەوە بڕیاریـــدا کەمتر بکەوێتە بەرچاو.

خـــۆی لەســـەر کـــاربوو.. بەدبەختـــە شـــەقایق لەبەیانییـــەوە بەتـــەنیا لەژورەکـــەدا دادەنیشـــت تـــا ئـــەو کاتـــەی ئێـــوارە مـــونیرە لەســـەرکار دەهاتـــەوە، هەنـــدێکجار لەدەنگـــەدەنگو پێکـــەنینی منداڵـــەکان لەپشـــتی پەنجـــەرەی ژورەکـــەوە ســـەیری دەرەوەی دەکـــرد.. ئـــەویش ئـــارەزوی دەکـــرد وەك مەنوچـــەرو کیومـــەرس‌و فـــەرهاد لـــەدەوری ئاگرەکـــە بسوڕێتەوەو یاریبکات.

خـــوان داخـــرا، ژنەکـــەی مامـــە ســـاڵەح ســـینی‌ســـینی چێشـــتی بـــۆ ســـەر خوانەکە دەبردو هەموان لەدەوری سفرەکە کۆبونەوە، پەرۆیز وتی:

– ئا، ئەوە براژن‌و شەقایق لەکوێن؟

حاجی ژن بەلادەمێکەوە:

مونیرە لەسەرکارە.

پەرۆیز:

– خۆ شەقایق لەماڵە.

.. پاشان بەمەنوچەری وت:

– برۆ بانگی بکە، پێی بڵێ بێت.

پێش ئەوەی مەنوچەر لەشوێنەکەی هەستێت، کیومەرس وتی:

– مامە ئێمە بانگمانکرد، نەهات.

پەرۆیز وتی:

لەوانەیە شەرمی کردبێت.. خانم هەستە خۆت بانگی بکە.

نێـــرگس دوو دڵبـــوو کەچـــی بکـــات. لەئاکامـــدا رۆیشـــتو بـــەزۆر شـــەقایقی هێنا.

شـــــەقایق ســـــەیرێکی دەموچـــــاوی حـــــاجی ژنو باوکـــــەگیانی کـــــرد.. کەســـــیان حـــــەزیان بـــــەهاتنی ئـــــەو نـــــەدەکرد، تـــــوڕەیی دەخـــــواردەوەو، بەهێواشی وتی:

– من چێشتم خواردوە،، مامە پەرۆیز!

پەرۆیز وتی:

– چیت خواردوە؟

– شفتەم خواردوە.

پەرۆیز بەپێکەنینەوە وتی:

– شفتەت خواردوە، خۆ شۆربات نەخواردوە؟!

– سڵاو..

هـــەموان رویـــان لەشـــۆینی هـــاتنی دەنگەکـــە کـــرد.. دەنگـــی مـــونیرە بـــوو.. بزەیەکی کردو دوای هەواڵپرسین بەشەقایقی وت:

– هەستە برۆین بۆ ژورەکەی خۆمان.

پەرۆیز وتی:

– نـــەخێر، بـــراژن.. دانیشـــتوە لـــەپاڵ منـــداو دەیـــەوێت شـــۆربا بخـــوات.. تۆ بۆچی دانانیشیت.

مونیرە وتی.

– نەخێر! نانی نیوەڕۆم خواردوە، تۆ فەرموو.. شەقایق هەستە.

پەرۆیز وتی:

– شەرم مەکە براژن، دانیشە لەدەوری یەکتر شۆربا بخۆین.

مونیرە جارێکیتر نارەزایی دەربڕیی، هاوکات باوکەگیان وتی:

– پەرۆیز، بهێڵە مونیرە ئاسودە بێت،، خۆتان سەرقاڵبن.

مونیرە دەستی شەقایقی گرتو لەژورەکە رۆیشتنە دەرەوە.. پەروێز بەتورەیی تەماشای باوکی کرد، بەلآم هیچ قسەی نەکرد.. لەکاتی تێپەڕبون لەحەوشەکە، مونیرە بەهێواشی وتی:

– مەگەر نەموت لەژورەکە مەڕۆرە دەرەوە؟

شەقایق وتی:

– من نەدەهاتم، ئامۆژن بەزۆر بردمی.

مونیرە زەردەخەنەیەکی بەروی بێتاوانی کچەکەیدا کردو وتی:

– هەر ئێستا دەڕۆین بۆ مالێ نەنەگیان، لەوێ شۆربا دەخۆین.

نەنەگیان تەنیا نەبوو، مەنیجەو کچەکانی لەگەڵ سادق لەوێ بون.. منداڵەکان سەرقاڵی یاری بون.. ئەوان پێداویستی شۆربایان ئامادەکردو لەدەوری یەکتر شۆربایان خوارد.. شۆرباکە خۆشبوو، کەچی شەقایق دڵی هەر لەلای شۆرباکەی مالّی خۆیان بوو.

– نێرگس، دەزانی بەخۆم دەوت کە تاوانی مونیرەیە کە هەر قسەی سەرکوتکەری پێدەڵێن،، ئەو بەدبەختە تاوانی نییە، هەرچی هەیە، دوکەڵ لەباوکەگیانەوە بەرزدەبێتەوە..

نێرگس دەستی لەدورینی جلەکە هەڵگرتو وتی:

– بەڵێ، بەڕاستی ئەم باوکەگیانە دڵبەردە!.. ئێستا دەڵێی مونیرە واو وایە: ئەی شەقایق چی؟!.. خۆ ئەو منداڵە، باشە دەیەوێت وەك کیومەرس و فەرهادو مەنوچەر یاریبکات. چەتونی بکات، لەترسی باوکتدا ناوێرێت بجوڵێتەوە.. مەنوچەر ئەو جارە دەیوت، بینیویەتی کیومەرس شوشەکەی شکاندوە، کەچی شەقایقی بێچارە لێدانەکەی خوارد، پەروێز وتی:

– ئێستا ئەوە رایبورد.. شەقایق منداڵە، دەبوایە لەو شۆربای بخواردایە، دیاربوو لەوانەیە حەزی لەو شۆربا بوبێت!

"10"

نزیکی جەژن بوو، هێشتا بەفر هەر دەباری، لەبەر سەرما هەر کەس زۆری پێ نەهاتایە تەنانەت بۆ دەستشۆریش لەژور دەرنەدەچو. بەوتەی نەنەگیان:

لەم سەرمادا ئێسکی مرۆڤ دەپتروکێت.

کەچی بەم بارەشەوە مونیرە پێچەوانەی دراوسێکانی کە بیانویەکی باشیان دروستکردبو سەرقالی مالپاککردنەوە بوو.. مونیرە ئەوەندە بەو ژورە بچوکەدا دەگەیشت کە هەمیشە رێك و پێك بوو.. نێرگس کەمو زۆر پاکوپوختە بوو.. بەڵام پەروین و ئەعزەم بەتەواوی تەمەڵو شپرزە بوون.

هێشتا پەروین روخساریکی باشتری هەبوو، کەچی ئەعزەم هەر کەڵکی مالداری نەبوو، کورەکانیشی خراپتر، هەمیشە پیس و ناڕێك بون.. مەگەر سالێ، یان مانگێك جارێك بوکەکەی "ئازەر" بهاتبایە بۆ مالیان ئەوکات مالەکەی رەنگێکی پاکتری دەگرتە خۆی، بەدبەختی لەوەدایە ئەمسالێ ئازەر بەهۆی منداڵەوە بواری نەبوو بێتە یارمەتی ئەعزەم.

لەکۆتاییدا مونیرە یارمەتیدا تا ئەویش مالەکەی پاکبکاتەوە، تەنیا خودا دەزانێت کەچەند خۆڵو خاشاك لەژورەکانی ئەعزەم هاتنەدەرەوە، کاتێك مونیرە دەستپێشخەری کرد، نێرگس چوو بۆ یارمەتی و بەمشێوەیە ئەعزەم خەیاڵی ئاسوودەبوو.

مونیرە بەو موچە کەمەی کە هەیبوو، نەیدەتوانی وەك ئەوانیتر جلی تازە لەبەربکاتو خواردنی باش بخوات، بەڵام توانی هەندێك شەوچەرەو میوەو شیرینی بکڕێتو بۆدی–یەکی بۆ شەقایق کڕی. ئەو کە

پارەیەکی بەدەستەوە نەمابوو تازە بەتازە دەیویست جەژنانە بۆ دایکی بکڕێت، بەڵام بەڕاستی چیتر پارەیەك نەمابوو. دایکی راستی دەکرد:

– یەکێك سەرەتای کردنەوەی دەرگای مەکتەب، یەکێکیتر هاتنی جەژن پارەی دەغیلّە هیچ بەیەکەوە ناخوێنێتەوە.

تەنیا چەند خولەکێکی مابوو بۆ گۆڕانی ساڵ کاتێك دەنگی دەرگاکە بەرزبووە. مەنوچەر دەرگاکەی کردەوە،، مونیرە باوەڕی نەدەکرد.. ئەوە مەنیجەیە هاتووە لەگەڵ سادقو کاك ئەحمەد، بەپوختی دوای سڵاوو هەواڵپرسین شەقایق پرسی:

– پورێ، ئەرێ فەریباو فاتمەت بۆچی نەهێناوە؟

مەنیجە لەوەدابوو رونیبکاتەوە کەوا فەریبا سەرمای بووەو فاتمە چاودێری دەکات، کاتێك کتوپڕ بێژەری ئێزگەکە گۆڕانی ساڵی ڕاگەیاند، مەنیجە بەقاقای پێکەنینەوە وتی:

– لەبڕیارەکەوە دیارە، ئەمساڵ من تا کۆتایی ساڵ دەبێت وەڵام بدەمەوە.

دوا بەدوای گۆڕانی ساڵ کاك ئەحمەد جەژنانەی بەسادقو شەقایق داو خۆی لەبەرئەوەی کاری هەبوو زوتر ڕۆیشت.. سادقو شەقایق چوونە ناو حەوشەکەو سەرقاڵی یاریبوون.

مەنوچەر هات، سادق زوتر لەشەقایق ئاگاداری ئەوەبوو کە مەنوچەر بەماتی سەیری یارییەکەی ئەوانی دەکرد، بەپێکەنینەوە:

– دێیت بۆ یاری؟

مەنوچەر قسەیەکی نەکرد، بەڵام لەپلەکانەکان هاتەخوارەوە.

– ناوم سادقە، ئەی تۆ چی؟

– مەنوچەر

سادق پێکەنینێکی چەتونانەی کردو وتی:

– ناوەکەشت وەك خۆت تازەیە!

پاشـــان پێکـــەنی. کیومـــەرس‌و فـــەرهاد لەکاتێکـــدا ســـێویان دەخـــوارد هاتنـــە حەوشـــەکەوە بەجلـــە تازەکانـــەوە کـــە لەبـــەریانکردبو بەتـــەواوی گۆڕابون، شەقایق بەمۆنییەکەوە تەماشایکردن‌و وتی:

– سادق ئیشت بەمانەوە نەبێت، ئەمانە زۆر خراپن!.

کیومـــەرس‌و فـــەرهاد کـــەمێك بەدەوروبەریانـــدا ســـوڕانەوە‌و لەبەرئـــەوەی تێگەشـــتن کـــە کـــەس بایـــەخیان بـــۆ دانانێـــت، چـــونەوە بـــۆ ژورەکـــەی خۆیـــان.. زۆری نـــەبرد ســـادق‌و مەنوچـــەر لـــەیاری گـــوڵ یـــاخود فـــت هـــیلاك بـــون. ســـادق دەستی بەگێرفانیدا کردو دە – بیست هەڵماتی دەرهێنا.

– بڕۆین هەڵماتێن بکەین؟

مەنوچەر وتی:

– من نازانم.

سادق وتی: باشە بابڕۆین تۆپتۆپێن بکەین!.

مەنوچەر تۆپتۆپێنیشی نەدەزانی، سادق بەسەرسوڕمانەوە:

– پێم نالێی چ یارییەك دەزانی؟.

شەقایق بەپێکەنینەوە وتی:

– تەنیا کتێب دەخوێنێتەوە.

مەنوچەر بەتوڕەییەوە:

– ئەی خۆت چی.. تەنیا دەزانیت بگریت !

سادق وتی:

– هێی مەنوچەر رودار مەبە، ها..!

مەنوچـــەر کـــە کـــوڕێکی بێـــرەنگ‌و ئـــارام بـــوو. کاتێـــك تێگەیشـــت کـــەوا سادق‌و شەقایق لەدژی ئەون، هەستاو چوو

بۆ ژورەکەی خۆیان.

بەکورتی ئەو رۆژە خۆشەش تەواوبو.. پورە مەنیجەش رۆیشتەوە.

رۆژەکانی جەژن بەبێنیو سەردان رادەبوردنو زیاتر شەوان دانیشتوانی مالّەکە دەڕۆشتن بۆمیوانی، بڕیاربوو مونیرەو شەقایق رۆژی سیانزدەی بەدەر لەگەڵ نەنەگیانو پورە مەنیجە بەسەربەرن.

شەقایق بۆ هاتنی ئەو رۆژە چرکەژمێری دەکرد،، ئەوانیتریش بۆ رۆژی سیانزەیەمی جەژن زۆر بەرنامەیان هەبوو، ئەوانیش بڕیاربوو بڕۆن بۆ شوێنێك.. لەئاکامدا شەوی سیانزدەیەم هات، شەو مونیرە پلّاوی سەوزەو کوکوی دروستکرد بەو ئومێدەی کە سبەینێ رۆژێکی خۆش رابوێرێت، چوەناو جێگەوە.. دونیا زۆر سارد بوو.. سەرما وەك سۆزی زستان بوو.. شەقایق تا بەیان چاوی لەسەرچاو نەنا.

رۆژ بووە، مونیرەو شەقایق بەبینینی حەوشەکە وشکبون.. بەفرێکی زۆر باریبوو، وەك ئەوەی چلەی زستان بێت. شەقایق بەسەرسامییەوە:

– دایکە مەگەر لەبەهاریشدا بەفر دەباریّت؟

بەڕاستی شتێکی وەك ئەمە هەرگیز لەوەو پێش روینەدابوو، هەموان بەتەواوی غەمباربون، هیچ کەس بەبینینی ئەو بەفرە ناوەختە دلّخۆش نەبوو،، هەموان غەمبارو بێزار سەریان بردەوە ژێر لێفەکانیان، مونیرە نەبێت ئەو بەلّێنەی بەشەقایقی دابوو بردییەسەر.. بەناو ئەو هەموو بەفرەدا بەمەنجەلّی دەستیانەوە رویانکردە مالّی نەنەگیان، مەگەر تەنیا خوا بزانێت لەو سەرمادا چ کۆبونەوەیەکی گەرم–یان بۆ دروستبوو، مەنیجەش هاتبوو بەهەر شێوەیەك بوو رۆژەکەیان بەخۆشی رۆشتەسەر.

بەشی دووەم

"11"

چوار سالّ رایبورد..

www.pertwk.com

ماوەیەك پێش ئێستا باوکەگیان وتی کە دەیەوێت لەدەوروبەری ناوچەی گەرمەسێر زەوییەك بۆ خۆی بکڕێتو خانویەك دروستبکات، کوڕەکان بەتایبەت سالّەحو ئیسماعیل بەتەواوی پێشوازییان لەپێشنیارەکەی باوکەگیان کرد، بەلّام پەرۆیز ئەوەندە حەزی لێی نەبوو. پەرۆیز دەیوت:

– بڕۆین بۆ کەرەج، دەماوەندو لەوێ بەدوای زەویدا بگەڕێین.

باوکەگیان سوربوو لەسەر پێشنیازەکەی پێداگریی کرد:

– گەرمەسێر زایەنگامەو تەواوی بنەمالّەکەم لەوێن..

بەکورتی.. رۆژی هەینی، بەیانییەکەی هەموان بەرەو گەرمەسێر کەوتنەڕێ، هەموان بێجگە لەفەرهادو کیومەرسو مەنوچەر، هەرچەندە مەنوچەر حەزیدەکرد کە بڕوات بەلّام مانگی خوردراد، وەرزی تاقیکردنەوەکان بوو.. مەنوچەر تەمەنی هەژدە ساڵ بوو ئەمساڵ بڕوانامەی دیبلۆمی وەردەگرت، شەقایقو مونیرە وەك هەمیشە کە مالّەکەیان بەچۆلّی دەبینی، دەستیانکرد بەڕێکوپێککردنو پاککردنەوەی ژورەکەیان، چونکە ئەو کاتەی حاجی ژن لەمالّ بوایە، مونیرە نەیدەوێرا تەنانەت جلیش بشوات، چی بەپەردەو لێفەکان بکات!.

فەرهادو کیومەرس وەك هەمیشە لەدەرەوە سەرقالّبون،، مەنوچەر لەژورەکەی خۆیان بوو، دیارنەبوو کە چی دەکات؟!

نزیك نیوەڕۆ دەرگاکە کرایەوە، مونیرە لەلێواری حەوزەکە دانیشتبوو، خەریکبوو دەستنوێژی دەگرت، لەو کاتەدا بەبینینی فەرهادو کیومەرس هاواری گەیشتە ئاسمان.. کیومەرس بەدەموچاوێکی بریندارو خوێناوییەوە خۆیکرد بەحەوشەدا، ئینجا فەرهاد بەدەم هەناسەبڕکێوە هاتەوە وەك ئەوەی خێو دەستی لێوەشاندبن.

جلـــەکانی دڕابـــوو.. بەقۆپچـــە کراوەکـــانی قەمیســـەکەیەوە دیـــاربوو کـــە لەگـــەڵ یـــەکێك شـــەڕیکردوە.. شـــەقایقو مەنوچـــەر هاتنـــە حەوشـــەکەوە، مەنوچـــەر کیومەرســـی بـــەرزکردەوەو لەســـەر پلەکانـــەکان داینـــا، شـــەقایق پەرداخێك ئاوی دایەدەست فەرهاد.

مونیرە بەترسەوە پرسی:

– چی بووە؟.. بۆچی دەموچاوتان بریندار بووە، شەڕتان کردووە؟

فـــەرهاد بـــەنیوە تەماشـــایەکی رقـــاوی دەموچـــاوی کیومەرســـی کـــردو بەتوڕەییەوە:

– هەموی تاوانی ئەوەیە!.

کیومـــــەرس خـــــۆی لـــــەنێوان دەســـــتەکانی مەنوچـــــەر دەربـــــازکردو بەهاوارەوە:

– ســـەد جـــار پێمـــوتی تـــاوانی مـــن نـــەبوو!.. ئـــەو پیـــاوەی شـــەڕەکەی دەستپێکرد، تاوانی ئەو بوو.

فەرهاد هاواریکرد:

– ئەو هەڵەی کرد لەگەڵ تۆدا..

خـــەریکبوو دوبـــارە شـــەڕ دەســـت پێبکاتـــەوە، مـــونیرە تاکۆتـــایی نـــەیزانی شەڕەکە لەسەر چی بووە.

مەنوچەر کیومەرسی کێشایە لاوەو مونیرەش فەرهاد..

شـــەقایق لەچێشـــتخانەکە دەستەســـڕێکی پـــاکو کـــەمێك ئـــاوی هێنـــاو مـــونیرەش دەموچـــاوی کیومـــەرس کـــە بریننـــداربوو ســـڕی‌و، بەدەستەســـڕ بەســـتی،، هـــەموان بێـــدەنگ بـــون.. پـــاش کـــەمێك مـــونیرە بێدەنگییەکـــەی شکاندو وتی:

– باشە من هەر نەمزانی شەڕەکەتان لەسەر چی بوو؟

فەرهاد زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– لەســـەر فیتنـــەیی کیومـــەرس!.. ئێســـتا ئـــامۆژن شـــەڕەکە لەبیربکـــە، بۆ نیوەڕۆ چیت هەیە؟

مونیرە لەکاتی هەستاندا بەشەقایقی وت:

– تا نوێژ دەکەم، خواردنەکە بهێنە.

پاشان رویکردە مەنوچەرو وتی:

– مەنوچەر گیان تۆش وەرە لەگەڵ ئێمە چێشت بخۆ.

هـــەوای گـــەرمی مـــانگی خـــورداد هـــەواڵی هـــاوینێکی گـــەرمی دەهێنـــا.. شـــەقایق رۆیشـــت بـــۆ چێشـــتخانەکە، مـــونیرە پـــلاوی لۆبیـــای دروســـتکردبو، شـــەقایق ســـەوزەی هێنـــاو تـــا مـــونیرە نوێژەکـــەی کـــرد زەڵاتەشـــی دروستکردو مەنوچەر چوو لەماڵی خۆیان قاپێکی گەورە ماستی هێنا..

مەنوچـــەر دوور لەقســـەو چـــەتونییەکانی کیومـــەرسو فـــەرهاد ســـەرقاڵی چێشـــت خـــواردن بـــوو،، مـــونیرەو شـــەقایق بەتـــەواوی بەئیشـــی ئـــەو دوانـــە پێدەکـــەنین.. کاتێـــک چێشـــتەکە تـــەواوبوو، مەنوچـــەر یارمـــەتی شـــەقایقی دا تـــاوەکو خوانەکـــەی کـــۆکردەوەو، مـــونیرە رۆیشـــت بـــۆ چێشـــتخانەکە بـــۆ هێنانی میوەو چا..

کیومەرس لەژێر لێوە:

– ئەم مەنوچەرە هەڵسوکەوتەکانی هەر وەک هەڵسوکەوتی کچ وایە.

فەرهاد بەپێکەنینەوە:

– باشترواپە لەجیاتی مەنوچەر بەلەیلا بانگی بکەین!

کیومەرس پێکەنینێکی ماناداری کردو بەهێواشی وتی:

– واباشترە بانگی بکەین لەیلی نەک لەیلا.

فـــەرهاد لەمەبەســـتەکەی کیومـــەرس تێنەگەیشـــت، بـــەڵام کاتێـــک کـــە شەقایقی لەلای مەنوچەر بینی لەمەبەستەکەی گەیشت.

"12"

ئـــەو رۆژگـــارە وەك ئێســـتا کـــچ بـــۆی نـــەبوو بـــەئازادی بخوێنێـــت، لـــەو رۆژگارەدا کەمتر رویدەدا کچ مۆڵەتی پلاندانانی هەبێت.

شـــەقایق یـــەکێك بـــوو لـــەو کچـــانەی لـــەدوای پـــۆڵی پێنجەمـــەوە ناچـــارکرابوو دەســـت لەخوێنـــدنو قوتابخانـــە هـــەڵگرێت، شـــەقایق وەك کچـــە مامـــەکانی موحەدیســـەو ئاســـیەو ســـەمانە حـــەزی دوبارەکـــانی مـــاڵ نـــەبوو، ئەمانـــە ئـــەوی لـــەژیان رازینـــەدەکرد، هـــەر لەبـــەر ئەمـــە بـــوو مەنوچـــەر رازیبـــوو لەماڵ وانەی پێبڵێتەوە.

ئـــەم بابەتـــە بـــووە هـــۆی خۆشـــحاڵی شـــەقایقو بەمشـــێوەیە بڕیاریـــدا گشـــت رۆژێـــك کاتـــژمێر پێنجـــی عەســـر بـــڕوات بـــۆ ژورەکـــەی مەنوچـــەر تـــاوەکو لەگـــەڵ یەکـــدا بخـــوێنن، مەنوچـــەر کـــورێکی ڕێکوپێـــك بـــوو.. هێشـــتا کتێبـــەکانی ســـاڵی شەشـــەمی مـــابوو، یەکـــەم رۆژ مەنوچـــەر نەیـــدەزانی کـــە شـــەقایق دوای چـــوار ســـاڵ دوری لەوانـــەو کتێـــب شـــتێکی لـــەبیرمابێت، شـــەقایق گەیشـــتوەتە تەمـــەنی پـــانزدە ســـاڵی، مەنوچـــەر پێچـــەوانەی بیرکردنـــەوەی لەشـــەقایقی بیســـت کـــە ئـــەو لـــەماوەی ئـــەم چـــوار ســـاڵەدا بێکـــار نـــەبووەو بەڕۆشـــتنەوە بەســـەر کتێبەکانیـــدا، زانیاریـــەکی گشـــتی باشـــی پەیداکردوە، زانیاریگەلێك کە یارمەتی پێشکەوتنی بەدات.

عەســـر وەك هـــەموو رۆژانـــی رابـــردوو شـــەقایق رۆیشـــت بـــۆ ژورەکـــەی مەنوچـــەر، مەنوچـــەر هەمیشـــە پـــێش هـــاتنی شـــەقایق تەماشـــای ئـــەو وانـــەی دەکـــرد کـــە بڕیـــاربوو ئـــەو رۆژە بیخـــوێنن.. ئـــەو رۆژە بڕیـــاربوو بابـــەتی جوگرافیـــا لەشـــەقایق بپرســـێتەوە،، شـــەقایق پێچـــەوانەی رۆژانـــی پێشـــوو لـــەئامادەبونی پۆلەکـــەی مەنوچـــەر دواکـــەوت.. بـــەجۆرێك مەنوچـــەر دوچـــاری سەرسوڕمان هات.. بەهەرحاڵ هات، مەنوچەر وتی:

– بۆچی لەوێ وەستاویت، باشە وەرە ژورەوە ئیتر؟!

شەقایق بەمینگەمینگ:

– دەزانی.. مەنوچەر.. چیتر نامەوێت بێم، هەرچی تا ئێستا هاتوم بەسە، ئیتر.

مەنوچەر بەچاوێکی پڕ لەپرسیارەوە تەماشای شەقایقی کرد.. شەقایق تەماشاکردنەکەی لەچاوانی دزی.. مەنوچەر بەرامبەری وەستاو پرسی:

– بۆچی؟.. مەگەر ئامۆژن شتێکی وتووە؟

شەقایق لەپەنجەرەکەوە چاویبڕییە دەرەوەو بەهێواشی:

– نەخێر، دایکم قسەیەکی نییە، بەڵام.. ئاسیە پێم دەڵێت وانە خوێندن سوودی نییە.

مەنوچەر رومەتی لەتوڕەییدا سورهەڵگەڕاو، بەئاوازێکی کیناوییەوە:

– زۆر منداڵیت، وامدەزانی لەوانیتر تێگەشتوتری.. هەر وامدەزانی کەسێکی وریا لەم ماڵەدا پەیدا بووە!

شەقایق هەر لەمندااڵییەوە زۆر دڵناسك بوو، بەبچوکترین وشە دڵگراندەبوو، دەستبەجێ دەگریا.. ئەمجارە تاوەکو ویستی بگرێت، مەنوچەر رێگەی پێنەداو بەهەمان ئاواز وتی:

– توانای تۆ زیاترە، نابێت گوێ لەقسەی هەموو کەسێك بگریتو تۆ جیاوازیی.. لەگەڵ ئەوەشدا با بەو شێوەیە بێت کە ئارەزویی دەکەیت؟

ئینجا دەرگای ژورەکەی کردەوە بۆ رۆیشتنی ئەو.

****

چەند کاتژمێرێکە کارەبا بڕاوەو. پەروێز لەژورەکەی خۆیەوە تەماشای ژورە تاریکەکەی مونیرەی کرد، بەشێوازی دەربڕینی پرسیار بەنێرگسی وت:

– براژن لەماڵ نییە؟.

نێرگس لەناو ژورەکەوە سەیری ژورەکەی مونیرەی کردو وتی:

– نازانم، نەمبینی لەسەرکار بگەڕێتەوە، بەڵام شەقایق لەماڵە.

پەرۆێز رویکردە مەنوچەر:

– برۆ بزانە کەس لەوێیە یان نە؟

مەنوچەر بڕیارەکەی باوکی جێبەجێکرد، چوو لەدەرگای دا، شەقایق وەك کارەبا لەشوێنەکەی خۆی بەرزبووەو، بەدەنگێکی نزم:

– کێیە؟

مەنوچەر بەبێ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە دەرگای ژورەکەی کردەوە، شەقایق هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی:

– ترساندمت!

مەنوچەر سەرسامانە وتی:

– بۆچی لەتاریکیدا دانیشتویی؟.. ئامۆژن لەکوێیە؟

شەقایق چەند هەنگاوێکی بەرەو دەرگاکە هەڵگرتو وتی:

– چراکە لەچێشتخانەکە بوو، ترسام برۆم بۆ چێشتخانەکە.

مەنوچەر بەهێواشی:

– تەنیایت؟

– بەڵێ.

باشە وەرە بۆ ژورەکەی ئێمە.

شەقایق چاویبڕییە ناو حەوشەکە:

– نەخێر، ئێستا دایکم دێتەوە!.

مەنوچەر پێداگریی نەکرد:

– کەواتە، چاوەڕێبە باچراکەت بۆ بێنم.

شەقایق راستی دەکرد، چێشتخانەکە لەتاریکییەکی بێکۆتادا نغرۆبوو،، مەنوچەر بەتەواویی ترسابوو، کەچی بەهەر گیانسەندنێك بوو چراکەی دۆزییەوەو وەك زانستی زەید لەسەر یەخچاڵەکە بوو.

شەقایق شقارتەی هێناو خێرا چراکەی داگیرساند.. مەنوچەر چراکەی خستە سەر پەنجەرەکە.. مەنوچەر دودڵ بوو لەڕۆشتن، جارێکیتر وتی:

– دڵنیایت کە ناتەوێت بێیت بۆ لای ئێمە.

شەقایق لەجیاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی مەنوچەر چەند هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە هەڵگرتو بەرامبەری وەستا.. سەری کردبوە خوارەوەو یاری بەچمکی جلەکانی دەکرد..

مەنوچەر بەئاوازێکی فەرماندەرانەوە:

– دەتەوێت شتێك بڵێیت؟

شەقایق لەئاوازەکەی ئەو دڵی ساردبوەوەو ئاهێکی هەڵکێشا:

– نەخێر..،

مەنوچەر بەئاوازێکی گونجاوتر وتی:

– نەوەك لەتەنیایی بترسیت؟

شەقایق سەری بەرزکردەوەو بەپەلە وتی:

– نەخێر، من دەمەویست..

مەنوچەر لەنێو تاریکی ژورەکەشدا دەیتوانی درەوشانەوەی چاوی شەقایق ببینێ.. هات بەبیریدا کە ڕووناکییەك لەچاوەکانیدا دەدرەوشێتەوە، روناکییەك هەزارجار لەروناکی چراکە زیاتر، بێ خواستی خۆی وتی:

– ئەی کچ، باشە بیلّێ خۆ تۆ منت کوشت.

شەقایق جارێکیتر سەری کردە خوارەوە:

– هێشتا ئامادەی.. بەمن..

مەنوچەر زەردەخەنەیەکی کردو بەمیهرەبانییەوە:

تاهەر کاتێک تۆ بتەوێت ئامادەم، بەڵام ئێستا وەرە بڕۆین بۆ ژورەکەی ئێمە.. هەر کاتێک ئامۆژن هاتەوە، ئەوکات بگەڕێوە بۆ ژورەکەی خۆتان.

شەقایق رازیبوو، بەڵام هەر کە پێی لەژورەکە بردە دەرەوە مونیرە گەیشت.. مەنوچەر لەژێر لێوەوە وتی:

– ئەی بەختی رەش.

هەستێکی شیرین بەتەواوی بونی مەنوچەردا چوبوە خوارەوە، شەوی تاریکی بەو بیرگەلە رەنگاوڕەنگە کە هەیبوو جوانتر بوو.. کاتەکە شەو بوو.. مانگ بازنەیی تەواو نەبوو، بەڵام کەوانەییە روناکییەکەشی جوان بوو.

ئەستێرەکان نەخەوتبون، بەڵام تەماشاکردنی شەقایق هەبوو، خەیاڵی ئەویش هەبوو، بەڵام لەخەیاڵیدا، لەتەنیشتی.. لەباوەشی.. تەنانەت هەست بەبۆنی جەستەی دەکرا، گەرمی گۆناکانی هەست پێکرد.. شەرمی تەماشاکردنو نەرمی دەستەکانی بەتەواوی بونییەوە هەست پێکرد.

ئەم هەستە شیرینو چێژبەخشانە شەوی مەنوچەری لەشەوانیتر جیاکردەوە، ئێستا دەیتوانی بەرونی دەنگی لێدانەکانی دڵی گوێ لێبێت، دڵێک کە بۆ شەقایق لێیدەدا دەیتوانی سوڕانی خوێن لەدەمارەکانیدا ببینێت کە پڕ بون لەگەرمی..

لەئەمشەوەوە دەیتوانی عاشق بێتو ئەو بەشەی سەربان خەڵوەتگەی بوو، تەنانەت دەیتوانی لەسەربانەکەوە سەیری ژوری مەعشوقەکەی بکات، بەڵام بۆچی ئەمشەو؟.. بۆچی ئەمشەو تەماشاکردنی سەرنجراکێش بوو.. مەنوچەر دانیشت.. سەرەتا وەڵامی پرسیارەکەی نەدۆزییەوە، تا لەناکاو بەخۆی وت:

– هێی.. کوڕ خەریکە دەبیتە پیاو!

پاشان دوبارە لەجێگەکەیدا خەوت، بەڵام بەخەیاڵی ئەوەوە.

****

ماوەیەك بوو کە شەقایق زمانی ئینگلیزی هەبوو لەلای مەنوچەر، زمانی لەوانەکانیتر بەلاوە باشتر بوو، چونکە شیرینو چێژبەخش بوو، بێجگە لەوەش تازە بوو بۆی، وانەی خۆشەویستی مەنوچەریش بوو، بێگومان مەنوچەر کاتێکی زیاتری بۆ ئەم وانەیە تەرخانەدەکرد، کاتێك شەقایق بۆ یەکەمجار توانی راستو بەبێ هەڵە ناوی خۆی بەئینگلیزی بنوسێت، چونکە ناوی لەسەر هەموو کتێبەکانی خۆی بینی.

****

"13"

کاتی بەربانگ زۆری نەمابوو، مەنوچەر پێچەوانەی رۆژانیتر کزو لاواز لەسوچی ژورەکە دانیشتبوو.. نێرگس سەوزەی هێنابوو، سەرقاڵی پاککردنی سەوزەکە بوو.. مەنوچەر سەیری دایکی دەکرد، کەچی خەیاڵی لەجێگەیەکیتر تێردەکردو بەخۆی دەوت:

نازانم ئەو رۆژوانەی دەیگرم قبوڵە یان نە؟.. هەر لەبیری شەقایقدام؟.. نە لەسەر مەبەست.. نە!..

لەو شەوە تاریکەوە رۆژ بەڕۆژ عاشقتر دەبوم. نەك تەنیا عاشقی روخساری.. هەموو شتێکی شەقایق باشە، لەهەموی زیاتر خانەدانییەکەی، قورسی سەیرکردنی.. ئەگەر گەورەتر بومایە هەر ئەمشەو دەچومە خوازبینی، وانازانم ئامۆژن حەزنەکات؟!.. هەرچۆنێك بێت لەکیومەرسو فەرهاد باشترم، خۆزگە فەرهادو کیومەرس کچ بوایەن.

چـــی بکـــەم، لەئاکامـــدا ئـــەوانیش وەك مـــن کـــوڕنو، کـــوڕیش داواکـــاری تونـــدوتۆڵی جـــوانی کچـــێکە، کـــێ لەکچـــە مـــامێکی میهرەبـــان باشـــترە، نـــازانم.. لەوانەیـــە بیرکردنـــەوە لەشـــەقایقو لـــەم کـــاتو ســـاتەدا تـــاوان بێـــت.. مـــن بەڕاســـتی شـــەقایقم خـــۆش دەوێـــت. ســـەرەتاو کۆتـــایی هـــەر ئـــەیهێنم. یانی دەبێت؟.. ئەی خودایە رۆژێك منو شەقایق..

دەنگی نێرگس رشتەی خەیاڵەکانی مەنوچەری لەیەککردەوە.

– بیر لەچی دەکەیتەوە؟

مەنوچەر ئەوەندە لەخۆیدا بوو، بەبێ خواست:

– بیر لەشەقایق.

چـــاوەکانی نێـــرگس لەسەرســـامیدا خرپبـــوو.. مەنوچـــەر تـــازە ئاگـــاداری قسەکەی خۆی بوو، بەخۆینساردییەکەوە:

– لەئەوەی شەقایق بۆچی دێت لەلای من وانە دەخوێنێت؟!

نێرگس ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

– ئـــەم شـــەقایقە بێچـــارە بێجگـــە لـــەم وانەخوێندنـــە کـــە تـــۆ ئـــەم هـــەموو منەتەی بەسەردا دەکەیت، کارێکیتری نییە بیکات!.

– مەنوچەر لەژێر لێوەوە:

– چـــاکە.. کـــەمێکیش قـــەرزار بـــوین!.. کـــام منـــەت، مـــن لـــەخوام دەوێت.

دەنگی دەرگاکە بەرزبووە، نێرگس بەهێواشی:

– بێگومان مونیرەیە..

نێـــرگس لەژورەکـــە رۆیشـــتە دەرەوە بـــۆ کردنـــەوەی دەرگاکـــە.. کاتێـــك دەنگـــی هـــەنگاونانی شـــەقایق هـــات مەنوچـــەر لەجێگەکـــەی هەســـتاو بەهـــەر رێگەیـــەك بـــوو خـــۆی گەیانـــدە پشـــت پەنجەرەکـــە.. بـــەڵام هاتنەژورەکـــەی ماوەیەك درێژەی کێشا.. مەنوچەر لەبەرخۆیەوە:

– دەی بۆچـــی ئەوەنـــدە لەبـــەردەم دەرگاکـــە دەوەســـتێ؟!.. ناســەلامەتی ســێ دانــە کــوڕ لــەم مالّــەدا هەیــە، چــی مانایــەکی هەیــە کــە شەقایق..

بـــەبینینی مەنیجـــەو ســـادق مەنوچـــەر وەك واقوڕماوێـــك ئەبلّـــەقی بـــەردەمی خۆیبـــوو بەســـەختی لەســـەر لێـــواری پەنجەرەکـــە هەســـتا.. شـــەقایق هاتـــە پێشـــەوەو بەپێکـــەنینێکی دڵگـــیر ئـــەو دوانـــەی ڕەوانـــەی مالّەکـــە کـــرد.. دەنگـــی نێـــرگس وەك شوشـــە گیـــانی مەنوچـــەر لـــەتکرد.. بەئاوازێکی ڕقاوییەوە:

چـــیت دەوێـــت لەبـــەردەم پەنجەرەکـــە؟!.. وەرە یارمـــەتیم بـــدە.. زۆری نەماوە بۆ بەربانگ.

مەنوچەر بەبێ خواست بەتوڕەییەوە:

– وێڵم، کە بزانم ئەمانە کێن.

نێـــرگس دەســـتی لەئیشـــەکەی هـــەڵگرتو بـــەئارامی بـــەرەو لای پەنجەرەکە هاتو بەبینینی مەنیجە وتی:

– ئا, خۆ مەنیجەیە، چۆن لەم ناوە دەرکەوتوە؟!

مەنوچەر بەبێ گرنگیدان بەقسەکەی نێرگس:

– دە، تەماشـــاکە.. توخـــودا تەماشـــاکە وەك بـــەرەڵای کـــۆڵانو بازاڕەکـــان خـــۆی گۆڕییـــوە، حـــەیف ئێـــرە مـــاڵی مـــن نییـــە، ئـــەگینا نەمدەهێشت هەموو کەسێك پێ بنێتە ئەم ماڵە.

نێرگس بەسەرسامییەوە:

– مەبەستت کێیە؟

مەنوچەر بەگۆڕانەوە:

– یانی تۆ ئەم کوڕە نابینی؟

نێـــرگس بـــەبێ هەســـتکردن بـــەگۆڕانی شـــێوازەکەی مەنوچـــەر بەگاڵتەجاڕییەوە:

– وازبێنە کوڕەکە.. ئیرەیی باش نییە، ئێستا کە خۆت ناتوانیت وابکەیت بۆچی چاوت نییە ئەو ببینێت؟

مەنوچەر پێکەنینێکی کردو وتی:

– لەڕوالەتیدا دیارە لەم وێڵگەڕە خۆڕایی خۆرانەیە.

نێرگس ئەمجارە بەزمانێکی راستەقینە:

بەتۆ چی؟.. ئیشت چییە؟.. هاٍ, خەریکی خراپ دەڵێیت.

مەنوچەر لەپشت پەنجەرەکە لاچوو، ئەو خوێنە گەرمەی لەگەڵ تووڕەییەکەیدا تێکەڵبوو، تەواوی لەشی کردبوە ئاگر.. چیتر نەیدەتوانی ئارامبگرێت.. بەبێ هۆ چوبە دەرەوەو بێئامانج لەماڵ دەرچوو، تەنانەت ساردی کەشوهەوا نەیتوانی تووڕەییەکەی کۆنترۆڵبکات.

لەناکاو مونیرەی بینی، بەرامبەر نانەواخانە وەستابوو.

– سڵاو ئامۆژن!.

مونیرە زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– مەنوچەر گیان، هاتوی نان ببەیت؟

مەنوچەر دودڵ بو لەوەڵامدانەوە، خەیاڵێك هات بەمێشکیداو بەپەلە وتی:

– بەڵێ، دەڵێم ئامۆژن تۆ برۆرەوە بۆ ماڵ، من نانەکە دەهێنم.

مونیرە بەبێ ڕەتکردنەوە ڕازیبو بەرەو ماڵ کەوتەڕێ.. مەنوچەر دوای وەرگرتنی نانەکە بەبێ دواکەوتن بەرەو ماڵ رایکردو لەپشت دەرگای ژورەکەی مونیرەوە وەستا، دەنگی قسەو پێکەنینی شەقایقو مەنیجەی دەبیست.. مێشك تێکی خواردبوو، نەیدەزانی چۆن تووڕەییەکەی خەفەبکات، بەجۆرێك دەنگی ئەو قورئانەی لەمزگەوتەوە بەرزبووە ئارامی نەکردەوە.

لـــەپڕ دەرگاکـــە کرایـــەوە، شـــەقایق بـــوو، بـــەبینینی مەنوچـــەر ڕاچـــەڵەکی.. مەنوچـــەر بەتوڕەییەکـــەوە تەماشـــای دەکـــردو بـــەدەنگێکی هێواش کە توڕەی تێیدا شەپۆلی دەدا:

– لەبـــەردەمی ئێمـــەدا واعەباکـــە دەدەی بەســـەرتا وەك ئـــەوەی بمانـــەوێت قوتـــت بـــدەین، کەچـــی لەبـــەردەم بێگانـــەدا کـــە ســـاڵ بەســـاڵ لەمناوە دەرناکەون باش دەڕۆیت بەڕێوە.

شەقایق بەسەرسامییەوە چاوی تێبڕی، هێواشتر لەمەنوچەر:

– مەنوچەر، تۆ خەریکی چی دەڵێیت؟!.. پورم خۆ بێگانە نییە.

مەنوچەر بەگاڵتەجاڕییەوە:

– بـــەڵێ، بـــەڵێ، مەگـــەر ســـادق براتـــە، بەوشـــێوەیە لەبەردەمیـــدا ڕێدەکەیت؟!

زنجـــیرەی فرمێســـك لەچـــاوانی شـــەقایقەوە دەدرەوشـــایەوە، بەتوڕەییەوە:

– رقـــم لەکەســـی وەك تۆیـــە کـــە گومـــانی لەچـــاوی خۆیـــەتی.. بـــڕۆ لاوە بزانم.

شـــەقایق بـــەخێرایی لەقادرمـــەکانی ژێرخانەکـــە چـــووە خـــوارەوە، مەنوچەر خێرا بەدوایدا ڕۆیشتو بەتوڕەییەوە هاواریکرد:

– چـــیت دەوێـــت وا کەوتویتەتـــە دوام؟!.. ئەگـــەر خـــەیاڵت هێشـــتا ئاســـوودە نـــەبوە کوڕەکـــەی پـــورم دوو ســـەعاتە ڕۆیشـــتوە، هـــەردوو چرکەش نەمایەوە.

مەنوچـــەر وەك پەیکـــەر لەدەرگاکـــەدا وەســـتابوو، نەیـــدەتوانی هـــیچ بڵێـــتو، کاتێـــك بەهۆشـــی خـــۆی هاتـــەوە، شـــەقایق لەچێشـــتخانەکە ڕۆیشتبوە دەرەوەو ئەو لەتەنیاییدا بیری دەکردەوە.

******

"14"

– ئێستا نابێت، من نایەم؟

نێرگس سەیرێکی کیناوی مەنوچەری کردو وتی:

– چەندجار پرسیت، منیش وتم نەخێر!

مەنوچەر بەبێزارییەکەوە بەرەو پەنجەرەکە رۆیشتو، بەهێواشی:

رقم لەهاوینە. ئارەزوی هیچ شوێنێکم نییە.

نێرگس بەتانەلێدانەوە:

– وەك ئـــەو پیرەژنانـــەی لێهـــاتوە کـــە بۆڵـــەبۆڵ دەکـــەن.. ئـــەوەم نـــاوێ، خـــۆ تـــۆ هەمیشـــە چرکەچـــرکە ژمێریـــت دەکـــرد بـــۆ گەیشـــتنی هـــاوین، خـــۆ تـــۆ بـــەردەوام بۆڵـــە دەهـــات بەســـەر باوکتـــدا، بۆچـــی نـــاڕۆین بۆگەشـــتوگوزار، کەواتـــە ئێســـتا چـــیت لێهـــاتوە؟.. باشـــە واخەریکـــە دەچـــین بـــۆ ســـەفەر، ئیتر..!.

دەرگاکە کرایەوە، پەرۆیز هاتە ژورەوەو بەخۆشحاڵییەوە:

– پێداویستی سەفەرەکە ئامادەیە یان نە؟.

نێـــرگس چـــاوی لەســـەر مەنوچـــەر هـــەڵگرتو ئەبڵـــەقی پـــەرۆیز بـــوو.. پەرۆیز بەسەرسامییەوە:

– چی بووە؟.. بۆچی مۆنەت کردووە؟!.

نێرگس بەتوڕەییەوە:

– بەخودا نازانم: لەم کوڕە گوڵەت بپرسە؟!.

پەرۆیز بەئاوازێکی پرسیارکردنەوە لەمەنوچەر:

– چی بووە؟.

نێرگس بێدەنگییەکەی شکاندو بەردەوام بوو:

– لەبەیانییەوە تاوەکو ئێستا بۆڵەی دێت،، دەڵێت من نایەم!

پەرۆیز لەبەردەم مەنوچەر وەستاو وتی:

– مەنوچەر، دایکت راست دەکات ؟

مەنوچەر بەدەستەپاچەیی:

– نەخێر، راستییەکەی ئەوەیە کە حەز لەشیراز ناکەم، دەڵێم بابڕۆین بۆ باکور.

پەرۆیز پێکەنینێکی کردو وتی:

– خۆ ئێمە هەموو سااڵێك رۆیشتوین بۆ باکور.. باشە، گۆڕانکاریش پێویستە، هەموی نابێت هەر دارستانو سەوزایی بێت، جارێکیش دڵبخەرە سەر دەشتو بیابان.

نێرگس زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– زۆر باشە، ئێستا ئەگەر ڕازیبویت، هەستە شتەکانت کۆبکەرەوە..

شەوی ساماڵی مەنوچەر بەرەو تاڵی دەڕۆیشت.. ئەو حەزیدەکرد لەتاران بمێنێتەوە، ئەگەرچی سااڵنی پێشتر ئەم ئارەزوەی پێچەوانەبو، هەمیشە لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین ئارەزویدەکرد لەتاران دوربکەوێتەوە، کەچی ئێستا حەزی لەرۆیشتن نییەو، دەیەوێت لەتاران بمێنێتەوە، لەلای شەقایق!

بەیانی زوو بەپێچەوانەی ئارەزوی دڵییەوە لەگەڵ دایکو باوکی بەرەو جێگەی گەشتەکە کەوتنەڕێ.. مونیرەو شەقایق وەك سااڵنی پێشوو دوای چۆڵبونی ماڵ دەستیان بەئەنجامدانی ئیشە ماوەکانی ناو ماڵ کرد، بەیانی رۆژی پێنج شەممە هەردوکیان رۆیشتن بۆ ماڵی نەنەگیان، بەرێکەوت مەنیجەو کچەکان لەوێبون.

کچەکان وەك هەمیشە لەحەوشە دەمەتەقێیان دەکرد، مەنیجە بەگاڵتەو پێکەنین خانوەکەی خستبووە سەرسەری.. سادقیش

لەدەرەوەی خانوەکەبوو. هەڵبەت لەبەر کچەکان بوو، سادق کوڕێکی کەمدوو بوو، کاتێک دەنگی کچەکانی دەبیست تورەدەبوو.. لەوە دەترسا کە بوبێتە بابەتی پێکەنینی ئەوانە.

نەنەگیان دەیوت:

– بەمزوانە دەچێت بۆ خزمەتی سەربازیی، دەزانم دەڵێت لەگەڵ هاوڕێکانمدا دەڕۆم بۆ خزمەتی سەربازیی.

مەنیجە وتی:

– ئۆو ئێستا دەڵێیت لەوێ شیرین دەکەن بەخێر.

مونیرە وتی:

– نەخێر، مەنیجە گیان دەبێت سوپاسی خوابکەیت، منداڵەکانی ئیسماعیل ئەوەندە گێژو خۆڕایی خۆرن، بێچارە کاك ئیسماعیل لەبەیانییەوە تاوەکو ئێوارە لەسەر ئەم رۆیشتن بۆسەربازییە کێشەو باسی هەیە لەگەڵ کوڕەکانییدا، بەڵام کێ گوێی لێدەگرێت؟.. دوو کەس جووت دەبن لەگەڕەك و کۆڵان.

ئێستا کوڕەکەی پەروێز سەر بەڕێو باشە، بەڵام ئامان لەدەست فەرهادو کیومەرس!

نیوەڕۆ بوو کە سادق هاتەوە، ماتو مۆن، تەنانەت وەڵامی سڵاوەکەی مونیرەی بەزۆر دایەوە، مەنیجە سەیرێکی نەنەگیانی کردو بەگاڵتەجارییەوە بەسادقی وت:

– سادق، لەکوێ بوی؟

– رۆیشتبوم دەفتەری خزمەتی سەربازییەکەم وەربگرم.

نەنەگیان پرسی:

– باشە وەرتگرت؟

– نەخێر، وەرم نەگرد.

ئەمجارە مونیرە پرسی:

– باشە بۆ؟

سادق بەتوڕەییەوە:

دەڵێن بەخشراویی، دەڵێم بۆ؟.. پێم دەڵێن کارت بەسەر "بۆ؟.."کەیەوە نەبێت، برۆ سوپاسی خوا بکە.

مونیرە وتی:

– بەهەموو شێوەیەك سوپاسی خودا بکە، نیگەران مەبە، برۆ لەبری ئەم دوو ساڵی خزمەتە، بیر لەژیانت بکەرەوە.

سادق بێگرنگیدان بەقسەکانی مونیرە، لەژورەکە رۆیشتە دەرەوە.

تەنانەت بۆ نانی نیوەڕۆش لەژورەکەی نەهاتەدەرەوە، عەسر کاتێك مونیرەو شەقایق دەڕۆیشتن ئەو هێشتا لەژورەکەیدا بوو.

****

"15"

دوو هەفتەیەك بەسەر رۆیشتنی ئەندامانی خانەوادەی خەلیل سەفەر رادەبورد، شەقایق لەگەلّ ئەوەی هەمیشە ئارەزوی چۆلّبونی مالّەکەی هەبوو، کەچی ئەمجارە دەپارایەوە کە هەرچی زوترە بەدیداری هەموان بگاتەوە، تەنانەت باوکەگیانی مۆنیش!.. بەلّام هێشتا هەفتەیەك بۆ گەڕانەوەیان مابوو،، دایکی بەیانی زوو لەمالّ دەچووە دەرەوە.. ئەو بەتەنیا دەمایەوەو تا دوانیوەڕۆ هیچ کارێکی نەبوو کە بیکات، سەرەتا دلّی خۆی دەدایەوەو بەخۆی دەوت:

دەبێت لەم بێدەنگییە سود وەربگرم، هەفتەیەکی تر دوبارە هەموو شتێك دەستپێدەکاتەوە، وەك یەکەمجارەکەی، بەتایبەتی گالّتەجاڕییەکانی کیومەرس‌و فەرهاد، ئینجا ئێستا لەلای خۆیەوە دەیوت:

– خراپەکارییەکانی ئەو دوانەو بۆلّەکانی باوکەگیان ئەم بێدەنگییە قورس دێنێت!

بەیانی رۆژانی هەینی شەقایق بەتامەزرۆییەکی زیاترەوە لەخەو هەلّدەستا، خۆشحالّ بوو، چونکە دەیتوانی دوای هەفتەیەك کچە پورەکانی ببینێت، خۆی قسەیەکی نەبوو بۆ وتن، بەلّام فەریباو فاتمە هیچ کاتێك ئارامیان نەدەگرت.

فەریبا سالّێك لەشەقایق گەورەتربوو، لەدراوسێکانی مالّی ئەوان کوڕێك هەبوو کە هەم ئەو حەزی لەفەریبا هەم فەریبا حەزی لەئەو بوو، قسەکان‌و بینینەکانی عاشقیش ئەوەندە باش گوێی لێدەگیرا، فاتمە لەگەلّ ئەوەی هەمیشە لەگەلّ فەریبادا بوو، بەلّام هیچ کاتێك لەبیستنی قسەکانی فەریبا تێر نەدەبوو، ئەو رۆژە کاتێك مونیرەو شەقایق گەشتنە مالّی نەنەگیان، مەنیجە هێشتا نەهاتبوو، سادق بەپێچەوانەی نەریتی خۆیەوە لەهەیوانەکە دانیشتبوو، سلاوێکی گەرمی لەگەلّ

مـــونیرە داکـــردو لـــەبری ســـڵاو، زەردەخەنەیـــەکی شـــاراوەی بـــۆ شـــەقایق کردو سەری کردە خوار.

بەقســـەکانی نەنـــەگیان دڵـــی شـــەقایق بەســـەختی ئـــازار درا، پـــورە مەنیجـــە بەڕێکـــەوت پـــێش دوو رۆژ ســـەفەریان کردبـــوو، هەڵبـــەت لەگـــەڵ کچـــەکانو کـــاك ئەحمـــەد، گرفتێکـــی نـــامۆ بـــەرۆکی بەشـــەقایق دەگـــرت، نەنـــەگیانو مـــونیرە ســـەرقاڵی قســـەکردنی خۆیـــان بـــون، شـــەقایق لەژورەکـــە چووە دەرەوە.

ئێســـتا لـــەهۆی زەردەخەنـــە هێمادارەکـــەی ســـادق تێگەیشـــت، کاتێـــک رۆیشـــتە حەوشـــەوە ســـادق ســـەرقاڵی لـــەپێکردنی پێڵاوەکـــانی بـــوو، بـــەرەو روی شەقایق سوڕاو بەپێکەنینێکی گاڵتەوە:

– حاڵت بەتەواوی گیرا، نە؟!

شەقایق سەیرێکی سادقی کرد:

– بـــۆ نـــەهاتنیان دڵـــم نـــەگیراوە، بـــەڵکو بـــۆ ئـــەوەی کـــە بۆچـــی ئێمـــەش هیچکات وەکو ئەوانیتر سەفەر ناکەین.

ســـادق هەســـتاو بەرامبـــەری وەســـتا، زەردەخەنەیـــەکی بـــۆ کـــردو پێـــی وت:

– کچێ، وازبێنە، بیر لەچی دەکەیتەوە!

پاشان بی گرینگیدان ڕۆیشت.

شـــەقایق لەســـەر پلـــەی قادرمـــەی هەیوانەکـــە دانیشـــت، بێخواســـت لەفـــەریباو فاتمـــە تورەبـــوو.. کەســـێك نـــەبوو دڵـــی بداتـــەوە، تەنانـــەت کەســـێك کە پێی بڵێت بیرکردنەوەت دەربارەی فەریباو فاتمەوە ڕەوانییە.

ســـادق زۆر زوو گەڕایـــەوە، شـــەقایق بـــەبڕیاری نەنـــەگیان خوانەکـــەی ڕێکخســـت، لەســـەر خـــوان ســـادق پێشـــنیازێکی ســـەیری کـــردو هـــەموان پێشـــوازییان لەپێشـــنیازەکەی کـــرد، بەتایبـــەتی شـــەقایق!.. لەســـەر

پێشنیازی سادق بڕیاردرا رۆژی سێ شەممە هەمویان بڕۆن بۆ ئیمامزادەی داود.

دوو شەممە عەسرەکەی گەشتیارەکانی خانەوادە گەڕانەوە، مونیرە وتی:

– دەڵێی ئەمانە زانیبویان کەوا ئێمە سبەینێ دەمانەوێت بڕۆینەدەرەوە.

شەقایق بەدڵ تەنگییەوە پرسی:

– یانی ناڕۆین؟!

مونیرە پێکەنی وتی:

– بابە، دەڕۆین.

مەنوچەر زوتر هاتەحەوشەوە، روخسارێکی خوێنساردی هەبوو، بەڵام بۆ بینینی شەقایق چرکەژمێریی دەکرد، مونیرە بۆ پێشوازیکردن لەگەشتیارەکان لەژورەکە رۆشتەدەرەوە.

– سڵاو ئامۆژن.

– سڵاو مەنوچەر گیان، بەخێربێیتەوە.. چەند زوو گەڕانەوە، هێشتا خۆ دوو سێ رۆژیتر کاتتان هەبوو؟!.

مەنوچەر بەپێکەنینەوە:

– ئێمە بۆ مانەوە قسەیەکمان نەبوو، بەڵام کەوگیرەکە دایبوو لەبنی مەنجەڵەکە.

مونیرە بەپێکەنینەوە لەحەوشە رۆیشتە دەرەوە.

هەرکە مەنوچەر هەنگاوی بەرەو هەیوانەکە نا، دەنگی مونیرە وەکو بزمار لەجێگەی خۆیدا وەستاندی:

– شتێك بووە مەنوچەر؟!.. ئەوانیتر لەکوێن؟.. دایکت، کاك پەروێز، بۆ کوێ رۆیشتن؟!

مەنوچەر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی:

– چی بڵێم.. راستییەکەی شەڕمان بووە.

دەنگی شەقایق قسەکەی بەمەنوچەر بڕی..

– دەموچاوت چی لێهاتوە مەنوچەر؟!

مەنوچەر سەیرێکی دەموچاوی شەقایقی کردو بەئاوازێکی تانەو توانج بازییەوە وتی!

– عەلەیکومە سەلام.

شەقایق، بەبێ هیچ گۆڕانێك:

– دەی ئەوانیتر لەکوێن؟

مونیرە لەکاتێکدا بەرەو ژورەکەی خۆیان دەڕۆیشت وتی:

– وەرە ژورەوە بزانم چی بووە؟

شەقایق بەبێدەنگ چای خستە سەرو لەلای مونیرەوە دانیشت تاگوێی لەقسەکانی مەنوچەر بێت.

راستییەکەی ئێمە دەمانویست هەفتەی پێشوو بگەڕێینەوە، چونکە چیتر پارەیەکمان نەمابوو، بەڵام باوکەگیان نەیهێشت، وتی: لەکۆتایدا بەجۆرێك لەگەڵ یەکدا رێکدەکەوین، مامە ئیسماعیل برێك پارەی بەناوی قەرزەوە دایە باوکم بۆ ئەوەی کەموکورتیمان نەبێت، هەڵبەت باوکم لەبەر پارە نەبوو کە دەیویست بگەڕێینەوە..

راستییەکەی لەدەست کیومەرسو فەرهاد بێزاربوون، یانی هەموومان.. ئای ئەم دوانە دەردەسەرییان زۆرە.. لەدەست ئەم دوانە لەهیچ کوێیەك جێگەمان نەبوو، مامە ئیسماعیل هیچی نەدەوت، تائەوەی دوێنێ عەسر من لەگەڵ فەرهاددا بەشەڕ هاتم، تاوانی ئەو بوو، لەحەوشەی میوانخانەکە دانیشتبوو بەدار لەقەلە رەشی ئەمو ئەوی دەدا، منیش بێ بێزاربوم و شەڕم لەگەڵ کرد (مەنوچەر وەستانێکی کردو پاشان بەپێکەنینەوە ئەمەشی بۆ زیادکرد):

– ئەم باینجانەش ئەو لەژێر چاوم چاندویەتی!

بـــەکورتی، باوکیشـــم چـــیتر ئـــارەزویی نـــەما، بـــەیانی شـــاڵو کاڵاوەکـــەی لەبـــەرکردو کـــە بگەڕێتـــەوە.. مامـــە ئیســـماعیل زۆر دڵگـــران بـــوو، بەهـــەرحاڵ ئێمـــە گەڕاینـــەوە، ئێســـتا بـــاوکو دایکـــم رۆیشـــتون.. رۆیشـــتون بـــۆ شـــوێنێك، زوو دەگەڕێینەوە.

شەقایق بێمەبەست:

– مەنوچـــەر، ئەگـــەر لەشـــەوێنی تـــۆ دەبـــوم فـــەرهادم دەکوشـــت، کـــوڕی وێڵ وابزانێت کێیە؟!

مونیرە کۆکەیەکی کردو بەمەنوچەری وت:

– ئەگەر برسیتە بڕۆم چێشت بێنم؟

– نا، ئامۆژن حەزم لێی نییە، ئێستا باوکو دایکم دەردەکەون.

مونیرە هەستاو وتی:

– دەی بابڕۆم چات بۆ بێنم!

مەنوچـــەر بـــۆ ئـــەوەی مـــونیرە، شـــەقایق نـــەنێرێت بـــۆ ئەنجامـــدانی کارێـــك، دەستبەجێ:

– باشـــە، تـــۆ بەوانەکانتـــدا گەیشـــتویی یـــان نـــا؟.. دەمـــەوێت تاقیکردنەوەت بۆ بکەم!

خۆشبەختانە مونیرە لەژورەکە چووە دەرەوە، شەقایق بێباکانە:

– نە، بابە، هەر تاقەتم نییە.

مەنوچەر بزەیەکی کردو وتی:

– ســـبەینێ بەیانییەکـــەی تاقیکردنەوەیـــە، ئەگـــەر نمرەکـــەت بـــاش بێـــت ئەو کاتە منیش..!

شەقایق قسەکانی بڕی:

– سبەینێ خۆ من لەماڵ نیم!

مەنوچەر بەسەرسامییەوە:

– مەگەر لەکوێیت؟!

– دەمانەوێت بڕۆین بۆ ئیمامزادەی داود!

مەنوچەر بەئاوازێکی منالانەوە:

– منیش دێم.

شەقایق وتی:

– نەخێر، مەگەر کاتێک تۆ دەڕۆیت بۆ سەفەر ئێمەیش لەدوات دێین؟

مەنوچەر بەگاڵتەجاڕییەوە:

– باشە دەبمە جانتاهەڵگری تایبەتی تۆ!

شەقایق:

– ئێمە دەمانەوێت رۆژێک لەگەڵ خێزانەکەی خۆماندا بڕۆین بۆ گەشت.

مەنوچەر بەخێرایی:

– لەگەڵ کێدا دەڕۆن؟

– لەگەڵ..

دەرگا کراوەیەو مونیرە هاتەژورەوە، لەکاتێکدا دادەنیشت پرسی:

– بەڕاست ئەوانیتر کەی دەگەڕێنەوە؟

مەنوچەر بەئارامییەکەوە:

– دێنەوە، ئەم هەفتەیە دەگەن.

کاتێک پەروێزو نێرگس هاتنەوە لەسەر داوای مونیرە نانی ئێوارەیان لەژورەکەی ئەوان خواردو مەنوچەر لەخەیاڵەکانی خۆیدا نوقم بوبوو.

خەیاڵی بێهودە تەواوی مێشکی داگیرکردبوو، دەیوست هاواربکات.. توانای ئەوەشی نەبوو، قسە گەیشتە گەشتە یەک رۆژییەکەی شەقایقو مونیرە، نێرگس وتی:

– ئیمامزادەی داود زۆر خۆشە، بەرێکەوت ئێمەش سااڵێک رۆیشتبوین.

– ئاوو هەوایەکی زۆر خۆشی هەیە.

پەرویّز بەردەوام بوو:

– بەتایبەتی ئاوەکەی، بەراژن هەر وەك سەهۆلّە، چەرکەیەکیش ناتوانیّت دەست بخەیتە ناو ئاوەکە؟

مەنوچەر قسەکانی پەرویّزی بڕی:

– بەلاّم زۆر پیس و قەرەبالّغە، جیّگەیەکی باش نییە، تەنیا بۆ پیرەژن و پیاوە پیرەکان باشە!

مونیرە وتی:

– منیش زیاتر لەبەر دایکم دەمەویّت بڕۆم بۆ ئیمامزادەی داود.

مەنوچەر پرسی:

– کەواتە تەنیا تۆو دایکت؟!

– بەلیّ، مەنیجەو منالّەکانی رۆیشتون بۆ سەفەر، رۆیشتون بۆ سەردانی خزمەکانی میّردەکەی.

مەنوچەر هەناسەیەکی قوڵی هەلّکیّشاو زەردەخەیەکی شاراوەی خستەسەر لیّوی و لەدلّەوە وتی:

– دەی کەواتە ئەو کوڕە لەمالّ نییە.

مونیرە بەردەوام بوو:

– ئەگەر سادق نەیدەوت هەرگیز بیرم لەئیمامزادەی داود نەدەکردەوە، ئاخر تائیّستا نەرۆیشتوم بۆ ئەویّ.

مەنوچەر زۆر بیّزاربوو، بەخۆی وت:

– لەئاکامدا ئەم کوڕە سبەینیّ بەدوای ئەمانەوەیە یان نا؟

دوبارە پرسی:

– باشە، دەی سادقتان لەگەلّە، خەیالّتان ئاسودەیە؟!

شەقایق وتی:

– بەلیّ، ئەویش دیّت.

مەنوچـــەر وەك ئەســـفەنجێك كـــە خرابێتـــە ســـەر ئـــاگر، دەیویســـت جـــوێن بـــەزەویی‌و كـــات بـــدات، زیـــاتر لەهـــەموان لەشـــەقایق تورەبـــوو، نێـــرگس رویكردە مونیرە:

– چۆن سادق لەگەڵ خوشكەكەتدا نەڕۆیشتوە بۆ سەردان؟!

مونیرە وتی:

– ســـادق لەبـــەر كچـــەكانی كـــاك ئەحمـــەد ئەوەنـــدە نـــارەوات بـــۆ مـــاڵی مەنیجـــە، هێشـــتا دوای ئـــەم چـــەند ســـاڵە زۆر لەگـــەڵ فاتمـــەو فـــەریبادا ڕێـــك نییە.

مەنوچەر بەخۆی وت:

– بـــەڵێ روی نییـــە لەگـــەڵ خوشـــكەكانی خۆیـــدا بـــڕوات بـــۆ ســـەفەر، بـــەڵام روی هەیە لەگەڵ كچە پورەكەیدا بڕوات بۆ گەڕان!

مونیرە بەردەوام بوو:

– بەڕاست پێم نەوتن، لەخزمەتی سەربازیش بەخشرا.

مەنوچەر بێخواستی خۆی وتی:

– ئامۆژن، راست دەكەیت.

– بـــەڵێ، منـــیش بەمەنیجـــەم وت كـــە دەبێـــت ژنـــی بـــۆ بهێنێـــت، ئـــەویش دەڵێت خۆی ژنی ناوێت، ئەگینا كاك ئەحمەد قسەیەكی نییە.

مەنوچەر لەژێر لێوەوە:

– هـــا، ســـەرەتا دەیـــەوێت بەخۆشـــی رابوێرێـــت، ئینجـــا بـــڕوات ژن بهێنێت.

مەنوچـــەر بـــەبیانوی ئـــەوەی كـــە هیلاكـــە نـــانی نـــەخواردو چـــووە بـــۆ ژورەكـــەی.. بـــەڵام ئەوەنـــدە تورەبـــوو توشـــی سەرئێشـــەی كردبـــوو، نەیـــدەتوانی پێڵـــوی چـــاوەكانی لێكبنێـــت، خـــەیاڵێك وەك چـــەكوش كێشـــیا بەمێشكیدا، لەناكاو هەستاو لەسەر جێگەكەی دانیشت.

نـــەوەك پـــیر لـــەژنهێنان بکاتـــەوە.. نـــەوەك خـــەیاڵی شـــەقایق لەمێشـــکیدا بێت؟!

ئـــەو شـــەوەی کـــە بـــۆ شـــەقایق لەگـــەڵ خۆشـــی‌و شـــیرینیدا هـــاوڕێبوو، بـــۆ مەنوچـــەر بەدڵتـــەنگو کەساســـی رایبـــورد، نەخشـــەگەلێکی جیـــاواز بـــۆ تێکـــدانی گەشـــتەکەی ســـبەینێ بەبیریـــدا هـــات، بـــەڵام هـــیچ کامیـــان نەدەکران.

بـــەیانی بـــەبێ ئـــەوەی شـــەقایق پـــێش رۆیشـــتنەکەی ببینێـــت، لەخـــەو هەستا، هێشتا سەری ئێشی دەکرد، تورەبوو..

"16

– چەند ساڵ تەمەنتە؟

– یانی تۆ نازانیت؟

– نەوەڵڵا!

سادق راستگۆیانە وتی:

– دەی هێشتا زۆر منداڵی!

شەقایق بەتانەلێدانەوە وتی:

– بۆ نمونە باپیرە، تۆ زۆر گەورەیت؟

سادق زەردەخەنەیەکی بۆ کرد:

– ئەو زمانەت وەك چزوی دوپشکە!.

خەڵکێکی زۆر بۆ سەردانو خۆشی هاتبون بۆ ئیمامزادەی داود.. شەقایق تائێستا ئەم هەموو مرۆڤەی لەشوێنێکدا نەبینیبوو، یەکەمجار بوو کە دەرۆیشت بۆ گەڕان لەدەرەوەی شار تەنانەت کاتێك باوکیشی زیندوبوو، ئەو نەرۆیشتبوو بۆ سەفەر.. سەبارەن بەئەو هەموو شتێك تازەو سەرنجڕاکێش بوو، بەتایبەت شتومەکە رەنگاورەنگەکانی ناو دوکانەکانو دەنگەدەنگی کۆمەڵەکە، هەندێ کات ئەوەی ئاگاداری خەڵکەکە دەکرد، بۆنی کەباب‌و بۆنی خۆشی رەیحانە تەواوی بۆشایی ئەو شوێنەی پڕکردبوو.

سادق بێزاربوو، بێزارو تورە بوو، ئارامی نەمابوو لەتەماشاکردنی بێشەرمانەی رومەتی شەقایق لەلایەن خەڵکییەوە، سادق لەمەدا

شـــەقایقی بـــەتاوانبار دەزانـــی، بەرەبـــەرە ئـــارامی لێـــبڕا.. شـــەقایق کـــە بەتەواوی ئاگاداری ئەو بوو، بەبزەوە چاوی تێبڕی:

– ئیتر بۆچی مۆنەت کردوە؟

– لەخۆت بپرسە.

شەقایق بەسەرسامییەوە:

– مەگەر من؟.. مەگەر..

مونیرە بەسادقی وت:

– پـــورە گیـــان، نەنـــەگیان هـــیلاك بـــووە جێگەیـــەك بـــدۆزەرەوە بـــا دابنیشین.

ســـادق درەنگـــی نـــەکرد، بێدواکـــەوتن لێیـــان جیـــابووە، دۆزینـــەوەی جێگەیـــەکی بـــاش زۆر ئەســـتەم بـــوو.. شـــەقایقو مـــونیرەو نەنـــەگیان وەستابوون.

بەهاتنـــەوەی ســـادق هـــەموان بـــەرێنمای ئـــەو بـــەرەو میوانخانەکـــە ڕۆشتن.

نەنـــەگیانو مـــونیرە چـــەند خولـــەکێك بـــۆ پشـــودان دانیشـــتنو پاشـــان بەمەبەســـتی زیـــارەتکردن لەمیوانخانەکـــە ڕۆیشـــتنە دەرەوە، شـــەقایق ســـەرقاڵی ئامـــادەکردنی چێشـــت بـــوو بـــۆ نەنـــەگیان.. نەنـــەگیان چێشـــتی دەرەوەی نـــەدەخوارد، بـــەردەمی ژورەکـــە هـــەیوانێکی بچـــووك بـــوو، شـــەقایق ڕۆیشـــت بـــۆ ئـــەوێ.. تـــا ســـەیری دەرەوە بکـــاتو چـــێژ لەهـــەوای فێنکی ئەوێ وەربگرێتو هەروەها چێشتەکەش ئامادەبکات.

سادق هێشتا تورەبوو، بەبێ پێشەکی وتی:

– مەگەر تۆ تائێستا لەماڵ دەرنەچویت؟

شەقایق لەمەبەستەکەی تێنەگەیشت، پرسی:

– یانی چی؟

سادق لەتەنیشت شەقایق، لەلای دەرگاکەوە وەستا، شەقایق پشتیکردبووە ئەو.

– مەگەر تۆ تائێستا دوکانو خەڵکت نەبینیوە؟

شەقایق سەیرکردنی بێبایەخی پرسیارکەرانەی دەموچاوی سادقی کرد..

سادق بەردەوام بوو:

– بەجۆرێك تەماشای دەوروبەرت دەکەیت، وەك ئەوەی تائێستا لەماڵ نەهاتبیتە دەرەوە، وەك ئەم دێهاتییانە!

شەقایق سەریسوڕماو وتی:

– سادق، تۆ خەریکی چی دەڵێیت؟

سادق بەرامبەری لەسەر ئەژنۆ دانیشتو وتی:

– تۆ، بەقوربانت بم، تێناگەی کە هەموو خەڵك ئەبڵەقی چاوانت دەبن، بەڵام تۆ، لەدونیای خۆتدا خۆت تێردەکەیت، ئەگەر یەکێك بنێریت بەدوری دەزانم کە بزانێت؟!

شەقایق بەرقەوە وتی:

– زۆر رودارە هەرچی بتەوێت، پێم دەڵێی..!

سادق بەگاڵتەجارییەوە:

– مەگەر درۆدەکەم هەرچی مۆنە دەکەم، هەر نااڵێی تۆی!

شەقایق بەتووڕەییەوە وتی:

– بەتۆ چی؟

سادق پێکەنینێکی تووڕەی بەرزی دەست پێکردو وتی:

– ئۆو، چ رودارەوی.. لەئێستاوە پێت دەڵێم ئەگەر دەتەوێت لەگەڵ منداا بیت، دەبێت سەرت بکەیتە خوار، من ئاوەزی شەڕو گرفتم نییە.

شـــەقایق نـــەیتوانی خـــۆی لەرشـــتنی فرمێســـکەکانی بگرێـــت، گریـــان خویـــەك بـــوو هـــەرگیز لەســـەری دەرنەدەچـــوو.. ســـادق بـــاش ئـــەوی دەناســـی، بەگاڵتەوە وتی:

– ئێستا باشە کە پیاز پاکناکەیت، ئەگینا لافاو ئێرەی هەڵدەگرت.

شـــەقایق بـــەتوڕەیی چـــەقۆکەی دا بەزەویـــداو لەبـــەردەم ســـادق هەســـتاو بـــەخێرایی لەژورەکـــە رۆیشـــتە دەرەوە، ســـادق مـــاتو وڕمـــابوو کەچـــی بکـــات، لـــەناکاو هاتـــەوە بەخۆیـــدا.. وای شـــەقایق خـــۆ هـــیچ شـــوێنێکی نـــەدەزانی، نـــەوەك ونبێـــت، بـــەم خەیاڵـــەوە لەژورەکـــە رۆیشـــتە دەرەوە، بـــەڵام شـــەقایق رۆیشـــتبوو بـــۆ دەستشـــۆرو دوای شـــتنی دەموچـــاوی گەڕایەوە ژورەوە.

چـــەند کاتـــژمێرێك لەهاتنـــەوەی نەنـــەگیانو مـــونیرە رایبـــوردن، ســـادق بـــەگومانی ونبـــونی شـــەقایق لـــەدەرەوەی مـــاڵ خـــەریکی گـــەڕان بـــوو، مـــونیرە بەشەقایقی وت:

– نەیوت بۆ کوێ دەچێت؟!

شەقایق بەمۆنی وتی:

– نەخێر.

نەنەگیان وتی:

– دایە گیان ئێوە چاوەڕوان مەبن، چێشتەکەتان بخۆن.

لەو کاتەدا دەرگا کرایەوەو سادق هاتە ژورەوە، مونیرە وتی:

– پورە لەکوێ بوی؟ خۆ ئێمە لەبرسا مردین.

سادق زەردەخەنەیەکی ساختەی خستەسەر لێوی‌و وتی:

– دەی بامن برۆم چێشت بهێنم.

لـــەکاتی چـــونە دەرەوەدا تەماشـــەیەکی تـــوڕەی شـــەقایقی کـــردو لەژورەکە رۆیشتە دەرەوە.

خۆر لەپشت چیاکانەوە خەریکبوو ئاوادەبوو.. ئاسمانی ڕەنگ سور، جوانو سەرنجڕاکێشەر بوو، نەنەگیانو مونیرە لەگەشتە رازیو خۆشحاڵبوون، کەچی سادقو شەقایق هەریەکە لەچۆڵەوانیدا جوێنی بەویتر دەدا.

شەو نەنەگیان سوربوو لەسەر ئەوەی کە مونیرەو شەقایق بڕۆن بۆ ماڵەکەی، شەقایق ڕازینەبو، کاتێك کە سادق وتی:

– نەنەگیان زۆریان لێمەکە، پورم بەتەواوی هیلاك بووە.

شەقایق توڕەتر بوو.

"17"

بەیانی ڕۆژی دواتر، بەهۆی بیرهێنانەوەی یادگارییەکانی دوێنێ بەتەواوی بێزاربوو، لەناکاو قەرەباڵغیو دەنگەدەنگی منداڵەکان کەوتەبەر گوێی، شەوی پێشوو مامەکانو باوکەگیان لەسەفەر گەڕابونەوە، ئەمڕۆ نەوشانی مامە.

مونیرەی بێچارە بەیانی زوو ڕۆیشتبووە سەرکار.. کارێك نەبوو بۆ کردن، مەنوچەر لەگەڵ منداڵەکانی سااڵەحدا لەسەر هەیوانەکە یاری "دەستشکاندنەوە"ی دەکرد.. مۆنو مات بوو هیچ بەهایەکی بۆ شەقایق دانەنا.

نێرگس شەقایقی بانگکرد:

پێرێ شەو، دیاری تۆو مونیرەم لەبیرچوو، وابزانم مەنوچەریش دیاری تایبەتی بۆ تۆ کڕیوە!

نێرگس هەستاو ڕۆیشت، مەنوچەر هاتە ژورەوە.

ئەڵێی شەقایق کەسێکی نەناس بوو، بێگرنگیدان پێی چووە ژورەکەی تر، پاش خۆگۆڕین لەماڵ چووەدەر.

نێرگس هاتەژورەوەو بەسەرسامییەکەوە وتی:

– ئا.. مەنوچەر بۆچی رۆیشت؟!

"18"

عەســـر بـــوو، مـــاڵ چـــۆڵۆ بێـــدەنگ، دور لەهـــەموو دەنگـــەدەنگێك، کەشـــێکی غـــەمباربوو، شـــەقایق لەهـــەیوان دانیشـــتبوو ســـەوزەی بـــۆ ژنـــی مامـــە ئیســـماعیل پاکـــدەکرد، مەنوچـــەر کـــەمێك ئـــەولاتر ســـەرقاڵی نوســـین بوو،، لەئاکامدا مەنوچەر بێدەنگییەکەی شکاندو بەتانەلێدانەوە:

– خۆش رایبورد؟!..

شەقایق بەبێ ئەوەی تەماشای بکات:

– نەخێر، خۆزگە نەدەڕۆیشتم.

مەنوچەر وتی:

– خۆ تۆ تەنیا نەبوی؟!

– چۆن، بەڕێکەوت تەنیا بوم.

مەنوچەر وتی:

– دەی نەنەگیانت نەهات؟

شەقایق وتی:

– چۆن هەم ئەو هاتو هەم ئەو!

مەنوچەر پێکەنینێکی تانەبازی کردو وتی:

– ئا، دەی سادقیش بووە!

– بەڵێ، کوڕی گێل.

مەنوچـــەر سەرســـامانە ئەبڵـــەقی شـــەقایق بـــوو، لەمەبەســـتەکەی تێنەگەیشت.

بەهەمان ئاواز بەردەوام بوو:

– ئیتر بۆچی گێل؟!

شەقایق سەیرێکی مەنوچەری کردو وتی:

– هـــەر وێڵـــی کـــە..، حەزناکـــەم لەبارەیـــەوە قســـە بکـــەم، ئێســـتا تـــۆ پـــێم بڵێ چیت لێهاتوە؟.. بۆچی ئەوەندە ماتی؟..

مەنوچەر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی:

– هیچ، هەروا.

شـــەقایق لەبـــەردەمی هەســـتاو چـــوە ژورەوە، دوای چـــەند خولـــەکێك دوبارە گەڕایەوە بۆ هەیوانەکە بەزەردەخەنەیەك لەسەر لێوی وتی:

– ئەمەش دیاری برای خۆشەویستم!

مەنوچەر مۆنەی کردو وتی:

– کێ وتویەتی من برای تۆم؟

شەقایق پێکەنی وتی:

– زۆرباشە، ئەمەش دیاری مامۆستای خۆشەویستم.

مەنوچەر لەژێر لێوەوە وتی:

– زۆر باشە، سەرەتا بڵێ ئەمە چییە؟

شەقایق وتی:

– خۆت بیکەرەوە.

دەی پێش ئەوەی بیکەمەوە ئارام بگرە تادیاریيەکەتت بدەمێ.

دوای چـــەند چـــرکەیەك مەنوچـــەر دیاریيەکـــەی شـــەقایقی کـــە زۆر بەتاقەتەوە پێچرابوو، هێناو گەڕایەوە بۆ هەیوانەکە.

– ئەمـــەش پێشـــکەش بەخۆشەویســـترین..، ئێســـتا بیکـــەرەوە بزانـــە پەسەندی دەکەیت؟

مەنوچـــەر سەرپۆشـــێکی جـــوانی کڕیبـــوو بـــۆ شـــەقایق، راســـت هـــاوڕەنگی چـــاوەکانی بـــوو، شـــەقایق پێنوســـێکی جوانوســـی بـــۆ مەنوچـــەر کڕیبـــوو، مەنوچەر بەپێکەنینەوە وتی:

– بەم پێنوسە جوانوسە نامەت بۆ دەنوسم.

شەقایق بەسەرسامییەوە پرسی:

– نامە؟!

مەنوچەر بەهێواشی وتی:

– لەنێوان خۆمان بمێنێتەوە، خەریکم دەڕۆم بۆ سەربازیی!

شەقایق سەرسامتر لەپێشوو:

– دەتەوێت بڕۆیت بۆ سەربازیی؟

– بەڵێ.

بەرنامەی هەینییەکان وەك هەمیشە بەردەوام بوو، بەو جیاوازییەی کە سادق ئیتر تەنانەت بۆ چەند ساتێکیش لەماڵ نەمایەوە.

هەر هەینییەك بەبیانوی کارێکەوە لەماڵ دەچویە دەرەوە، خۆرئاوا کاتێك هەموان رۆیشتبوون، ئیتر دەگەڕایەوە بۆ ماڵ.. شەقایق بۆ ئەمە خۆشحاڵ بوو، بەڵام بۆ ئەوانیتر جیاوازی نەبوو، نەنەگیان وردە وردە ئاگاداری بابەتەکە دەبوو، بەڵام باوەڕکردنەکەی کێشە بوو.

لەو کاتەدا بوو کە زانی سادق کینە لەدڵە، ئەو رۆژی هەینییە، تەنیا کەسێك کە هات بۆ ماڵی نەنەگیان شەقایق بوو، پورە مەنیجەو کچەکان نەهاتبون، مونیرەش بەیانی زوو رۆیشتبوو بۆ سەر ئیش، بەڵام پێش رۆیشتن شەقایقی گەیاندەبووە ماڵ دایکی، لەو کاتەی رۆژدا سادق هێشتا لەماڵ بوو، بەڵام بەبینینی شەقایق بەبێکوشتنی کات کەوتەڕێ، گومانەکەی نەنەگیان گۆڕا بۆ ڕاستی.

دوای رۆیشتنی سادق نەنەگیان هەستاو بەیارمەتی شەقایق جێگەکانی کۆکردەوە.

****

"19"

بەڕاستی مرۆڤەکان دوو رون، تا کاتێک باوکەگیان لەماڵ بوو هەموان خۆشەویستیان دەنواند.. هەرکە لەماڵ دەچووە دەرەوە دەستبەجێ ماڵ کەسی تێدا نەدەما، هەموان دەکەوتنە خەیاڵی خێزانەکانیان، باوکەگیان لەگەڵ هەموو توڕەیەکانییدا هەقی نەبوو بەسەر رۆیشتنە دەرەوەی بوکەکانی، بەڵام بوکەکان لەترسی یەکتر تا رۆیشتنی باوکەگیان پێ لەماڵ نابەنە دەرەوە.

دوێنێ لەگەرمەسێر هەواڵیان هێنا کە کوڕی مامی باوکەگیان مردوە، هەر ئەو عەسرە باوکەگیانو حاجی ژن رۆیشتن بۆ گەرمەسێر سەرەتای بەیانی هەموو بوکەکان رۆیشتنە دەرەوە، مونیرە وەك هەمیشە بەیانی زوو چووە سەرکار، پەروێزیش کە دەچووە سەرکار نێرگسی لەسەر رێگەکە برد بۆ ماڵی خوشکەکەی.

ماڵ بێدەنگ بوو، تەنیا دەنگی خڕەخڕی مەکینەی بەرگدورییەکە بێدەنگییەکەی دەشکاند، شەقایق لەخەیاڵەکانیدا نوقم بوو.. چیتر دەنگی مەکینەکەشی نەدەبیست، دەنگی زەنگی دەرگا لەشوێنی خۆی هەڵیپەراند بۆ چەند ساتێك گێژو مات ئەبڵەقی دەرگاکە بوو، بەرونی دەستەکانی دەلەرزین، کاتێک بەسەر خۆیدا زاڵبوو، هەستاو بەپەلە بەرەو دەرگاکە رۆیشت، عەباکەی رێککردو دەرگاکەی کردەوە.

– سەرباز "مەنوچەری فیدائیان" لەخزمەتی تۆدایە.

– ئازادیت جەنابی "فیدائیان"!

مەنوچەر پێنج مانگێك دەبوو کە رۆیشتبوو بۆ سەربازیی، شوێنی خزمەتەکەی بوو، ئیسماعیل زۆر ئیرەیی بەپەروێز دەبرد.. کوڕەکانی خۆی چەند شڕو پڕ دەردەسەری بوون.

مەنوچەر هاتە ژورەوەو لەکاتێکدا سەیری دەوروبەری دەکرد وتی:

– دەی تۆ بۆچی دەرگات کردەوە؟!

شەقایق عەباکەی خستە سەرپەتەکەو وتی:

– چونکه کەس لەمالێ نییە.

مەنوچەر هاتە پێشەوەو بەخۆشحاڵییەوە:

– کەواتە کەس لەمالێ نییە، تەنانەت باوکەگیانیش؟!

شەقایق بەسەرسامییەوە:

– بەڵێ، مەگەرچی؟!

مەنوچەر لەخۆشیدا جانتاکەی بەرەو ئاسمان هەڵداو وتی:

– ئۆخەی، بێدەنگە، تێر دەنووم،

شەقایق وتی:

– کەواتە سوپاس بۆ خوا چێشتی نیوەڕۆ، چات ناوێت ئیتر، نە؟!

مەنوچەر لەسەر قادرمەکە دانیشتو لەکاتێکدا پێڵاوەکانی لەپێی دادەکەند:

– بەدەستی تۆ، مەحاڵە شتێك نەخۆم.

پاشان سەری بەرزکردەوەو راستەوخۆ چاویبڕییە ناوچاوانی شەقایق:

– ئاخر تۆ شانازی بەهەموو کەسێك نادەیت!

شەقایق وتی:

– کەواتە وەرە ژورەوە تا بۆت بێنم.

مەنوچەر وتی:

– هەوا لێرە زۆر سارد بووە!

شەقایق سینییە چاکەی خستە بەردەم مەنوچەرو بەگاڵتەجاڕییەوە:

– سەر بورج خۆش رادەبوێرێت؟

مەنوچەر سەیرێکی شەقایقی کردو وتی:

– ئەمە ئیتر، ئێمە دەبێت لەو سەرمایەدا وەك بی بلەرزینو ئەو کاتە تۆ لێرە گاڵتەمان بێ بکەیت.

شەقایق لەکاتێکدا لەپشت مەکینەی بەرگدورەکەوە دادەنیشت وتی:

– باشه دەتوانی نەڕۆیت!

مەنوچـــەر زەردەخەنەیـــەکی شـــاراوەی خستەســـەر لێـــوی‌و پاشـــان راستگۆیانە وتی:

– دەمەوێت هەرچی زوترە تەواوبێت، تابڕۆم ژن بهێنم!

شەقایق بەسەرسامییەوە تەماشای دەکرد، مەنوچەر وتی:

– چیبە؟.. بۆچی بەمشێوە تەماشام دەکەیت؟

شەقایق بەتانەوە وتی:

– نە، دەمەوێت بزانم چ گێلێك دەیەوێت ببێتە ژنی تۆ؟

مەنوچەر پێکەنینێکی کورتی کردو وتی:

– قسە بەژنەکەم مەکە، ها! من زۆرم خۆشدەوێت.

شەقایق دوبارە هەستاو بەتانەوە وتی:

– ئـــۆو، مـــردم لەئیرەییـــدا، باشـــە ئـــەم خاتونـــە لەکوێیـــە؟.. کـــە تـــۆی شێتکردوە؟

مەنوچـــەر تەماشـــایەکی تەماشـــاکردنەکەی شـــەقایقی کـــردو بـــەدەنگێکی وەك چیبە وتی:

– چیت پێ بڵێم ئەی کچ، تۆ بۆچی دەمت ئەوەندە لارە؟!

شەقایق وتی:

– ئاخر، کاتێك ناینناسم، بەدرۆوە بڵێم، بەڵێ دەیناسم!

مەنوچەر بەئاوازێکی پچڕپچڕەوە:

– دەمەوێت تۆ بێنم.

پاشان بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– ئەو ژنە گێلە تۆیت.

شەقایق بەگاڵتەجارییەوە:

– وای، مەڵێ ئیشی ماڵ، شەکر لەناو دڵم بوو بەئاو!

مەنوچەر هەستاو لەسەر پلەکانەی هەیوانەکە دانیشت.

www.pertwk.com

– وادەزانی گاڵتە دەکەم؟

شەقایق وتی:

– گاڵتە یان راستی تۆ بۆ من برایەکی گەورەتری.

مەنوچەر برۆکانی تێکەڵبوو وتی:

– شەقایق بەقوربان، زلەیەکت لێدەدەم، ئەگەر جارێکیتر ئەم قسەیە دوبارەبکەیتەوە !

شەقایق بێگرنگیدان وتی:

– تۆ گیانی دایکت زۆتر بڕۆ بۆ مالّی پورت، ئەگەر یەکێك بێتو منو تۆ پێکەوە ببینێت، خەیاڵات هەڵیدەگرێت.

مەنوچەر وەکو منالّ وتی:

– کەس نایەت.. خەیاڵت ئاسودەبێت !

لەهەمانکاتدا دەنگی دەرگاکە بەرزبووە، شەقایق بەتوندی کێشای بەدەموچاویداو بەهێواشی وتی:

– بینیت.. بینیت وتم یەکێك دێت.

مەنوچەر بەپەلە پێڵاوەکانی گرتە دەستەوەو رایکرد بۆ سەربانەکە.

شەقایق بێ تاقەت بوو بوو، بەهەمان ئارامی وتی:

بۆچی دەڕۆیتە سەربان؟

دەنگی دەرگاکە بەرزتربووە، شەقایق بەخێرایی بۆ کردنەوەی دەرگاکە رۆیشت، سەرەتا سەیرێکی سەربانی کردو پاشان دەرگاکەی کردەوە، کیومەرس بوو، هەناسە بڕکێی بوو، بەخێرایی هاتە حەوشەوە.. مەنوچەر لەسەربانەکەوە سەیری حەوشەکەی دەکرد)..

کیومەرس وتی:

– کەس لەمالّ نییە؟

شەقایق وتی:

– نە، چی بووە، کیومەرس؟

کیومـــەرس دەســـتبەجێ چـــووە ژورەکـــەی خۆیـــانو دوای چـــەند خولـــەکێك دوبـــارە هاتـــە حەوشـــەکەوە، تەماشـــاییەکی دەوروبـــەری کـــردو وتی:

– مـــن خـــەریکم دەڕۆم، ئەگـــەر بـــاوکم هاتـــەوە.. هەرکـــە بەشـــوێن منـــدا گەڕا، بڵێ کیومەرس مرد، بڵێ من نەمبینیوە.

شەقایق وتی:

– ئاخر چی بووە، بەمنیش بڵێ؟

کیومـــەرس وەڵامێکـــی راســـتی نـــەداو بەپەلـــە لـــەماڵ دەرچـــوو، گـــەڵو لقـــی داری تـــرێ ڕێگـــەیان نـــەدا تـــا مەنوچـــەر هـــەموو شـــتێك ببینێـــت، لەســـەربانەوە بەئارامی وتی:

– س.. س.. شەقایق! ڕۆیشت؟

شەقایق هاتە پێشەوەو بەتوڕەیی وتی:

چیتە وەکو مار س.. س.. دەکەی، وەرەخوار، ڕۆیشت.

مەنوچـــەر بـــەخێرایی هاتـــە خـــوارەوە، زەردەخەنەیـــەکی گاڵتـــەجاڕی خستەسەر لێوی‌و وتی:

– هـــا، مـــن ئـــەم کیومەرســـە بناســـم، ئێســـتا دەروات کۆمـــەڵێك خـــۆڕایی خـــۆرتر لـــەخۆی کۆدەکاتـــەوەو دەڕوات بـــۆ گـــەڕان، لەوانەیـــە دوبـــارە لەگـــەڵ مامـــە ئیســـماعیلدا شـــەڕی کردبێـــت! باشـــە بـــێ خـــەیاڵ.. بگەڕێینـــەوە بـــۆ سەر قسەکەی خۆمان.

شەقایق بەبێزاریەکەوە:

– توخوا بەسی کە.. وەرە برۆ، تا کەسێکیتر نەهاتوە.

مەنوچەر ڕاستگۆیانە:

– سەرەتا پێم بڵێ دەبیتە ژنم یاخود نا؟!

شەقایق بەتوڕەییەوە تەماشایکردو وتی:

– بۆچی تەواوی ناکەیت، خۆ من پێم وتی وەك برام وایت!

پاشان بێ گرنگیدان پێی بەرەو لای حەوزەکە رۆیشت، مەنوچەر لەپاڵ ئەو لای حەوزەکە دانیشت، تاویستی قسەیەك بکات، شەقایق بەتورەییەوە هاواریکرد:

– دەزانی چییە؟ من لێت زویربوم!

چەند خولەکێك رایبورد مەنوچەر بەهێواشی:

– شەقایق لێم زویریی؟

شەقایق بەکینەوە سەیری دەموچاوی کردو وتی:

– دەتەوێت چی بڵێی، بیڵێ؟

مەنوچەر وتی:

– چەند کوڕە مامت هەیە؟ کوڕە مامی تەنیا.

شەقایق هەناسەیەکی بەرزی هەڵکێشاو وتی:

– کیومەرسو فەرهاد!

مەنوچەر بەسەرسامییەوە!

هەر ئەم دوانە؟!

– بەڵێ.

– ئا، کەواتە من گەڵای چەوەندەرم!

شەقایق بەچەند قسەیەکی پچڕپچڕ:

– نەخێر، تۆ وەك برام وایت.

مەنوچەر بەتورەییەوە هەستایە سەرپێو وتی:

– نەخێر، من کوڕی براتم!

شەقایق بەبێزارییەکەوە:

– چ جیاوازییەکی هەیە؟

مەنوچەر زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێویو دوبارە بەرامبەری دانیشت.

– دەی، هەر ئەمەیە ئیتر ئەگەر من کوڕی مامت بم دەتوانم.. دەتوانم لەگەڵتدا شایی بکەم، بەڵام خۆ ئەگەر برات بم، ئەوا ناتوانم.

شەقایق سەیرێکی گاڵتەجاڕی ئەوی کردو بەگاڵتەجاڕییەوە:

– کێ بەتۆی وتوە ژنت دەدەنێ!

مەنوچەر وتی:

– دەزانی بەرات دراوە بەدڵم.

شەقایق بەگاڵتەوە:

– ها، ئەو بەراتە! بەهەڵە هاتوە بۆ دڵت.

مەنوچەر بەقسەکەی شەقایق کەوتە پێکەنینو بەپێکەنینەوە:

– ئێستا گاڵتە بکە، تاپێی پێشان بدەم بەدبەخت ئەمە شتێك نییە، من دە منااڵم لێت دەوێتو هەموشیان کوڕ!

شەقایق زەردەخەنەیەکی کردو بەتەنیشتییەوە دانیشتو ئینجا ئەبڵەقی خاڵێك بوو:

– دەزانی مەنوچەر، ژنێك هەیە لەباخچەی ساوایان ئیش دەکات ناوی "خەنە سوڵتانە"، ئەگەر ئەو بهێنیت باشترە، لەرۆژێکدا نەوەد منداڵ تەڕو وشك دەکات، لەو نەوەد منااڵە، پەنجا.. شەستێکیان کوڕن.

مەنوچەریش بەهەمان ئاواز:

– ئەها، ئەوکاتە ئەم نەنە سوڵتانە تەمەنی چەند ساڵە؟

شەقایق وتی!

– گەنجە، هەفتا ساڵە!

مەنوچەر بەگاڵتەوە:

– هیچ، ئیتر لەسەر سفرەی مارەبڕین لەباتی مستیلەی ئاڵتون دەبێت ددانی ئاڵتونی بدەمی!

شـــەقایق پێکـــەنی، دەیویســـت شـــتێك بڵێـــت، پێکـــەنین مۆڵـــەتی نـــەدا، مەنوچـــەر ســـەیرێکی پـــڕ ئـــارەزوی دەموچـــاوی شـــەقایقی کـــردو وەك بەرەڵاکان وتی:

– گیان!

شـــەقایق لەتەنیشـــتی هەســـتاو بـــەرەو ژورەکـــەیان رۆیشـــت، مەنوچـــەر سەرسامانە پرسی:

– دەستبەجێ، لێهات یەکسەر!

– هیچ، بۆ چەند ساتێك لەبیرم چوبوو کە تۆ چەند رووداریی.

بەشی سیّیەم

"20"

دوو سالّ رابورد..

هەولّەکانی مامە ئیسماعیل لەگەلّ فەرهادی کوڕی گەیشتە ئەنجامو بەهەر شێوەیەك بوو ئەویش رۆیشت بۆ سەربازیی، لەگەلّ ئەوەشدا دلّی مامە ئیسماعیل هەموو ساتێك دەلەرزیو سالّێك رایبورد بەسەر چونی بۆ خزمەتی سەربازیی، تا لەئاکامدا بەراوێژی باوکەگیان پلانیان داڕشت بۆ ئەوەی بەدوای کچێکی باشدا بگەڕێن بۆ فەرهاد، کیومەرس لەروخساریدا بێ خەیالّ بوو، بەلّام بێئەندازە ئیرەیی بەفەرهاد دەبرد، بەم حالّە رازینەدەبو کە بچێت بۆ سەربازیی.

خزمەتەکەی مەنوچەر بەرەو تەواوبون دەچوو، سێ مانگ دەبوو نەهاتبوەوە، شەقایق لەهەموان زیاتر بۆی دلّتەنگ بوو، کاتێك نامەیەك لەوەوە دەهات بەهەر شێوەیەك بوایە نامەکەی دەخوێندەوە تاخەیالّی لەبارەی ساغو سەلامەتییەوە ئاسودەبێت، پەرۆیز بەهۆی بێئۆقرەیی نێرگس حەوت جار رۆیشتبوو بۆ ساریو خۆی سەردانی مەنوچەری کرد بوو.

شەقایق بۆ هاتنەوەی مەنوچەر چرکەژمێریی دەکرد، کە هەندێك بیری دەکردەوە تێدەگەیشت کە جگە لەمەنوچەر هیچ هاودەمێکی نەبوو، کیومەرس لەبەیانییەوە تا ئێوارە لەدەرەوە دەسوڕایەوە، ئامۆژنەکانیش ئەوەندەی گرفتاری ئیشوکاری ناو مالّ بوون کە تەنانەت کاتیان نەبوو لەگەلّ یەکتردا قسەبکەن، دایکیشی زۆربەی کات کاتێك لەئیش دەگەڕایەوە بێزارو هیلاك بوو.

کۆتاییەکانی مانگی شەهریوەر بوو، کەشوهەوا دلّگیر بوو، ئێستا چوار مانگ دەبوو کە مەنوچەر بەمۆلّەتیش نەهاتبووە، پەرۆیز بەوە

دڵی نێرگسی دەدایەوە کە کۆتایی خزمەتی سەربازی هەمیشە بەمجۆرە دەبێت،، نێرگس نیگەران‌و چاوەڕوانبوو، فەرهاد بەبێ دەنگەدەنگ پەیمانی دابوو، لەو کاتەوەی کە پەیمانی دابوو، زۆر چاکبوو.

هاوڕێتی کیومەرسی نەدەکرد، کیومەرس بێچارە بۆ ئەوەی تەنیا نەمێنێتەوە بۆ ساتێکیش لەماڵ نەدەماوە دەڵێی هەموان لەبیریانکرد بوو، باوکەگیان دەیوت:

– ئێستا کاتێکی باشە بۆ ئامۆژگاریکردنی کیومەرس.

لەوانەیە کیومەرس هیلاك بوبێت، بەڵام هێشتا ملهوڕو خۆبەزلزان بوو.

مامە ئیسماعیلیش زۆر سور نەبوو، وتی:

– بەدۆزەخ، بەمن چی هەر هەڵەیەك دەتەوێت بیکە.

هەینی بەیانییەکەی بوو، مونیرە وەك هەفتەی پێشوو ناچاربوو بچێتە سەرکار، بەتەنیا شەقایق لەماڵ بوو، دەرگاکرایەوەو نێرگس هاتەژورەوە، شەقایق بەهەراسانی پرسی:

– ئامۆژن چی بووە؟

نێرگس بزەیەکی کردو:

– ئەی بابە! خۆ تۆ حاڵو ڕۆژت لەمن خراپترە؟

شەقایق بەشەرمەوە سەری کردەخوار، نێرگس چووە تەنیشتیو وتی:

– شەقایق دەڵێم ئەمڕۆ خۆ پەرۆیز ڕۆیشتوە بۆ ساری، دایکی تۆش چووەتە سەرکار، وەرە خۆشمان بڕۆین بۆ ئیمامزادەی باڵەح!

– دڵم بەتەواوی بیری ئیمامزادە دەکات (دڵۆپە فرمێسکێکی شێوە مرواری بەچاوانی نێرگسدا هاتەخوار، نێرگس خێرا بەسوچی سەرپۆشەکەی دڵۆپە فرمێسکەکەی سڕیو بەهێواشی وتی:

دەزانـــی شـــەقایق ئـــەمڕۆ لـــەخۆوە کەوتمـــە خـــەیاڵی منـــدااڵی مەنوچـــەر.. دەستبەجێ دڵم ڕۆیشت بۆ الی کاك ئیرەجی خوالێخۆشبوو!

شەقایق لەبەرامبەری نێرگس دانیشتو وتی:

– چۆن ئامۆژن؟!

نێـــرگس چـــاویبڕیبووە حەوشـــەکە، زەردەخەنەیـــەکی دڵگـــیر دەموچـــاوە خەمگینەکەی داپۆشی، بەدەنگێکی ئارام وتی:

مەنوچـــەر یـــانزە مـــانگ بـــوو.. بـــەڵێ، وابـــزانم یـــانزە مـــانگ بـــوو، لـــەالی دەرگاکـــە خـــەریکبوو وردە وردە ڕێـــی دەکـــرد.. لەدەوروبـــەری بـــوم نـــەوەك بکـــەوێت، هێشـــتا گێـــژی دەخـــوارد، لـــەپڕ لەناوەڕاســـتی حەوشـــەکەدا شـــپرزە دەبـــوو، قیـــژەی دەگەیشـــتە ئاسمـــان، منـــاڵێکیش کـــە بکەوێتـــە ســـەرپێ ئـــیتر لەجێگەیەك ئۆقرەناگرێت، تەنیا دەیەوێت ڕێبکات.

بـــەکورتی، لەســـەر ســـەری وەســـتابوم نـــەوەك بکـــەوێت، لەوکاتـــەدا دەرگـــا کرایـــەوەو باوکـــت هاتـــە نـــاو حەوشـــەوە ئـــەو کاتـــە هێشـــتا باوکـــت ژنـــی نـــەهێنا بـــوو، بـــەاڵم وەك ئـــەوەی ئـــارەزوی دایکـــت لەســـەریدا بـــوو، هـــەر کـــە چـــاوی بەمەنوچەر کەوت بەسەرسوڕمانەوە:

– ئا، براژن مەنوچەر ڕێدەکات؟!

پێم وت:

– بەڵێ، دوو مانگە ڕێدەکات!

نێرگس ئاهێکی هەڵکێشاو بەردەوامبوو:

کـــاك ئـــیرەج، بەرەحمـــەت بێـــت دەســـتیکرد بەگیرفانیـــداو پێـــنج تومەنییـــەکی دەرهێنـــاو بـــەدەوری ســـەری مەنوچـــەردا ســـوڕاندیو خســـتییە گیرفـــانی جلەکـــەی، ئـــەم باوکەگیانـــە کاتێـــك کـــە مەنوچـــەر لـــەدایکبوو دە تومەنییەکی پێدا، بەاڵم ئیرەج مەنوچەری زۆر خۆشدەویست!..

نێرگس پێکەنینێکی کورتی کردو وتی:

هەمیشە بەمنی دەوت بڕاژن منالّەکانی کاکە ئیسماعیل چەند ناشرینن، مرۆڤ ئارەزوی تەماشاکردنیانی نییە،، کیومەرس و فەرهاد کاتێک منداڵ بوون لەو منداڵە ناشیرینو چەپەڵانە بوون کە هەمیشە دەچوونە ناو خۆڵو خشاکەوە، ئەعزەم پیایاندا نەدەگەیشت، هەمیشە یان نیوەی سکیان بەدەرەوە بوو، یان ئاوی لوتیان هاتبوە خوار.

نێرگس پێکەنیو لەکاتی هەستاندا وتی:

– لەکۆتایدا ئەمەوێت بزانم لەگەڵم دێی بۆ ئیمامزادە یان نە؟

کەشوهەوای پاکو پیرۆزی ئیمامزادە لەگەڵ دەنگی ئایەتەکانی قورئانو بۆنی گوڵاودا تێکەڵبوو، دەرونی مرۆڤی سوک دەکردەوە، کاتێک دەنگی قورئان بەرزدەبووە هەر چوار لای لەشی مرۆڤ دەلەرزیو دەرۆیشتە خەیاڵەوە.

لەنێو ئەو هەموو دەنگەدەنگەدا، تەنانەت دەنگی ژماردنی تەزبیحو کەوتنی دانەی بەسەریەکدا، دەبیسترا.. نێرگس دەستی بەدەوری پەنجەرەی ئیمامزادەدا سوڕدابو، دەگریا.

شەقایق دور لەچاوی ئامۆژنی چەند دڵۆپە فرمێسکی رشت، لەوە دەترسا کە نێرگس پێی بڵێت: سەری پیازی، قنجی پیازی بۆ کوڕی من دەگریت.. نێرگس زۆر میهرەبان بوو، لەژنی مامە ئیسماعیلو مامە ساڵەح میهرەبانتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لەوان سیاسەتی هەبوو، ئەگەر بیویستایە تانە لەکەسێك بداتو بەتوانجەوە قسەیەك بکات ئەوەندە بەشارەزایی و ئارامی دەیوت کە مرۆڤ سەرەتا وایدەزانی بەسودی هەموان قسەدەکات، بەڵام پاشان کە بەدەریای قسەکانیدا دەرۆیشتیتە خواروە، تازە لەقسە چزوداڕەکانی تێدەگەیشتی، سەرباری ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی خۆشەویست بوو.

نێرگس هاتو لەتەنیشت شەقایق دانیشت، چاوەکانی سورو هەڵئاوساوبوو،بەدەنگێکی داگیرا:

– شەقایق گیان لەناو جانتاکەم کیسەیەك خورما هەیە، هەڵیگرەو ببیە لەناو خەڵکدا بەشی بکە.

کاتێك نوێژ تەواوبوو، هەردوکیان نوێژیان کردو لەئیمامزادەکە رۆیشتنە دەرەوە نێرگس بێدەنگییەکەی شکاندو وتی:

– ئەوبەری پردەکە دوکانی کەباب–ی هەیە، بابڕۆین لەوێ نانی نیوەڕۆ بخۆینو پاشان بڕۆینەوە بۆ ماڵ لەوانەیە تائێستا پەروێزیش هاتبێتەوە.

کاتێك خزمەتکارەکە چێشتەکەی خستە سەرمێزەکەو رۆیشت، شەقایق وتی:

– ئامۆژن دەمەوێت پرسیارێك بکەم، کە هەمیشە دەمویست لێتی بکەم، بەڵام لەوە دەترسام هەراسان بیت.

نێرگس بەمیهربانییەوە تەماشای رومەتی شەقایقی کردو پێشانیدا کە چاوەڕێی بیستنە، شەقایق وتی:

– بۆچی دوای مەنوچەر، منداڵی ترت نەبوو؟.. واتە منداڵت نەدەویست؟

نێرگس وتی:

– دەبوایە گومانم بکردایە کە پرسیارەکەت چییە؟.. زۆر کەس ئەم پرسیارەیان لێکردوم، دەزانی راستەوخۆ لەچەلەی مەنوچەر سکم پڕبوو، زۆر سەختبوو شیرم دەدایە منداڵێکو یەکێکیش لەسکدابوو،، بەهەر بەدبەختییەك بوو هاتە دونیاوە، موەکانی وەك خەڵوز رەش بوو، کەچی نەدەڕۆیشتە دڵەوە..

تێدەگەی چی دەڵێم، زۆر کەم شیری دەخوارد، رۆژی هەژدەیەم بەهیچ شێوەیەك شیری خۆمی نەخوارد، شیری وشکم پێدەدا، لەوانەیە ئەمەبوو کە خۆشەویستییەکەی ئەوەندە نەرۆیشتە دڵمەوە، ناوم نابوو لەیلا.. لەیلا گەیشتە تەمەنی سێ مانگ، بەڵام لەم سێ مانگەدا چەند

بەڵایەك بوو بەسەرمدا هات كە هەر مەڵێو مەپرسە، وردەوردە خۆشم گەیشتمە ئەو بڕوایە كە ئەم منداڵە خۆش بەخت نییە.

كاتێك لەیلا مرد حاجی ژن پێی وتم:

– من دەمویست هەر رۆژی لەدایكبونییەوە شتێكت پێ بڵێم، بەڵام لەوە دەترسام لێم زویربیت.

حاجی ژن وتی:

– لەكۆنەوە وتویانە منداڵ لەكاتی لەدایكبونیدا ئەگەر موی ڕەشی درێژی هەبوو، ئەو منداڵە سەر خۆرەی دایكی دەبێت، بەڵام تۆ دەبێت سوپاسی خوا بكەیت كە منالّەكەت مرد، چونكە لەوانەیە خۆتی بكوشتایە.

بەكورتی، چیتر منداڵم نەویست، هێشتا كە دەموچاوی لەیلا دێتەوە بیرم لەشم دەلەرزێت، تەنانەت پەروێزیش دوای ئەوەی پێی وتم:

– من هەر لەیلام خۆش نەدەویست، لەگەڵ ئەوەی منالّی خۆم بوو، بەڵام هیچ خۆشەویستی لەدڵمدا نەبوو، دەموچاوی جوان بوو، بەڵام دڵگیرنەبوو.

كاتێك گەیشتنە مالّەوە هێشتا مامە پەروێز نەهاتبووەوە، لەدەنگەدەنگی مالّی ئیسماعیلەوە دیاربو بوكی تازە هاتوە بۆ مالّیان، كیومەرس لەناو حەوشە بوو، بەڵام هەركە ئەوان هاتنەوە خێرا لەمالّ ڕۆیشتە دەرەوە، نێرگس بەهێواشی لەگوێی شەقایقدا وتی:

– كارەكەی ئەعزەم هیچ باش نییە، كیومەرسی زۆر لەبیركردوە !

بەبیروبۆچونی شەقایق ئامۆژن نێرگس راستی دەكرد، لەگەڵ ئەوەی كیومەرس بیستو یەك ساڵ تەمەنی بوو، هێشتا دەبوایە لەگەڵ ئەویشدا وەك منالّێك ڕەفتاریان بكردایە، ئەویش پێویستی بەخۆشەویستی دایكو باوك بوو، شەقایق حەزیدەكرد هەرچی زوترە بوكی مامی ببینێت، ژنی مامە پەروێز دەیوت:

– لەفەرهاد جوانترە !

بەو جۆرەکەی کە دیار بوو مامە ئیسماعیل دەیوست لەماوەی چوار رۆژی داهاتو، ئاهەنگەکەی فەرهاد بکرێت، هەڵبەتە زیاتر لەسەر قسەی حاجی ژن، حاجی ژن زۆر نەخۆشبو دەیوت:

– دەمەوێت تا لەسەر پێم ژنهێنانی فەرهاد گیانم ببینم.

عەسر دەنگەدەنگێك بەرزبوەو هەموان خەریکبون دەڕۆیشتن بۆ ماڵی بوکەکەی مامە ئیسماعیل، شەقایق لەپشت پەنجەرەکەوە تەماشای حەوشەکەی دەکرد، لەکۆتایدا سەرکەوت بۆ ئەوەی بوکەکەی مامەی ببینێت، ئامۆژن راستی دەوت زۆر لەفەرهاد جوانتر بوو، خۆشەویستو بالآبەرزتر بوو.

تەنیا سەرو ملی لەفەرهاد کورتتر بوو، بەڕۆشتنی مامە ئیسماعیلو سالّەحو باوکەگیان ماڵ چۆڵ بوو، کاتی بانگی ئێوارە لەدەرگا درا، شەقایق کاتێك ویستی لەژورەکە بچێتە دەرەوە چاوی بەمامە پەروێز کەوت، باوەڕینەکرد، مەنوچەر لەدوایەوە بوو، پەروێز بەهێواشی لەپلەکانەکان هاتەسەرەوە، خەریکبوو سەیری ناو ژورەکەیانی دەکرد، مەنوچەر سەری بەرزکردەوە، چاوی بەچاوە تیشکاوییەکانی شەقایق کەوت لەناو تاریکی ژورەکەدا چەند دەدرەوشایەوە، ئەڵێی دەگریا، دەستی خستەسەر شوشەی پەنجەرەکە، مەنوچەر بەبێویستی خۆی هەنگاوێکی بۆ پێشەوەنا، حەزیدەکرد لەپشتی شوشەکەوە هەست بەگەرمی دەستەکانی شەقایق بکات،، دەنگی پەروێز هێنایەوە هۆشی خۆی.

شەقایق خێرا لەپشتی پەنجەرەکە لاچوو، ماوەیەك دوای ئەوە دەنگی هاواری خۆشی نێرگس لەهەموو ماڵەکە بەرزبووە، شەقایق لەژورەکەی خۆیان بەئارامی دەگریا.

بەیانی رۆژی دوایی قەرەبالّغی بەرپابوو، مونیرە پێش رۆیشتن بەشەقایقی وتبوو کە لەژورەکە نەچێتە دەرەوە، هێشتا پاش ئەم هەموو ساڵە پردێکی خۆشەویستی لەنێوان ئەوانو باوکەگیاندا نەبوو، مونیرە حەزی لەمالّی باوکی مێردەکەی نەدەکرد.

بەپێشنیاری باوکەگیان مەڕیان کڕیو قوربانیان کرد بۆ مەنوچەر، بەپێشنیاری یەکێك لەدراوسێکان بڕیاردرا چێشتەکە لەمالّی دراوسێکەیان دروست بکەن، نێرگس سەوزەی هێنا بوو، دەیویست سەوزەی سورەکراو دروستبکات.

داوای لەشەقایق کرد کە یارمەتی ژنەکان بدات تا سەوزەکە پاك بکرێتەوە، خۆی ئارامی نەبوو، بەدەم رۆیشتنەوە قاقا پێدەکەنی، مەنوچەر بەردەوام بەڕێوەبوو، حەزیدەکرد ئەویش لەناو ژنەکاندا دابنیشێتو لەگەلّ شەقایق سەوزە پاکبکات، بەلّام تادەهات ساتێك ئارام بگرێت، بانگیان دەکرد، بێزاربوو، حاجی ژن کە تا کەمێك پێش ئێستا توانای رۆیشتنی نەبوو، ئێستا دەیتوانی لەسەر پێکانی بڕواتو بڕیاربدات، وەك ئەوەی ئارەزوی گەنجی دابێتی لەسەری، باوکەگیان لەژێر مێوەکە، لەسەر قەرەوێلّەکە دانیشتبوو لەگەلّ ساڵەحو ئیسماعیلدا قلیانی دەکێشا، تەمشاکردنی وەك رابردو بەفیز بوو.

سەوزەکان بەکۆمەلّ زوو پاککرا، ژنەکان خێراو خێرا سەوزەکانیان شۆردو لەسێبەرەکەدا بلّاوەیانپێکرد تاپاش نیوەڕۆ وردی بکەن، شەقایق لەسەر داوای نێرگس سەرقالّی شۆردنەوەی میوە بوو،، حاجی ژن هەموو جارێك دەهاتو لەسەر سەری دەوەستاو رەخنەی دەگرتو پاشان دەڕۆشت، شەقایق بێزاربوو.. دەستو دلّی ئیشکردنی نەمابوو، لەناو ئەم هەموەدا تەنیا بۆلّەی بەسەر ئەودا دەکرد، وردە وردە هەستیکرد لەکۆمەلّەکە دورکەوتەوە، هەر کەسێك سەرقالّی ئیشێك بوو، مانەوەی پێویست نەبوو،، دایکی راستی دەکردو دەبوایە بگەڕێتەوە بۆ

مـــاڵ، مەگـــەر بـــونو نـــەبونی بـــۆ ئـــەوانیتر گـــرنگ بـــوو، مەنوچـــەر تـــازە لەشـــت کـــڕین گـــەڕابووە، دە پاکـــەت شـــیرینی کڕیبـــوو کـــە بـــەبڕوای خـــۆی زۆر زۆر بوو، بەڵام باوکەگیان دەیوت:

– هەرچـــی زیادەهـــات دەمێنێتـــەوە بـــۆ ئاهەنگەکـــەی فـــەرهاد،، فەرهادیش کۆتایی هەفتەکە ژن دەهێنێت!

شـــەقایق نـــەبوو، نەلـــەناو کۆمـــەڵی خانـــەوادە، نەلـــەژور، نەلەچێشـــتخانە، نێـــرگس پـــڵاوی لۆبیـــای بـــۆ نیـــوەڕۆ دروســـتکردبوو، مەنوچـــەر بەبێزاریـــەوە لەسوچـــێکی حەوشـــەکە تەماشـــای هاتوچـــۆی ژنو کچـــەکانی دەکـــرد، شەقایقی وەك کچی دراوسێکان دادەنا.

تەماشـــاکردنی شـــەقایق دڵـــرەفێن بـــوو، بـــەڵام بـــێ شـــەرمو زیـــادەڕەو نـــەبوو، ئەوانـــە دەڵێـــی مرۆڤیـــان بەســـەیرکردنیان قـــوت دەدا، نۆکـــەریان بەسەر هەموو کورەکانەوە دەکرد هەڵبەتە کیومەرس رقی لێی نەبوو.

– ئاهـ، کەواتە ئەم شەقایقە لەکوێیە؟.. بۆچی لەناکاو دیار نەما!

نێرگس لەپاڵ مەنوچەر وەستاو بەهێواشی وتی:

– دەی بۆچی لێرە دانیشتوی؟

مەنوچەر سەری بەرز کردەوەو وتی:

– دایکە ئامۆژن لەماڵ نییە؟!

نێرگس وتی:

– نـــەخێر، بێچـــارە دەیزانـــی.. ، ئـــەم حـــاجی ژنـــە ئەوەنـــدە بۆڵـــەی بەسەر شەقایقدا کرد کە رۆشتەوە بۆ ژورەکەیان..

– نێرگس گیان چێشتەکە بهێنێت؟

نێرگس لەکاتێکدا بەرەو چێشتخانەکە دەڕۆشت بەهێواشی وتی:

– کاتێك کە حەوشەکە چۆڵبوو چێشتەکەت پیدەدەم بیبە بۆی.

مەنوچـــەر لـــەژێر لێـــوەوە زەردەخەنەیـــەکی کـــردو لەدڵـــەوە سوپاســـی دایکی کرد.

شـــەقایق لەسوچـــێکی ژورەکـــە خـــەوتبوو، کینەیـــەك لەقورگیـــدا نەیدەهێشـــت چـــاوەکانی ئـــارام بگرێـــت، دەنگـــی دەرگـــا بـــەرزبووە، بەتورەییـــەوە هەســـتاو دەرگاکـــەی کـــردەوە، بـــەبینینی مەنوچـــەر دڵـــی خۆشبوو.

مەنوچـــەر بـــەخێرایی چـــووە ژورەوەو دەرگـــای لـــەدوای خۆیـــەوە داخست، مەنوچەر بەگاڵتەوە:

– چـــیە حەســـودیت لێ دێـــت میوانـــداریان بـــۆ کـــردوم؟! دەتـــوانی تـــۆش بچیت بۆ سەربازیی!

شەقایق بەزۆر زەردەخەنەیەکی کردو، بەهێواشی:

– لەم چوار مانگەدا چەند لاواز بویی؟

مەنوچەر سینی چێشتەکەی خستە سەر پەنجەرەکەو وتی:

– ئیتر، هەموان کە خەفەت دەخۆن قەڵەو دەبن منیش لاواز بوم..

چەند ساتێك بەبێدەنگی رۆیشت، ئینجا مەنوچەر وتی:

– بۆچی بەتەنیایی هاتوی لەژورەوە دانیشتوی؟

شـــەقایق ســـەری کـــردە خـــوارو، بـــەڵام قســـەیەکی نـــەکرد، مەنوچـــەر بەدەنگێکی وەکو بڵێی چییە؟.. وتی:

– کچـــێ، تـــۆ زۆر ئـــارامگری!.. ئەگـــەر مـــن لەجێگـــەی تـــۆ بومایـــە کـــورتم دەهێنا.

لەگـــەڵ ئـــەوەی مەنوچـــەر قســـەکەی کـــرد شـــەقایق دەســـتی بـــەگریان کرد، بەگریانەوە وتی:

– ئەگەر کوڕیش بومایە ئەمانە هەر بۆڵەیان بەسەرمدا دەکرد؟

مەنوچەر بزەیەکی خستە سەر لێوی‌و وتی:

– وا مەڵێ شەقایق، ئەگەر تۆ کوڕ بویتایە من بێ ژن دەمامەوە.

شـــەقایق راســـتەوخۆ ســـەیری چـــاوانی مەنوچـــەری کـــرد کـــە بەشەیتانانەوە ئەبڵەقی بووە، پێکەنی.

شـــەو مـــونیرەو شـــەقایق لەســـەر داوای پـــەروێز رۆیشـــتن بـــۆ میـــوانی، نێرگس بەپەروێزی وت:

– ئەگـــەر تـــۆ ئـــەم دایکـــەت ببەیتـــەوە ســـەرەوە هـــەموو ئیشـــەکان چارەســـەر دەبێـــت، تـــا دوو رۆژ پـــێش ئێســـتا دەیـــوت لەســـەرە مەرگـــدام، کەچـــی ئێســـتا لێـــرە وەســـتاوەو خـــۆی لەئیشـــی هـــەموو کەســـێك هەڵـــدەقورتێنێت، پـــەروێز حـــاجی ژنـــی بـــانگ کـــردو بەهـــەر شـــێوەیەك بـــوو لەچێشـــتخانەکە بردییـــەدەرەوە، خـــەیاڵی مـــونیرەش ئاســـودە بـــوو، حـــەزی نـــەدەکرد لـــەلای دراوســـێکانی خـــۆی پێبکـــەنێت بەرامبـــەر قچـــە چـــزوداڕەکان، ژنی مامە ئیسماعیل زۆر خۆشحاڵبوو.

بـــەردەوام باســـی بوکەکـــەی دەکـــرد، خـــۆ ئێســـتا بوکەکـــە لـــەبن دەســـتیدا دانیشـــتبوو، بـــەڵام ئـــەو وازی نـــەدەهێنا، ژنەکـــەی فـــەرهاد گەرچـــی دەموچـــاوێکی دڵگـــیری هـــەبوو، بـــەڵام رەفتـــارکردنی نەدەچـــووە دڵـــەوە، مونیرە بەشەقایقی وت:

– جگـــە لەشـــاییەکەی فـــەرهاد کـــە کۆتـــایی هەفتەکەیـــە، کەوتوینەتـــە شاییەکی تریشەوە!

شەقایق بەسەرسامییەوە پرسی:

– شایی کێ؟

– فەریبا!

شەقایق بەخۆشحاڵییەوە:

– ئا، چەند بێدەنگە؟!

بـــەو جـــۆرەی بـــیری لێـــدەکردەوە زاواکـــە ئـــەو دراوســـێیەی مـــاڵ پـــورە مەنیجەیە، بەڵام پرسی!

– ئێستا زاوا کێیە؟

مونیرە وتی:

– برازای کاك ئەحمەد!

شەقایق بەسەرسامییەوە بەخۆی وت:

– دەی بەسەرهاتی دراوسێکەیان چی لێهات؟.. خۆ فەریبا زۆری خۆشدەویست؟!

"21"

– ئا، شەقایق ئەمڕۆ رۆژی لەدایك بونت بوو.

– بەڵێ، دایکە رۆشتمە هەژدە ساڵیەوە!

مونیرە بێدەنگ بوو، ساتێك بیری لەرابردو کردەوە، قسەکانی ئیرەجی هێنایەوە بیری خۆی کە رۆژانی کۆتایی پێش مردنی داوای لێکردبوو کە شەقایق لەبیرنەکات، سوپاس بۆ خودا تائێستا کەموکوڕی نەنواندوە، دوای مردنی ئیرەج چەندین داواکاری هەبوو، کەچی هەمویانی رەتکردەوەو لەگەڵ شەقایقدا سوتاو دروستبوو.

ئێستا شەقایق تەمەنی هەژدە ساڵە، بەڵام لەشی بچوکو شۆخی تەمەنی کەمتری پیشانی دەدا، شێوەی دڵرفێنی کچەکەی بەتەواوی وەك خۆی بوو، مونیرە دەیزانی کە مەنوچەر دڵدۆڕاوی کچەکەیەتی، لەبەرئەوەی کە مەنوچەر بەکڕینی دیاریەك بۆ شەقایق مونیرەی خستبووە بیری رۆژی لەدایك بونی کچەکەی، ئەگینا ئیشوکارەکانی رۆژانە مۆڵەتی مونیرە نادات لا لەئەم ئیشانە بکاتەوە.

لەرویەکی تردەوە مونیرە بەم خۆشەویستیە خۆشحاڵ بوو، چونکە یەکەم خۆشەویستییەکە دولایەنە بوو، دووەم مەنوچەر کوڕێکی باشو لەسەررێ بوو، واتە لەکیومەرس شایستەتر بوو، خۆ فەرهاد دیارنەبوو لەوانەیە دوای ژنهێنان بەراستی باش بێت.

مونیرە هاتەوە سەرخۆی، شەقایق لەبەردەم ئاوێنەکە وەستابوو قژی شانەدەکرد.

مونیرە بەهێواشی وتی:

– باشە، ناتەوێت دیاریەکەت بکەیتەوە؟

شەقایق بەقسەکەی مونیرە سوربووەو بەئارامی ئاوڕیدایەوە، مونیرە بەپێکەنینەوە وتی:

– زوبە ئیتر!

شەقایق لەکاتێکدا بەرەو کۆمەدیەکە دەڕۆیشت بەخۆی وت:

– دایکم لەکوێ زانیویەتی کە مەنوچەر دیاری بۆ کڕیوم؟!

– باشە بیکەرەوە ئیتر!

شەقایق پاکەتەکەی هێواشو بەوردی کردەوە، سندوقێکی بچووک بوو، سندوقەکەی کردەوە،، بەبینینی ئەو شتەی کە لەسندوقەکەدا بوو هەم توڕەبوو هەم کەوتە پێکەنین.

مونیرە بەسەرسامییەوە:

– چییە؟ ناو سندوقەکە چی تێدایە؟

شەقایق هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی:

– وای بەحاڵت مەنوچەر، دەتکوژم.

دەنگی دەرگاکە بەرزبووە، مونیرە هەستاو دەرگاکەی کردەوە، شەقایق خێرا خۆی کۆکردەوە، مەنوچەر بوو بەبینینی مونیرە ئاگای لەخۆی نەما.

– سڵاو ئامۆژن! تۆ.. لەماڵیت؟

مونیرە بزەیەکی کردو وتی:

– بەڵێ مەنوچەر گیان خاوەن ئیشەکەمان ژنی بۆ کوڕەکەی هێنابوو، لەبەر ئەمە، ئەمڕۆ کارگەکە داخراوە.

مەنوچەر ویستی خواحافیزی بکات، بەڵام مونیرە زانی ئیشی بەشەقایق بووە، بەم بۆنەیەوە بانگیکردە ژورەوەو خۆی بۆ هێنانی چا لەژورەکە ڕۆیشتە دەرەوە.

مەنوچەر بەدەستە پاچەیی وتی:

– شـــەقایق بۆچـــی پاکەتەکـــەت لەبـــەردەم دایکتـــدا کردوەتـــەوە، دایکـــت نەیوت کێ دیاریەکەی پێداویت؟

شەقایق بەتوڕەییەوە وتی:

– مەنوچەر ئەمە چییە؟

مەنوچەر بەدەنگێکی هێواش پێکەنیو بەپێکەنینەوە:

– ئـــەوە بـــۆ منداڵەکـــەمان کڕیومـــە، بـــەڵام وتم ئەگـــەر خۆشـــت گریایـــت خراپ نییە بۆت!

شەقایق بەتوڕەییەوە:

– ئا.. ئا..، رودار زڕزڕەی بۆ کڕیوم!

مەنوچـــەر دەســـتی نیشـــانەی بێـــدەنگی خســـتە ســـەردەمیو لەکاتێکـــدا بەهێواشی پێدەکەنیو وتی:

شەقایق ئامۆژنیش بینی؟

– نـــە، زۆر هونـــەرت نوانـــدوە، شـــێت، ئەگـــەر پیشـــانم بدایـــە ئـــابڕوت دەڕۆیشت.

مەنوچەر وتی:

– زۆر باشـــە، بابـــە بمبەخشـــە.. گاڵتـــەبوو دەمویســـت کـــەمێك پێکـــەنیو پاشان لەژێر کراسەکەی پاکەتێکی تری دەرهێناو، بەهێواشی وتی:

– ئەمە ئیتر راستی دیاری لەدایکبونتە.

شەقایق بەتوڕەییەکەوە تەماشای لاکەیتری کردو وتی:

– نامەوێت.

مەنوچەر وتی:

– گاڵتە مەکە ئێستا ئامۆژن دێت..

شەقایق بەهەمان ئاواز:

– من دیاریی تۆم ناوێت، پێشکەشی خۆت بێت!

پاشان بەشێوەی چییە؟.. وتی:

– لەوانەیە ئەم جارە شوشەی شیری منالّت کرپیوە.

مەنوچەر بەزۆر پێکەنینەکەی راگرتو، راستگۆیانە وتی:

– نـــە، بـــەخودا، ئەمـــە ئـــیتر بەڕاســـتی دیـــاری لەدایکبونتـــە.. ئەگـــەر وەرینەگریت زویردەبم.

شـــەقایق ســـەیرێکی دەموچـــاوی مەنوچـــەری کـــردو پاشـــان دەســـتی بـــۆ وەرگرتنی دیاریەکە برد، مەنوچەر دەستی کێشایە دواوەو وتی:

– وریای؟!.. سەرەتا پێکەنە تابیدەم بێت.

شـــەقایق بەڕاســـتی پێکـــەنی، مەنوچـــەر پاکەتەکـــەی دایـــە دەســـتیو لەژورەکە رۆیشتە دەرەوە، مونیرە بەسینی چاوە هاتەژورەوە.

– ئا! مەنوچەر رۆشت؟

شەقایق وتی:

– بەڵێ، تۆ چەند دواکەوتی؟

عەســـر بـــوو وەحیـــد لەگـــەڵ ژنو منالّەکانیـــدا ئەمشـــەو لـــەمالّ مامـــە ئیسماعیل بوو.

– دایکە تاقەتم نەماوە بابڕۆین بۆ مالّی نەنەگیان.

مـــونیرە کـــە خـــەریکی دورینـــی جـــل بـــوو ســـەری بـــەرزکردەوەو ســـەیری شـــەقایقی و وەگ بڵێـــی ئـــەویش چـــاوەڕێی ئـــەم پێشـــنیارەبوو، جلـــەکانی خستە لایەکەوەو وتی:

– راست دەکەیت، هەستە بابڕۆین بۆ ئەوێ.

هـــەردوکیان ئامـــادەبون، لـــەکاتی چـــونەدەرەوە لەژورەکـــە شـــەقایق چـــاوی بەمەنوچـــەر کـــەوت، لەپشـــت پەنجەرەکـــە دانیشـــتبوو تاشـــەقایقی بینی، جێگۆڕکێی کردو بەهیماکردن سەری لەقاندن پرسی:

– بۆ کوێ:

لەهەمانکاتدا ژنی مامە ئیسماعیل لەژورەکە دەرچوو.

– بۆ کوێ عەبات لەبەرکردوە، دراوسێ؟

ژنی مامە ئیسماعیل ئەو کاتانەی دڵخۆش دەبوو مونیرەی بەدراوسێ بانگ دەکرد.

مونیرە وتی:

– ئەمەویێت برۆین سەرێك لەماڵ دایکم بدەین.

دوای رۆشتنی شەقایقو مونیرە، مەنوچەریش نەیتوانی لەماڵ بوەستێت لەماڵ رۆیشتەدەرەوە.

نەنەگیان وەك هەموو ساڵێك کەرەستەی ترشیاتی کڕیبوو، سادقیش لەپاڵ دەستیدا دانیشتبوو بەردەوام نینۆکی دەدا لەگوڵی کەلەرمەکە، هەمیشە کە شەقایقو سادق چاویان بەیەك دەکەوت، خۆیان بەکارێکیترەوە سەرقاڵدەکرد.

ئەمجارە شەقایق بەبیانوی هەوا گۆڕینەوە چووە حەوشەکە، چێژی وەردەگرت، لەبێدەنگی ماڵی نەنەگیان، چونکە لەماڵی خۆیان تەنیا دەنگەدەنگ بووە، بێجگە لەمەش هێشتا دیارییەکەی مەنوچەری نەکردبووە، پاکەتەکە مەخملەڵە رەنگ سورەکە ملوانکەیەکی جوانی تێدابوو، شەقایق لەخۆشیدا ئاهێکی هەڵکێشا.

– باشە تۆ چی دەکەیت سادق؟

– باشم پوورە !

دایکت چی دەکات، خۆ من سەرم زۆر قاڵە هیچ ئاگایەکم لێی نییە.

– خراپ نییە.

نەنەگیان بەسادقی وت:

– برۆ بانگی شەقایق بکە بابێت چا بخوات.

سادق هەستا، حەزیدەکرد لەبەردەم پوریدا شتێك بڵێت، بەڵام لەدەستی نەنەگیان بەتەواوی تورەبوو، خۆ نەنەگیان دەیزانی ئەو لەگەڵ شەقایقدا هاوڕێتی باش نییە.

شەقایق لەپاڵ دار هەنارەکە بوو، سادق سەرسام کە شەقایق سەیری چی دەکات، وردبین بوو، شەقایق ئاگای لەسادق نەبوو کە لەپشتەوە سەیریدەکرد، بەجوڵانی گەڵاکان شەقایق هاتەوە بەخۆیدا، سەرەتا تەماشای سەرەوەو ئینجا تەماشای پشتی خۆی کرد، سادق پێکەنینێکی توانجئامێزی کردو ئەبڵەقی شەقایقو پاکەتەکە بوو، شەقایق وەك منداڵ پاکەتەکەی لەپشتی دەستی شاردەوە.

بەهێواشییەك کە تورەیی تێیدا شەپۆلی دەدا وتی:

– فێرنەبوی وەك مرۆڤ ببیت؟!

سادق چەمایەوەو لەژێر دارەکە لاچوو، پاشان بەرامبەر شەقایق وەستاو وتی:

– گیانی من ئەمجارەیان درۆ مەکە، ئەمە کێ بۆی کڕیوت؟

شەقایق بەنیگەرانییەوە:

– دایکم!

سادق بەگاڵتەپێکردنەوە سەیریکردو وتی:

– بڕۆ ژورەوە، نەنەگیان چای بۆ کردویت.

پاشان لەماڵ رۆیشتنە دەرەوە، شەقایق پاکەتەکەی بەقینەوە خستە ناو جانتاکەیو چوەژورەوە، شەو بەقسەی نەنەگیان، مونیرەو شەقایق لەوێ مانەوە.

"22"

حاڵی حاجی ژن حاڵی زۆر خراپ بوو، هەر شەوێك یەكێك لەبوكەكان لای دەخەوتن ئەڵبەتە بێجگە لەمونیرە، بەڵام ئەویش لەئیشەكاندا هاوكاریدەكرد، باوكەگیان وەكو مریشكی سەربڕاو لەكونجی ژورەكە بەكزی دانیشتبوو، ئەویش بێ چێشت بوو، نەخۆشییەكەی حاجی ژن ئەویشی غەمبارکردبوو.

مەنوچەر هەموو رۆژێك دەڕۆیشتە سەركار، پەروێز ئیشێكی یەك تاقی لەكۆمپانیاكەی خۆیان بۆ دۆزیبووە، بەڵام كیومەرس تانیوەڕۆ دەخەوت.

كاتێكیش كە هەڵدەستا لەماڵ نەدەمایەوە، ئەو پیاوی ئیشكردن نەبوو، نەپیاوی ژیان، ببووە سەربازی هەڵاتوو مامە ئیسماعیل زۆر لەدەستی خەفەتی دەخوارد، لەدەستی كیومەرس دەسااڵ چووبووەسەر تەمەنی، كەچی ئەعزەم زۆر بێخەیاڵ بوو، قسەی دەكرد پێدەكەنی‌و، هەندێ كاتیش دەیوت:

– بەقەبری باوكی، بەمن چی كە ناڕوات بۆ سەربازیی.

فەرهاد رۆشتبووە بەردەستی مەاڵ مەرزبدا گەورەكەی‌و بەتەواوەتی چەسپیبوو بەئیشێكەوە، نابێت لەڕاستی رابوێری ژنەكەی كردییە پیاو، بەتوندی لەبەردەمی وەستاو كە خۆڕایخۆری قەدەغەیە! سوپاس بۆ خوا بەتەواویی چاكبوو.

شەقایق تازە لەنانەواخانە گەڕابووە، مونیرە بڕیاریدابوو بۆ شەو كوكی سەوزە دروستبكات، لەو كەشوهەوا ساردەدا مەنوچەر خەریكی پیاسە بوو، هەركە چاوی بەشەقایق كەوت مۆنیەكانی خستەسەریەك، رۆیشتە سەر هەیوانەكەو لەلای دەرگای ژورەكەی ئەوان وەستا، شەقایق لەپلەكانەكان هاتەسەرەوە:

– سڵاو، بۆچی لێرە وەستاوی، ئامۆژن لەماڵ نییە؟

– مەنوچەر سەیریكردو بەتوڕەییەوە:

– نەخێر ئیشم بەتۆ بوو..

پاشان بەگاڵتەجارییەوە بەردەوامبوو:

– چاوەڕێت بووم.

شەقایق کلیلەکەی دەرهێناو دەرگای ژورەکەی کردەوە، بەخوێن ساردی پرسی:

– چی بووە؟

مەنوچەر بەدەنگێکی هێواشو ئاوازێکی کیناوییەوە:

– لەکوێ بووی؟

– لەنانەواخانە..

– بۆچی رۆشتبوی؟

شەقایق پێکەنینێکی کورتی کردو وتی:

– باشە، بۆ ئەوەی نان بهێنم.

مەنوچەر بەتوڕەییەوە:

– دوو رۆژە رۆیشتوم بۆ ئیش، تۆش وێڵ بویت، باش بۆ خۆت دەسوڕێیتەوە!

شەقایق چووە پێشەوەو بەتوڕەیی ئەبڵەقی بوو، پێکەنینێکی توانجئامێزی کردو وتی:

– بەتۆ چی؟

مەنوچەر دەستی بەرزکردەوە، شەقایق بەرقەوە تەماشایەکی کردو بەتوڕەییەوە:

– تۆ سەری پیازی یان قنجی پیازی لێم توڕەدەبیت؟!.. تۆزێك بەدەمتەوە پێکەنیم، بۆ وا رودار بویت.

مەنوچەر توڕەتر لەو وتی:

– مەهێڵە ئەو لا سەگەم بەرزبێتەوە.. شەقایق ببمە سەگ ئیتر کەس پێشم ناگرێت ها!

شەقایق ئەمجارە بەبێچارەیی‌و داماوییەوە:

– ئـــاخر کاتێـــك نـــانم دەوێـــت چـــی بکـــەم، بـــەخوا بەکیومەرســـم وت،، وتم برۆ نانم بۆ بهێنە.. پێکەنی‌و وتی: بیدە بەمەنوچەر بۆت بهێنێت.

مەنوچەر وتی:

– باشە، ئارامت بگرتایە تامن بێمەوە.

شەقایق وتی:

– باشـــە ئێســـتا رۆیشـــتم‌و هێنـــام، ئێســـتا دەڵێـــی چـــی بکـــەم، مـــن دەبێـــت لەبەر هەموو ئیشێك مۆڵەتی فەرمی وەربگرم؟

مەنوچەر وتی:

– پێویســـت ناکـــات بـــەزمانی قەڵـــەم لەگـــەڵم بـــدوێی، لەمـــە بـــەدواوە هـــەر کارێـــك ویســـتت بیکـــەیت بـــەمن بڵـــێ،، نامـــەوێت منـــەتی ئـــەو کـــوڕە زەبەلاحـــە هەڵبگریت.

شەقایق زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– بەسەرچاو، ئیتر چی؟

مەنوچەر بەئارامییەوە:

– بمبەخشە ئەگەر..

شەقایق قسەکەی پێبڕی‌و وتی:

– نان دەخۆیت؟

– نەخێر، خەفەتم خواردوە، تێرم!

بـــەیانی زۆژی هـــەینی دوای زۆیشـــتنی مـــونیرە، شـــەقایق لەخـــەو هەســـتا، بێزاربـــوو، کتێبێکـــی نیـــوە خوێنـــدراوەی هـــەبوو، بـــەڵام ئەوەنـــدە تەمـــەڵبوو کـــە توانـــای خوێندنـــەوەی نـــەبوو، دڵـــی بەتـــەواوەتی گیرابـــوو، ســـەرما هـــەموانی لـــەماڵ نـــابوو، تەنانـــەت کیومەرســـیش لەژورەکـــە نەدەهاتـــە دەرەوە.

بەقسەی پەرۆیز سەرماکەی لێرەبوو، بەفرەکەی لەو سەرانە.

www.pertwk.com

دەنگی دەرگای حەوشە بەرزبووە، مەنوچەر وەك هەورەبروسکە لەجێگەی خۆی هەستاو حەزی نەدەکرد شەقایق دەرگاکە بکاتەوە، چەند ساتێك رایبورد شەقایق کتێبی دەخوێندەوە کتێبەکەی دەخستەلاوە، لەدەرگای ژورەکە درا، شەقایق هەستاو دەرگاکەی کردەوە، بەبینینی فاتمە ئەوەندە خۆشحاڵ بوو کە قیژەیەکی کورتی کرد.

مەنوچەر خێرا بەرەو ژورەکەی خۆیان رۆیشت، کاك ئەحمەدیش سڵاوو هەواڵپرسییەکی کورتی کردو بەخێرایی ئەوێی جێهێشت.

شەقایق بەسەرسامییەوە:

– خۆت تەنیای، دەی پورێ لەکوێیە؟!

فاتمە وتی:

– دایکم رۆیشت بۆلای فەریبا، وەك ئەوەی خەریکە دەبمە پوور، فەریبا حاڵی باش نییە.

– کەواتە چۆنبوو هاتی بۆ ئێرە؟

باوکم ویستی بمبات بۆ لای نەنەگیان وتم ناڕۆم،، شەقایق دەزانی تاقەتی ئەو سادقە خۆبەزلزانەم نییە، یەك وشە چییە لەگەڵ کەس قسەناکات.

شەقایق بەرەو لای سەماوەرەکە رۆیشتو وتی:

– باوەڕناکەیت، من ئێستا سێ مانگە نەمبینیوە! دوایەمینجار کە بینیم رۆژی لەدایکبون بوو.

فاتمە بەسەرسامییەوە:

– واتە نەنەگیانیشت سێ مانگە نەبینیوە؟

شەقایق تەماشایەکی بەمانای فاتمەی کردو وتی:

– ئاخر کچی کەمبیر مەگەر هەفتەی پێشو ئێمە لەوێ نەبوین،، بەراست فاتمە تاکەی لێرەیت؟..

فاتمە بەپێکەنینەوە:

– مەترسە دوو سێ سەعات لێرەم.

شەقایق وتی:

– دوبارە رەنجدانە، بەخودا خەریکبوو لەتەنیایدا دیقبکەم.

فاتمە ساتێك بیرەنگبوو، پاشان پرسی:

– ئەم کوڕە کێبوو؟ کیومەرس وا باسی دەکەیت ئەمەیە؟

شەقایق پیالّە چاکەی خستە بەردەم فاتمەو وتی:

– نەبابە، مەنوچەر بوو، کیومەرس لەمالّ خۆیان لەژێر لێفەدایە!

فاتمە بەچەتونییەوە وتی:

– شەقایق دەڵێم زۆر جوانە، وا نییە!

شەقایق هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا:

– خەریکە شێتم دەکات بۆ راست دەڕۆم، بۆ چەپ دەڕۆم دەڵێ بۆچی وادەکەیت؟.. بۆچی قژت بەدەرەوەیە؟.. بۆچی ئەم جلەت لەبەردایە؟.. بۆچی پێدەکەنیت؟ بۆچی مۆنەت کردوە؟..

فاتمە وتی:

– باشە خۆشی دەوێیت، ئیتر!

شەقایق بەگاڵتەوە:

– هەموان لەم درۆیانە دەکەن.. خۆشم دەوێیت!.. لەبەر خۆت ئەم قسانە دەکەم.

فاتمە ئاهێکی هەڵکێشاو بەئاوازێکی خەفەتبارییەوە وتی:

– راست دەکەیت، وەحیدیش هەمیشە ئەم قسانەی بۆ فەریبا دەکرد، بینیت کۆتاییەکەی چی لێهات..

شەقایق وەکو دەستلێوەشێنراو دەستبەجێ هاواریکرد:

– ئەمە، من هەمیشە دەمویست لێت بپرسم چی بوو کە فەریباو وەحید لەگەلّیەك زەواجیان نەکرد، بەلّام لەبیرم دەچوو، کە فەریبام دەبینی دەکەوتەوە بیرم، بەلّام لەڕوم نەدەهات قسەیەك بکەم.

فاتمە وتی:

– هیچ، ئەم وەحیدە سێ سالّ فەریبای خەلّەتاند، نامەی داو قسەگەلێکی باش باشی کرد.. لەبیرتە کە فەریبا دەیوت وەحید سەددانە وەحید لەدەمی دەکەوتە خوار، بەلّام رۆژێك دەنگی لێیدەو بیگرە لەمالّیان بەرزبووە، تا ئێمە زانیمان بەسەرهاتەکە چیبووە وەحید ژنی هێنابوو، رۆشتبوو.. هاوکات کوڕەکەی مامم هاتبوو بۆ خوازبینی فەریبا، فەریباش رازیبوو، هەلّبەت کاك هاشم سەدجار لەوەحید باشترىبوو، بەرەوشتتر لەوەحید، بێ چاوو روو، زۆر دادەمی خۆشدەویست.

شەقایق وتی:

– تۆ چا دەخۆیت من برۆم میوەت بۆ بێنم.

کاتێك شەقایق بەسەبەتە میوەکەوە گەڕایەوە بۆ ژورەکە فاتمە لەبەردەم پەنجەرەکە وەستا بوو، بەهێواشی وتی:

– شەقایق دەلّێم باوکت زۆر جوان بووە، ها!

شەقایق بزەیەکی کردو وتی:

– بەلّێ، راستی دەزانی بۆچی دایکم ئەوەندە مەنوچەری خۆشدەویت؟ لەبەرئەوەی لەباوکم دەچێت!

فاتمە بەسەرسامیەوە:

– بەلّێ، راستدەکەیت ئەم کوڕە شێوەی چەند لەباوکت دەکات! من وتم بۆچی ئەم کوڕە ئەوەندە شێوەی دەناسم، مەلّێ وەك باوکت.

فاتمە لەتەنیشت شەقایق دانیشتو وتی:

– تۆ زۆر نهێنی دەشاریتەوە؟

شەقایق بەسەرسامییەوە چاویبڕییە فاتمە، فاتمە بەردەوامبوو:

– تۆ ئاگاداری هەموو نهێنییەکانی ئێمەیت، بەڵام خۆت یەك وشەت لەبارەی ئەم مەنوچەرەوە پێ نەوتین.

شەقایق زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– خۆ تۆ دەبێت باشتر بزانیت ئەویش لەو قسە بێمانایانە دەکات، هەر دەڵێت دەمەوێت بتهێنم، نازانم، تۆ سەرەتاو کۆتایی هەر دەبێت ببیتە ژنی من، بەڵام من هەرگیز نییە بۆم.

فاتمە وتی:

– جارێك دایکت بەدایکمی وت کە مەنوچەر تۆی زۆر خۆشدەوێت،، من لەخوام دەوێت کوڕێکی وەك مەنوچەر ببێتە توشمەوە پاك و راستگۆ بەڕاست رات بەرامبەر سادق چییە؟

شەقایق بەتورەییەوە:

– ئەو دەبێت سەری بخاتە زەوی و بمرێت، بەجۆرێك مۆنەدەکات دەڵێی دەمەوێت قوتی بدەم.

فاتمە وتی:

– شەقایق شتێك هەیە دەیزانی.. کچێك هەیە دراوسێی مان نەنەگیانە، هەر کاتێك سادق دێتە حەوشەکەوە ئەمیش دەڕواتە سەربان، وابزانم حەز لەسادق دەکات، یان لەوانەیە سادق ئەوی خۆشبوێت.

شەقایق سەرسامانە وتی:

– بەڵێ، دەبینم هەندێ کات سادق دەچێتە سەربانەکە، دەی بڵێ دڵی کوڕەکەم بەدیل گیراوە!

فاتمە پێکەنی و وتی:

– لەگاڵتە دەرچووە، ئەم سادقە زۆر نەفامە، بۆ کاڵوانەسەر گیانی دەردەچێت، جارێك پورە "ملوك" لەگەڵ کچەکانیدا هاتبون بۆ مااڵی

ئێمە، کچەکانی پورم زۆر ناشرینن سادقیش هات بۆ مالّمان، ئەو شەوە بڕیاربوو بێت بۆمالّمان، نازانیت هەرکە هاتو بینی کە پورە ملوك لەوێیە دوو پێی هەبوو دوانیتری بۆ قەرزکردو رۆیشت، پورم لەو ژنانەیە کە هەر بەدوای کوڕدا دەگەڕێت بۆ کچەکانیو، بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– سادق وەرە لێرە دابنیشە بزانم.

سادق وەك چەوەندەری سورەبوی لێهاتبوو، سەری کردەخوارو بەدەنگێکی هێواش وتی: زۆر سوپاس من دوای دێمەوەو لێیداو رۆیشت، پورە ملوك سادقی زۆر خۆشدەویست، تادرەنگانێکی شەو لەگەلّ دایکم هەر باسی سادقی دەکرد، تا لەکۆتایدا دایکم هیلاکبوو وتی:

– ملوك گیان سادق شەرمنە، وانازانم ئیتر لەم دەورە دەرکەوێت.

پورە ملوك مۆنەی کردو تاکاتی رۆیشتن قسەیەکی نەکرد، فاتمە لەکاتێکدا پێدەکەنی وتی:

هەر کاتێك پورمو کچەکانی دێن بۆ مالّی ئێمە کچە گەورەکەی پورم "مەعسومە" هەر پێم دەلّێت فاتمە دەی براکەت کەی دێت؟

تاعەسر کاك ئەحمەد هات بەدوای فاتمەدا، هەردوکیان قسەیان دەکردو پێدەکەنین، مەنوچەر زۆر توڕەبوو، حەزیدەکرد کچە پورەکەی شەقایق هەرچی زوترە بڕوات، چونکە تاقەتی نەمابو لەتەنیایدا.

بەڕاستی ئەم پەندە راستە کە دەلّێت دوای هەموو پێکەنینێك گریانە، چەند خولەکێك دوای رۆیشتنی فاتمە دەنگی شیوەنو هاواری پەروین بەرزبووە، شەقایق بەترسەوە لەژورەکە هاتەدەرەوە، مەنوچەر بەغەمباریەوە بەرەو روی رۆشت، شەقایق بەهەراسانی پرسی:

– چی بووە مەنوچەر؟ مامە سالّەح شتێکی لێهاتووە؟

مەنوچەر سەیرێکی کردو بەئارامی وتی:

– حاجی ژن مرد.

شەقایق بەتوندی دای بەناو دەمی خۆیداو هەر لەوێدا ڕێك وەستا.

شەقایق یەکەمجاربوو دڵی بەحاڵی باوکەگیان دەسوتا، بەغەمباریو داگیراوی لەکونجی ژورەکە دانیشتبوو دور لەدەنگەدەنگو هاوارو دادی بوکەکان دەگریا.

کاتێك مونیرە گەیشتە سەر کۆڵانەکە، بەبیستنی دەنگی قورئان تەواویی لەشی هاتەلەرزین، بەهیلاکییەوە بەرەو ماڵ رایکرد، ماڵەکە لەژوری خەڵکدا شۆڕن نەبوو، خەدیجە خانم دراوسێی دیواربەدیواری ماڵ باوکەگیان بەبینینی مونیرە هاتە پێشەوەو وتی:

– توخوا مونیرە گیان تۆ ئیتر فێڵ مەکە! من بەتەنیا خەریکم دەمرم، وەرە یارمەتیم بدە..

"23"

پەرۆیز بەدەموچاوێکی تورەوە ئەبڵەقی مەنوچەر بوو وتی:

– هەر ئەوەیە کە سەرەتا وتم...من لەبەر تۆ لای پیاوو ناپیاو سەردادەنەوێنم، ئەوکات تۆش دەڵێتکەنەمن نارۆم..! تۆ هەڵدەکەیت.

نێرگس دەستی خستە سەردەمیو بەهێواشی وتی:

– پیاوەکە جوان نییە، نزمتر قسە بکە!

پەرۆیز تورەبوو بەقینیەوە وتی:

– هەر ئەمەیە تۆ هەمیشە پشتگیری دەکەیت کە کوڕەت لەسەر من وەستاوە!

مەنوچەر بەئارامییەوە:

– ئاخر باوکەگیان من دەڵێم هەر لێرە خەریکم ئیش دەکەم ئیتر..!؟

پەرۆیز هەستاو چەند هەنگاوێکی هەڵگرتو وتی:

– کـــورِم بۆچـــی تێناگـــەیت، ئـــەم موچـــەیەی کـــە تـــۆ هەتـــە لێـــرە بـــەم هـــــەموو ســـــەگراکردنە وەری دەگریـــــت، لـــــە کـــــەرەج دوو ئەوەنـــــدە وەردەگریـــت، تـــازە لـــەوێ لەپشـــت مێزێکـــەوە دادەنیشـــیتو دەبیتـــە کاکـــە، ئێستا هەر بڵێ نە ! لێرە دڵت خۆشە موچەت هەیە.

پاشان بەئاوازێکی گونجاوتر بەردەوام بوو:

– کـــورِم تـــۆ لـــەوێ بـــەدوو ســـاڵ دەتوانیـــت خـــۆت بگریتـــەوە، خـــانوو دەکڕیت، پاشان.. ژن دەهێنیت !

مەنوچـــەر ئـــیتر قســـەیەکی نـــەکرد، راســـتتر نـــەیوێرا قســـەیەك بکـــات، بـــەڵام لـــەناخی دڵیـــدا هـــەزار قســـەی هـــەبوو بـــۆ وتـــن، حـــەزی لێنـــەبوو بـــڕوات بـــۆ کـــەرەج، ئامـــادەبوو ئـــەم موچـــەیە وەربگرێـــت، بـــەڵام لـــەتاران بمێنێتـــەوە، تـــرسو نیگـــەرانی ئـــەو زیـــاتر بـــۆ شـــەقایق بـــوو، بـــەڵام شـــەرمی دەکـــرد راســـتی نیگەرانیەکەی بەباوکی بڵێت.

بەڕێکـــەوت ماوەیـــەك پـــێش ئێســـتا لـــەکاتی پرســـەکەی حـــاجی ژنـــدا یـــەکێك لەدراوســـێکانیان خـــوازبینی شـــەقایقی لـــەمونیرە کردبـــوو، مەنوچـــەریش لەســـەر ئـــەم بابەتـــە زۆر هەســـتیاربوو، هـــەر کـــەزانی رۆیشـــت بـــۆلای شـــەقایق، لەکاتێکـــدا کـــە شـــەقایقی بێچـــارە لـــەو بەســـەرهاتە ئاگادارنەبوو، بەڵام مەنوچەر وتبوی:

– ئـــامۆژن گیـــان بەژنـــە دراوســـێکەی وتـــووە تـــا خـــزم هـــەبێت شـــەقایق نادەم بەبێگانە.

مەنوچـــەر کـــەمێك خـــەیاڵی ئاســـودەبوو، بـــەڵام ئێســـتا قســـەی کـــەرەجو دوورکەوتنەوە لەشەقایق هاتبووە پێشەوە.

ئاسمـــان هـــەور بـــوو، لـــەدار هەنجیرەکـــەوە دەنگـــی چـــۆلەکە دەهـــاتو ناوبـــەناو بـــا هەڵیـــدەکرد، لـــەدوای مردنـــی حـــاجی ژنـــەوە ئـــیتر شـــەقایق

جلـــەکانی باوکـــەگیانی دەشـــۆرد، مەنوچـــەر چـــەند رۆژێـــك دەبـــوو کـــە زۆر تەمەڵبوو، شەقایق ئاگای لەرۆیشتنی مەنوچەر بۆ کەرەج نەبوو.

– مەنوچەر..

مەنوچـــەر لـــەجیهانی خۆیـــدا بـــوو، یەکســـەر وەك واقرومـــان چـــاوی بەشەقایق کەوت.

– مەنوچـــەر وەرە ســـەرێکی ئـــەم لێفەیـــە بگـــرە، دەمـــەوێت بیخەمەســـەر پەتەکـــە.. مەنوچـــەر لـــەئاوازە منالانەکـــەی زەردەخەنەیـــەکی کـــردو بەئەبڵەقی سەیری کرد.

شەقایق وتی:

– مەنوچەر چەند رۆژێکە بێزار دیاریت، چی بووە؟

دەموچاوی مەنوچەر چوبوبەیەکداو بەهێواشی وتی:

– دەمـــەوێت بـــڕۆم بـــۆ کـــەرەج، مـــن نامـــەوێت، بـــاوکم دەڵێـــت دەبێـــت برۆیت بۆ کەرەج.

شەقایق بەرامبەر مەنوچەر وەستاو پرسی:

– کەرەج؟.. ئەوێ لەبەرچی؟!

– بۆ ئیشوکارکردن.

شەقایق وتی:

– ئێستا بۆچی ناڕەحەتی، کەرەج خۆ هەنگاوێك لەتاران دورە!

مەنوچەر قسەکەی پێبڕیو وتی:

– وابڕیارە لەوێ بمێنمەوە.

شەقایق سەرسامانە وتی:

– راست دەکەیت؟!

مەنوچەر راستەوخۆ تەماشی کردو وتی:

– چییە؟.. خۆشحاڵ بویت!

– گاڵتـــه مەکـــە مەنوچـــەر، دەتـــەوێت بەڕاســـتی..، بەڕاســـتی دەتـــەوێت لەوێ بمێنیتەوە؟..

– هاوڕێیـــەکی بـــاوکم لـــەوێ کارگـــەی هەیـــە، لەکـــەرەج، کەســـێکی دەوێـــت بۆ ژمێریاریی کە لەبەردەستیدا بێت، باوکم پەیمانی منی پێداوە..

مەنوچەر سەری کردەخوارو بەچەتونییەوە وتی:

– تۆ دڵت تەنگ نابێت بۆم؟

شەقایق بەگاڵتەجارییەکەوە:

– لەخۆتەوە دڵم بەم قسانە مەکەرەوە، بابە.

کیومـــەرس ماوەیـــەك بـــوو کـــە لەپشـــتی پەنجەرەکـــە ســـەیری ئـــەو دوانـــەی دەکرد، بێمەبەست پەنجەرەکەی کردەوەو بەدەنگێکی بەرز وتی:

– سڵاو، ئێمە لەم ماڵەدا لەیلو مەجنونیشمان نەدەزانی؟!

مەنوچەر لەژێر لێوەوە وتی:

– دوبارە ئەم قیتنەیە دەرکەوت.

– کەی دێیتەوە؟

– نـــازانم، هـــەر کاتێـــك ئـــەوان مۆڵـــەتیان پێـــدام مـــن لێـــرەم.. بـــەڵام بـــاوکم وتی ئێمە زیاتر دێین بۆ سەردانت.

شەقایق هێوا هێواش وتی:

– خۆزگە..

بەڵام قسەکەی بەنیوەی بڕی.

مەنوچەر چەند کتێبێکی لەجانتاکەی دەرهێناو وتی:

– ئەمانەم بۆ تۆ کڕیوە، کاتی بێئیشی بیخوێنەرەوە.

دەنگی پەرۆێز قسەکەی مەنوچەری بڕی.

– وەرە مەنوچەر.

شەقایق بەهێواشی وتی:

– خوات لەگەڵ..

دەنگێکی لاواز لەقوڕگی مەنوچەرەوە هاتەدەر:

– خۆشم ئەوێیت شەقایق!

قسەکەی مەنوچەر گەرچی وەکو ئاهە، ئارام بوو، بەڵام وەکو هاوارو ئازاردەری قوڵ لەدڵی شەقایقدا شوێنی گرت.

دوانزە رۆژ بەسەر رۆیشتنی مەنوچەردا رایبورد، هەموو ئەو کتێبانەی مەنوچەر پێش سەفەرکردن پێی دابوو، شەقایق خوێندبویەوە.

نزیکی نیوەڕۆ بوو، لەدەرگا درا، شەقایق دەیویست بڕوات دەرگا بکاتەوە، بەڵام لەترسی ئەوەی نەوەکو مەنوچەر لەپشت دەرگاکەوە بێت لەشوێنی خۆی دانیشت، مەنوچەر حەزینەدەکرد شەقایق دەرگای مانڵ بکاتەوە.

لەکۆتایدا کیومەرس بۆ کردنەوەی دەرگاکە لەژورەکە رۆیشتەدەرەوە.

شەقایق لەپشت پەنجەرەکەوە سەیری حەوشەی دەکرد، مونیرە بوو، دەموچاوی بەهەراسانی دەهاتە پێشچاو، شەقایق چاوەڕێی هاتنە ژورەوەی بوو.

– چی بووە دایکە؟!

مونیرە بەرەو کۆمەدیەکە رۆیشتو وتی:

حاڵی نەنەگیان باش نییە، دەڕۆم بۆ نەخۆشخانە تۆش خۆت ئامادەبکە دەتبەم بۆ ماڵی نەنەگیان.. لەوانەیە شەو لەوێ بمێنیتەوە.

شەقایق بەپەلە ئامادەبوو، مونیرە کە هەمیشە بێزاربوو لەراکردن ئێستا وەکو با دەرۆیشتن، تەنانەت شەقایق هەناسەبڕکێی بوو.

مەنوچەر خۆشحاڵو ئومێدەوار هاتبوەوە بۆ ماڵەوە، دوای دوانزە رۆژ لەکۆتایدا دەیتوانی شەقایق ببینێت، کۆڵانەکەیان وەك هەموو

ساڵێك لەبەر نیوەی شەعبان کرابووە چراخان، کیومەرس وەك هەمیشە لەسەر کۆڵانەکە وەستا بوو.

– سڵاو، مەنوچەر چۆن لەم ناوە دەرکەوتیت!

– سڵاو.

کیومەرس وتی:

– دەڕۆیتەوە بۆ ماڵ؟

– بەڵێ.

کیومەرس زەردەخەنەیەکی هێمادارى خستەسەر لێوى و وتى:

– شەقایق.. شەقایق لەگەڵ کچە پورەکەیدا رۆیشتووە.

مەنوچەر بێ ئەوەی مەبەستی بێت:

– قسە بکە!.. بۆ کوێ رۆیشتوە؟

– رۆیشتوە بۆ پیاسەی شەقامەکان!

مەنوچەر سەریکردەخوار، بەبێستنی ئەم قسانە توشی سەرئێشە هاتو بێگومان ئەگەر دەستی بەدیوارەکەوە نەگرتایە دەکەوتەزەوی، کیومەرس پێکەنینێکی ناحەزانەی کردو بەهێواشی وتی:

تا لەلای مەعشوقەوە کێشانێك نەبێت.

هەوڵو کۆششی عاشقی بێچارە ناگاتە شوێنێك.

"24"

ئەو ساڵانەی حاجی ژن لەژیاندابوو نیوەی شەعبان شەربەتی دروستەدەکردو دەیدایە مەنوچەرو کیومەرسو فەرهاد، ئەوانیش ئەیان برد بۆ سەر کۆڵانەکە، دوو خولەکێکیش راینەدەبورد کە پەرداخەکان بەتاڵ دەبوون، ئینجا نۆرەی منداڵەکان دەهات، کیومەرس بەتەنیا

سوراحییەك شەربەتی دەخواردەوە، پاشان ئاگریان دەکردەوەو خواردنی شەعرییەیان دروستدەکرد، حاجی ژن پەتاتەیەکی دەدایە مندالّەکانو مندالّەکان لەژێر ئاگرەکەیان دەناو دواتر دەیانخوارد،، چەند بەتام بوو! هەموان لەدەوری یەکبونو ئەمەش زۆر باشبوو، هیچ کەسێك لەدەستی دەنگەدەنگەکانی ئەم مالّە ئاسودەنەبوو، قیژەو هاواری مندالّەکان، قاقای پێکەنینو وەرەو بڕۆکان.

ئەمسالّ ژنی مامە سالّح بۆ یادی حاجی ژن شەربەتی دروستکرد، هەموو لەوێبون، مەنوچەر بەماتی لەناو ژورەکە دانیشتبوو، ئاگایەکی لەشەقایق نەبوو، لەکەسی نەدەپرسی کە شەقایقو دایکی بۆ کوێ رۆیشتون، دوای ئەو ماوە زۆرە لەکەرەجەوە هاتبووە بۆ تاران، کەچی ئەوان لەمالّ نەبون،، لەراستیدا زۆر تورەبوو، نێرگس بێ گرنگیدان لەحەوشەکە دانیشتبوو، پەروین بەنێرگسی وت:

– ئەم شازادەی تۆ چیەتی؟ بۆچی لەژورەکە نایەتەدەرەوە؟

نێرگس وتی:

– نازانم، دەڵێم حەزی لەئیشکردن نییە لەکەرەج، خۆ پەروێز نازانێت، ناوێرێت بەپەروێز بڵێت، من بۆڵەبۆڵەکەی دەبیستم.

ئەعزەم وتی:

– بۆچی ژنی بۆ ناهێنن با هەر لەوێ، لەکەرەج بمێنێتەوە؟

نێرگس وتی:

– هێشتا سالّێك بەسەر مردنی حاجی ژندا تێنەپەڕیوە.. ئینجا من خۆم هەڵناقورتێنمەوە ناو ژنهێنانەکەیەوە.

ئەعزەم چاوو برۆیەکی ناسکی کردەوەو وتی:

– نابێت خەفەت بۆ ژنهێنانی مەنوچەر بخۆیت، مەنوچەر لەژورەوە ژنی خۆی هەڵبژاردوە!

نێرگس وتی:

– لێتانی ناشارمەوە، من ناڕازی نیم.

پەروین وتی:

– ئــەو جــارە باوکــەگیان خــەریك بــوو دەیــوت کــە دەیــەوێت خــۆی کــچ بدۆزێتەوە بۆ مەنوچەر.

نێرگس پێکەنینێکی بەرزی کردو وتی:

– بێگومان ئەگەر مەنوچەر ئەمە بزانێت دیق دەکات.

خۆرئــاوا بــوو،، هێشــتا هــەواڵی شــەقایق‌و مــونیرە نــەبوو، هــەموو ئەنــدامانی خانــەواده ئەمشــەو لــەماڵی فــەرهاد بانگێشــتکرابوون،، مــونیرەو شــەقایق هاتنــەوە، مــونیرە بــەبینینی مەنوچــەر کــە لەتاریکییەکــەدا دانیشتبوو ترسا.

– بۆچی لێرە دانیشتوی، ئامۆژن؟!

– سڵاو ئامۆژن.. سەرم ئێشی دەکرد هاتم بۆ ئێرە.

شەقایق هاتە پێشەوە بەسەرسامی وتی:

– کەی هاتیتەوە؟!

مەنوچەر بەساردییەوە سەیرێکی شەقایقی کردو وتی:

– دوێنێ پاش نیوەڕۆ.

مونیرە لەکاتێکدا دەڕۆیشتە ژورەکەوە پرسی:

– ئەوانیتر لەکوێن؟

– ڕۆیشتون بۆ میوانی، ڕۆیشتون بۆ ماڵی فەرهاد.

شــەقایق بــەو شــێوەیەی کــە لەپلەکانــەکانی هەیوانەکــە دەڕۆیشــتە سەرەوە وتی:

– هەستە وەرە بۆ ژورەکەی ئێمە.

مەنوچــەر دەســتی شــەقایقی خســتە نــاو دەســتی‌و بــەدەنگێکی هێــواش وتی:

– بمێنەرەوە ئیشم پێتە.

شـــــەقایق پلەکانەیـــــەک ســـــەروی ئـــــەوەوە دانیشـــــت، مەنوچـــــەر بەفەرمانکردنەوە:

– دوێنێ لەکوێ بویت؟

شەقایق وتی:

– نەنەگیانیان برد بۆ نەخۆشخانە منیش لەگەڵ..

مەنوچەر بەتوڕەییەوە تەماشایو بەگاڵتەجاڕییەوە وتی:

– تۆش لەگەڵ کچە پورەکەتدا وێڵ بویت لەکۆڵان.

– من؟!

مەنوچەر لەتەنشتیدا لەسەر هەمان پلەکانە دانیشتو بەتوڕەییەوە:

– بێخود ڕوخساری بێ تاوان مەگرە خۆت.

شەقایق لەتەنیشتی هەستاو بەرامبەری وەستا، بەرقەوە وتی:

– کێ بەتۆی وتوە من لەگەڵ کچە پورم ڕۆیشتوم بۆ ویلگەری؟

مەنوچەر چاوی لەسەر لابردو وتی:

– کیومەرس!

شەقایق کەمێك وەستاو وتی:

– بـــەڵام کیومـــەرس وتـــی کـــە تـــۆ لەگـــەڵ کچـــە پورەکەتـــدا ڕۆشـــتویتەتە دەرەوە!

مەنوچەر پێکەنینێکی توڕەو بەرزی کردو وتی:

– ئینجا ئەو کیومەرسە ریخۆڵەیەکی ڕاست لەسکیدا هەیە؟

شـــەقایق بێـــدەنگ بـــوو، مەنوچـــەر تـــازە بـــەئاگای خۆیـــدا هاتـــەوە، شـــەقایق بـــەتوڕەیی لەبـــەردەمی لاچـــوو، مەنوچـــەر بـــۆ چـــەند خولـــەکێك بـــەو شـــێوەیە دانیشـــتبوو لەشـــوێنەکەی خـــۆی، چـــێژی لەبیرتیژییەکـــەی شـــەقایق وەردەگرتو، بەگێلیەکەی خۆی پێدەکەنی.

"25"

مەنوچەر دوبارە سەفەریکردەوە، خەمبارتر لەجاران! ئەمجارە دیارنەبوو کەی دەگەڕێتەوە، دوای رۆیشتنی ئەو، قسەکانی کیومەرسیش دەستی پێکرد، بەڵام شەقایق بایەخێکی پێنەدەدا، شەو مونیرە هیلاکو بێتاقەت هاتەوە بۆماڵو، کاتێک خوانەکەی بەئامادەکراویی بینی هێزێکی وەبەردا هاتەوەو وتی:

– شەقایق من ئەگەر تۆم نەبوایە بێگومان لەبرسێتیدا دەمردم.. ئێستا چێشتی چیت لێناوە؟

شەقایق مەنجەڵی چێشتەکەی لەسەر زۆپا عەلادینەکە لابردو وتی:

– یانی ئەم ئاوگۆشتە ئەوەندە بێبۆنە.

دەنگی زەنگی حەوشەکە بەرزبووە، دوای ئەوە لەدەرگای ژورەکە درا، مونیرە بەترسەوە:

– وای نەوەك نەنەگیان شتێکی لێهاتبێ؟!

لەپشت دەرگاکەوە کاك ئەحمەد وەستا بوو، مونیرە بێخواست هاوارێکی کوردو کاك ئەحمەدی بێچارە ترسابوو.

– بەخوا شتێك نەبووە مونیرە خانم!

شەقایق خراپتر لەمونیرە بەدەستی لەرزۆکەوە شەکراوی بۆ مونیرە دروستکرد، لەنێو گریاندا پرسی:

– چی بووە کاك ئەحمەد؟

ئەحمەد لەپاڵ دەرگاکەدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتو وتی:

– هیچ بەخوا، راستیەکەی مەنیجە منی نارد بۆ ئێرە، لەتۆ شاراوە نییە حاڵی فەریبا باش نییە، نازانم بۆچی منادڵبونەکەی دواکەوتوە؟ مەنیجە وتی ئەگەر بەئەرك نەبێت چەند شەوێك لەلای نەنەگیان بمێنیتەوە.

مونیرە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو ئارام ئارام هەستایەپێو تەماشایەکی شەقایقی کردو وتی:

– ئەبێت هەر ئەمشەو بڕۆین؟

کاك ئەحمەد هەستاو وتی:

– بەڵێ، ئۆتۆمبێل لەبەردەرگا وەستاوە.

مونیرە وتی:

– زۆرباشە، من ئێستا دێم.

شەقایق وتی:

– نایەوێت دایکە تۆ لەماڵ بمێنەوە من دەڕۆم، تۆ زۆر هیلاکی تازە سبەینێش دەبێت بڕۆیتە سەرکار، لەوانەیە پورە مەنیجە ناچاربێت کە ماوەیەك لای فەریبا بمێنێتەوە کاك ئەحمەد رۆیشتە نێوان قسەکەیان وتی:

– شەقایق راست دەکات!

پاشان بەرەو دەرگای حەوشەکە رۆیشتو وتی:

– من لەبەردەرگا چاوەڕێم.

مونیرە وتی:

– ئاخر خۆ تۆ لەگەڵ سادقدا رێکت نایەت!

شەقایق بزەیەکی کردو وتی:

– سوپاسی خوا بکە کەڕێکم نایەت لەگەڵیدا، ئەگەر بەیەکەوە رێك بوایەین خۆ ئیتر..

مونیرە زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

www.pertwk.com

– باشە، برۆ منیش سبەینێ زوتر دێم بۆ ئەوێ.

شەقایق مونیرەی ماچکردو خێرا رۆشت.

لەبەردەم مالّی نەنەگیان کاك ئەحمەد کەمێك وەستا تا مەنیجەهەندێ راسپاردە بەشەقایق بکاتو پاشان رۆیشت، سادق سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، نەنەگیان دەرمانەکانی خواردبوو حالّی مالّەکەخەماوی بوو، شەقایق بەخۆی وت:

– دەی پورە مەنیجە لێرە ئیشی چی بووە؟

مەنیجە لەبنچینەدا دەم بەپێکەنینو قسەخۆش بوو، لەهەرکوێ دادەنیشت قسەی دەکردو پێدەکەنی، کۆچی دوەمی ژنی مامەئیسماعیل بوو، تەنانەت هەندێجار فاتمە دەیوت:

– دایکە مەنیجە وەکو کچێکی چواردەسالّانە، هیچ رەفتارێکی لەژنی سیو حەوت سالّە ناکات!

شەقایق بەبێ ئامانج بەسادقی وت:

– ناتوانیت لەو پیالّەی کەچاکەت خواردوە کۆیبکەیتەوە؟

سادق بەگالّتەجارییەوە:

– تۆ چی دەڵێی جوجەڵەی بەهاری هێشتا زۆرت ماوە بۆ گارەگارکردن.

شەقایق وتی:

– بەڵێ هەرکێ بێتە هاوڕێی بەڕەلاکان، لەمە بەئەدەبتر نابێت.

سادق ئەبلّەقی ئەو بوو بەهەمان ئاوازی گالّتەبازییەوە:

– تۆ لەلای شازادەکان دەژیت، ئەو ئامۆراتە، کیومەرس، بەرەلاّی کۆلّانەکەیە.

شەقایق بەتوڕەییەوە:

– بەئەدەب بە!..

سادق بەبێ گرنگیدان بەشەقایق روی وەرچەرخاندو وتی:

www.pertwk.com

– برۆ بابە دڵت خۆشە.

شەقایق لەم قسەیە بەسەختی تورەبوو، بەدەم گریانەوە لەژورەکە چووە دەرەوە،، دەنگی نەنەگیان بەرزبووە:

– سادق گیان ئەو تەلەفزیۆنە بکوژێنەوە.

شەقایق هاتەژورەوە بەتورەیی تەلەفزیۆنەکەی کوژاندەوە.

سادق سەیرێکی ژورەکەی نەنەگیانی کردو بەدەم هەستانەوە بەهێواشی وتی:

– سەیرکە بچکۆل.. خۆت دەزانی کە من سەرم خراپە، ئەگەر بتەوێت لێرە "نەنە من غەریبم" بکەیت حاڵێکت بەسەردا دێنم کە تاکۆتایی تەمەنت لەبیرت نەچێت!

شەقایق دەیویست نەگری، بەڵام نەیدەتوانی، بەدەم فرمێسکڕشتنەوە بەئاوازێکی کیناوییەوە وتی:

– برۆ ونبە تاقەتی تۆم نییە.

بەیانی کاتێك دەیویست بڕوات نەنەگیان شەقایقی بانگردو وتی:

– دایکە هەستە قاوەڵتیەکە ئامادەبکە، منااڵەکەم تاخۆرئاوا هیچ ناخوات.

شەقایق بەبێزاییەوە لەژورەکە چووەدەرەوە،، سادق رۆیشتبوو، شەقایق بەتەواوی رۆژەکە سەرقاڵی ئیشکردن بوو، نەنەگیانی بردە گەرماوەکە، جلەکانی شت، قاپەکانی شتو ماڵەکەی کۆکردەوە، گسك و ئاوی دا لەحەوشەکە، ئاوی حەوزەکەی گۆڕی.

خۆرئاوا کە مونیرە هاتەوە توانای رێکردنی نەبوو، دەیویست بەمونیرە بڵێت کە ناتوانێت لەگەڵ سادقدا رێکبێت، بەڵام مونیرە بەخۆشحاڵی لەوەی کە شەقایق بەباشی رەحەتی ئیشەکان دێت رۆشتەوە بۆ ماڵەوە.

سادق تازه لەسەرکار گەڕابووە، نەنەگیان وردە وردە خۆی گەیاندە ژوری دانیشتن، بێچارە لەپێ کەوتبوو.

– شەقایق دایکە، چایەك بێنە بۆ سادق.

سادق دەیزانی کە شەقایق حەزناکات ئیشێکی بۆ بکات، بەڵام لەوەی کە ئەو بەناچارکردنی نەنەگیان ئیشی بۆ دەکات، چێژی وەردەگرت، زەردەخەنەیەکی کراوەی خستە سەر لێوی و شێوەیەکی بەفیزی گرتەخۆی، شەقایق لەبەر نەنەگیان وازیهێنا، بەڵام سادق رودار بوو، لەبەردەم نەنەگیانیشدا شەڕی لەگەڵدا دەکرد.

– ئەم خواردنە بۆچی خوێی نییە!

شەقایق وتی:

– خوێدانەکەم خستووەتە بەر دەستت، لێی کە.

نەنەگیان وتی:

– دایکە لەبەر من کەم خوێ لێیناوە.

سادق پێکەنینێکی تانەی کردو وتی:

– نەخێر نەنەگیان ئەم قسانە نییە، ئەم کچە هەر نازانێت چێشت لێبنێ، سەیرکە! برنجەکە نەکولاوە، دەنگی تەقە تەقی لەژێر ددانەوە بەرزدەبێتەوە.

شەقایق بەقینەوە وتی:

– ئەگەر برسیت نییە مەیخۆ؟

سادق بەتوڕەییەوە:

– کەواتە من چی بخۆم؟

شەقایق بزەیەکی خستەسەر لێوی و بەگاڵتەوە وتی:

– ژەهری مار هەیە دەتەوێت؟

نەنەگیان قاقا پێکەنی، بەڵام سادق مۆنەی کردو لەسەر خوانەکە هەستا، پاکەتێك هێلکەی کڕیوو، تاوەی خستە بەردەم تەلەفزیۆنەکەو دەستی کرد بەهێلکە شکاندن.

شەقایق قاپەکانی کۆکردەوەو شتی، کاتێك گەڕابووە ژورەوەکە نەنەگیان رۆشتبووە ژورەکەی خۆی.

– شەقایق گیان پەرداخێك ئاو بێنە دەمەوێت دەرمانەکانم بخۆم.

کاتێك شەقایق لەژورەکەی نەنەگیان دەرچوو، لەناکاو چاوی بەسادق کەوت هەموو پاشماوەی هێلکەکەی خستبووە سەر فەرشەکە!

– ئا ئا، بۆچی قاپت نەهێنا توێکڵی هێلکەکانی تێ بکەیت؟!

– بەتۆ چی؟

شەقایق رۆشتە چێشتخانەو دەوریەکەی هێنا، هەرکە ویستی توێکڵی هێلکەکە کۆبکاتەوە سادق دەستی خستە لاوەو بەتوڕەییەوە وتی:

– مەگەر من گاڵتەم هەیە لەگەڵ تۆدا، دەستی لێ مەدە فیتنە!

لەبەر رقەکەی شەقایق رێگری لەهاتنەخوارەوەی فرمێسکەکانی کرد.

– زۆر بێرەوشتی!

سادق بەگاڵتەوە وتی:

– هەستە برۆ ئەگەر دەتەوێت غەر غەرە بکەیت.

بەیانی شەقایق زوتر لەخەو هەستا، هیچ خواردنێك لەماڵەکەدا نەبوو، دەیویست راسپاردە بەسادق بکات کە هەندێ خۆراك بکڕێت، بەڵام سادق لەجێگەکەیدا نەبوو.

شەقایق لەپشت پەنجەرەکەوە ئەبڵەقی دەرەوە بوو بەهێواشی وتی:

– ئا، ئەو رۆشت؟ چەند بێدەنگ!

– لەپشت پەنجەرەکە چیت دەوێت؟

دەنگی سادق، شەقایقی لەشوێنی خۆی هەڵپەڕاند، رویکردە لای و بێخواست زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– وای منت ترساند!

سادق مۆنەی کردبوو، بەئاوازێکی فەرماندەرانە وتی:

– دەڵێم لەپشت پەنجەرەکە چیت دەوێت؟

شەقایق رووی وەرگێڕا لێی و وەکو منالەکان وتی:

– هیچ نییە لەماڵەوە نەسەوزە، نەپەتاتەو پیاز، نەڕۆن، میوەشمان دەوێت.

سادق بەبێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، لەژورەکە ڕۆیشتە دەرەوەو ڕۆشت، شەقایق بەتەواوی تووڕە بوو، سادق وەك مەنوچەر نەبوو کینەلەدڵ بوو.

مەنوچەر کاتێك دەتۆرا خێرا بۆ ئاشتی دەستپێشخەری دەکرد.

عەسر کاتێك سادق شتەکانی دەخستە چێشتخانەکەوە زانی هەموو ئەو شتانەی کە شەقایق لەژورەکەی نەنەگیان بوو، ویستی هەر لەوێ شەڕی لەگەڵدا بکات، بەڵام لەبەر نەنەگیان بانگی کرد.

– چییە؟

سادق بەتووڕەیی وتی:

– بۆچی کاتێك هەموو شتێك لەماڵدا هەیە بەمنت وت بڕۆ شت بکڕە، مەگەر شێتی؟

شەقایق زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– هیچ شتێك نەبوو، هەمویم کڕی.

سادق وتی:

– هەڵەتکرد ڕۆیشتی شتت کڕی!

شـــەقایق بەسەرســـامییەوە ئەبڵـــەقی دەموچـــاوی ســـورەبوی ســـادق بـــوو، سادق بەردەوامبوو:

– گێـــل، ئەگـــەر واتـــدەزانی هـــاتی بـــۆ ئێـــرە دەتوانیـــت هـــەر کـــوێ کـــە ویستت بڕۆیت، خراپ تێگەیشتی.

شـــەقایق نەیـــدەتوانی پـــێش لەگریانەکـــەی بگرێـــت، ویســـتی لەبەرامبـــەری لابچێت، بەڵام سادق بەتوندی دەستی گرتو بەهەمان تورەییەوە:

– ئەگـــەر ئەتـــەوێت بگـــەڕێی، بـــڕۆ ونبـــە بـــۆ مـــاڵی خۆتـــان، لێـــرە ئـــەم هەواڵانە نییە.

نەنەگیان لەژورەکە هاواریکرد:

– چی بووە سادق:

ســـادقی ئـــەوی خســـتە لاوەو رۆیشـــت بـــۆ ژورەکـــەی نەنـــەگیان، بەهـــەمان تورەییەوەلەگەڵ نەنەگیان وتی:

– بۆچـــی هێشـــتت بـــڕوات بـــۆ شـــت کـــڕین، مەگـــەر مـــن مـــردوم کـــە دەهێڵێت ئەم کچە بڕوات بۆ ناو شەقامەکان؟

نەنەگیان وتی:

– دایکـــە خولـــەکێك ددان بەخۆتـــدا بگـــرەرت، کوڕەکـــەی ئـــەکرەم خـــانم هات، پارەم پێدا، ئەو رۆیشت شتی بۆ کڕین، شەقایق هەر لەماڵدا بوو.

شـــەو ســـادق چێشـــتی نـــەخوارد، لەبنـــەمادا خـــوی نـــەگرتبوو کـــە داوای لێبوردن لەکەس بکات.

خـــۆی بـــەتاوانبار دەزانـــی، هەرچـــی هـــەبوو تـــاوانی شـــەقایق بـــوو، هـــەر کـــە سفرەکەیان کۆکردەوە لەدەرگا درا، نەنەگیان بەسەرسامییەوە وتی:

– یانی کێیە!

ســـادق دەرگـــای کـــردەوە، چـــەند دراوســـێیەك هـــاتبون بـــۆ ســـەردانی نەنەگیان، شەقایق ترسا بوو.

سادق، بەلام بێباکانە لەچێشتخانە دانیشتبوو سێوی دەخوارد، شەقایق بەداماوی وتی:

– توخوا وەرە یارمەتیم بدە!

سادق هەستاو وتی:

– چی بکەم؟

– میوەکان بشۆرەوە.

شەقایق سینییە چاکەی برد، کاتێک گەڕایەوە سادق میوەکانی شۆردبووە.

شەقایق میوەکانی یەک یەک بەدەستەسڕ وشککردەوەو لەناو قاپەکەدا لەسەریەك داینا، سادق بەهێواشی وتی:

– ئەو ژنەی کە لەپاڵ نەنەگیان دانیشتوو دوو کوڕی هەیە، هەردوکیشیان حاڵیان باشە.. !

شەقایق بەبێزاریيەوە:

– باشە بەمن چی؟

سادق وتی:

– هەردوکیان ژنیان هەیە، بەلام کوڕێکیان بەدوای ژنێکی تردا دەگەڕێت، دەیەوێت هەوێ بێنێتە سەر ژنی یەکەمی "سادق بەشێوەی نهێنی بەردەوام" لەوانەیە تۆیان هەڵبژاردبێت؟!

شەقایق بەسەرسامییەوە:

– راست دەکەیت؟!

– بەڵێ.

شەقایق هەستا، بەمینگە مینگ وتی:

– سادق.. تۆ قاپی میوەکە دەبەیت بۆ ژورەکە؟

سادق بزەیەکی خستە سەر لێوی‌و وتی:

– باشە، بمدەرێ دەیبەم.

"26"

بمبەخشن!

تـــەنیا ئەمـــە.. دات لێـــی شـــکاندت پاشـــانیش دەڵێـــی بمبەخشـــن، ئـــەم بمبەخشـــە چ نەخۆشـــییەك دەرمـــان دەکـــات؟.. دەســـتو پـــێ لار تـــەنیا فێربە کە شت بگرێت.

شـــەقایق بێـــدەنگبوو، ئێســـتا ئـــیتر نـــەدەگریا، هەوڵیـــدەدا ئـــەم دەســـتبەرداری ئـــەم نەریتـــە بێـــت، کەچـــی هەڵســـوکەوتەکانی ســـادق هەندێکجار دەیگریاند، سادق دوبارە بێدەنگیەکەی شکاند.

– بۆچی جێگۆڕکێ بەکەرەستەکانی ناو ماڵ دەکەیت؟

شەقایق وتی:

– ئەگەر ئەوەندە گرنگە بۆت خۆت چاکی بکە.

سادق بەقینەوە وتی:

– من دابنیشم ماڵداری بکەم؟

شەقایق بێزاربوو، بەتۆرانەوە وتی:

– من چیبکەم، هەر ئیشێك دەکەم تۆ بیانویەکی بۆ دەدۆزیتەوە.

سادق بەلەخۆبایبونو بەگاڵتەجارییەوە:

– نامـــەوێت ئیشـــێك بکـــەیت.. تـــەنیا دەتـــوانی بگریـــت، بگـــری نـــەنگی نییە.

خۆرئـــاوابون مـــونیرە هـــات، ســـادق خـــوا خوایبـــوو کـــە شـــەقایق گلەییـــەك نەکات.

خۆشـــبەختانە شـــەقایق قســـەیەکی نـــەکرد، مـــونیرە لـــەماڵ مەنیجـــەوە دەهات، فەریبا منااڵەکەی بوبوو، شەقایق بەخۆشحاڵییەوە پرسی:

– منااڵەکەی چییە؟

مونیره وتی:

– بپرسه منالّەکانی چین!

شەقایق بەسەرسامی وتی:

– مەگەر دوانەن؟

– بەڵێ، کچێکو کوڕێك، مەنیجە زۆر خۆشحاڵبوو.

مونیرە بەهێواشی:

– سبەیشەو بۆ نانی شێوان بۆ ئێرە دێت، خۆت بەتەنیا دەبێت هەموو شتێك ئامادەبکەی شەقایق وەك مونیرە بەهێواشی وتی:

– سەوزەی برژاو "قورمە سەوزە" دروست بکەم، باشە؟

– بەڵێ.

سادق لەچپەکردنی مونیرەو شەقایق بەتەواوی بێزاربوو، بەپەلە لەژورەکە رۆیشتەدەرەوە، حەزی نەدەکرد ببێتە بابەتی قسەکردنی مونیرە، چونکە وایدەزانی کە شەقایق لەبارەی ئەوەوە لەگەڵ مونیرەدا قسە دەکات، دوای رۆیشتنی ئەو مونیرە پرسی:

– لەگەڵ سادقدا چی دەکەیت؟

شەقایق بەدەستەپاچەیی وتی:

– هیچ، لەگەڵیەکدا ڕێکدەکەوین.

بەیانی شەقایق بەدەنگی کەڵەشێری دراوسێکەیان لەخەو هەستا، خۆر بەتەواوەتی ژورەکەی رونناککردبووە، سەری سوڕمابوو، هەمیشە بەیانی زوو خەبەری دەبووە، کەچی ئەمڕۆ درەنگتر لەخەو هەستابوو بەخۆی وت:

– لەوانەیە کە ئەمڕۆ هەینییە زۆر خەوتبم.

کاتێك سادق لەخەودا بینی سەرەتا سەری سوڕما، پاشان ترساو بەهێواشی وتی:

– وای کاتژمێر هەشتە ئەمە چ درەنگە بۆی!

www.pertwk.com

لـــەپاڵی دانیشـــت، بـــەڵام نەیـــدەتوانی بـــانگی بکـــات، ئـــەڵێی دەترســـا، بەڵام کاتێك سەیری میلەکانی کاتژمێرەکەی کرد، ترسەکەی خستەلاوە:

هەستە.. درەنگە!

ســـادق روی تێکـــردو بەچـــاوی خـــەوالّوەوە ئەبڵـــەقی بـــوو، ئینجـــا بەتورەیی وتی:

– چییە؟

بەڵام ئەو بەنەرمی وتی:

– ناڕۆیت بۆ ئیش.. سەعات هەشتە؟!

ســـادق بـــەبێزاری هەســـتاو لەشـــوێنەکەی خۆیـــدا دانیشـــت بەتورەییـــەوە وتی:

– کێشەی تۆ نییە، بۆچی ناڕۆیتو رزگارمان بێت لەدەستت؟!

کینـــە گـــەروی گرتبـــوو، بەســـەختی تفـــی بـــۆ قوتـــەدراو لەبـــەردەمی هەستا.

ســـادق خەوتـــەوەو بەتانییەکـــەی دایـــەوە بەســـەر دەموچـــاویدا، بـــەڵام چـــیتر نـــەیتوانی بخـــەوێت، چـــەندجار ئەملاوئـــەولای کـــردو لەکۆتایـــدا بەداخـــەوە هەســـتا، ڕۆیشـــتە نـــاو حەوشـــەکە،، هـــەوای فێنـــکو پـــاکی بـــەیانیان تورەییەکـــەی لـــەبیربردەوە، زەردەخەنەیـــەکی خستەســـەر لێـــوی، هەســـتی بـــەئارامی دەکـــرد، بـــەڵام هۆیـــەکی بـــۆ ئـــەم ئارامییـــە نەدۆزیـــەوە، لـــەناکاو چـــاوی بەشـــەقایق کـــەوت، عـــەبای بەســـەروە بـــوو، وەك ئـــەوەی ئامـــادەی ڕۆیشتن بێت، بەرامبەری وەستاو دوبارە تورەیی هات بۆ لای.

– بۆ کوێ؟!

شـــەقایق ســـەیرێکی کـــرد، بـــەڵام بـــەدەنگێکی لـــەرزۆکو هێـــواش کـــە بـــەزۆر دەبیسترا وتی:

– دەمەوێت برۆم نان بکڕم.

– برۆ ژورەوە من خۆم ئەڕۆم.

شەقایق سەبەتەو پارەکەی داناو گەڕایەوە بۆ ژورەکە.

کاتێک سادق گەڕایەوە، شەقایق خوانی قاوەڵتی داخستبوو، نەنەگیانیش لەپاڵ خوانەکە دانیشتبوو، رادیۆکە داگیرسابوو، نەنەگیان بەمۆنی چاویپڕییە سادقو بەهێواشی وتی:

– بۆچی لەگەڵ شەقایقدا شەڕت کردووە؟

سادق بەخوێنساردییەوە:

– لەبەرئەوەی خۆتێهەڵقورتێنە.. بەیانی هاتوە بانگم دەکات، ئاخر بەئەو چی؟

نەنەگیان وتی:

– راست دەکات، تۆ هیچ کاتێك هەینیان لەماڵ نەدەمایتەوە!

سادق زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– دەتەوێت بڕۆم؟

نەنەگیان بزەیەکی کردو بەئارامی وتی:

– نایەوێت بڕۆیت رەوشتت چاك بکە.

سادق سەری بردە پێشەوەو بەهێواشی وتی:

– لەبەر ئەم گێڕانەوەیە رقم لێیەتی.

نەنەگیان وتی:

– ئەو نەیگڕاوەتەوە.. من خۆم زانیم کە دوبارە شەڕتان بووە، لەچاوە گریاناویەکانی شەقایقەوە زانیم.

نیوەڕۆ کاتێک شەقایق قاپەکانی شۆرد، حەزینەدەکرد ئیشێك مابێتەوە بۆ شەو، بەدوای مەنجەڵێکی گەورەدا دەگەڕا بۆ دروستکردنی برنجەکە، بەڵام مەنجەڵی گەورە نەبوو لەچێشتخانە، ژێر خانەکە کەوتە بیری، نەنەگیان خەوتبوو، سادقیش لەژورەکە سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، چەند ساتێك رایبورد، دەنگێکی ترسناك لەژێر خانەکەوە هات، خۆشبەختانە نەنەگیان خەوی قورس بوو، ئەوەش لەبەر ئەو دەرمانانە

بـــوو کـــه بەکاریـــدەهێنا، ئـــەگینا بێگومـــان بێچـــارە دڵـــی دەوەســـتا، ســـادق بەهەراســـانی بـــەرەو ژێرخانەکـــە ڕۆشـــت، شـــەقایق خـــەریکبوو بەپەلـــە مەنجەڵەکانی کۆدەکردەوە، سادق بەترساوی وتی:

– چی بووە؟!

شەقایق وەکو منداڵ وتی:

– هیچ.. ئەمانە لەو سەرەوە کەوتنەخوار!

ســـادق هەناســـەیەکی قـــوڵی هەڵکێشـــاو لەســـەر قادرمـــەی ژێرخانەکـــە دانیشتو بەداخەوە وتی:

– باشە بەمنت بوتایە یارمەتیم دەدایت.

شـــەقایق ئـــەو مەنجەڵـــەی هـــەڵگرت کـــە مەبەســـتی بـــوو، لەکاتێکـــدا لەپلکانەکان دەچووە سەرەوە وتی:

– تۆ هەر سەرکوتم دەکەیت.. نە، من یارمەتی تۆم ناوێت.

پـــاش نیـــوەڕۆ ســـادق لـــەماڵ ڕۆیشـــتەدەرەوە، دەیویســـت تاشـــەو نەیەتەوە بۆ ماڵ.

لەگەڵ خۆیدا بیریکردەوە:

بێگومـــان ئەمشـــەو هـــەموو شـــتێك بـــەدایکم دەڵـــێ، منـــی بێچـــارە ئەمشـــەو بەدبەخت دەبم..

"27"

شـــەقایق لەچێشـــتخانەکە دانیشـــتبوو، زۆربـــەی ئیشـــەکانی تـــەواوکردبوو، هەڵبەتـــە ئەگـــەر مەنیجـــە نەهاتبایـــە لەوانەیـــە ئیشـــەکان تـــاوەکو شـــێوان بمایەتـــەوە، نزیکـــی عەســـر لـــەدەرگا درا، شـــەقایق وایزانـــی ســـادقە، کەچـــی دایکی لەپشت دەرگاکەوە بوو.

– سڵاو دایکە چی بووە؟

مونیرە زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– هیچ نەبووە تەنیا هاتوم..

دەنگی نەنەگیان بەرزبووە.

– کێ بوو شەقایق!

– منم نەنەگیان.

مونیرە لەپێشەوە شەقایق لەدوایەوە چونە ژورەکەوە بەکورتی دوای سڵاو هەواڵپرسیت مونیرە وتی:

– راستییەکەی هەموان رۆیشتون بۆ سەفەر، رۆیشتن بۆ گەرمەسێر لەگەڵ باوکەگیاندا، پەروێزیش سبەینێ، دوو سبەی مۆڵەت وەردەگرێت دەڕوات بۆ کەرەج، وتم ئێستا کە ماڵ چۆڵە منو شەقایق پەردەو لێفەکان بشۆین، لەترسی باوکەگیان سێ ساڵە ناوێرم لێفەکان بشۆم!

نەنەگیان وتی:

– راست دەکەیت ئێستا هەلێکی باشە، دەستی شەقایقیش خۆش بێت، بەتەواوی خستمە زەحمەتەوە.

مەنیجە وتی:

– ئێستا دادە ئەمڕۆ بمایایتەوەو چێشتی دەستی کچەکەت بخواردایە، سەوزەی سورەکراوی دروستکردوە.

مونیرە لەکاتێکدا هەڵدەستا وتی:

– ئەرکی سەرشانییەتی خوشکە، نۆشی گیانت.. ئێمە ئێتر دەڕۆین.

کاتێک شەقایق چووە ماڵەوە لەبێدەنگی ماڵەکە دڵیگیرا، گەرچی هەمیشە گلەیی لەقەرەباڵغی دەکرد، بەڵام زۆر حەزیشی لەبێدەنگیو چۆڵی نەبوو.

– سلاو!

شەقایق سەری بەرزکردەوە مەنوچەری بینی، بەگرژییو توڕەییەوە لەسەر قادرمەکان وەستا بوو، وەك بڵێی لێی تۆرابێت تەنیا لەگەڵ مونیرەدا سڵاوو هەواڵپرسی کرد.

شەقایق لەدڵەوە وتی:

– بێگومان ئەم وابیردەکاتەوە من و سادق هەموو شەوێك قسەی عاشقانە دەکەین، بەتەواویی یەکمان خۆش دەوێت، نازانێ وەك چەقۆو پەنیرین.

– سڵاو ئامۆژن.

نێرگس بەپێچەوانەی مەنوچەرەوە سڵاو هەواڵپرسیەکی گەرمی لەگەڵ شەقایقدا کرد.

شەقایق باش وێڵت کردو رۆیشتی..؟. دایکت هەموو شەوێك بەتەنیا دەنوست، ئێستا حاڵی داپیرەت باشە؟

شەقایق لەپاڵیدا دانیشتو وتی:

– خراپ نییە، بەڵام ناتوانێت بەباشی رێبکات.. دەبێت کەسێك یارمەتی بدات.

نێرگس بەهێواشی وتی:

– دەتوانێت بەتەنیا بچێت بۆ دەستشۆر؟

شەقایق بەهەمان هێواشی وتی:

– کێشەی لەسەر ئەمەیە، دکتۆر وتویەتی جەڵدەی دووەمییەتی، لەبەر ئەمەیە کە بەمجۆرە لەپێ کەوتووە !

نێرگس لەژێر لێوەوە بەورتەورت وتی:

– خوا چاکی بکات.

شەقایق هەستاو عەباکەی لابرد، پاشان بەئاوازێکی بڕ تامەزرۆییەوە وتی:

– ئامۆژن سەوزەی چێشتی شۆربات هێناوە؟!

– بەڵێ، بەڵام کاتم نەبوو پاکی بکەم.

شەقایق وتی:

خـــۆم پـــاکی دەکـــەم، بەمـــەرجێك کاتێـــك چێشـــتی شـــۆربات دروســـتکرد لەبیرم نەکەیت!

نێرگس هەستاو لەکاتێکدا کە بەرەو چێشتخانەکە دەڕۆیشت وتی:

– بڕۆم سینی‌و چەقۆ بێنم.

مەنوچـــەر کـــە چـــاوەڕێی هـــەڵێك بـــوو، هـــاتو لـــەلای دانیشـــت، بەگاڵتەجاڕی وتی:

– خۆش رایبواردو خاتوو نایتینگڵ؟

شەقایق وتی:

– پەرستاریکردنی نەخۆش، خۆش رابواردنە؟

مەنوچەر هێواش وتی:

– دەزانی حەزدەکەم لێت بدەم.

شەقایق بەگاڵتەوە وتی:

– ناوێری!

مەنوچەر بەئاوازێکی بڕاو وتی:

– دەیبینیت!

مـــونیرە لەژورەکـــە دەرچـــوو لـــەلای مەنوچـــەر دانیشـــت هـــەردوکیان قسەیان دەکردو پێدەکەنین.

شەقایق بەسەرسامییەوە:

– دوو خولـــەك پـــێش ئێســـتا وەك بـــورجی ژەهـــری مـــار ســـەیری منـــی دەکرد، ئێستا سەیرکە چۆن پێدەکەنێت؟

شەقایق لەقیندا سەوزەکەی هەڵگرتو رۆشت بۆ لایەکیتر.

عەســـر کاتێـــك ســـادق هاتـــەوە بـــۆ مـــاڵ وایـــدەزانی ئێســـتا شـــەقایق لای دایکـــی دانیشـــتووە بەتـــەواوی گلـــەیی ئـــەوی لای دایکـــی کـــردوە، لەگـــەڵ

خۆیدا هەزار نەخشەی کێشا کە ئەگەر قسەی گێڕابێتەوە چی لێبکات، بەڵام کاتێک هاتەوە ماڵ جگە لەفاتمە کەس لەماڵ نەبوو، نەنەگیانیش لەژورەکەی خەوتبوو، بەخۆی وت:

– لەوانەیە لەگەڵ دایکمدا رۆشتبێ بۆ شتکڕین.

شەرمی دەکرد کە شتێك لەفاتمە بپرسێت، بەڵام کاتێک شەو داهاتو زانی کە شەقایق رۆشتوەتەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆ ساتێك هەستی بەبێزاریو نائومێدی کرد، دڵی ساردبووەو، ئێستا چیتر ماڵی نەنەگیانیش سەرنجراکێش نەبوو بۆی، ئێستا دەیزانی کە بۆچی ئەم تازەییانە بەخۆشییەکی زۆرترەوە دەهاتەوە بۆ ماڵ، سەرەتا وایدەزانی لەبەرئەوەی زوترە لەهەمیشە دەگەڕایەوە خۆشحاڵە، بەڵام ئەمشەو بەبینینی شوێنی چۆڵی شەقایق زانی کە هۆی خۆشیو چالاکییەکەی ئەو بووە، ئەگەر لێرە بوایە لەوانەیە لەبەردەم هەموانداا بیانوی بگرتایە، دەیزانی کە شەقایق رقی دەبێتەوە، بەڵام لەبەر گاڵتەپێکردنەکانی ئەو بوو کە ئیتر نەدەگریا، ئەگینا لەسەرەتای هاتنییەوە دەستی دەکردە گریان، زۆر دڵ ناسکبوو، بەڵام کاتێکیش کە قینی دەکرو پێی دەوت:

– بگری عەیب نییە.

زیاتر تورە دەبوو.

بایەکی مامناوەند هەڵیکردو پەردەکان بەجۆرێك خۆیان دابووە دەست باوە دەنگی ئاوەکە سەیرکردنی بەحەوشەکەوە بەستەوە، شەقایق بوو، خەریکبوو جلی دەشۆرد، ئەڵێی کەس لەحەوشەکە نەبوو، بیگای شەقایق تێکەڵ بەنیگای مەنوچەر بوو، دەڵێی میهرەبان بووە، مەنوچەر وەك سادق کینەلەدڵ نەبوو، شەقایق زەردەخەنەیەکی بەرویدا کردو بەئاوازێکی گاڵتە وتی:

– هەستە تەمەڵ، نیوەڕۆیە!

مەنوچـــەر حـــەزی لەئاوازەکـــەی بـــوو، هەســـتاو لەچوارچـــێوەی دەرگاکـــە وەستاو تەماشایکرد، شەقایق روی تێکردو بەهەمان ئاواز بەردەوامبوو:

– ئا، دەی جلەکەت کوا؟

مەنوچـــەر ســـەیری خـــۆی کـــرد، دوێنـــێ شـــەو کراســـەکەی داکەنـــدبوو، قەپی بەلێوی خۆیدا کردو بەشەرمەزاریيەوە وتی:

– وای هەر بیرم لای خۆم نەبوو!

پاشـــان رۆیشـــتو جلەکـــەی لەبـــەرکرد، هاتـــە حەوشـــەکەو لـــەلێواری حەوشـــەکە دانیشـــت، دەموچـــاوی شـــتو دوبـــارە ئەبڵـــەقی شـــەقایق بـــوو، سەیری دەوروبەرەکەی کردو هێواش وتی:

– ئێمە هەردوکمان تەنیاین؟

شـــەقایق ســـەری بـــەرزکردەوەو بەئەبڵـــەقی ســـەیری مەنوچـــەری کـــرد، پـــڕی دەســـتی کـــرد لـــەئاوو رژانـــدی بەســـەر جلەکـــەی ئـــەودا، مەنوچـــەر رەخنەگرانە وتی:

– ئا، بۆچی ئاوت کرد بەسەر جلەکەمدا؟!

شەقایق بۆری ئاوەکەی بەستو سەیرێکی تورِەی کرد:

– لەبەر ئەوەی روداری!

مەنوچەر وتی:

– مەترســـە، خـــەیاڵی نابـــەجێ نەیـــداوە لەســـەرم!.. وێســـتم بزانـــی کـــە بۆیریم هەیە، ئێستا دایکم لەکوێیە؟

– رۆیشتوە هەندێ شت بهێنێت، تۆ قاوەڵتی ناخۆیت؟

مەنوچەر سەریکردە خوارو وتی:

– دەمەوێت، بەڵام هەموو رۆژێك دایکم چای بۆ دادەکردم.

شەقایق پێکەنیو وتی:

– زۆر باشە، برِۆ ئێستا من دێم.

خوانەکە بەدەقکراوی لەسەر پەرداخەکە بوو، مەنوچەر خوانەکەی کردەوە، پەنیرو کەرەی لەدەوریپەکدا بوو، نانی تازەش لەپالّیدا بوو، شەقایق هاتو لەلای دانیشت قۆریەکەی لەسەر سەماوەرەکە هەلّگرتو چای کردە پیالّەکە، مەنوچەر وتی:

– بۆ خۆتیش تێ بکە.

– چام خواردووە، مەگەر هەموو کەسێك وەك تۆ تانیوەڕۆ دەخەویت!

لەپالّ سفرەکە هەستا، مەنوچەر وتی:

– دابنیشە، ئیشم بێتە.

شەقایق وتی:

ئیشم هەیە، دەبێت جلەکان بشۆم.

مەنوچەر راستگۆیانە وتی:

– مەترسە ئەگەر مایەوە یارمەتیت دەدەم.

– باشە بیلّێ

شەقایق دەیزانی کاتێك مەنوچەر بەراستی قسەدەکات، نابێت دژایەتی بکەیت ئەگینا هاواری دەگاتە ئاسمان..

مەنوچەر بەگالّتەوە وتی:

– حالّی نەنکت باش بوو؟

شەقایق وتی:

– زۆریش نە، دەبێت خۆی بپارێزێت، خوێ باش نییە بۆی، ناتوانێت باش رێبکات.

مەنوچەر بۆ ساتێك بیدەنگبوو، ئینجا بەئاوازێکی کیناوی وتی:

– حالّی پورزاکەت چی، ئەو باش بوو ئینشائەللّا؟

شەقایق ئەمەی وت:

– ئەویش باش بوو.

پاشان ئەبڵەقی حەوشەکە بوو.

مەنوچـــەر لـــەژێر چـــاوەوە ســـەیری کـــرد، دەیزانـــی کـــە ترســـاوە، پەنجـــەی نیشـــانەی بەتونـــدی خســـتە ســـەر گۆنـــایو فشـــاری خســـتە ســـەریو بەهـــەمان ئاواز بەردەوامبوو:

– خۆش رایدەبورد، بەڵێ؟

شەقایق بەتەواوی روی وەرگەڕا لێیو روی وەرگێڕا، هێواش وتی:

– نە، زۆر ماندوکەر بوو.

مەنوچـــەر هەســـتاو بەرامبـــەری دانیشـــت بەدەســـتی رویکـــردە لای خـــۆی، بەتوڕەییەوە وتی:

– دەبێت من بەردەوام چاوم لەتۆ بێت کە نەڕۆیت بۆ شوێنێك؟

شەقایق بێدەنگبوو، مەنوچەر لەم بێدەنگییە توڕەتربوو هاواریکرد:

– بەڵێ؟.. تۆ حەز دەکەیت من هەمیشە چاوم لێتەوەبێت؟

شەقایق بەرزتر لەو هاواریکرد:

– مـــن تـــەنیا لەبـــەر نـــەنکم رۆیشـــتم، مـــن.. ئیشـــێکم نییـــە لەگـــەڵ ســـادقدا، ئێمە لەگەڵ یەکدا قسە ناکەین، ئەگەر قسەیەك بکەین تەنها شەڕە.

مەنوچـــەر لەکاتێکـــدا قســـەکانی ئـــەوی بەگاڵتـــەوە دوبـــارە دەکـــردەوە بەردەوام بوو:

– بـــەڵێ، تـــۆ راســـت دەکـــەی، تـــەنیا چـــاوەڕێی ئـــەوەی کـــە مـــن لـــەماڵ بچمەدەر، پاشان بەئۆتۆمبیلی تایبەتی لەوێی، لای.. لای نەنکت.

پاشان بەگاڵتەوە:

– خۆتی!

مەنوچـــەر لەبەرامبـــەری هەســـتاو لـــەپاڵ قادرمەکـــەوە وەســـتا، چـــەند هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، شەقایق بەئاوازێکی کیناوی وتی:

– تۆ هەڵە دەکەیت من..

مەنوچەر روی تێکردو بەهاوارێکی گوێکونکەر هاواریکرد:

www.pertwk.com

– بێدەنگ بە.. نامەوێت دەنگە شومەکەت ببیستم.

شەقایق هەستاو، بەدەم گریانەوە بەرەو حەوشەکە رۆیشت، مەنوچەر بەدەموچاوێکی سورەبوەوە ئەبڵەقی بوو، بەهەمان هاوار بەردەوامبوو:

– دانیشە، هێشتا قسەکانم تەواو نەبووە.

شەقایق تا ئەوکات تورەبونی مەنوچەری نەبینیبوو، وەک گرکان بوو لەکاتی تەقینەوەداو ساتێك لەقولایی نزیکدەبووە، ئەمجا ئارامتر لەپێش بەئاوازێکی هەرەشەئامێز وتی:

ئەگەر جارێکیتر بێمەوە مالّو، ببیستم رۆیشتوی بۆ شوێنێك، دێم بۆ مالّی نەنکت بەزۆر دەتهێنمەوە، بەجۆرێك لێت دەدەم کە هەرگیز لەبیرت نەچێت، ئیتر ناتوانی بڕۆیت بۆ ئەوێ مەگەر لەگەڵ دایکتدا.

ماوەیەك رایبورد، مەنوچەر بەخێرایی بەرەو ژورەکەیان رۆیشتو بەتوندی دەرگاکەی داخست.

شەقایق بۆ چەند ساتێك بەماتی ئەبڵەقی حەوشەکە بوو، بەدەنگی ئاوەکە هاتەوە بەخۆیدا.

خوانەکەی کۆکردەوە، لەبەر لەرزینی دەستەکانی لەسەر سینیەکەدا دەیاندا لەیەك، کاتێك لەچێشتخانەکە هاتەدەرەوە، بەرەو لای حەوزەکە رۆیشت، ساردی ئاوەکە بووە هۆی ئەوەی لەرزەکە تەواوی لەشی بگرێتەوە.

عەسر کاتێك پەرۆیز هاتەوە، وایدەزانی کە مەنوچەر لەکاتی خواحافیزیدا داوای لێبوردنی لێدەکات، بەڵام ئەو لەدەرەوە چاوەڕێبوو شەقایق لەم رەفتارەی مەنوچەر زویربوو، تەنانەت نێرگس ئاگاداری خەمە شاراوەکەی بوو.

بەیانی رۆژی دواتر مونیرە کاتی رۆیشتن ئەوی گەیاندە مالّی نەنەگیان، دەترسا لەتەنیا هێشتنەوەی شەقایق لەمالّدا، ئیشەکانی

کیومـــەرس دیارنـــەبوو، لـــەناکاو دەهاتـــەوە، مەنیجـــە بـــەهاتنی شـــەقایق زۆر خۆشـــحاڵ بـــوو، زوو ڕۆیشـــت نەنـــەگیان خـــەوتبوو، ماڵەکـــە پـــاکبوو، هەنـــدێك چێشت مابووەوە بۆ نیوەڕۆ، ئیشێك نەبوو کە بیکات.

ســـادق بەچـــەند هـــەنگاوێکی ئـــارام بـــەرەو مـــاڵ دەڕۆیشـــتەوە، لەوانەیـــە ئەگـــەر دەیزانـــی شـــەقایق لـــەماڵ دانیشـــتووە ئەوەنـــدە بێزارنـــەدەبوو،، کاتێـــك دەرگاکـــەی کـــردەوە بـــەبینینی شـــەقایق کـــە لەســـەر هەیوانەکـــە دانیشـــتبوو، وەســـتا، نەیـــدەزانی خۆشـــییەکەی بشـــارێتەوە، کەچـــی شـــەقایق ئاگـــاداری نـــەبوو، بەچـــاوە جوانـــەکانی ئەبڵـــەقی خاڵێـــك بـــوو، بـــەڵام نـــە، دەڵێـــی زۆر ناڕەحـــەت بـــوو، دەگریـــاش، دڵۆپـــە جـــوانو مـــرواری ئاســـاکانی فرمێســـك بەســـەر گۆنـــا بچـــوکەکەیدا دەهاتـــە خـــوارەوە، ســـادق بەهێواشـــی ڕۆیشـــتە پێشـــەوە، بـــەڵام شـــەقایق هێشـــتا ئاگـــاداری نـــەبوو، ئـــەمجارە لەپاڵیدا دانیشت بەئاوازێك کە ترس تێیدا شەپۆلی دەدا وتی:

– شەقایق چی بووە؟

شـــەقایق هاتـــەوە بەخۆیـــدا، بـــەو خەیاڵـــەی کـــە دەنگەکـــە، دەنگـــی مەنوچـــەر بەترســـەوە ســـەیری ســـادقی کـــرد، بـــەڵام کاتێـــك روخســـاری نیگـــەرانی ســـادقی بینـــی هەناســـەیەکی ئاســـودەی هەڵکێشـــاو فرمێســـکەکانی سڕی، سادق وتی:

– بۆچی گریاوی؟ دایکت حاڵی خراپ بووە؟

شەقایق بەدەنگێکی لاواز وتی:

– نەخێر، من تەنیا خەریکی بیرکردنەوە بوم لەشتێك.

سادق بەتانەوە وتی:

– بـــیرت لەشـــتێکی ســـوتێنەر کردوەتـــەوە کـــە فرمێســـکەکانی تـــۆی دەرکردوە! بزانم، نەوەك بیرت لەپیاز کردبێتەوە؟

شـــەقایق زەردەخەنەیـــەکی کـــردو بێـــدەنگ بـــوو، دەزوی بەدەرزییەکـــدا کـــرد کۆپلنەکـــەی پێبـــدورێت، ســـادق دڵـــی پـــڕ لەقســـە بـــوو کـــە دەیویســـت

هـــەمووی بڵێـــت، بـــەڵام لەوانەیـــە شـــەقایق حـــەزی نـــەکردبێت گوێبیســـتیان بێـــت یـــاخود لەوانەیـــە شـــەقایق ئـــەو کەســـە نـــەبێت کـــە دەبوایـــە گـــوێ لـــەو قسانە بگرێت، بێ خواستی خۆی وتی:

– ئەم کۆپلنە هینی خۆتە؟

شەقایق وتی:

– نـــەخێر هینـــی ئامۆژنێکمـــە، خـــۆی ئیشـــی هـــەبوو، دای بـــەمن تـــا بـــۆی تەواوبکەم.

سادق وتی:

– دەتەوێت یارمەتیت بدەم؟

شەقایق بەسەرسامییەوە ئەبڵەقی بوو، وتی:

– مەگەر تۆ دەزانیت؟!

سادق پێکەنی و وتی:

– یانی ئەوەندە سەیرە!

شەقایق وتی:

– باشـــە کەســـێك نـــەتوانێت قۆپچـــەی کراســـەکەی بدورێتـــەوە، ناتوانێـــت ئەمەش بکات.

سادق هێواش وتی:

– ئەویش دەزانم، بەڵام تاقەتم نییە.

شەقایق وتی:

– زۆرباشە تاوەکو من چا دێنم تۆ دەزوەکە بکە بەدەرزییەکەدا.

سادق پرسی:

– جیاوازی نییە هەر رەنگێك بدورم.

شەقایق وتی:

– نە.

سادق لەکاتێکدا لەنێوان دەزوەکاندا بەدوای دەزوی سوردا دەگەڕا، هێواش وتی:

– تەنیا رەنگی سور.

شەقایق سینیە چاکەی لەبەردەمی داناو بەپێکەنین وتی:

– بزانم تۆش هەواداری تیپی پرسپولیسی؟"یانەیەکی ئێرانە کە جلەکانیان رەنگی سورە".

سادق وتی:

– نەخێر، زۆر حەزم لەتۆپی پێ نییە، تەنیا زۆرانبازی.

بۆ ساتێك بێدەنگی بڕیاردەربوو، لەکۆتایدا شەقایق وتی:

– بەراست تۆ ئیشت چییە؟ یانی چیکارەی؟

سادق بەسەرسامییەوە:

– واتە تۆ نازانی؟!

– باشە، نە.

سادق لەگەڵ خۆیدا وتی:

– باشە هەقیەتی، ئێمە هەمیشە تەنیا کاتی شەڕکردنمان هەبووە.

پاشان وتی:

– ئیشی دەستی، شیشە، گۆزە دروستکردن، ئێستاش بازاڕی دار رەواجی هەیە، لەسەر دار شیعر دەنوسینو دەیفرۆشین، دوکانێکیشم هەیە.

شەقایق وتی:

– ئەو نەخشە کە بەدیوارەکەوەیە لەئیشەکانی خۆتە!

سادق وتی:

– بەڵێ، شیعری لەسەر نەخشەکەش هینی خۆمە!

شەقایق پێکەنیو لەژێر لێوەوە وتی:

– باوەڕ ناکەم!

سادق پێکەنیو وتی:

– باوەڕ بکە، تەنیا سێ دێڕی شیعرەکەم نوسیووە، ئەگەر بمویستایە هەموی بنوسم دەبوایە دارێکی گەورەیان بدامایەتێ.

دەنگی دەرگاکە بەرزبوەوە.. سادق سەری بەرزکردەوەو خاتوو ئەکرەمی بینی، لەژێر لێوەوە وتی:

– ئۆی ئەم ژنە فیتنەیە هەمدیس دەرکەوتەوە.

سادق هەستاو بەبێ وتنی هیچ قسەیەك رۆیشت، بەلآم کاتێك چونەدەرەوە گوێی لێبوو کە خاتوو ئەکرەم بەشەقایقی وت:

– مەگەر لەگەڵ سادق ئاشتبویتەوە؟!

سادق حەزیدەکرد بگەڕێتەوە بەتەواوی وەلآمی ئەم ژنە فیتنەیە بداتەوە، لەدڵەوە وتی:

ئەوەندە فیتنەیە دەزانێت منو شەقایق بەیەکەوە قسە ناکەین.

خاتوو ئەکرەم کاتێك زانی نەنەگیان خەوتووە، چەند خولەکێك دانیشتو پاشان رۆیشت.

شەقایق لەگەڵ خۆی وتی:

– سادق هەقیبوو کە بڕوات، ئەم ژنە چەند فیتنەیە دەیەوێت سەر لەهەموو شتێك دەربێنێت.

شەقایق هەستاو خێرا بەرەو ژورەکە رۆیشت، هیچ کاتێك بەقولّیو بەوردی سەیری شیعری سەر نەخشەکەی نەکردبوو.

بەبێ تۆ من ئەو یاخی بوەم.

کە لەتۆفانی چاوەکانت دڵم هەمیشە لەبەردەم بایە.

تەواوی شەو من لەیادت ئەو ریسوا بێ خەوەم.

کە چاوە پڕ هیواکانم گرفتاری عەشقی تۆیە.

هەمیشە لەعنەتو نەفرەت لەچاوەکانی خۆم دەکەم.

کە هەرچی دەکێشم ستەمی ئەم چاوە هەوەسبازییە.

یانی بەراستی ئەم شیعرە سادق خۆی وتویەتی!.. من باوەڕناکەم لەم کارانە بکات، بەو رەوشتە توندوتیژەی ئەم شتانە دورەلێی!

دەنگێک لەژورەکەی نەنەگیان بەرزبووە، نەنەگیان بەدەنگێکی ئارام وتی:

– خاتوو ئەکرەم رۆشت؟

شەقایق دەرگای ژورەکەی نەنەگیانی کردەوەو وتی:

– بەڵێ، رۆیشت.

نەنەگیان وتی:

– لەخوا بەزیادبێت کە رۆیشت، بەخەبەربوم کاتێک هات، بەڵام ئای چەند رقم لەم ژنە فیتنەیەیە وەک یەکێک لەخزمەتکارەکانی شەیتانە! چەندە باسی ئەمو ئەو دەکات.

نەنەگیان بۆ ساتێک بێدەنگبوو، پاشان سەیری دەوروبەری کردو بەردەوامبوو:

– سادق نەهاتوەتەوە؟

شەقایق وتی:

– هاتەوە، بەڵام کە خاتوو ئەکرەم هات، ڕۆیشت.

نەنەگیان وتی:

– منااڵەکەم هەقیەتی، ساڵی پار ئەم ژنە ئەوەندە لاپەڕەی بۆ ڕیزکرد کە خوا دەزانێت، هەرچی خەڵکیش دەداتە ناو دەمیدا نابێتە مرۆڤ، مرۆڤی ڕودار ئەمەیە!

پاشان بەردەوامبوو:

– دایکە بۆنێك دێت، شتێکت لەسەر تەباخەکە داناوە؟

شەقایق حەزی لەقسەکردنەکەی نەنەگیان بوو، هەمیشە لەم چڵ بۆ ئەو چڵ بازی دەدا.

– بەڵێ، قیمەی باینجانم لێناوە.

– باشتکرد دایکە، ئێستا سادق دێتەوە ماڵەکە ئەخاتەسەر سەری!

شەو لەدەوری خوانی شێوان، سادق وەك شەوانی ڕابردو ماتو مۆن بوو، ڕەفتاری ساردو بێ بایەخی سادق بەشەقایقیش زۆری کردبوو، بێزارو تووڕەبوبوو، حەزیدەکرد هەڵسوکەوتەکانی بزانێت، مەگەر چی بووە واسادق دوبارە بەدڕەوشتبووە، خۆ پاش نیوەڕۆ چاکبوو، میهرەبانبوو، پێدەکەنی.

نەنەگیان کە چەند خولەکێك بوو، بێزاربوو لەڕەفتاریان، لەناکاو بەبێ پێشەکی، بەئاوازێك کە تووڕەی تێیدا شەپۆلی دەدا، وتی:

– ئاهـ! مێشکم تێکچوو.

شەقایق خێرا وتی:

– وای نەنەگیان، حاڵت باش نییە!

نەنەگیان تووڕەتربوو دەستی خستەسەر ئەژنۆی و هەستا، ئەمجارە سادق پرسی:

– چی بووە نەنەگیان؟!.. دەڵێی حاڵت باش نییە دەتەوێت دەرمانەکانت.. ..

نەنەگیان قسەکی بەسادق بڕیو بەتوڕەیی وتی:

– ئێـــوە هـــەردوکتان چـــیتانە وەك بـــورجی ژەهـــری مـــار بەرامبـــەر بەیـــەك دانیشتون، ئیتر شەڕیش ناکەن چییە، چی بووە؟!

شەقایق بزەیەکی کردو وتی:

– دڵت بۆ شەڕەکانمان تەنگ بووە؟!

نەنەگیان ئارامتر لەپێش وتی:

– من لەئێوە، دوو گەنج قسەم زیاتر پێیە.. بابە قسەیەك بکەن.

سادق بەبێ هیچ پێشەکییەك وتی:

– نەنـــەگیان بۆچـــی ئـــەم خـــاتوو ئەکرەمـــە دێـــت بـــۆ ئێـــرە، هەرچـــی رێـــزی سەگیشی لێناگیرێت رودارتر دەبێت!

نەنەگیان وتی:

– لـــەم بـــێ رێزییـــە زیـــاتر کـــە چـــوارجار هـــاتووە بـــۆ ئێـــرە رێـــزم لێنەگرتوە!.. باشە بەوتەی خۆت رودارو بێ چاوو رووە، ئیتر!

شـــەقایق خوانەکـــەی کـــۆکردەوە، قاپـــەکانی شـــت، جێگـــە نوســـتنی داخســـت، بـــەڵام تـــازە دەمەتـــەقێی نێـــوان ســـادقو نەنـــەگیان گـــەرم دەبـــوو، بەقسەی نەنەگیان هێشتا نەگەشتبووە نیوە.

شـــەقایق هەســـتاو رۆیشـــتە حەوشـــەکە، چـــەندجارێك بـــەناو حەوشـــەکەدا سوڕایەوە.

دیســـان دڵـــە خـــورتێ هـــاتبوە گیـــانی، ئەگـــەر مەنوچـــەر بهاتبایەتـــە تـــاران دەیزانـــی کـــە ئـــەو دوبـــارە لـــەماڵ نییـــە، بێگومـــان نەدەوەســـتاو دەســـتبەجێ بەرەو ئەوێ دەهات، بەڵام.. بەڵام مەگەر مەنوچەر خاوەنی ئەوە.

دەنگـــی"زیکـــەزیك"کـــەرەکان بێـــدەنگی شـــەوەکەی دەشـــکاند، ســـادق نەیـــدەتوانی بخـــەوێت، خـــەیاڵی ئـــەو قســـانەی کـــە لەســـەر دڵـــی بـــوو بـــوێریو تـــەنیایی نـــەبوو بـــێ خـــەویکرد بـــوو، هێـــواش لەجێگەکـــەی هەســـتاو خـــۆی گەیانـــدە ســـەربانەکە، جارجارێـــك جگـــەرەی دەکێشـــاو دڵـــی پڕبـــوو،

لەخەیاڵەکانیدا نووقم بوو، لەناکاو دەنگێکی لاواز لەکۆڵانەکەوە هێنایەوە هۆشی خۆی، ڕێبوارێك وەك خۆی بێخەو، خەریکی گۆرانی وتنبوو، گۆرانیەکی غەمگین کە سادقی خستە خەیاڵەوە:

ئەمە بۆنی نامۆیی ڕێگە نییە.

بۆنی ئاشنای عەشقە.

لێدانی دڵی زەوی نییە.

ئەم دەنگە، دەنگی عەشقە.

ناوی تۆ گەرمی شەرمە لەبۆشایی ساردی زستاندا.

ویستی تۆ ئەستێرەیەکە لەپشت ئەم هەورە قورسانەوە.

دەنگەکە لەچۆڵی کۆڵانەکەدا نەما، بەلام، کاریگەری هێشتا لەبیری سادقدا مابوو، هێواش وتی:

– ناوی تۆ گەرمی شەرمە.. وەك شەرمی گەرمو سور وەك ناوی شەقایق.

هەستێکی خۆش تەواوی لەشی داگرتبوو لەشەوێکی پڕچێژدا نوقمی کردبوو.

– دایکە لەسەربان خەوتوە، دەترسم بانگی بکەم!

نەنەگیان بەسەرسامی وتی:

– وای!.. بۆچی ڕۆیشتوەتە سەربان.. باشە هەر لەخوارەوە بانگی بکە، دوا دەکەوێت ها!

تـــا شـــەقایق ویســـتی ســـادق بانگبکـــات ئـــەو لەپلەکانـــەکان هاتـــەخوارەوە.. وەك منـــدالێ چـــاوەکانی پـــاککردەوەو بـــەیانی باشـــی کـــرد، شەقایق زەردەخەنەیەکی بەڕویدا کردو بەلایدا تێپەڕی.

ســـادق ســـەیری ســـەعاتەکەی کـــردو بـــەخێرای بـــەرەو لای ژورەکـــە رۆیشـــت، دوو خولـــەکی پێنەچـــوو بـــەئامادەیی لەســـەر خوانەکـــە دانیشـــتبوو، بـــەکورتی وەك هـــەموو رۆژێـــك خێـــرا، بـــەنیوەو ناتـــەواوی قاوەڵتییەکـــەی خـــواردو لـــەماڵ رۆیشـــتە دەرەوە، بـــەڵام تاســـەر کۆڵانەکـــە رۆیشـــتو یەکســـەر وەســـتا، دڵـــی دەیویســـت بگەڕێتـــەوەو بپرســـێت کـــە شـــەقایق ئـــەمڕۆش دەمێنێتـــەوە یـــان نـــە؟ دودڵبـــوو کـــە بگەڕێتـــەوە یـــان بـــڕوات، بـــەڵام داینـــا کـــەبڕوات، چـــونکە ئەگـــەر بیزانیایـــە شـــەقایق دەڕواتـــەوە، بێگومـــان تـــەواوی رۆژەکە ناڕەحەتو بێتاقەت دەبوو.

شـــەقایق دوبـــارە وەك رۆژی پێشـــوو لەســـەر هەیوانەکـــە دانیشـــتبوو، بـــەڵام کـــە هـــەر دەســـتی دەکـــرد بـــەدورینی کۆپلنەکـــە یەکســـەر قســـەکانی مەنوچـــەر دەکەوتـــەوە بـــیری، لەوانەیـــە ئێســـتا گەڕابێتـــەوە بـــۆ مـــاڵ، خۆزگـــە مـــونیرە دەهـــاتو دەیـــبردەوە بـــۆ ماڵـــەوە، شـــەقایق لـــەوە دەترســـا کـــە مەنوچەر بێت بۆ ئەوێ.

– شەقایق چی بووە؟

– وای.. تۆی، ترسام.

سادق بەهێواشی:

– بـــیر لەچـــی دەکەیتـــەوە؟ هـــا!.. حەزدەکـــەم بـــزانم چـــی ئەوەنـــدە خەیاڵی سەرقاڵ کردویتو هۆشت لەلای خۆت نییە.

شـــەقایق بێـــدەنگبوو،، ســـادق چـــاوەڕێی وەڵام بـــوو، خـــەیاڵێك هـــەر وەك هەورەبروسکە بەمێشکی شەقایقدا هات، بەپەلە وتی:

– شتێك بڵێم سادق؟

سادق پێکەنیو وتی:

– باشە بیلێ، من چاوەڕێم کە بیبیستم.

شەقایق هێواش وتی:

– دەزانیت کچێك عاشقت بووە؟!

سادق بەبیستنی قسەکەی شەقایق غافڵگیربوو.

خوایەگیان، سوپاس خۆی دەستپێشخەری کرد، ئەگینا من بوێری ئەوەم نەبوو کە بڵێم خۆشم دەوێی، ئاخر من لەکوێو ئەو لەکوێ..

بەپێچەوانەوە، شەقایق لەخۆشییەکەی سادق بێتاقەتبوو، بەڵام باشە، ئێستا زانیبوی کە سادق کچی دراوسێکەیانی خۆش دەوێت، سادق دەستەکانی بەدەوری قاچیدا سوڕداو پرسی:

– باشە ئەو کچە کێیە؟

شەقایق ئەبڵەقی بەرامبەری بوو وتی:

– ئەوەتا لەوێ وەستاوە.

سادق سەرسامانە سەیری ئەو شوێنەی کرد کە شەقایق ئەبڵەقی بوو،، تورەبوو، بۆ ساتێك وایدەزانی کە شەقایق خۆی وتووە، هەستاو بەسەیرکردنێکی کیناوی ئەبڵەقی بوو نەیدەزانی چی بڵێت، بەتەواوی تورەبوو، بەچەند وشەیەکی پچڕپچڕ وتی:

– یانی تۆ.. تۆ بەمجۆرە بیردەکەیتەوە؟

شەقایق سەریکردە خوارو بەساردییەوە وتی:

– بەسەیرکردنیت زانیم!

سادق دانیشت، ڕێك بەرامبەری، بەقینەوە سەری شەقایقی بەرزکردەوەو بەهێواشی، بەڵام بەتورەیی وتی:

– بەچاوی منیشدا زانیت؟

شەقایق سەیری چاوەکانی سادقی کردو کە تەنانەت کاتی تورەیش بێتاوان دیاربوو، هێواش بەدەنگێك کە لەناڵەی دەکرد وتی:

– نە.. .

سادق هەستایەسەرپێ‌و بەهەمان ئاواز بەردەوامبوو:

– کام گێلە وتویەتی کە دڵ ڕێگەی هەیە بۆ دڵ..

پاشان خێرا لەماڵ ڕۆیشتە دەرەوە، دەنگی نەنەگیان بەرزبووە:

– چیبە دوبارە شەڕتان کرد؟

شەقایق لەگەڵ خۆیدا وتی:

– نازانم، یانی ئەمەش شەڕ بوو، یانی دوبارە دەتۆرێ؟

شەو هات،، سادق هێشتا نەگەڕابووە، شەقایق‌و نەنەگیان نانی شێوانیان لەبێدەنگیدا خوارد، نیو سەعات بەیەکەوە قسەیانکرد کاتێک نەنەگیان خەوت شەقایق ڕۆیشتە حەوشەکە، لەحەوشەکە لەلای دار هەنارەکە وەستا، سادق زوو دەرکەوت، شەقایق لەبەری خۆیەوە:

– خۆزگە زوتر بهاتمایەتە حەوشەکەوە !

سادق هێواش وتی:

– بۆچی لەوێ دانیشتویت، لەم تاریکیەشدا !

شەقایق هەستا هەوڵیدا زۆر ئاسایی قسەبکات:

– لەمن تۆراوی؟

سادق شتێکی نەوت، بەڵام راست سەیری شەقایقی کرد، لەسەیرکردنی سادقدا شتێك نەبوو، نەمانایەکی تایبەتی کە ڕونەاکی‌و خۆشەویستی لێوەدەربچێت، بەڵام هەر ئەو نیگا وشك‌و بێگیانە توانی دڵی شەقایق بکاتەوە.

سادق هێواش وتی:

– من هەر ناتوانم مەتەڵ هەڵبهێنم.

شەقایق بەنیگایەکی پرسیارگەرانە تەنیا ئەبڵەقی بوو، سادق ئارامتر لەجاران بەردەوامبوو:

– ئاخر هەرچی زیاتر سەیرت دەکەم کەمتر دەتناسم.. نیگات وەك رازێکە، عەسر کاتێك وتت کچێك.. وازی لێ بێنە، ناتەوێت بخەویت؟

شەقایق هیچی نەوتو تەنیا تەماشای دەکرد وەك بڵێی چاوەڕێ بوو هەمدیس قسەبکات، سادق پێکەنینێکی شاراوەی خستەسەر لێوی و بەرامبەری وەستاو بەئاوازێکی فەرماندەرانە وتی:

– شەوێك درەنگ لەکاتی گەڕانەوەمدا، یەکسەر دەنگێك لەتاریکیەکەوە هات، ئەو کاتە دوچاوی سەوز لەتاریکی کۆڵانەکەدا درەوشایەوە، سەرەتا وامزانی ئەمە چاوی تۆیە، بەڵام پاشان زانیم کە ئەو چاوە چاوی پشیلەیەکی رەش و ناشیرین بوو!

شەقایق سەرەتا جێگۆڕکێی کرد، پاشان بەتوڕەییەوە:

– زۆر بێتامی..

بەشی چوارەم
"29"

شەقایق تازە خوانەکەی دادەخستبوو کاتێک دەنگی لێدانی دەرگا بەرزبووە، بێخواست کەوتە دڵەخورتێ، نەوەک مەنوچەر بێت، لەسەر هەیوانەکە بەدەنگێکی لەرزۆک پرسی:

– کێیە؟

ئاشنای دەنگی مەنیجە بوو، شەقایق هەناسەیەکی ئاسودەی کێشاو بەرەو حەوشەکە رایکرد مەنیجە وەک هەمیشە لەڕێگەوە نەگەشتبوو دەستی پێکرد پێکەنی و وتی:

– بۆ نیوەڕۆ چیت دروستکردوە؟

– دەم پوختەک.

شەقایق باش دەیزانی کە پووری رقی لەم چێشتەیە، مەنیجە ناوچاوی گرژکردو وتی:

– من لێوی پێوە نادەم!

نەنەگیان لەژورەکە دانیشتبوو، بەبزەوە وتی:

– هێشتا نەهاتوی دەستت پێکرد؟

شەقایق مەنجەڵی چێشتەکەی هێنا.

– پووڕ، فاتمە لەکوێیە؟

مەنیجە بەدەمی ئاوخواردنەوە وتی:

– رۆیشتوە بۆ لای دوانەکان.

شەقایق پرسی:

– پووڕ، لەئاکامدا ناوی منالّەکانتان نا چی؟

مەنیجە وتی:

– بڕیاریان لەسەر "میناو رەزا" دا، ئیتر ازانم دەگۆڕێت یان نە؟

نەنەگیان ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

– مەنیجە زۆر حەزدەکەم منداڵەکانی فەریبا ببینم، دوێنێشەو خەوم بەدایکمەوە بینی خوا لێی خۆش بێت.

نەنەگیان کەمێك وەستاو وتی:

– وابزانم کاتی رۆیشتنم هاتووە!

مەنیجە مۆنەیەکی کردو وتی:

– نەنەگیان توخوا ئەم قسانە مەکە.

نەنەگیان ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو وتی:

– ئێستا چی بووە کە بەم رۆژە هاتوی بۆ ئێرە؟

مەنیجە وتی:

– هیچ بابە، دوێنێشەو هات بۆ ئەوێ، دەیوت دایکە نازانم چی بکرم بۆ فەریبا.

– تۆ سەبەینێ وەرە بۆ مالّ نەنەگیان منیش مۆڵەت وەردەگرم کە بەیەکەوە بڕۆین شتێك بۆ فەریبا بکڕین.

لەدەرگا درا، مەنیجە وتی:

– خۆیەتی!

پاشان بەشەقایقی وت:

– تا تۆ دەرگاکە دەکەیتەوە، من چێشتەکە دەهێنم.

شەقایق هەستاو دەرگای حەوشەکەی کردەوە، سادق بەبێ پێشەکی وتی:

– دایکم لێرەیە؟

شەقایق وتی:

– بەڵێ، سڵاوەکەت لەبیرچوو!

سادق سەری باداو وتی:

– سەرەتا سڵاو پاشان، بزانم هەموو ژنێك وایە؟

– چۆن؟

سادق وتی:

– هەر ئەوەی کە مرۆڤ بێزاردەکەن.

شەقایق وتی:

– نەخێر هیچ کامیان بەمجۆرە نییە!

سادق زەردەخەنەیەکی شەیتانی خستەسەر لێوی‌و وتی:

– ئەگەر هیچ کامیان وانەبن یەکێکیان تەمەنێکە کڵاوی خستوەتەسەرم!

شەقایق تەماشایەکی کرد، بەڵام سادق سەیرکردنەکەی بێوەڵام دانا، مەنیجە بەشێوەی پرسیارگەرانە وتی:

– نەنەگیان سادق‌و شەقایق ئاشتبونەتەوە؟!

نەنەگیان وتی:

– بەڵێ، بەڵام مەیدە لەروی، سادق لەخۆباییە، ئەگەر قسەیەکی بێپەیوەندی بۆ بکەیت دوبارە دەبێتەوە کوڕە خراپو لەخۆرازییەکە!

لەسەر خوان مەنیجە وتی:

– نەنەگیان تۆ بڵێی.. من دەڵێم ئێستا کە پارەکەت ئەوەندەیە پارچەیەك ئاڵتون بکڕە.

سادق وتی:

– ئاخر دایکە خۆت دەڵێیت هێشتا دیارنییە، ناویان رەزاو مینا بێت!

مەنیجە وتی:

– ناوی رەزا تازە پەسەند کراوە، ئیتر قسەشی ناوێت.

شەقایق وتی:

– باشە گوارەیەکی ئاڵتونیش بۆ کچەکە بکڕن!

نەنەگیان بەپێکەنینەوە:

– راستیان وتوە لەهەر مێشکێکدا خەیاڵێك هەیە، شەقایق راستدەکات!

سادق وتی:

– دایکە باشە یان نە؟

مەنیجە وتی:

– بەڵێ، باشە.

شەقایق وتی:

– بەڕاست فاتمە دەیەوێت چی بکڕێت؟

مەنیجە بەخۆشحاڵییەوە:

– دەموێست ئەمە بڵێم.. باشبوو وتت فاتمە خەریکبوو لەبیرمدەچوو، پێنج شەممەی ئەم هەفتەیە بڕیاروایە داواکاری بێت!

شەقایق وتی:

– راست دەکەیت، پوریێ!

مەنیجە ئەمجارە بەئاوازێکی خەفەتبار وتی:

– بەڵام دەڵێت نامەوێ، دەڵێت شەقایق لەمن گەورەترە، یەکەمجار دەبێت ئەو شوبکات.. مەنیجە بەپێکەنینەوە بەردەوام بوو:

– پوریێ بۆچی مێرد ناکەیت؟

نیو کاتژمێر دەبوو کە باسەکە بەدەوری شوکردنی شەقایدا سوڕیدەخوارد، لەم نێوەندەدا سادق بێدەنگی هەڵبژاردبوو، خۆزگە ئەوەندە بوێری هەبوایە کە قسەکانی ناخی بکات.

عەسر کاتێک مەنیجەو سادق لەشتکڕین هاتنەوە، مونیرەش هاتبوو، شوێنی فاتمە بەتەواوی چۆڵبوو، سادق وەک هەمیشە دور لەکۆمەڵەکە لەسوچێکدا دانیشتبوو، کاتێک شەقایق چای بۆ برد، لەسەیرکردنیدا روناکییەک درەوشایەوەو تەواوی توانای خۆی کۆکردەوە بۆ وتنی وشەیەک، بەڵام بەهێواشی وتی:

– بمێنەرەوە.. ئیشم پێتە.

شەقایق بەسەرسامی لەئاوازی پارانەوەکەی دانیشت، سادق بەشێوەی دڵرەنجان وتی:

– نە، ئەوێ نە، لەسەر قادرمەکە.

شەقایق وتی:

– یانی پشتم لەتۆ بێت؟

سادق سەری کردەخوارو بەهێواشی وتی:

– دەمەوێت شتێکت لێ بپرسم.. بەڵام شەرمدەکەم.

شەقایق بێخواست وتی:

– بەو چاوانەوە نایەت کە ئەوەندە شەرمن بێت!

سادق سەیرێکی مانادار کردو بەچەند وشەیەکی وەک چپە وتی:

– تۆ ئامادەی رۆژێک لەگەڵ من،.. زەماوەند بکەیت؟

www.pertwk.com

شـــەقایق بەبیســـتنی ئـــەم رســـتەیە کـــە بەڕاســـتگۆیی پێـــی وتـــرا، بەشـــەرمنی ســـەری کردەخـــوار، بێـــدەنگی شـــەقایق زۆر درێـــژبووە، ســـادق هێواشتر لەپێش وتی:

– خۆ پەرستم کە ئەمەم پێ وتی، هەر لەبیری..

شەقایق بەبێ پێشەکی، بەڵام بەدەنگێکی هێواش وتی:

– ئامادەم ئەگەر تۆ ئامادەبیت لەگەڵ کچێکی خۆهەڵقورتین..

دەنگـــی مـــونیرە یەکســـەر کـــۆڕی عاشـــقانەیانی تێکـــدا، دەنگێکـــی لاواز لەقوڕگی سادقەوە دەرچوو:

– ئاخ حەیف!

مونیرە هاتە هەیوانەکە.

– هەستە شەقایق.

سادق هەستاو وتی:

– بۆ کوێ پوریێ؟

– بـــڕۆین ئـــێتر.. تـــەنیا زەحمـــەتێك کەوتەســـەر تـــۆ.. ســـبەینێ وەرە بەشوێن شەقایقدا بیبە بۆ مالێ فەریبا!

سادق بەسەرسامییەوە پرسی:

– مەگەر سبەینێ خۆت نایەیت بۆ ئەوێ؟!

مونیرە لەکاتێکدا کە عەباکەی رێکدەکرد وتی:

– هـــەموو کـــارێکم کـــرد تـــاوەکو پـــێش ســـەعات چـــوار مۆڵـــەتم بـــدەنێ، نەیاندا، منیش تا ئەوکاتە خۆم دەگەیەنم.

سادق وتی:

– باشـــە، ســـبەینێ دەڕۆم بەشـــوێن شـــەقایقدا.. دەڵـــێم پـــوریێ باشـــە بهێڵە شەقایق لێرە بمێنێتەوە!

مونیرە وتی:

– نە پوریێ گیان، ئیشی هەیە....

کاتی خواحافیزی سادق بەهێواشی بەشەقایقی وت:

– زوتر دێم بەشوێنتدا....ئیشم پێتە.

دوای ئەوان مەنیجەش رۆیشت، سادق خۆشحاڵبوو، لەخەیاڵیدا تەنیا خۆی و شەقایق هەبوون، ئیتر بۆ هیچ کەسێك لەجێگەیەك نەبوو، دەیتوانی هەتا بەیانی بیر لەو دوو چاوە خوماراوییە سەوزە بکاتەوە، لەناکاو بەنەنەگیانی وت:

– نەنەگیان بەبڕوای تۆ پوورم دەهێڵێت من لەگەڵ شەقایقدا زەماوەند بکەم؟

نەنەگیان بەوردی سەیری سادقی کردو بەئاوازێکی هێمادار وتی:

– خۆ تۆ ئەم قسەیەت بەڕاست نەکرد؟!

سادق لەلای پەنجەرەکە دانیشتو بەرەو روی نەنەگیان سوڕاو بەسەرسامییەوە وتی:

– بۆچی، زۆر بەڕاستی وتم:

نەنەگیان وتی:

ئەو کاتە کەپێم دەوتی شەقایق کچێکی باشە، خزمە، جوانە.. دەتوت ئەم کچە بەکەڵکی من نایەت!

سادق بەهەراسانی وتی:

– مەگەر ئێستا چی بووە؟

نەنەگیان وتی:

– کەسێك لەتۆ باشتر، پێشتر شەقایقی رازیکردوە.

سادق بەهەمان ترسەوە پرسی:

– کێیە، نەنەگیان؟

نەنەگیان وتی:

– کوڕە مامەکەی، مەنوچەر

سادق بەگاڵتەپێکردنەوە:

– ئەو ئوتوکراوە منالّە! ها، مەگەر گەورە بووە؟

نەنەگیان وتی:

– پـــورت دەلّێـــت عاشـــقی شـــەقایق بـــووە، دەلّێـــت کـــوڕێکی باشـــە، شەقایقی دەدەمێ! تازە شەقایقیش رازییە.

سادق لەلای پەنجەرەکە هەستاو بەسەرسامییەوە وتی:

– شەقایق رازییە؟!

– بەلّێ، مەگەر کوڕەکە چییەتی؟

سادق بەرامبەر نەنەگیان دانیشتو وەکو مندالّ وتی:

– مەگەر من چیمە؟

نەنەگیان راست سەیری چاوەکانی کرد، وتی:

– تـــەنیا گێلـــی، کچـــت نەناســـیوە، ســـادەی؟!، کـــچ پەیوەنـــدی بەیەکرەنگییـــەوە نییـــە، هـــەموو مێشـــکی لەچـــاویدایە، مەنوچـــەر جوانـــە، پـــارەی هەیـــە، وەك تـــۆ گێـــل نییـــە کـــە رۆژێـــك لەگـــەلّ یەزیـــدیو رۆژێـــك دەبیتـــە شمشێر بەدەستی ئیمام حسین!

سادق کینەیەکی خواردەوەو وتی:

– بۆچی شەقایق هیچی بەمن نەوتووە؟!

نەنەگیان بەتوڕەییەوە:

– مەگەر تۆ خاوەنی شەقایقی کە هەموو شتێك بخاتە دەستت؟!

سادق بێدەنگبوو، لەگەلّ خۆیدا وتی:

– دەی بۆچـــی وتـــی ئامادەیـــە شـــوم پێبکـــات.. یـــانی پشـــیلە ســـەمادەکات؟.. نـــەوەك بیـــەوێت تـــوڕەم بکـــات؟.. نـــەوەك بیـــەوێت کـــلاّوم لەســـەر بنـــات؟ لەوانەیـــە دەیـــەوێت پـــێم پـــێ بکـــەنێت، وای تـــۆ چـــەند خۆشـــباوەڕی، خۆتکردوەتـــە هاوتـــای ئـــەو شـــارەزایە، مەنوچـــەر! مەگـــەر شـــەقایق شـــێتە شـــوو بـــەتۆ بکـــات، بێگومـــان ئێســـتا قاقـــا بەقســـەکانت پێدەکـــەنێت خۆلّبکـــە بەســـەر ســـەرە ســـادەکەتدا، ئـــاخر بۆچـــی وتـــت

خۆشتدەوێ؟.. نە! من نەموت خۆشم دەوێ، وتم تۆ ئامادەی لەگەڵ منداا زەماوەند بکەی، هاا، ئەویش چەند خولەکێك بێدەنگبوو بیری کردەوە چۆن تۆ کەر بکات، ئاخ چەند سادە کەری کردم، بەوشەیەك منی کردە مۆم، چەند سادەم چ خەیاڵاتێك دابوی لەسەرم، ئەو منداڵە کاڵاوی نایەسەرم!.

کینەیەکی گەورە گەروی گرتبوو، لەو کاتەدا دورپویی ژن بۆ سادق لەخەنجەر تیژتر بوو، لەژەهری مار سوتێنەرتربوو، لەچەکوشی ئاسن قورستربوو، ئەو لەوکاتەدا تەنیا شەقایقی بەتاوانبار دەزانی، ئەستێرە گەورەو بچوکەکان بەبڵاوی لەئاسمان خەوتوو، نەخەوتوو هەمویان تەماشای سادقیان دەکرد، سادق هەندێکجار بۆ نەهێشتنی تورپەییەکەی جگەرەکەی دەکێشاو دور لەسەیرکردنی مانگ فرمێسکی دەڕشت، هیچ کاتێك خۆی بەم گێلیو بچوکییە نەبینیبوو، چۆن کچێك بەچەند وشەی سادە یاری بەهەستی دەکرد، هەرگیز نەیدەتوانی لێی ببوریت، چاوی کەوت بەکاغەزەکەی گۆشەی سەربان، دوبارە کاغەزەکەی هەڵگرتو سەیرێکی نوسینەکانی سەری کرد:

نیگای سەوزی چاوەکانت لەسەرم دەرناچێت

جگە لەگرتنی دەستەکانت مەگەر ئەم دڵە چی دەوێ؟..

ئەو رۆژانەی کە لەگەڵ شەقایقدا شەڕی دەکرد، ئەو رۆژانەی چێژی لەتوڕەبونی شەقایق وەردەگرت، تەنانەت ئەو کاتەی کە بەنەنەگیانی دەوت رقی لەشەقایقە، ئەوی خۆشدەویست، هەمیشە لەخەیاڵیدا، لەخەیاڵی شەوانەیدا ئەوی لەجلی سپی بوکدا دەبینی لەپاڵ خۆیدا.

حەزیدەکرد دڵبداتە کچێکی ناسک، بەڵام هیچ کاتێک بیری لەوە نەکردبووە کە لەوانەیە کەسی سێیەمیش لەنێواندا بێت، لەوانەیە دڵێکی تریش بۆ شەقایق لێبداتو یاخود مێشکێکی تر بیر لەشەقایق بکاتەوە، هیچکات لەزمانی شەقایقەوە قسەیەکی لەبارەی مەنوچەرەوە نەبیستبوو، هیچکات بیری نەدەکردەوە کە شەقایق دڵی دابێت بەئەو!

ئەم خۆپەرست بوو یان شەقایقو یان مەنوچەر..؟

"30"

نەنەگیان بەیەکەوە برۆین بەشوێن..

نەنەگیان بەتوڕەییەوە وتی:

نەنگی تۆ ئەمەیە، هەمیشە دەتەوێ رابکەیت، بۆ جارێک روبەڕوی قسە بکە.. خەیاڵیشت ئاسودە دەبێت.

سادق وادیار بوو کە وەڵامی دراوەتەوە، کاتێک نەنەگیان رۆیشت بۆ ماڵ فەریبا بەپێ دواخستن چوو بەشوێن شەقایقدا.

لەدەرگای داو لەلایەک وەستا، دوبارە تووڕەیی هاتەوە بۆ لای، لەگەڵ خۆیدا وتی:

– من نەئەبوایە گوێم لەقسەکانی نەنەگیان بگرتایە، ئێستا خۆم زۆر سوك کردووە کە هاتووم بەدوایدا.

– سلاّو.. !

دەنگی شەقایق زنجیرەی خەیاڵەکانی لەیەککردەوە، هەر بەو جۆرەی کەسەری لەخوار بوو هێواش وەڵامی سلاّوەکەی دایەوە، سەری کردەخوارو کەوتەرێ، شەقایق سەری سوڕمابوو، بەڵام بێ ئەوەی قسەیەك بکات بەدوایدا هەنگاوی هەڵگرت، تەواوی خەیاڵە ئاڵتونییەکانی شەقایق بەرەفتاری ساردی سادق لەناوچوو، هەمیشە هەر بەمجۆرەیە کاتێك مرۆڤ وابیردەکاتەوە کە هەموو شتێك تەواوبووە، دەستبەجێ دەزانێت تازە سەرەتای بەسەر هاتەکەیە، شەقایق بێتاقەت بوو، بەتوڕەییەوە:

– سادق! ئارامتر رێ بکە، من ناتوانم توند رێ بکەم.

لەشەقامەکە روداری ئۆتۆمبێل روویدابوو رێگەکان قەرەبالّغبوو، لەبەر ئەمە ئاراستەیان گۆڕی بۆ ناو باخچەیەکی بچوك، شەقایق تەواو توڕەبوو، سادق رقی لەخۆی بوو لەوەی کە ناتوانێت قسەکانی بکاتو توڕەبوو، لەناکاو شەقایق وەستاو وەك منالّە تۆراوەکان وتی:

– من چیتر رێناکەم!

سادق رویکردە لای، سەیریکردو وتی:

– بۆچی؟!

شەقایق لەسەر کورسییەك دانیشتو وتی:

– تا نەڵێی چیتە، رێت لەگەڵدا ناکەم!

سادق دەستیکرد بەگیرفانیداو لەکاتێکدا بەرەو لای ئەو هەنگاوی دەنا بەئاوازێکی ئارامو خوێنساردییەوە وتی:

– ناتوانم درۆت لەگەڵدا بکەم، رقم لێتە، تێکدەچم کاتێك تەماشای دەموچاوت دەکەم.

شەقایق وەك پەیكەر ماتبوو، بەدەنگێكی لاواز وتی:

– تۆ.. تۆ لەگەڵ منداى؟!

سادق بەرامبەری وەستاو هاواریكرد:

– بەڵێ لەگەڵ تۆدام، بێوەفا!

شەقایق بەدەم فرمێسكڕشتنەوە ئەبڵەقی بوو، ئینجا بەتوڕەییەوە:

– كیومەرس راستی دەكرد كە تۆ مرۆڤێكی پیسی.

سادق بەرامبەری وەستاو وەك ئەو بەتوڕەیی وتی:

– دەتویست پێی بڵێی كە خۆت باڵەیەكی، حەزدەكەم وەك دەسرێكی چڵكنو پیس بتخەمە ناوەڕاستی شەقامەكە!

شەقایق راست ئەبڵەقی چاوانی سادق بوو، لەنێوان توڕەیدا چاوەكانی دەیانتوانی شتێكیتر ببینن، نیگایەك كە بەپارانەوە رویتێكردبوو، هێواش وتی:

– چییە بەشەوێك دام لەدڵت؟

سادق پێكەنینێكی مەبەستداری كردو دەستی بەدارى پاڵ كورسییەكەوە گرت.

– تۆ بەمشێوەیە سەیری مەنوچەریش دەكەیت؟!

شەقایق پێكەنینێكی تووڕەو كوڕتی كردو لەنێوان پێكەنیندا بەئاوازێكی كیناوی وتی:

– كەواتە ئەو هاتووە بۆ لات.

– نەخێر، ئەو نەهاتووە، نەنەگیان پێی وتم كە عاشقتە!

سادق كەمێك وەستاو پاشان بەشێوەی چپە بەشەقایقی وت:

– تۆ دەتویست گاڵتەم پێ بكەیت، دەتویست پێم پێ بكەنیت، لەلای خۆتەوە وتت باكلاو بخەمەسەری، گاڵتەت پێ بكەم، بابێتە داوام پاشان كاتێك زانی مەنوچەر عاشقمە خۆی دەڕوات، دەڕوات بەگێلی

خـۆی پێدەکـەنێ، لەوانەیـە وتبێتـت لەخەفەتـدا دیـق دەکـات، شـێت دەبێـت گرفتی من نییە!.. دەیتوانی عاشقم نەبێت.

شەقایق وتی:

– خۆت دەزانیت هەموو ئەم قسانە درۆیە!

سادق بەبێبایەخدان بەتورەییەوە:

– مـن نەمدەویسـت عاشـقت بم، تـۆ ویسـتت، تـۆ کـردت، تـۆ هـەر سەیری منت کرد تۆ منت..

شەقایق وتی:

– مـن!.. مـن بەدبـەختم کـردی؟! دەی بـڕۆ بابەدبـەخت نـەبیت، مـن وامـدەزانی مەنوچـەر منداڵـە، بـەڵام تـۆ لـەو منـداڵتری، تـۆ.. هـەر شـێتی، تـۆ ئەگـەر دوێنـێ ئـەو قسـانەت نـەدەکرد مـن شـتێکم نـەدەزانی خـۆ مـن قسـەیەکم نـەکرد، مەگـەر مـن شـێتم کـە رۆژێـک لەگـەڵ شـێتێکی وەک تـۆدا لەژێر سەقفکێدا ژیان بەسەربەرم!

سادق وتی:

– تۆ درۆت لەگەڵ من کرد.. تۆ پێتنەوتم مەنوچەر خۆشی دەوێی.

شەقایق وتی:

– منـیش ئـەوم خۆشـدەوێ نـەک بـەو جـۆرە، خۆشـم دەوێ، چـونکە هەمیشـە ئاگـای لێمـە، چـونکە ئامۆزامـە!.. هەنـدێ کـات بیردەکەمـەوە کـە ئەگـەر بـرام هەبوایـە لەوانەیـە وەک مەنوچـەر بوایـە، بـەڵام هیچـکات لەبیرمـدا نـەهاتوە کـە رۆژێـک لەگـەڵ ئـەودا.. مـن درۆم لەگەڵتـدا نـەکرد، هەرچـیم پـێ وتـی راسـتە، هـیچ کاتێـک نەمویسـتوە پێـت پـێ بکـەنم، تەنانەت کاتێکیش کە شەڕم لەگەڵدا دەکردی.

سادق لەپاڵیدا دانیشتو لەسەر کورسییەکە وتی:

– یانی لەسەر قسەی خۆتی؟

– بەڵێ.

سادق وتی:

– یانی تۆ ئامادەی واز لەمەنوچەر بێنیتو، لەگەڵ مندا بمێنیتەوە؟

شەقایق سەری کردەخوارو وتی:

– بەڵێ ئامادەم!

سادق وتی:

– دەی مەنوچەر چی لێدێت؟

شەقایق وتی:

– خۆ من بەڵێنم پێنەداوە وابیردەکاتەوە کە هەرچی بڵێت دەبێ ئەوەبێت، بەڵام من نامەوێت!

سادق وتی:

– یانی بەڵێنم دەدەیتێ؟!

شەقایق سەیرێکی چاوە خەفەتبارەکانی کردو وتی:

– بەڵێ، بەڵێن دەدەم!

بەشی پێنجەم

"31"

– شەقایق ماوەیەکە زۆر لەخەیاڵدای!

شەقایق چاوی لەسەر حەوشەکە لابردو ئەبڵەقی پەنجەرەکە بوو، نەیدەزانی چۆن قسەکەی دەست پێبکات، کارێکی سەخت بوو، بەهێواشی وتی:

– ئەمڕۆ لەگەڵ تۆدا نایەم بۆ ماڵ نەنەگیان!

مونیرە سەری بەرز کردەوەو بەسەرسامییەوە:

– نایەیت؟!.. بۆچی؟

مونیرە بەبێزارییەکەوە وتی:

– دوبارە شەڕتکردوە لەگەڵ سادقدا؟

شەقایق سەری کردەخوارو وتی:

– سادق.. ئیشی پێتە.

مونیرە هەستاو چووە تەنیشتی، سەرسامانە وتی:

– چ کارێکی بەمن هەیە؟!

شەقایق دوبارە بێدەنگبوو، مونیرە بەئاوازێکی دایکانە وتی:

– بیلێ! شەرم مەکە

ئاوازی میهرەبانەکەی مونیرە، شەقایقی دڵگەرمکرد، بەهێواشی وتی:

– دەیەوێت.. خوازبینی من بکات!

مونیرە پرسی!

– راست دەکەی؟!

شەقایق سەیرێکی پڕ شەرمی مونیرەی کردو بەبادانی سەری راستی قسەکانی پێشاندا، مونیرە وتی:

– هەمیشە وابیرمدەکردەوە کە رقتان لەیەکترە.

شەقایق بزەیەکی کردو وتی:

– سادق کوڕێکی خراپ نییە، بەڵام کیومەرس دەیوت کوڕێکی شڕوشێواوە!

شەقایق بەتوڕەییەوە وتی:

– بەقسەی مەنوچەر مەگەر کیومەرس جگە لەدرۆ دەزانێت قسەیەکی تر بکات؟!

پاشان رۆیشتە خەیاڵەوە بەردەوامبوو:

– جگە لەمە هەموو کوڕەکان شڕن!

مونیرە وتی:

– ئەی مەنوچەر چی؟ دەی چی بەو دەڵێیت؟!

شەقایق وتی:

– خۆ من بەڵێنێکم بەمەنوچەر نەدابوو، ئەو هەمیشە لەلای خۆیەوە قسەی دەکرد، من نااڵێم خۆشم ناوێ، بەڵام لەبارەی زەماوەندەوە لەگەڵ ئەو هیچکات بیریشی نەیداوە لەسەرم.

مونیرە شەیتانانە وتی:

– وادیارە سادق بەتەواوی دڵی بردوی، ها!

شەقایق لەشەرمدا سورهەڵگەڕاو بەئارامی وتی:

– تۆ هەمیشە دەتوت شەقایق بۆ ئاشناکانە، باشە سادقیش ئاشنایە، من.. من لەگەڵ مەنوچەردا گەورە بووم.

مونیره وتی:

– یانی دوا قسەت ئەمەیە؟

– بەڵێ!

مونیره وتی:

– دەی ئــەمڕۆ بڕیارواییــە ســادق قســەم لەگەڵــدا بکــات.. هەســتم زوتــر بڕۆم ئەگینا دڵی دەوەستێ!..

مــونیره ئامــادەبوو بــۆ ڕۆیشــتن، مەنوچــەر لەحەوشــەکە وەســتابوو یــاری لەگــەڵ کوڕەزاکــانی مامــە ســاڵەحدا دەکــرد، دوای ڕۆیشــتنی مــونیره، خێــرا بــەرەو لای ژورەکــەیان ڕۆیشــتو لەدەرگایــدا، شــەقایق دەرگــای کــردەوەو بەبێ ئەوەی سەیری مەنوچەر بکات وتی:

– چیت دەوێت؟

مەنوچەر بەتانەوە وتی:

– بمبەخشە، لەبیرم چوو سڵاو بکەم!

شەقایق بەبێ تاقەتی وتی:

– دەی سڵاو..

مەنوچەر ئەبڵەقی بوو بەشێوەی پرسیار گەرانە وتی:

– حاڵت باش نییە؟

شەقایق بەتوڕەییەوە تەماشای کردو وتی:

– من هەر تاقەتی تۆم نییە، بڕۆ بەجێم بهێڵە.

پاشان دەرگاکەی داخست.

ســادق لەهۆڵەکــە دانیشــتبوو، لەســەیرکردنی مــونیرەوە زانــی کــە ئــەو شتێکی لەشەقایق بیستووە.

نەنــەگیان لەسوچــێکەوە هــەموو شــتەکانی بــەمونیره وتبــوو، مــونیره لەژورەکــەی نەنــەگیان هاتــەدەرەوەو لــەپاڵ ســادق دانیشــت، ســادقی

دەناسی، بێڕو بوو، زۆر سەرو زومانی نەبوو وەك مەنوچەر زمانی شیرین نەبوو، بەڵام زۆر دڵسۆز بوو، بەهێواشی وتی:

– پوریێ گیان بیڵێ شەرم مەکە، وامەزانە من پورتم، وابزانە هاوڕێتم، ئەوکات هەموو قسەکان بەئاسودەی بکە.

سادق خۆی لارکردەوە بەسەر سنگیداو بەدەنگێکی لەرزۆك وتی:

– پوریێ ئامادەی کچەکەتم بدەیتێ؟.. نەخانوم هەیە، نەخوێندەواریەکی باشم هەیە، نە.. نەگەورەیەك کە لەبەر من ئامادەبێت داوای کچەکەت بکات.

مونیرە دڵی لەراستگۆی قسەکانی سادق گرانبوو، بەڵام بەمیهرەبانی وتی:

– دەی من کێم؟!.. هەرچیت دەوێ بەمن بڵێ، من هیچم لەتۆ ناوێت، ئەگەر قسەمەت هەبێتو ئەوەندە بژیم دەستتان بگەیەنم بەیەك تەنیا ئەوەم لێت دەوێت کە مێردێکی باش بیت بۆی!

قسەکانی مونیرە، دڵی سادقی گەرمکردەوە، بۆ چەند ساتێك خۆی بەخۆشبەختترین مرۆڤی سەرزەوی بینی.

مەنوچەر لەسەر پلەکانەکە دانیشتبوو، هەرکە دەرگاکە کرایەوە، هەستا، شەقایق ویستی بێبایەخدان بەلایدا تێپەڕێت، ئاوازی خەمبارانەی مەنوچەر لەشوێنی خۆیدا وەستاندی.

– لەمن تۆراوی؟!

شەقایق وتی:

– نەخێر لێت نەتۆراوم.

مەنوچەر وەك مندالێ وتی:

– تۆراوی، دەزانم تۆراوی، سەیرکە هەر سەیری ناوچاوانم ناکەی!

www.pertwk.com

شەقایق بەتورەییەوە:

– بەڵێ تۆراوم، چیتر نامەوێت دەموچاوت..

ئـــەو دڵۆپـــە فرمێســـکەی کـــە بەســـەر گۆنـــای مەنوچـــەردا هاتـــەخوارەوە، قسەکەی شەقایقی بڕی، بێخواست بەدڵسۆزییەوە وتی:

– تۆ خەریکیت دەگریت؟!

مەنوچەر بەنیگای خەمبارانەوە ئەبڵەقی بوو وتی:

– ئێســـتا چـــەند رۆژە خـــەریکم دەگـــریم لـــەو کاتـــەوەی رۆشـــتوین بـــۆ سەفەر تاکاتێك هاتوینەنەوە.

شەقایق روی لێوەرگێڕاو بێگرنگیدان وتی:

– ئیتر گرنگ نیت بۆم.. برۆ بمرە!

مەنوچـــەر ئـــەوێی جێهێشـــتو لەپلەکانـــەکانی ژێرخانەکـــە رۆیشـــتە خـــوارەوە، شـــەقایق سەریســـوڕما، دڵەخورتـــەی بـــوو بێخواســـت لەپلەکانـــەکان رۆیشـــتە خـــوارەوە، بـــەبینینی خـــۆیان قیژەیـــەکی کـــوڕتی کـــردو ســـێ پلەکانـــەی تێپـــەڕکرد بـــەجارێك بـــۆ خـــوارەوە، چـــەقۆ لەدەســـتی مەنوچـــەردا بـــوو!.. شـــەقایق بەترســـاوی، بـــەڵام ئـــارام بـــەرەولای رۆیشـــتو بەهەراسانی وتی:

– دەتەوێت چی بکەیت؟!

مەنوچـــەر ســـەیری کـــرد، لەنیگایـــدا دیـــاربوو دەیـــەوێت نەخشـــەیەك دابنێـــت، دەســـتی خۆیـــاوی بـــوو، زنجیرەیـــەك فرمێســـکی نـــەرم لەچـــاوەکانی دەهاتەخوارەوە، بەهێواشی وتی:

– مەگەر نەتوت چیتر گرنگ نیت بۆم، مەگەر نەتویست بمرم!

شەقایق دەستەپاچەبوو، بەتورەیی وتی:

– واز بهێنە! چەقۆکە بدە بەمن!

مەنوچـــەر بێبایەخـــدان چـــەقۆکەی لەدەســـتی داو ئـــارام بـــڕی، خـــۆینی ســـور هەڵـــدەقوڵاو دەهاتـــەدەرەوە، شـــەقایق لەکاتێکـــدا کـــە دەگریـــا، بەپارانەوە وتی:

– توخوا وامەکە.. بەخوا گاڵتەم کرد!

پاشـــان بـــۆ دەستەســـرێك دۆڵابـــەکانی ئەمـــدیوو ئـــەودیو کـــرد، مەنوچـــەر پێکەنینێکی خەمبارانەی خستەسەر لێوی‌و بەهێواشی وتی:

– دەتویست تاقیم بکەیتەوە.. !

شـــەقایق قســـەیەکی نـــەکرد، بەدەســـتە لەرزۆکـــەکانی ئـــەو پارچـــەیەی پەیـــدایکردبوو بەســـتی، مەنوچـــەر هێواشـــتر لـــەپێش بـــەئاوازێکی منالانـــە وتی:

– جارێکیتر ئەم قسانە بکەیت سوێند بەم خوێنە خۆم دەکوژم!

شەقایق بەئاوازێکی تورەوە:

– چیتر هیچ کات وامەکە!

بەدرەوشـــانەوەی نیگـــای هەراســـانی شـــەقایق دڵـــی مەنوچـــەر لـــەرزی، لەگـــەڵ ئـــەوەی کـــە دەســـتی ئـــازاری هـــەبوو، هەســـتێکی شـــیرین‌و چـــێژبەخش تەواوی بونی گرتبووە.

"32"

نەنـــەگیان لەهەیوانەکـــە دانیشـــتبوو ســـەیری ســـادقی دەکـــرد، ســـادق خـــەریکی شـــت نوســـین بـــوو لەســـەر کاغـــەز، دەنگـــی راکێشـــانی پێنوســـەکە بەســـەر کاغەزەکـــەدا تـــەنیا دەنـــگ بـــوو کـــە بێـــدەنگی نێـــوان ئـــەو دوانـــەی دەشکاند، نەنەگیان بەهێواشی:

هیچکات بیرم نەدەکردەوە بوون بەزاوای تۆ ببینم!

سادق پێکەنی‌و وتی:

– بۆچی؟!

نەنەگیان وتی:

ئـاخر بـیرم نـەدەکردەوە رۆژێـک خـەیاڵی ژنهێنـان بکەوێتـە مێشـکتەوە، تـۆ لـەبیری هـەموو شـتێکدا بویـت ژنهێنـان نـەبێت، هـەر لەمندااڵییـەوە حـەزت لەشـەڕبوو تۆمـان نـەدەبینی، لەماڵـدا ئـارامگرو بێـدەنگبیت، لەدەرەوەی ماڵ دەگەڕایت.

سادق کەمێك بێدەنگبوو پاشان بەمینگەمینگ وتی:

– بە.. دایکمت وتوە کە..؟

بـەڵێ پـێم وت، مەنیجـە زۆر خۆشـحاڵبوو، بـەاڵم بەوتـەی پێشـینان تاچوار قسەی تەواوی بیست، ناڕەحەت بوو.

سادق وتی:

– مەگەر چیت پێ وت:

نەنەگیان وتی:

– پێمـوت لەبـەر منـدااڵی بێگانـە کوڕەکـەتت لـەبیرکردوە، دەتـوانی نـاوی خـۆت بنێیـت دایـك؟.. بـۆ کچـەکانی کـاك ئەحمـەد دایکـی، بـەاڵم بـۆ کوڕەکەی خۆت بویتەتە باوەژن! دای لەدڵی مەنیجە.

سادق وتی:

– نەوەك نەیەت؟!

نەنەگیان وتی:

– یەکـەم بێخـودی دەکـات نایـەت!.. دوەم خـۆ مـن هێشـتا نـەمردوم، خـۆم دێـم بـۆ خـوازبینی ژن، منـیش خـۆ کـوڕم نـەبوو تـۆ لـەجێی کـوڕم، شەقایق وەکو بوکم، بەاڵم ئەی فێڵباز گوڵچنێکی باشت کرد ها!

سـوپاس بـۆ خـوا مەنوچـەر لەکەرەجـە، ئێسـتا گریمـان لێـرەش بوایـە، بەئـەو چـی.. بـەڵێ ئێسـتا مـن خـەریکم بـەمجۆرە قسـەدەکەم، ئەگـەر

لێرەبوایە بێگومان یەکەمجار منی دەکوشت پاشان سادقی دەکوشت هەرچی بڵێی لەدەستی ئەو شێتە دێت، ئەو جارە لەبەر شتێکی هیچ و پوچ خەریکبوو خۆی دەکوشت!

شەقایق هەر بەو شێوەی کە لەگەڵ مونیرەدا قسەی دەکرد رۆیشتە لای پەنجەرەکە:

– ئا..، ئەم کوڕە فیتنەیە ئەمڕۆ لەماڵە!.. دەڵێم دایکە دەڵێی با گەیاندویەتە گوێی کیومەرس کە ئەمڕۆ هەواڵێك هەیە! لەبەیانیەوە تا ئێستا لەپشت پەنجەرەکە دانیشتووە.

مونیرە وتی:

– باشە با دابنیشێت، لەکۆتایدا چی دەڵێت؟.. لەکۆتایدا دەزانێت.. تازە زۆریش خراپ نەبووە! دوێنێ پەروین پێی وتم کە باوکەگیان دەیەوێت کوڕەزای کاك هاشم داوا بکات بۆ مەنوچەر، کچەکە هێشتا نەبووەتە سیازدە ساڵ!

شەقایق بەسەرسامییەوە:

– راست دەکەیت دایکە؟!

شەقایق بەهێواشی:

– دایکە، ئەو کچەت بینیوە؟

مونیرەش بەهێواشی:

– بەڵێ بابە، منداڵێکە، بەڵام ئەگەر ببێتە ژنی مەنوچەر بەراستی حەیفە نە روی هەیەو، نەکچێکی باشە.

مونیرە هەستاو بەردەوامبوو:

– ئەستەغفیرولڵا.. خەریکم باسی خەڵك دەکەم! هەرچی قسەمەت بێت ئەوە دەبێت.

دەنگی زەنگی دەرگا بەرزبووە، مونیرە سەیری کاتژمێرەکەی کردو وتی:

– یانی کێیە بەم نیوەڕۆیە!

مونیرە لەژورەکە رۆیشتە دەرەوە، زۆری نەخایاند کە دەنگی هاواری مونیرە گەیشتە ئاسمان، شەقایق بەترساوی لەژورەکە چووەدەرەوە، مەنیجە لەسەر زەویەکە بوو، مونیرە بەپێخاوسی بەرەو لای دەرگاکە هەنگاوی هەڵگرت، شەقایقیش بەهەراسانی بەرەو مەنیجە رایکرد، بەدەنگێکی لەرزۆك پرسی:

– پوریێ چی بووە؟!

مەنیجە سەری خستەسەر شانی شەقایقو بەگریانەوە هاواریکرد:

– نەنەگیان مرد نەنەگیان رۆشت!

شەقایق قیژەیەکی بەرزی کردو بەرەو لای مونیرە رۆیشت.

مالّی نەنەگیان رەنگی ماتەمی گرتبوو، دەڵێی نەنەگیان لەسەر هەیوانەکە وەستابوو بەزەردەخەنە بەخێرهاتنی لەشەقایق دەکرد، مونیرە خۆی گەیاندە ژورەکەی نەنەگیان، لەپاڵ تەرمی نەنەگیاندا دانیشتبوو دەگریا، ئازاری دەچێشت، بەڵام چی سودێکی هەبوو ئەم هەموو شیوەنە! هاواری هەموو ئەندامەکانی لەشی شەقایقیان دەلەرزاند، کاتی مردنی باوکی جارێکیتر هێنایەوە یادی خۆی.

هەموو شتێك رێك وەك ئەوکاتە بوو، دەنگی هاواری دایکی..

مونیرە دەستە گرێلاوەکانی دەدا بەسنگیداو بانگی دەکرد:

– توخوا هەستە دایکە.. دایکە، خۆ من جگە لەتۆ کەسێکم نییە.. دایکە جگە لەتۆ من کەسێم بۆ نەمابوو.. دایکە هەستە..

مەنیجە لەچێشتخانەکە بێهۆش کەوتبوو، فاتمە دەگریاو هاواریدەکرد، کۆمەڵەکە دەستە دەستە دەهاتنو دەڕۆیشتن، دراوسێکان یارمەتی زۆریاندا، رێورەسمەکە بوو بەڕەسمی، سادق خەفەتبارو تەنیا لەبەردەم دەرگاکە وەستابوو بەخێرهاتنی میوانەکانی دەکرد، دەنگی قورئان لەشی مرۆڤی دەلەرزاند.

حاڵی مونیرە باش نەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە دوو مانگ رایدەبورد بەسەر مردنی نەنەگیاندا، بەڵام ئەو هێشتا کەوتبوو، مەنیجە کەمێك باشتربوو، هەندێکجار دەچوو بۆ سەردانی مونیرە بەقسەی کاك ئەحمەد شەقایق لەبری مونیرە دەڕۆیشتە سەرکار، کاك حەیدەریش بەمیهرەبانی پێشوازی لەشەقایق کرد، رۆژی یەکەم کاتێك شەقایق لەجیاتی دایکی سەر قاڵی کاربوو لەسەختی کارەکە بەتەواوی هیلاکبوو، ئینجا زانی کە دایکی بەدرێژای رۆژ چەند کاری سەختو بێتاقەتکەری ئەنجامداوەو، دڵی بەحاڵی دەسوتا.

بڕیاریدا تادەتوانێت لەجیاتی ئەو کاربکات، سادق پێی وتبوو کاتێکیش زەماوەندمان کرد، من ئیش دەکەمو دایکت دەبێت لەگەڵماندا بژێت، ئیتر پێویست ناکات ئیشبکات، کاتی خستنەوە بیری قسە شیرینەکانی ئەو تەواوی هیلاکی لەلەشیدا نەدەما لەسەرو ئەمەشەوە ! رەفتاری میهرەبانی هاوکارەکانی مونیرە دڵگەرمیان پێدەبەخشی

یەك دوو خولەکی مابوو بۆ داخستنی کارگەکە، خاتوو کیانی بەڕێوبەری کرێکارە ژنەکان هاتەژورەو هێواش لەلای گوێچکەی شەقایق وتی:

پیاوێك لەبەردەم دەرگاکە چاوەڕێتە، دەتوانی بڕۆیت، سلاو لەدایکیشت بکە !

سادق لەبەردەم دەرگاکە چاوەڕێی شەقایق بوو.

– سلاو چی بووە ؟!

سادق پێکەنیو وتی:

– تۆش وەکو پورمی، هەمیشە نیگەرانو ترساو! خراپم کرد هاتم بەدواتدا؟

شەقایق وتی:

– تۆ ئێرەت لەکوێ دەزانی؟

سادق وتی:

– ئەمشەو میوانی ئێمەن.

شەقایق پرسی:

– یانی مالّی کاك ئەحمەد؟

– بەڵێ، پوریشم لەوێیە!

ساتێك بێدەنگی بڕیاردەربوو، سادق بەهێواشی:

– زیاتر لەبەرئەوە هاتم بەدواتدا تابەیەکەوە قسەبکەین.

شەقایق وتی:

– دڵم زۆر گیراوە، ئازادی تا سبەینێ قسەبکەیت!

سادق سەیرێکی کردو وتی:

– دەترسم هیلاك بیت.. هەموو قسەکانم دوبارەیە!

شەقایق بزەیەکی کەمرەنگی خستەسەر لێوی‌و وتی:

– بیلّێ ئیتر، دەمەوێت ئەو قسە دوبارانە ببیستم!

سادق وتی:

– من بەدبەختترین مرۆڤی سەر زەویم، ئەو رۆژەی کە ویستم بێمەخوازبینی نەنەگیان مرد دەیبینی کە چەند..

شەقایق رەخنەگرانە وتی:

– نامەوێت گوێم لەم قسانە بێت، ئەم شتانە هیچ پەیوەندیەکیان بەشانسەوە نییە، خۆ هیچ نەبووە!

سادق هێواش وتی:

– کەواتە هێشتا لەسەر پەیمانی؟!

– بەڵێ پەیمانەکەمان تەنیا بۆ ئەمڕۆ نییە، بۆ هەمیشە لەسەر پەیمانەکەمانم.

سادق وتی:

– نازانی کاتێك بەلامدا رێدەکەی چی هەستێکم هەیە؟

شەقایق نیگای تامەزرۆیی روکردە سادق، سادق بەردەوامبوو:

– وادەزانم بومەتە پیاو، وابیردەکەمەوە ئەوەندە بومەتە مرۆڤ فریشتەکان لەگەڵمدا رێدەکەن!

شەقایق پێکەنینێکی کورتی کردو وتی:

– راستە عیشق مرۆڤەکان دەکاتە شاعیر، لەمرۆڤێکی دڵبەرد عاشقێکی مەجنون دروست دەکاتو لەکچێکی سادەی فیتنەش فریشتەیەك!

سادق مۆنەی کردو وتی:

– من دڵ بەرد نیمو نەبوم، تەنیا خەریکبوم خۆم فریودەدا، تەنیا بوێریم نەبوو، بەڵام.. بەڵام تۆ هیچکات کچێکی فیتنە نەبوی‌و نیت، تەنیا من کوێربوم کە نەمدەتوانی بەچاوی کراوەوە فریشتەیەکی راستەقینە ببینم!

– بەڵام من کە بومەتە وتاربێژ، بومەتە بەندەی کچێکی بێبەزەیی!.

شەقایق بەسەرسامی وتی:

– بێبەزەیی!

سادق وتی:

– بێڕەحمی ئیتر، ئەم هەموو دانپێدانانەت لەمن بیست، بەڵام جارێکیش نەبوو خۆت دانی پیابنەی.

– داننان بەچیدا؟!

– بەوەی کە تۆش ئەم کەسەت خۆش دەوێ یانە؟

شەقایق وتی:

– دەمەوێ!

چیت دەوێ؟

شەقایق ساف سەیری چاوە خومارەکانی سادقی کردو وتی:

www.pertwk.com

– خۆشم دەوێ!

لەو رۆژانەی کە مەنوچەر لەتاران بوو مونیرە دەڕۆیشت بەدوای شەقایقدا، ئەو کاتانەیتر سادق دەچوو بەدوای شەقایقدا، ئەمە داواکاری مونیرەبوو، دەیویست زەماوەندی شەقایقو سادق نەیەتە نێوانەوە، دەیزانی کە مەنوچەر بەزانینی ئەم بابەتە شەڕی هەڵدەگیرساند.

– بەپوریێت وت ئەمشەو درەنگتر دەڕۆیتەوە بۆ ماڵ؟

شەقایق وتی:

– بەڵێ پێموت! بەڵام یەکەمجار بڵێ بزانە دەڕۆین بۆ کوێ؟

دەمەوێ بتبەم بۆ شوێنێکی خۆش بەیەکەوە نانی شێوان بخۆین، قسەبکەین، کەمێك بەیەکەوە گاڵتەبکەین، پاشان بتگەیەنمە ماڵەوەو تا بەیانی لەبەر فێڵەکانت پێڵوی چاوەکانم نەخەمە سەریەك.

شەقایق پێکەنیو وتی:

– دەی هەموو قسەکانم بەبڕوای تۆ گاڵتەکردنە ئیتر.. بەڵێ؟!

ئەو خەڵوەتەی کە سادق قسەکەی لەبارەوە دەکرد، چێشتخانەیەکی زۆر جوانبوو کە زیاتر پێشواییان لەعاشقان دەکرد، سادق وتی:

– ئێرەش خەڵوەتگای منە!.. رۆژانی هەینی کەتۆو دایکت دەهاتن بۆ ماڵی نەنەگیان، منی گێلیش دەهاتم بۆ ئێرە.

شەقایق بەسەرسامییەوە:

– ئیتر بۆچی گێل؟!

چونکە ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە دەبینم بێخود شانازی قسەکردنم لەگەڵ فریشتەیەکدا لەدەست دەدا! دەمەویست نکۆڵی بکەم لەگەڵ خۆمدا، بەیانی تا خۆرئاوا کە دەڕۆیشتم بۆ دوکان، عەسریش دەهاتم بۆ ئێرە، خۆزگە زوتر لەگەڵتدا ئاشتبومایەتەوە.

شەقایق بەدەم پێکەنینەوە:

– مـن دەبێـت ئـەم قسـانەی تـۆ تۆمـار بکـەم، تاکـاتی شـەڕ منالّـەکانمان گوێی لێ بگرن!

سـادق سـەری کردەخـوار، روخسـاری بەخـەمباری دەهاتەپێشچـاو، شـاگردی چێشـتخانەکە چێشـتەکەی خستەسـەر مێزەکـەو رۆیشـت، سـادق سەری بەرز کردەوەو بەهێواشی وتی:

– شەقایق دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم!

ئاوازە خەمبارەکەی سادق بێخواست شەقایقی دڵتەنگکرد.

– چی بووە بیڵێ!

سادق وتی:

– مـن هیچـکات منـاڵم ناوێـت، رقـم لەمندالّـە!.. نـە هـەمویان، بـەڵام وابیرناکەمـەوە کـە هیچـکات منـاڵی خـۆم خـۆش بوێـت، دەمـەوێت تاکۆتایی تەمەن منو تۆ بەتەنیابین.

شەقایق سەرسامانە:

– بۆچی؟!

سادق وتی:

– منالّـە مـاوە دەخاتـە نێوانمانـەوە، مـنو تـۆ لەیـەک دوردەخاتـەوە، دەزانم خۆپەرسـتییە، بـەڵام توخـوا رازی بـەپێی، منـاڵ بـاش نییـە، دەترسـم تـۆش وەک دایکمـت لێبێـت، فاتمـەو فـەریبا بونـە هـۆی ئـەوەی کـە مـن لـەبیربکات، پێکەنیناوییـە، بـەڵام مـن هەمیشـە ئێـرەییم پـێ دەبـردن، مـن منـاڵی دایـە مەنیجـە بـووم، بـەڵام خۆشەویسـتی ئـەو تـەنیا بـۆ فـەریباو فاتمە بوو.. هەر کاتێک نەخۆش دەکەوتم دایکم بەبێبایەخی دەیوت:

– تۆ کوڕیت، دەبێت بەتوانابیت!

حەزمدەکرد پێی بڵێم مەگەر کوڕەکان مافی نەخۆشکەوتنیان نییە.

شەقایق وتی:

– تۆ زۆر تەنیا بویت!.. راست دەکەیت، بەڵام منداڵ خۆشەویستی نێوانمان زیاددەکات، بەهۆی ئەوەوە هەموو کێشەکان چارەسەردەکەینو هیچکات باسی جیابونەوە ناکەین، بەڵام ئێستا کە تۆ دەتەوێت من لەبەر تۆ ئامادەم لەپەیوەندی خۆم وازبێنم.

سادق بزەیەکی کردو بەئاوازێکی گاڵتەوە وتی:

– تۆ خانمی، ئەگەر بزانی کاتێك پێم دەلێیت "لەبەرتۆ" چەند خۆشحاڵ دەبم!.. بیر دەکەمەوە کە لەکۆتایدا کەسێك پەیدابوە دڵی بەحاڵم بسوتێ، یەکێك پەیدابوە خۆشی دەوێم!.. دەزانی منو تۆ هەردوکمان لەڕەگەزێکین هەردوکمان تەنیاین، مەنوچەر هیچکات ناتوانێت درك بەحاڵی ئێمە بکات، ئەو کەی تەنیا بووە تابزانێت من چی دەڵێم، هەموو ساڵێك لەسەفەربووە، رۆیشتووە بۆ قوتابخانە، کاتێك ئیشی هەڵەیکردووە باوکی بەسەرسەریەوە بووە.

بەڵام من چی؟.. هەر لەمندالییەوە ئیشدەکەم، تۆ دەبێت ببیتە هی من، تۆ بەشی منی نەئەو، ئەو زۆر لەخۆباییە هەمیشە بیروباوەڕی وابووە ببێتە خاوەنی هەموو شتێك، بەبێ زەحمەت، بێ رەنج، بەڵام من زۆر سەختیم کێشاوە، لەوانەیە باوەڕنەکەیت، بەڵام ئەوکاتەی کە بەخۆم دەوت، بۆچی درۆدەکەی، ئەگەر خۆشت ناوێ، بۆچی هەر کاتێك ناوی مەنوچەر دێتەپێشەوە ئیرەیی دەبەیت؟.. دەی ئەگەر شەقایق گرنگ نییە بۆت، بۆچی هەر سەختگیری دەکەیت؟..

"سادق هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا" کاتێك تۆم بەکارێك تاوانبارەدکرد کە نەتکردبوو، کینە گەروی دەگرتی، چەناگەت دەلەرزیو پاشان دەگریایت، ئەوکاتەبوو کە دێوانەت دەبوم!. عاشق دەبومو خۆشم دەویستیو حەزمدەکرد ئەوکاتە بڵێم بمبەخشە، بەڵام نەمدەتوانی هەر جارێك کە دەگریایت من عاشقاتر دەبوم.

سادق پێکەنینێکی کورتی کردو بەردەوامبوو:

– دەزانم، بێگومان لەلای خۆتەوە دەڵێیت ئەم کوڕە شێتە، بەڵام بەڕاستی دەڵێم کاتێک دەگریایت زۆر جوان دەبویت، مرۆڤ حەزیدەکرد لەو دوو چاوە گرینۆکو جوانەتدا مەلەبکات، هەندێکجار کە شەڕتدەکرد لەبەر دەممدا بگریت، کاتێک دەڕۆشتیتە چێشتخانەکە، دەنگی گریانەکەتم دەبیست، دەڕۆشتمە حەوشەوە بەدڵێکی تێرەوە سەیرم دەکردی، وەک منداڵە لێدراوەکان لەکونجی چێشتخانەکە بەکزی دەگریای، ڕێک وەکو من، من هەر کاتێک تەنیا بوایەم بۆ ئەوەی کەس نەمبینێ دەڕۆیشتمە ژێر پلەکانەکانو دەگریام، ئەم خەسڵەتەمان لەیەکدەچێت.

هەردوکمان دەگرین ئەوەنەبێ کەتۆ بوێریت هەبوو لەبەردەمی منداڵ فرمێسک بڕێژیت، بەڵام من هەر جارێک کە دەگریای لەدەرونەوە دەشکام، وێران دەبوم، حەزمدەکرد داوای لێبوردن بکەم، بەڵام تۆ بەتام دەگریایو منیش دڵخۆشبوم کە هەر هیچ نەبێ لەدڵمدا دڵۆپدڵۆپ لەگەڵ تۆدا فرمێسک دەڕێژم، بەڵام بەخوا گریانێک کە من دەمکرد لەسەر ئەوەندەی گریانەکەی تۆ ئازارزدەربوو، تۆ دڵت سوکدەبوو، بەڵام من شێت دەبوم، "سادق لەناکاو بەخۆیدا هات".

– وای چەند قسەم کرد! فێڵەکەی تۆش ئەوەیە کە هەروا بێدەنگ دانیشتویو بەمن دەڵێی قسە بکە، چێشتەکەت بخۆ ساردبووە! دەتەوێت بیگۆڕم؟

شەقایق سەری بەمانای نەویستن باداو وتی:

– من دڵنیام لەگەڵ تۆ خۆش بەخت دەبم.

سادق هێواش وتی:

– یا من بەهەڵە بیستم، یان تۆ هۆشت نەبوو چیت وت؟!

شەقایق مۆنەی کردو وتی:

– خۆپەرست!.. چۆن من باوەڕ بەهەموو قسەکانی تۆ دەکەم، کە چی تۆ باوەڕ بەیەك وشەی من ناکەی؟

سادق وتی:

– دەی دوبارەی بکەرەوە.

شەقایق ئەبڵەقی چاوە بێتاوانەکانی بوو، لەناخی دڵەوە هەمان رستەی دوبارەکردەوە.

– شەقایق!

شەقایق بەئاوازە منالآنەکەی سادق پێکەنی، سادق بەردەوامبوو:

– شەقایق ، شیعرێکم بۆت نوسیووە، هەم بەناوی خۆتەوە، هەم لەشیعرەکەشدا حەوت کۆ دوجار ناوی تۆم هێناوە، کاتێك تەواوبوو دەیهێنم بۆت تابیخوێنیتەوە، دەبێت تا رۆژی لەدایکبونت ئارام بگری!

شەقایق بەسەرسامییەوە پرسی:

– حەوت کۆ دوجار!.. یانی نۆ ئیتر؟

– بەڵێ.

شەقایق وتی:

– باشە، دەی بۆچی نالێیت نۆجار؟!

– ئاخر حەزم لەژمارە حەوتە، بیستوتە دەڵێن: حەوت ئاسمان، حەوت زەوی، هەفتەش حەوت رۆژە....منیش ویستم ناوت حەوت جار لەشیعرەکەدا بەکاربێنم، بەڵام دوانی بۆی زیادبوو بووە نۆجار.

شەقایق زەردەخەنەیەکی چەتونانەی خستەسەر لێوی‌و وتی:

– دەڵێم سادق نەوەك من عەشقی حەوتەمت بم؟!

سادق پیکەنی‌و وتی:

– تۆ یەکەمو دوایەمینی!

مەنوچـــەر زۆر تورەبـــوو، هـــەر ئـــەو کاتـــەی کـــە نەنـــەگیان مـــرد، دەبوایـــە هەڵقـــەی بکردایەتـــە دەســـتی شـــەقایق، بـــەڵام نێـــرگس نەیهێشـــت، دەیـــوت مەگـــەر مـــن چـــەند کـــورم هەیـــە، مەگـــەر مـــن چـــەند منـــداڵم هەیـــە تـــاتۆ دەتـــەوێت بێـــدەنگ ژنەکـــەت ببەیتـــە خانوەکـــەت، دەبێـــت ئـــارامبگری، ئێســـتاش کـــە پـــەرۆیز دەیویســـت خـــانوو بکڕێـــتو لـــەماڵی بـــاوکی دەربچـــێت، مەنوچـــەر بەتەواوی نیگەرانبوو.

ئێســـتا هـــەر نەیـــدەتوانی بڕواتـــە پێشـــەوە، دوای مردنـــی دایکـــی، مونیرەش حاڵی باشنەبوو، مەنوچەر بەتورەیی بەخۆی وت:

دەی کـــەی ســـەرەی مـــن دێـــت.. ئـــیتر تاقـــەتی خـــۆ راگـــرتنم نییـــە، ئەگـــەر بمانەوێت خانوبکڕین من بەچ بیانوێەك هەموو رۆژێك بێم بۆ ئێرە؟!

بـــەڵام تـــورەیی مەنوچـــەر بێســـودبوو، پـــەرۆیز پەیماننامـــەی خانوەکەشـــی کردبوو.

بەپێچـــەوانەوە، شـــەقایق زۆر خۆشـــحاڵبوو، لەوانەیـــە ئـــەم دوریـــەی مەنوچەر دڵی بەکارەکەوە نەدەچەسپا، لەخۆشحاڵی شەقایق تورەبوو.

– هەر نالێی ئێمە لەم ماڵە دەڕۆین!

باوکـــەگیان لەهەیوانەکـــە وەســـتابوو، چـــیتر تاقـــەتی ئـــەو کاتانـــەی نـــەبوو کـــە بیـــەوێت بۆڵـــەبکات یـــان شـــەڕبکات، لـــەناکاو شـــتێك کەوتـــەبیری، بەدەنگـــە نالەبارو گیراوەکەی وتی:

– مەنوچەر، وەرە ئێرە ئیشم پێتە.

مەنوچـــەر دەســـتی لەکارەکەهـــەڵگرت، نەڕۆییشـــتە ســـەرەوە، باوکـــەگیان لەسەر هەیوانەکە سەیری دەکرد.

تـــۆش دەبێـــت بکەویتـــە بـــیری ژنهێنـــان، دەمـــەوێت تازینـــدوم خـــۆم بـــڕۆم بۆ خوازبینی ژن بۆت!

مەنوچەر لەدڵەوە وتی:

– سوپاس بۆ خوا لەکۆتایدا کەسێك پەیدابوو لەبیری دڵی مندا بێت.

باوکەگیان بەردەوامبوو:

– کوڕەزاکەی کاك هاشمی بنگام بینی، کچێکی باشە، ژنێکە، دایكو باوکیشی بنەماڵەیان باشو نەجیبە.

باپیرەیان دەگەڕێتەوە بۆ بەهادرخان، خۆ بەهادرخان دەناسی؟ هەر ئەوەی کە نیوەی بازاڕ مولکێتی!

مەنوچەر گوێی لەقسەکانی باوکەگیان نەبوو، بەوتەی پێشینان چەقۆت دەدا لەئێسکی خوێنی لێدەرنەدەهات، بەتەواوی توڕەبوو، زەردەخەنەی شاراوەی شەقایقی دەبینیو زیاتر توڕەدەبوو، نێرگس لەپێکەنیندا رۆشتبووە پشتدا.

پەروێزیش جارجارێك سەری بادەدا، بەڵام کیومەرس بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنیو بەردەوام دەیوت:

– ئەی بێچارە دڵی مەنوچەر!

شەقایق بەترساوی بەرەو دەرگای حەوشەکە رایکرد، لەناو حەوشەکەدا دەنگی درێژی زەنگەکە بەرزبووەوە، مەنوچەر لەپشت دەرگاکەوە بوو.

– مەگەر پێم نەوتبوی..

شەقایق بەگریانەوە چووە ناو قسەکانیو وتی:

– توخوا وەرە، دایکم حاڵی باش نییە!

مەنوچەر بەخێرایی بەرەو لای دەرگای ژورەکە رایکرد، بەترساوی ئەبڵەقی دەموچاوی رەنگپەڕیوی مونیرە بوو.

– کەس لەماڵ نییە؟

شەقایق بەگریانەوە:

– نەخێر، هەمویان رۆیشتون بۆ سەر گۆڕی حاجی ژن!

مەنوچەر لەکاتێکدا لەژورەکە دەرۆیشتەدەرەوە، وتی:

– دەڕۆم بەدوای ئۆتۆمبیلدا، لێرە چاوەڕێبە تادێمەوە.

کاتێک مونیرەیان گەیاندە نەخۆشخانە، مەنوچەر پەیوەندی بەمەنیجەوە کرد، مەنیجەی بێچارە خۆیشی نەخۆش بوو، حاڵی باش نەبوو.

پەرستیارەکە لەژوری بوژانەوە هاتەدەرەوەو وتی:

– هاوڕێی ئەم ژنە کێیە؟

شەقایق هەستا، پەرستارەکە وتی:

– تۆ نە!.. "پاشان بەمەنیجەی وت:" تۆ خانم.. وەرە!

شەقایق بەگریانەوە وتی:

– دەزانم شتێك بووە..!

مەنوچەر ئارامی کردەوەو خۆی بەدوای مەنیجەدا رۆیشت، دکتۆرەکە هێواش وتی:

– بەداخەوە خوشکەکەوت! خوشکەکەت..

مەنیجە هەر لەوێدا بێهۆش کەوت، حاڵێکی خەفەتبارانە بوو، مەنوچەر غافڵگیربوو، نەیدەزانی چۆن بەشەقایق بڵێ، مەنیجەی خەواند، شەقایقی بێچارە هێشتا لای دەرگاکە چاوەڕێبوو.

نێرگس لەتەلەفۆنەکەوە هاواریکردو تەلەفۆنەکەی بڕی، زۆری نەخایاند ساڵەحو پەروێزیش هاتن، ساڵەح خۆی بەشەقایقی وت شەقایق لەناوەڕاستی رێڕەوەکەدا بێهۆشبوو، حاڵی مەنوچەر لەهەموی خراپتربوو، دەڵێی گیانی بەسترابوو بەگیانی شەقایقەوە، ئەویش بێهۆش لەسەر کورسیەك کەوتبوو، بەڵام هەموان ئەوەندە گرفتاری شەقایقو مەنیجەبون کە ئەویان لەبیرکردبوو، مەنوچەر کاتێك هاتەوە هۆشی خۆی کە شەقایقیان بەو حاڵە پەرێشانەوە دەبردەوە بۆ ماڵ.

مەنیجە دە رۆژ لەنەخۆشخانەبوو، شەقایق نەدەگریا! تەنیا بەماتی ئەبڵەقی خاڵێك دەبوو، هەموو شەوێك دەیانبرد بۆ نەخۆشخانەو دەرمانخانە.

ئەو ساڵە ساڵێکی تاڵبوو، بووە ساڵی مەرگو مێر، گریان لەچاوەکانی دورنەدەکەوتەوە جلی پرسە نەیدەویست لەلەشی ئەندامانی خانەوادەکە جیابێتەوە، سادق خراپتر لەشەقایق قاچێکی لەماڵبوو قاچێکی لەنەخۆشخانە، مەنیجە بەتەواوی لەپێکەوتبوو، شەقایقیش لەو خراپتر، فرمێسك ئێتر سودێکی نەبوو، حاڵو رۆژی شەقایق وەك سادقی لێ هاتبوو، تەنیای تەنیا.

www.pertwk.com

بەشی شەشەم

"34"

مەنوچــەر! خولــەکێك ئــارامبگرە، بــزانم چــی دەڵێــی.. چــیتە هــا؟ بۆچــی هەرچی دەڵێم تێناگەی ئەو حاڵی..

مەنوچەر بەتورەییەوە تەماشای نێرگسی کردو وتی:

– ئێــوە بۆچــی تێناگــەن! هــەر وتتــان ئــارامبگرە!.. ئــارامبگرەو، ئەمەش ئاکامەکەیەتی، ئیتر بڕام، ئیتر ناتوانم.

پەرۆیز هێواش وتی:

– مەنوچــەر، شــەقایق تەعزیــەبارە، حــاڵی بــاش نییــە، دەبێــت رەچــاوی حاڵی بکەیت.

– کەمێك ددان بەخۆتدا بگرە!..

مەنوچەر وتی:

– بابــە، بەســیکە! ئێســتا حــەوت مانگــە ئــامۆژن مــردوە، ئێــوە بەمکارانــە خــراپتر دەبنــە هــۆی نەخۆشــکەوتنی، شــەقایق رێــدەکات دەڵــێن حــاڵی خراپــە، دادەنیشــێت دەڵــێن لەخەفەتــدا توانــای رێکردنــی نییــە.. توخوا وازبێنن.

نێرگس وتی:

– تۆ دڵەخورتەی ئەوت نییە، نیگەرانی خۆتی!

پەرۆیز قسەکەی گرتەوەو ئەمەشی بۆ زیادکرد:

– تەماشــاکە، ئێمــە دەڕۆیــن مســتیلە دەکەینــە پەنجــەی شــەقایق، دوای ساڵی ئامۆژنت، ئینشائەڵڵا.. زەماوەندەکەین، مەنوچەر وتی:

– هــا، ئەوکاتــە دەتــوت وازبێنــە خــانوت نییــە، ئێســتا هــاتوم، دەڵــێم خانوم کڕیوە، شتێکیتر دەڵێت نە! من ناتوانم ئارامبگرم!

مەنوچـــەر بـــەبێ وتنـــی وشـــەیەك لەژورەکـــە رۆیشـــتەدەرەوە، دڵنیگـــەرانی ئـــەو لەبـــەر ســـادق بـــوو، ســـادقیش حـــەزی لەشـــەقایق بـــوو، دەترســـا ئێســـتا دوای ئـــەم هـــەموو مـــاوە چـــاوەڕوانییە ئـــەو بێـــتو هـــەموو کارەکـــان خراپبکـــات، نەیـــدەتوانی گـــوێ لەقســـەی دایـــك و بـــاوکی بگرێـــت، بەوتـــەی پێشـــینان گوێیـــەکی دەرگـــابوو ئەوەکـــەی دەروازە، عەشـــقەکەی بـــۆ ئـــەمڕۆ سبەینێ نەبوو، شەقایقی هەر لەمنالّییەوە خۆشدەویست.

شـــەو داهـــات، نێـــرگس کەوتـــە دڵـــەخورتێ، کاتێـــك دەنگـــی دەرگـــا بەرزبووە، هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵکێشاو لەکاتێکدا هەڵدەستا وتی:

– مەنوچەر هاتەوە.

پەرۆیز پێکەنینێکی نیشانداری کردو وتی:

– نـــەخێر، ئـــەم دەســـتە گوڵێکـــە کـــە مەنوچـــەر داویـــەتی بـــەئاودا، ئێســـتا دەیبینی!

ســـاڵەحو ئیســـماعیل لەگـــەڵ پـــەروینو ئـــەعزەم لەپشـــت دەرگاکـــەوە بـــوون، دەڵێـــی پـــەرۆیز راســـتی دەکـــرد، کاتێـــك هـــەموان هاتنـــەژورەوە، نێرگس وتی:

– چی بووە سەیرە لێرە..

ئەعزەم سەیرێکی هەموانی کردو وتی:

– هـــەر ئـــەو کاتـــەی کـــە مـــونیرە مـــرد، ئێمـــە وتمـــان مەنوچـــەر کچـــەکەی دەوێت، بیبەنە لای خۆتان باشە، ئێوە هەر وتتان ئێستا کاتی نییە.

پەرۆیز وتی:

– مەگەر چی بووە؟!

پەروین وتی:

– وەڵـــڵا چـــی بڵـــێم، ئـــەمڕۆ عەســـر کـــە رۆشـــتبوین بـــۆ بەهەشـــتی زەهـــرا کاتێـــك گەڕاینـــەوە شـــەقایق دیارنییـــە، کیومـــەرس دەڵێـــت ئیشـــی ســـادقە، کوڕی پوری شەقایق هاتوە شەقایقی بردوە.

پەرویز وتی:

– باشە بۆچی لەگەڵ خۆتاندا نەتانبرد بۆ بەهەشتی زەهرا؟!

ئیسماعیل وتی:

– بەخوا دەمانبرد، بەڵام.. بەڵام دەزانێ هەر کاتێک دەرۆیشتە سەر گۆڕی مونیرە هەستاندنی کاری حەزرەتی فیل بوو، دادەنیشت لەلای گۆڕەکەی ئەو خوا لێخۆشبووە، تا دەیتوانی دەگریا، ئەگەر بمانهێڵایە شەویش لای گۆڕەکە دەمایەوە.

پەروین وتی:

– بێچارە مەنوچەر، ئەگەر بزانێت..

پەرویز سەری باداو وتی:

– کیومەرس خۆی بینیویەتی سادق لەگەڵ شەقایقدا بێت؟

ئەعزەم وتی:

– نەە، بەڵام.. ..باشە ئەگەر ئەو نەیبردووە دەی کێ شەقایقی بردووە؟

نێرگس سەری کردەخوارو وتی:

– ئیشی مەنوچەرە....!

ئەعزەم بەشێوەی پرسیار وتی:

– مەنوچەر؟!

پەرویز وتی:

– هەفتەیەکە دەڵێت بڕۆن مستیلە بکڕن، چوزانم دەڵێ مارەی بکەین.

وتم ئەی کوڕ حاڵی شەقایق باش نییە وازبێنە تاساڵی دایکی، گوێ ناگرێت.

ساڵح وتی:

– مەنوچەر هەر لەسەرەتاوە شەقایقی خۆشدەویست، گونناهێکی نییە ئەم دوو ساڵە سالّی مەرگو مێر بوو، تامرۆڤ دەرۆیشت جلی پرسە دابکەنێت دوبارە یەکێکیتر دەمرد..

پەروین وتی:

– باشە ئێستا لەکوێن؟

نێرگس بەروی خەمباریەوە سەری باداو وتی:

– رۆشتن بۆ کەرەج!

پەروین بەسەرسامییەوە پرسی:

– کەرەج؟!

بەڵێ، نەموتبوو لەکەرەج خانوی کڕیوە.

ئەعزەم وتی:

– ئێستا بۆچی ماتن؟.. بابە بەسەلامەتی ئەمشەو شەوی زەماوەندی کوڕتانە!.. مەگەر ئێوە چەند منالّتان هەیە؟! کەس نەیوتوە دەبێت سازو دەهۆڵی هەبێت، ئا، نێرگس دەی شیرینی یەکەت لەکوێیە؟!

ئاوازی دڵگەرمکەری ئەعزەم خەفەتەکەی نەهێشت، زەردەخەنە بۆ ساتێك لەسەر لێوی هیلاکی میوانەکان دەرکەوت، ئەعزەم بەگاڵتەوە وتی:

– ئەمشەو بویت بەخەسوو!

"35"

مەنوچەر قفڵی دەرگایەکی گەورەی ئاسنی کردووە.

– برۆ ژورەوە.

شـــەقایق ئەبڵـــەقی حەوشـــەکە بـــوو، حـــەوش لەتاریکیـــدا نوقمبوبـــوو، تـــەنیا ســـێبەری داریّکـــی وشـــك بەســـەر دیوارەکـــەوە دیـــاربوو، مەنوچـــەر دەســـتی نـــا بـــەپلاکی کارەبـــادا، حەوشـــێکی گـــەورەبوو، حـــەوزی هـــەبوو، بـــەڵام ئـــاوی تێدانـــەبوو، لەسوچـــی حەوشـــەکە لای دار گێلاســـەکە زۆر شـــت هـــەبوو، پلەکانـــەی شـــکاو، بێشـــکە، بـــەرمیلی نـــەوت، بێـــڵۆ قوڵنگـــە، دولای حەوشـــەکە وەك مـــاڵی نەنـــەگیان ژور بـــوو، تـــەنیا ژورە نزیکـــەکان بچـــوکتر بـــوو، لـــەلای ژورەکـــانی ئەمبـــەری حەوشـــەکە، هـــەیوانێکی پـــان هـــەبوو لەکۆڵەکـــەی گـــەورەو گەچـــکاری کرابـــوو، مەنوچـــەر چـــووە پێشـــەوە کارەباکـــەی خســـتە ئـــیش، دەرگـــای ژورەکـــەی کـــردەوە، ژورەکـــان پـــاك و فەرشـــکراوبون، بـــەڵام ســـارد، لەلایـــەکی ژورەکـــە خۆشنوســـییەك بەدیوارەکـــەدا هەڵواســـرابوو، دەنگـــی گـــیراوی مەنوچـــەر شـــەقایقی هێنایـــەوە بەخۆیدا.

– لەمە بەدواوە ئێرە ماڵتە.. ..

شەقایق بەچاوێکی پرسیاراوی ئەبڵەقی بوو، مەنوچەر بەردەوامبوو:

– نـــە، وابـــیر مەکـــەرەوەوە مێـــردت بم! ئێـــرە زیندانـــە، منـــیش زینـــدەوانی تـــۆم، تـــۆش زینـــدانیت، تـــا ئەبـــەد تـــا هـــەرکاتێك لەژیانـــدا بیـــت چـــی یەکســـاڵ، چـــی ســـەد ســـاڵ،، مەنوچـــەر لەکاتێکـــدا بـــەرەو لای هـــەنگاوی دەنـــا هێواش وتی:

– بـــەڵام مەترســـە، لێـــرە باســـی زنجـــیر نییـــە، بـــەڵام ئەگـــەر بـــیر لەهـــەڵاتن بکەیتەوە دەبێت چاوەڕێی کوتەك بیت!

شەقایق بەبێزاریيەوە بەرەو دەرگاکە رۆیشتو وتی:

– گاڵتە بەسە!.. من حاڵی گاڵتەم نییە.

مەنوچـــەر بەرامبـــەری وەســـتاو ڕێگەکـــەی بەســـت، مـــۆنو بـــەدەنگێکی وەکو چپە لەگوێیدا وتی:

– لەهەموو کات جیدیترم.

شەقایق هەنگاوێکی بۆ دواوە ناو وتی:

– تۆ درۆت لەگەڵ کردم، وتت دەتەوێ بمبەی بۆ بەهەشتی زەهرا، بەڵام نازانم ئێرە کوێیە !

– من دەمەوێت برۆمەوە بۆ ماڵ.

مەنوچەر قسەیەکی نەکرد، دەرگاکەی داخستو بەرەو لای ژورەکەیتر رۆیشت، جێگەی خەوی هێناو لەلایەکی ژورەکەدا داینا، شەقایق ترسابوو، مەنوچەر رەفتارێکی نائاسایی هەبوو، ئەمجارە هێواش وتی:

– دەمبەیتەوە بۆ ماڵ؟

مەنوچەر ئەبڵەقی چاوانی بوو، شەقایق وتی:

– بەڵێ.. ؟ توخوا لێرە بمبەرەوە !

مەنوچەر پێکەنیو وتی:

– کاتێک لێم دەپارێیتەوە چێژ وەردەگرم! بەڵام داوای لێبوردندەکەم، تۆ ئیتر هیچکات لەم ماڵە ناڕۆیتە دەرەوە.

شەقایق بەرەو لای دەرگاکە رۆیشتو بەتورەییەوە:

– تۆ شێتیت.. گێلێکی کە هەر چاوی کردەوە منی بینی، خۆزگە کوێر بوایەی، خۆزگە..

مەنوچەر بەئاوازێکی تورە وتی:

– بیستو سێ ساڵە بینیم.. ئێستا ئیتر نامەوێ ببینم دەمەوێ کوێربم.

شەقایق بەرەو روی وەرگەڕا، قایشێك بەدەستی مەنوچەرەوە بوو، مەنوچەر دەستی بەرزکردەوە، شەقایق قیژەیەکی کورتی کرد بەترساوی بەرەو لایەکیتر رایکرد.. دەنگی هاوارو نالەکانی شەقایق وردەوردە لەبێدەنگی ماڵەکەدا نەما، ئیتر دەنگێك نەبوو جگە لەدەنگی

هەناسەی تۆرەیی مەنوچەر، شەقایق بەلەشێکی بریندارو خوێناویەوە لەلای دیوارەکە بێهۆشکەوتبوو.

مەنوچەر ئەو فرمێسکانەی سڕی کە بەبێخواست لەچاوەکانی هاتبونەخوارو قایشەکەی فڕێدایە لایەك، لای پەنجەرەکە وەستاو سەیری مانگی کرد، دەنگی مەنوچەر بێدەنگی سەختی ژورەکەی شکاند.

هەمیشە دەمویست لێت بدەم ئەو کاتەی کە بەپێکەنینەوە دەچووبۆ مالّی ئەو کوڕە.. "لەهێنانەوە یادی ناوی سادق خوێنێکی سور بەدەمارەکانیدا ڕۆیشتو بەهاوار وتی:

تەواوی ڕۆژانی ژیانم لەگەڵتدا بووم، هەموو چرکەساتەکانیم لەبیرە، دەزانی چەندە دانم هەڵڕشت دابیتە کۆتر! ها، بەڵام چ سودێکی هەیە سادق بەشەوێك هەموو شتێکی لەبیربردیتەوە، من زەحمەتم کێشا، من تەڵەم دانا، کەچی کەوتیتە داوی ئەو.. حەزمدەکرد لێت بدەم، ئەمشەو دڵم فێنکبووە، بەقەد ئەو هەموو ڕۆژە نەگبەتیانە! مەنوچەر ڕویکردە ئەو، پێکەنینێکی خەمبارو درێژی کردو بەردەوام بوو:

– تێدەگەی چی دەڵێم؟

تۆ هەردوکمانت فریودا، بەڵام هەمیشە لەسێ نەفەر یەکێك زیادەیە، یا ئەو یا من، ئەو گێلبوو، بەڵام من زیرەکیم کرد، باش دەزانم نابێت لەژن دڵنیابیت، تۆ هەموانت بەمن ناساند، بەڵام لەئەمشەو بەدواوە، شەوانی سادق زۆر جوانە! ئەگەر بەڕاستی عاشقت بووە بێگومان دەبێ خۆی بکوژێت، بەڵام گێل، شێت ئەو زۆر پیسبوو، جانەوەرێکی سادە گوڵی سەر ڕێگەمی خوارد، نەیزانی ئەم پشیلەشە دەتوانێت دەستبکێشێت!

ساتێك بێدەنگی بڕیاردەربوو، مەنوچەر بەتوڕەیی بانگی کرد:

تاوانی تۆ نییە، من خۆم هیچکات ڕاستگۆنەبوم، هیچکات بۆم نەسەلماندی کە ئەگەر کاسەی ئارامیم بگاتەسەر چیدەکەم، تۆ.. تۆ هیچکات باوەڕت پێنەکردم، واتزانی هەر ئەو منداڵەی دوێنێم کە کاتێک پێی بڵێی بڕۆ ونبە دەڕواتە گۆشەیەك فرمێسك دەڕێژێ؟.. ئیتر هەموو شتێك تەواوبوو، تۆ لێرەی، سادقیش ناتوانێت هیچکارێك بکات، جگە لەوەی کە لەخەفەتدا بمرێت.. نە لەخەفەتی تۆ، بەڵکو لەخەفەتی گێلی خۆی!

ئەو.. ئەو لەکوێ بوو کاتێك من عاشقت بووم؟ لەمەیخانەکان سەرخۆشبوو، ئاگای لەدڵی من نەبوو، ئێستا بهێڵە بزانێت من چیم کێشاوە، لەخۆبایی نەبووم، بەڵام ئێستا دەمەوێت بم، بۆچی من دەبێت هەمیشە واز بهێنم؟.. بۆچی تۆ جارێك لەبەر من وازت نەهێنا؟ بۆچی جارێکیش نەتزانی کە من عاشقتم؟.. بۆچی جارێك باوەڕتنەکرد؟!

وەکو کەو سەرتکرد بەژێر بەفردا، نەڕۆژگارە، نەدونیا، هیچ کامیان گرنگ نەبوو بەلاتەوە، جگە لەو بەرەڵای پیسە! گۆڕی باوکی مەنوچەر، بەڵام داخەکەی دەخەمە دڵتەوە.

بەیانی شەقایق لەتاو ئازار چاویکردەوە، بۆ ساتێك لەبیری چوبوو لەکوێیە، بەبینینی خوێنی وشك لەسەر دەستی، جارێکیتر هەستی بەئازارکردەوە، توانای هەستانی نەبوو، مالّەکە بەپێچەوانەی شەوی پێشو گەرمبوو، هیچ دەنگێك نەدەهات، جگە لەدەنگی کاتژمێرەکە کە ئەوی ئاگاداری کاتژمێرە بچوکەکەی سەر پەنجەرەکە کردەوە، کاتژمێر دە بوو، دەستی گرت بەدیوارەکەوەو ئارام ئارام هەستا، هێواش هەنگاوی نەنابوو کە دەرگاکە کرایەوە، لەشی مەنوچەر لەرزی خستەگیانی، هەر لەوێ لەشوێنی خۆی دانیشتەوە، مەنوچەر هاتو بەرامبەری دانیشت، شەقایق لەترسا هەناسەی لەسنگیدا قەتیسکردبوو،

سەیری زەویەکەی دەکرد، مەنوچەر بەجولّەیەکی خێرا سەری بەرزکردەوە، شەقایق بەترسەوە بەرەو دواوە رۆیشتو تەواوی لەشی ئازاری هەبوو، ترس و ئێش بووە هۆی ئەوەی کە جارێکیتر بگری، مەنوچەر بێ ئەوەی قسەیەك بكات چووە ژورەکەیتر، کاتێك گەڕایەوە کراسێکی بەدەستەوە بوو، کراسەکەی بەرەو روی شەقایق هەڵداو بەئاوازێکی فەرماندەرانە وتی:

– هەستە بڕۆ بۆ گەرماو.. ئیتر نامەوێ ئەم جلەرەشە لەبەرتدا ببینم.

شەقایق هەر بەماتی ئەبلّەقی بوو، مەنوچەر بانیگیکرد:

– هەستە!

شەقایق ئەڵێی تازە هۆشی هاتبووە لای خۆی، لەشوێنی خۆی وەستا، مەنوچەر لەپێشیەوە رۆیشت بەرامبەر گەرماوەکە وەستاو وتی:

هەموو شتێك لەوێیە، بەڵام ئەگەر شتێکت ویست بانگم بکە! من هەر لێرە دانیشتووم.

شەقایق زۆری خایاند، مەنوچەر بێزاربوو، هەستاو بەتورەیی مستێکی لەدەرگاکە دا، چەند خولەکێکی نەخایاند کە شەقایق لەگەرماو هاتەدەرەوە، کراسەکە زۆر جوانبوو بۆی، پەڵەیەکی شین لەسەر گۆنای شەقایق دەرکەوتبوو، کەوتەوە بیری کە دوێنێ شەو مستێکی دابوو لەدەموچاوی، مەنوچەر دەستی بردە پێشەوە بۆ ئەو پەڵەیە، شەقایق ترسا، دەموچاوی بردە دواوە، ئیتر نەیدەویست بگری ئەگەر بیزانیایە، مەنوچەر چێژ لەگریانی وەردەگرێت، هەرگیز ئامادەنەبوو بگری، بەڵام کینەیەکی قورس گەروی گرتبوو، مەنوچەر بەخوێنساردییەوە:

– مەترسە!.. نامەوێت لێتبدەم، یانی ئێستا نامەوێ، بەڵام هەر کاتێك بمەوێت لێتدەدەم!

مەنوچـــەر ئەبڵـــەقی نـــاو چـــاوی شـــەقایق بـــوو، شـــەقایق وێســـتی خـــۆی دورخاتەوە، بەڵام مەنوچەر سەری گرتو هێواش وتی:

– چەند رقم لەم چاوە بێ شەرمانەیە.

لـــەو ســـاتەدا دڵۆپـــە فرمێســـکێك لەچـــاوی شـــەقایق هاتـــەخوارەوە، چـــەناکەی لـــەرزی، بـــەڵام دوبـــارە بێـــدەنگبوو، هیچـــکات نەیـــدەتوانی ئـــەو مەنوچـــەرە میهرەبانـــە بەمشـــێوەیە ببینـــێ، هـــەردوکیان دوبـــارە رۆیشـــتنەوە ئەو ژورەوە، مەنوچەر وتی:

– لێرە لەبەردەم زۆپاکە دابنیشە!

خـــۆی لەژورەکـــە رۆیشـــتە دەرەوە، کاتێـــك گەڕایـــەوە لەســـەر ســـینیەك نـــانی بـــەیانی هێنـــابوو، ســـفرەکەی داخســـتو بەباشـــی شـــتەکانی لەســـەری دانا.

– بخۆ.

شـــەقایق هاتـــە پێشـــەوە، دەســـتی بـــۆ نانەکـــە درێـــژکرد، لەســـەر برینەکەی هێشتا خوێنی وشك هەبوو، مەنوچەر بەتوڕەییەوە:

– لەگەرماوەکە چیت کرد؟ بۆچی دەستت نەشتووە؟.

شـــەقایق خێـــرا دەســـتی بـــردەدواوە، مەنوچـــەر لەبێـــدەنگی شـــەقایق بەتوڕەیی هاواریکرد:

– دەڵێم بۆچی دەستت نەشتووە؟

پاشان دەستی بەرز کردەوە بۆ لێدانی، شەقایق بەترسەوە:

– چیبکەم، جێگەکەی دەچوزایەوە، ئیشی دەکرد.

مەنوچەر هەستا دەستی ئەوی راکێشاو بەرەو گەرماوەکەی برد.

– قۆڵەکەت بەرز بکەرەوە..

شـــەقایق وەك منـــدالێك بـــوو کـــە داوای بەخشـــین لـــەدایکی بکـــات، بـــەڵام مەنوچـــەر بێبایـــەخ ئـــاوی بەدەســـتیدا کـــردو خـــۆی دەســـتی بـــۆ شـــت، بەتوڕەییەوە:

– راستییەکەی بڵێ خۆت شت یان نە؟!

شەقایق بەئاوازێکی منالانە بەدەم گریانەوە:

– بەڵێ، خۆم شت!

– هەستە برۆ بۆ ژورەکە دەبێت قاوەڵتیەکەت تەواو بکەیت.

مەنوچەر دەستی شتو ویستی لەگەرماوەکە بچێتەدەرەوە چاوی بەخاولیەکە کەوت.

خوێن بەسەر خاولیەکەوە بوو، بێبایەخ وتی:

– باشە، کەواتە خۆی شتووە.

کاتێک رۆیشتە ژورەکەی شەقایق پیاڵە چاکەی خواردبوو، بەهەمان تورەییەوە پێی وت:

– شیرت خوارد یان نە؟

– نامەوێ.

مەنوچەر مۆنەی کردو وتی:

– چیت وت؟! وەرە ئەم پەرداخە شیرە بخۆ، تاکۆتایی!

شەقایق بەدەستە لەرزۆکەکانی پەرداخەکەی لەدەستی وەرگرت.

مەنوچەر سینییەکەی کۆکردەوەو بردی، شەقایق رۆیشتە جێگەکەی دانیشت، مەنوچەر چەند کتێبو دەفتەری هێنا، ئامێری ژماردنو پێنووس، بێبایەخ سەرقاڵی ئیشەکانی بوو، شەقایق خەوتبوو، سەری خستبووە سەر باڵیو خەوتبوو.

مەنوچەر سەیرێکی کردو دەستی کردەوە بەئیشەکانی، نیوەڕۆ چێشتی لەدەرەوە کڕی، کاتێک هاتەوە شەقایق هێشتا خەوتبوو، دەموچاوە بچوکو بێتاوانەکەی بێگوناهـ دەریاندەخست.

– هەستە!

شەقایق چاوی کردەوە ئەبڵەقی دەموچاوی مەنوچەر بوو، مۆنەی کردبوو، وەکو بەیانی، وەك دۆینێشەو، دڵی گیرا، ئەگەر زەردەخەنەی بکردایە لەوانەیە بۆیری هەبوایەو بیوتایە:

– دەمەوێ بگەڕێمەوە.

بەڵام ئێستا لەو دەترسا.

– برسیم نییە..

مەنوچەر رویتێکردو بەتوڕەییەوە وتی:

– جارێکیتر دەدەم لەگوێچکەت.

بۆنی کەبابەکە برسی کرد، سوپاس بۆ خوا مۆڵەتی نانخواردنی هەبوو، کاتێك خواردنی چێشتەکە تەواوبوو، ویستی خوانەکە کۆبکاتەوە، مەنوچەر دەستی خستەلاوەو وتی:

– نایەوێ، برۆ لەشوێنەکەت دابنیشە !

دوای نیوەڕۆ بوو، مەنوچەر سەرقاڵی کارەکەی بوو، شەقایق بەئارامی دەگریا، مەنوچەر سەری بەرزکردەوە، چاوی بەدەموچاوی گریاناوی شەقایق کەوت، بەتوڕەییەوە

– چیتە؟.. بۆچی دەگریت؟.. واتزانیوە بەم شانۆیانە دەهێڵم برۆی؟..

شەقایق بەهێواشی:

– نە، پشتم ئازاری هەیە !

مەنوچەر سەری کردەخوار.

– بۆچی؟

شەقایق بەدەم گریانەوە وتی:

– پشتم دەچوزێتەوە.

مەنوچەر بایەخی پێنەدا، شەقایق کاتێك بێبایەخی ئەوی بینی بەلادا کەوت، سەیرکردنی خوماراوی، خەوی لێکەوت.

مەنوچـــەر لێـــی نزیکبـــووە، جلەکـــەی شـــەقایق خوێنـــاوی بـــوو، لەبەرئەمـــە پشتی ئێشی دەکرد.

"36"

ســـادق بەتـــەواوی نیگـــەرانبوو، هەفتەیـــەک دەبـــوو ئاگـــای لەشـــەقایق نـــەبوو، پێـــنج شـــەممە ژوانـــی هـــەبوو لەگەڵیـــدا، لـــەپارک، بـــەڵام ئـــەو نـــەهاتبوو، چـــەند بیرێکـــی جۆراوجـــۆر دەهـــات بەمێشـــکیدا، لەوانەیـــە بردبێتیـــان بـــۆ گەرمەســـێر بـــۆ گـــۆڕینی هـــەوا، یـــا لەوانەیـــە نـــەیتوانیبێ بیانویـــەک بهێنێتـــەوە کـــە بێتـــەدەرەوە! نـــەوەک مەنوچـــەر بردبێتـــی بـــۆ مـــاڵی خۆیـــان؟.. بـــەخۆی وت:

بـــەمجۆرە نابێـــت دەبێـــت بـــڕۆم ناونیشـــانی خـــانووە تازەکـــەیان وەربگـــرم، بەڵام لەوانەیە لەوێش نەبێت.. کەواتە شەقایق لەکوێیە؟!

ســـادق بێزاربـــوو، نەیـــدەزانی چـــی بکـــات، لەکۆتایـــدا بڕیاریـــدا یارمـــەتی لەفاتمـــە وەربگرێـــت، ئـــەو بێگومـــان دەیتـــوانی هـــەواڵی شـــەقایق بزانێـــت، هەرچـــی بێـــت ئـــەو کـــچ بـــوو، مەنیجـــە خـــۆی لـــەماڵ نـــەبوو، ســـادق خۆشـــحاڵبوو ئێســـتا دەیتـــوانی هـــەموو شـــتێک بەئاســـوودەیی بەفاتمـــە بڵـــێ، فاتمـــەش دەیزانی سادق ئەم ڕۆژانە گرفتاری شەقایقە، لەبەرئەمە پرسی:

– شەقایق چۆنە؟

سادق سەری کردەخوارو بەدەنگێکی هێواش وتی:

– راستییەکەی من لەبەر ئەو هاتم بۆ لای تۆ!

فاتمە بەهەراسانی پرسی:

– مەگەر چی بووە؟!

سادق ئارامتر وتی:

– هیچ هەواڵێکی نییە، نازانم لەکوێیە؟.. نیگەرانیم.

پاشان وتی:

– ئـاخر مـن لەگەڵیـدا یـەك بینیمـان هـەبوو، بـەڵام نـەهات، دەترسـم نـەخۆش کـەوتبێ!.. نـاتوانم، نابێـت بـڕۆم بـۆ ماڵیـان، فاتمـە تـۆ دەڕۆیـت هەواڵێکم بۆ بێنی؟..

فاتمە بزەیەکی شاراوەی خستەسەر لێوی و وتی:

– کاتێـك دایکـم گەڕایـەوە، بەیەکـەوە دەڕۆیـن بـۆ ئـەوێ، نیگـەران مەبـە! بێگومـان نـەیتوانیوە لـەماڵ بێتـەدەرەوە ئـەگینا شـەقایق شـتی لەبیرناچێت.

بەدرێژای رێگەکە هەردوو بێدەنگبون فاتمە لەگەڵ خۆیدا وتی:

– یـانی بەڕاسـتی سـادق عاشـقی شـەقایق بـووە؟.. هەڵبـەت ئەگـەر عاشـقی نـەدەبوو جێگـەی سەرسـوڕمانبوی، بـەڵام ئـەوەی کـە شـەقایق عاشـقی سـادقە زۆر سـەیر نییـە، سـادق رەوشـتێکی سەرنجراکێشـی هەیـە، هـەر بێبایەخییەکـەی دڵـی مـرۆڤ دەدۆڕێنـێ، چاوەکانیشـی جوانـە، کاتێـك سـەیری مـرۆڤ دەکـات وا بیردەکاتـەوە کـە لەسـەیرکردنیدا مەبەسـتێك هەیە!.. بەڵام ئەو لەکۆتایدا بێبایەخ وازت لێدێنێتو دەڕوات..

کاتێـك گەیشـتنە بەرامبـەر خانوەکـە، سـادق لەسـەر کۆڵانەکـە چـاوەڕوانی فاتمـەی دەکـرد، پـەروین دەرگاکـەی کـردەوە، فاتمـە بەڕوییـەکی خۆشـەوە سـڵاوی کـرد، پـەروین دەیزانـی فاتمـە لەبەرچـی هـاتوە، بـەرەو ماڵەوە بردی، پەروین وتی:

– راستییەکەی نازانم چی بڵێم؟!.

تـۆ زیـاتر لەبـەر براکـەت هـاتوی بـۆ ئێـرە.. سـەیرکە فاتمـەگیان شـەقایق لێـرە رۆشـتووە، ئەوەنـدە بێـدەنگ رۆیشـت کـە تەنانـەت ئێمـەش نـەمانزانی، هەفتەیەکـە شـەقایق زەماوەنـدی لەگـەڵ مەنوچـەردا کـردووە!.. زۆر بێـدەنگ، بـەڵام لەکۆتاییـدا بەرێگـەی یاسـا ئێسـتا بوەتـە ژنـی مەنوچـەر، بڕوابکـە تەنانـەت ئێمـەش نـازانین مەنوچـەر ژنەکـەی بـۆ

کـوێ بـردوه، تەنانـەت بـەدایکو باوکیشـی نـەوتوه، بـەمجۆرە پێـت بڵـێم، کـە هێـواش هـاتو شـەقایقی بـرد، ئێسـتا بەخواسـتی شـەقایق، یـان بـەزۆر، جیاوازییـەکی نییـە هـەر ئەوەیـە کـە شـەقایق ئـیتر شـویکردوه، بەبراکـەت بڵـێ دەسـتبەرداری بێـت، بهێڵـێ بـۆ خۆیـان بـژین، بـەبێخودی نەبێتـە مایـەی ئازاردانیـان، هەرچـی بـووە رۆیشـتوه، ئینجـا مەنوچـەر ماوەیەکـە چـاوەڕێی رۆژێکی وایە.

ئەگـەر مـونیرە نەمردایـە، بێگومـان نەیـدەزانی چـی بڵێـت، پـەروین هەموو شتەکانی وتبوو ئیتر مەیەن بۆ ئێرە !

فاتمـە دەمـی داخسـتبوو، نەیـدەزانی چـی بڵێـت، پـەروین هـەموو شـتەکانی وتبـوو، کاتێـک خواحـافیزی لێکـرد تـازە بەهۆشـی خۆیـدا هاتـەوە، چۆن بەسادق بڵێت کە شەقایق چیتر بونی نییە.

چۆن تێی بگەیاندایە هەرچی لەنێوان ئەو شەقایقدا هەبوو تەواوبوە.

– چی بووە؟..

دەنگـی سـادق زنجـیرەی خەیاڵـەکانی فاتمـەی بـڕی، فاتمـە نەیـدەزانی چی بڵێت، سەیرێکی دواوەی کردو بەهێواشی وتی:

– سادق..! هەموو شتێك تەواوبوو.

سادق بەرامبەری وەستاو بەدەنگێك وەکو هاوار وتی:

– چی تەواو بووە؟.. شەقایق قسەیەکی کرد؟

فاتمە سەری کردەخوارو بەئاوازێکی کیناوی وتی:

– شـەقایق رۆیشـتووە.. مـەنو.. مەنوچـەر ئـەوی بـردوه، دیارنییـە بـۆ کوێ، ئەوان.. ئەوان زەماوەندیان کردوە !

وتنـی ئـەم رسـتەیە چـەند سـەختبوو، سـادق دەسـتی بەدیوارەکـەوە گـرت، هەناسـەیەکی درێـژی هەڵکێشـاو نەیـدەزانی دەبێـت چـی بکـات، بێئامـانج بـەرەو ماڵیـان کەوتـەڕێ، هێشـتا لـەدەرگای نـەدابوو دەرگاکـە کرایـەوە، کیومـەرس سـەری سـوڕما بـەبینینی سـادق، فاتمـەش بـەبینینی

ئـــەو هەناســـەیەکی قـــوڵی هەڵکێشـــاو هێـــواش بـــەرەو لایـــان ڕۆیشـــت، ســـادق هێواش وتی:

– راستە کیومەرس؟.. راستە کە مەنوچەر..

مەنوچەر لەکاتێکدا پشتی پێڵاوەکەی ڕادەکێشا وتی:

– تـــەنیا ئـــەو نەڕۆیشـــتوە، لەگـــەڵ شـــەقایقدا بەیەکـــەوە ڕۆشـــتون، ئێمـــە ڕۆشـــتبوین بـــۆ بەهەشـــتی زەهـــرا.. مـــن دڵنیـــام شـــەقایق بەڕەزامەنـــدی لێـــرە نەڕۆشتوە !

سادق بەتوڕەییەوە وتی:

– تۆ ناونیشانەکەیت هەیە؟

کیومەرس پێکەنیو وتی:

– ئـــەو مەنوچـــەرە ئەوەنـــدەش بـــێ دەســـتوپێ نـــەبوو، خانویـــەکی لەکـــەرەج کڕیـــوە، ئێســـتا کـــوێی کـــەرەج خـــوا دەزانێـــت! بـــەڵام ئێســـتا هەفتەیەکـــە دیـــار نـــەماون، ئـــیتر ڕۆیشـــتون، دۆزینـــەوەی شـــەقایق چ سودێکی هەیە، هەموو شتێك تەواوبوە..

ئـــەوان ڕاســـتت دەکـــەن ئـــیتر گـــەڕانی تـــۆ چـــی ســـودێکی هەیـــە؟.. شـــەقایق ئێســـتا بەشـــەرعی ژنـــی مەنوچـــەرە؟.. چـــی ڕازی، چـــی نـــاڕازی، تـــۆ ناتوانیـــت کارێك بکەیت.

ســـادق بـــەماتی لەحەوشـــەکە دانیشـــتبوو، مەنیجـــە بـــەدەم ڕۆیشـــتنەوە: پەیوەنـــدیان بەیەکـــەوە هـــەبوو قســـەکان، بـــەڵام گـــوێی ســـادق پڕبـــوو لـــەدەنگی شـــەقایق، دڵـــی ئومێـــدەواربوو، هـــەر نەیـــدەتوانی وەك ئـــەوانیتر بیربکاتـــەوە، شـــەقایق پـــەیمانی پێـــدابوو کـــە ئەگـــەر مەنوچـــەر ناچـــاریکرد لەگەڵیدا بڕوات، شەو لەدەستی هەڵبێت.

سادق بەهێنانەوە یادی ئەم قسەیە لەناکاو ڕویکردە مەنیجەو وتی:

– بەڵام شەقایق پەیمانیدا کە ئەگەر ڕۆژێك ئەمە ڕوبدات هەڵبێت!

مەنیجە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو بەتورەییەوە:

– خۆت بخەرە جێگەی مەنوچەر، تۆش ئەگەر لەجێگەی ئەودا بوایەی نەتدەهێڵا شەقایق جوڵەبکات.

لەوانەیە ئێستا مەنوچەر کردبێتیە زیندانەوە! تۆ مەگەر منداڵی، شەقایق کچێکە، چۆن دەیەوێت هەڵبێت؟

جارێکیتر خەم بەسەر سادقدا زاڵبوو، خۆی بەدۆڕاو دەزانی، هیچ ئیشێکی لەدەست نەدەهات.

یانی بەڕاستی هەموو شتێك تەواوبوو، ئەو خەیاڵانە لەناوچون، کۆشکە ئاڵتونیو ئارەزوەکانی بۆ هەمیشە وێرانبوو، سادق لەگەڵ خۆیدا وتی:

ئیتر ئومێدێك نییە، تەنانەت روناکییەکی بچوکیش، کەمێك عاقڵ بە سادق، مەگەر گاڵتەیە ئیتر بەچی دڵخۆشی بڕۆ بمرە! بۆ هەمیشە تەنیا بوویت، بۆ هەمیشە، شەقایق رۆیشتە ماڵی مەنوچەر، ماڵی تۆش کوێربویەوە، وێرانبوو، هیوات بێهیوابوو، بەدبەختبویت، بینین.. بینیت راستە، ئەوەی کە دەڵێت عەقڵ بەسەر هێزدا سەردەکەوێت! تۆ بەرەڵابوی، بەڵام ئەو دانا، ئەو بیریکردەوە، بەڵام تۆ تەنیا دەمبوی، تەنیا قسەتکرد، بەڵام ئەو ئەنجامی دا.

بۆنی بەهار لەپشتی دەرگا بەستراوەکانەوە دەهات، داری گێلاسەکە دوبارە زیندودەبووە لەگۆشەی دیوارەکە، گوڵەکانیش گەڵایان دەکرد، بەڵام حەیف لەلای بەرمیلە ژەنگاویەکانەوە بوو، خراپ بوو، خۆیان دەرنەدەخست، ئاسمان رەنگی شین نەبوو، بەڵام بۆنی باران مانگی دەوردا دەهات.

لەبەیانییەوە تا ئەو کاتەی مەنوچەر لەئیش دەگەڕایەوە شەقایق بەتەنیا لەزیندانەکەی مەنوچەر ئەملاو ئەولای دەکرد زۆربەی کات

لەسەر لێواری پەنجەرەکە دادەنیشت کە ئەوەندەی تاقێک بوو ئەبڵەقی حەوشەکە دەبوو، ئێستا ئیتر ناوی رۆیشتبووە ناسنامەی مەنوچەرەوە، بوو بووە ژنی مەنوچەر مۆڵەتی وەرگرتبوو لەڕێگەکەدا رۆیشتبوو بۆ شت کڕین، نەخشەی زۆری بۆ جەژن کێشابوو قفڵەکەی کردەوەو هاتە ژورەوە، شەقایقی بینی لەپشت پەنجەرەکە خەوی لێکەوتبوو، چەند رقی لەمکارە بوو، وەك ئەو ژنە فیتنانەی کە بەردەوام باسی ئەمو ئەو دەکەن، هێواش دەرگاکەی کردەوە، دەیویست غافڵگیری بکات هێشتاش سەر سەختبوو لەگەڵ شەقایقدا، زۆر قسەیان بەیەکەوە نەدەکرد، زیاتر خۆی قسەی دەکرد، دەیویست بیسەلمێنێ بۆی کە دەتوانێ سەرنجراکێش بێت، بەڵام بەم رەفتارە، ئیشەکان باشترو زیاتر دەچونەپێشەوە، بەسەر سەری شەقایقەوە وەستاو مۆنەی کرد، بەدەنگێکی فەرماندەرانە وتی:

– هەستە، بزانم!

شەقایق ترسا بوو، خێرا لەپەنجەرەکە هاتەخوارەوە.

– سڵاو!

مەنوچەر بەسەرسامییەوە:

چیت دەوێ لەپشت پەنجەرەکە؟.. باش دەزانیت نامەوێ لەپشت پەنجەرەکەوە بتبینم.

– ئیتر دانانیشم.

مەنوچەر ئەو شتانەی کە کڕیبووی بردیە چێشتخانەکە، شەقایق بەدوایدا رۆیشتە چێشتخانەکە.

مەنوچەر میوەکانی کردە قاپشۆرەکە، بەدوای قاپدا دەگەڕا کە میوەکانی تێبکات، شەقایق رۆیشتە پێشەوەو لەشوێنی قاپەکاندا سەبەتەیەکی دەرهێناو پێیدا، مەنوچەر سەبەتەکەی لەدەستی سەندو هاواریکرد:

– کێ وتی بێی بۆ ئێرە؟.. بڕۆ ژورەکە بزانم، ئەوەندە بەدەوروبەرمدا مەسوڕێرەوە!

شەقایق بەرەو ژورەکە رۆیشت، ویستی لەهۆڵەکە دابنیشێت، بەڵام بڕیاریدا بڕوا بۆ ژورەکەیتر، لەبەریانی تا خۆرئاوا تەنیابوو کاتێکیش مەنوچەر لەماڵ بوو، لەشوێنێکدا بەبێدەنگی دادەنیشت، بێزاربوو، مەنوچەر یەك وشەش قسەی لەگەڵدا نەدەکرد، مەگەر بیەوێت شەڕی لەگەڵدا بکات،.. دەستی لێدەرەکەشی خراپ نەبوو، بەوتەی نەنەگیان بێ کات بوو، کاتو بێ کات دەیدا لەژێر گوێی.

شەقایق هەندێکجار لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد، لەگەڵ خۆیدا دەیوت:

من دەزانم ئەمە دەیەوێت داخەکانی بڕێژێت، لەبیرم نایەت ئەمەندە خراپەم لەگەڵیدا کردبێت کە من ئێستا ئەوەندە سزام هەبێت، ئەمە، ئەو مەنوچەرە نییە، ئەو مەنوچەرە حەزی نەدەکرد بەخەڵك بڵێ "تۆ" ئەگەریش بیوتایە زوو داوای لێبوردنی دەکرد، خۆزگە ئێستاش وەك ئەو کاتانە بوایە، بەخودا دەیبەخشم خۆ من کینە لەدڵ نیم، بەڵام وەك ئەوەی ئەو رۆژانەی لەبیرچوە، لەبیری چوە کاتێك دەتۆرام چۆن نازی دەکێشام، من بەراستی نەدەتۆرام، بەڵام حەزیدەکرد نازم هەڵگرێت، ئا...ئا ئەو جارە چی؟

مەنوچەر هاتە ژورەکەوە، سەیری دەوروبەری کردو هێواش وتی:

– دەی رۆیشتی بۆ کوێ؟!

شەقایق لەژورەکە لەولای دیوارەکەوە دانیشتبوو، مەنوچەر وتی:

– وەرە بۆ ئێرە

شەقایق لەدونیای خۆیدا بوو.

– حەز ناکەم بێم.

لەگەڵ خۆیدا وتی:

– ئێستا دەڵێت، شەقایق نازمەکە، وەرە ئێستر.. چییە دوبارە تۆراوی؟

شەقایق هەر لەدونیای خۆیدابوو کاتێک قورسی دەستی مەنوچەر لەسەر دەموچای، هێنایەوە هۆشی خۆی، وەکو منداڵ دەستی خستەسەر دەموچاویو بەگریانەوە دەستی بەئایو وای.. کرد.

مەنوچەر بەرامبەری دانیشتبوو، بەتوڕەیی ئەبڵەقی بوو، بەهاوار وتی:

– چییە؟ وادەزانی مااڵی پورتە؟

پاشان بەگاڵتەوە رستەکەی ئەوی دوبارەکردەوەو وتی:

– زۆر رودار بویت، دیارە لێدانێکی باشت دەوێ؟

شەقایق بەشەرمەوە سەری کردەخوارو وتی:

– باشە، هۆشم نەبوو.

مەنوچەر وازی نەهێنا هاواریکرد:

– هۆشت لەکام گۆڕستانە بوو؟

شەقایق بەچەند وشەیەکی پچڕپچڕ:

– من.. من

مەنوچەر بەبێزارییەوە:

– تۆ چی؟

شەقایق نیگای هەراسانی رووکردە مەنوچەرو بەهەمان ئاواز وتی:

– من.. من لەتۆ دەترسم!

مەنوچەر بەسەرسامییەوە سەیری دەکرد، نەیدەزانی چی بڵێت، بەاڵم زوو خۆی کۆکردەوە، هەستە چێشت ئامادەیە!

شەقایق بێخواست ئەو قسەیەی کرد، بەکاریگەری قسەکەی خۆشحاڵبوو، سێ چوار رۆژی مابوو بۆ جەژن، مەنوچەر ئێستر نەدەڕۆیشت بۆ سەر ئیش، تەواوی کات لەحەوشەکەدا دەسوڕایەوەو

پێداویستییە زیادەکانی حەوشەکەی دەبرد بۆ کۆگایەک، حەوشەکە دەڵێی گەورەتربوو ، شەقایق لەپشتی دەرگاکەوە سەیری حەوشەکەی دەکرد، کاتێک هیلاکدەبوو خۆی بەکارێکی تردەوە سەرقاڵدەکرد، دەترسا لەژورەکە بێتەدەرەوە.

مەنوچەر بەتەواوی ئیشی کردبوو، بەهیلاکی لەسەر هەیوانەکە دانیشتبوو، سەیری حەوشەکەی دەکرد، دەنگێک لەپشتەوە دای لەگوێی، رووی بەرەو دەرگای ژورەکە وەرگێڕا شەقایق لەناو ژورەکە وەستابوو سینیەک چا بەدەستییەوە بوو، مەنوچەر هەستاو رۆیشتە ژورەکەوە، سینییەکەی لەدەست سەندو دانیشتو بەبێ پێشەکی وتی:

– سبەیشەو چێشت لێبنێ، مامە سالّحو مامە ئیسماعیل لەگەڵ منالّەکانیدا لەتارانەوە دێن بۆ ئێرە..

پاشان بەهێواش وتی:

– وەک منو تۆ زەماوەندمان کردووە.

دوای کەمێک وەستان بەهەڕەشەوە:

– بەڵام، وای بەحاڵت ئەگەر ببیستم قسەیەکی بێخودت کردوە! یان گلەیت لای ئەمو ئەو کردبێت، ئاگات لەخۆت بێت، تێدەگەی؟

شەقایق قسەیەکی نەکرد، بەڵام خۆشحاڵبوو لەوەی کە دوای ئەم ماوەیە دەیتوانی هەموان ببینێت، بەتەواوی بێزاربوو، بەیانی وەک هەموو رۆژێک مەنوچەر رۆیشتە حەوشەکە، ئەویش سەرقاڵبوو، دەیویست پڵاوی سەوزی لەگەڵ ماسیدا دروستبکات، بەڵام مامە پەروێز زۆر حەزی لەماسی نەبوو، کەواتە باشترە مریشکیش دروستبکات.

مەنوچەر وتبوی هەر شتێکمان نییە بەمن بڵێ بابیکڕم، بەڵام هەموو شتێک لەماڵدا هەبوو، عەسر مەنوچەر رۆیشتە دەرەوە، قسەیەکی لەگەڵ شەقایقدا نەکرد، بەڵام هەرچی بوو بێگومان بۆ شتکڕین رۆیشتبوو، چونکە زەمبیلی بەدەستەوە بوو، کاتێک گەڕایەوە پاکەتێک

شـــیرینی کڕیبـــوو هەنـــدێك گلۆبـــەڕۆژەو چەرەســـی هێنـــابوو، کاتێـــك هاتـــەژورەوە، بـــۆنی چێشـــتەکە ئـــەو نـــاوەی گرتبـــوو، شـــەقایق رۆشـــتبوە گـــەرماو، کاتێـــك هاتـــەدەرەوە مەنوچـــەر لەبـــەردەم گەرماوەکـــە وەســـتابوو، شتێك لەدەستیدا بوو، بەئاوازێکی جیدی وتی:

– ئەم کراسە لەبەر بکە!

کراسێکی جوانبوو، ئارورێشمی شین!

شەقایق سەیرێکی مەنوچەری کردو بەپاڕانەوە وتی:

– ئاخر مەنوچەر..

مەنوچەر فەرماندەرانە وتی:

– لەبەریکە!

شـــەقایق کراســـەکەی بـــەبێ ئـــارەزو لەبـــەرکرد، بەرامبـــەر ئاوێنەکـــە وەســـتا ئـــەو پەیمانـــە کەوتـــە بـــیری کـــە لەگـــەڵ خۆیـــدا بەســـتبوی، پـــەیمانی دابـــوو تـــا ســـاڵی دایکـــی جلـــی رەش دانەکـــەنێت، بـــەڵام ئێســـتا بـــەزۆری مەنوچەر ناچاربوو پەیمانەکەی بشکێنێ.

مەنوچـــەر هاتـــەژورەوە، ئـــەویش جلەکـــەی گۆڕیبـــوو، ئـــەمجارە بەئاوازێکی گونجاوتر وتی:

– ئەمانەم بۆ تۆ کڕیوە.

لەپاکەتـــە ســـورە مەخمەڵییەکـــەدا ئـــاڵتون هـــەبوو، جوتێـــك گـــوارەو دەستبەندو ملوانەو ئەنگوستیلەیەك!

شـــەقایق بێهـــۆ دەســـتی بـــەگریان کـــرد، مەنوچـــەر تەماشـــایەکی کـــردو بەدڵسۆزییەوە وتی:

– بەسە ئیتر، چەند دەگریت؟! ئێستا میوانەکان دەگەن!

پاشان لەژورەکە ڕۆیشتەدەرەوە.

– خۆزئـــاوا میوانـــەکان گەشـــتن، شـــەقایق زۆر خۆشـــحاڵبوو، ئـــەعزەم بەپێکەنین دەیوت:

– بەھ، بەھ، بوكو زاوای راکردو چۆنن؟

ژنەکەی فەرهاد زۆر پێدەکەنی، بەدەم پێکەنینەوە:

مەگەر دەستو قاچتانیان بەستبوەوە کە بەمجۆرە رۆیشتن؟!

نێرگس سوپاسی خودای دەکرد، بەڵام دڵی گیرا بوو، دەیویست زەماوەندێکی درێژی بۆ بکردایەن، بەڵام ئیتر سودی نەبوو.

میوانەکان تاشەوی دواتر مانەوەو شەو دوای شێوان خواردن هەمویان رۆیشتنەوە، مەنوچەر هەرچی کرد نەیتوانی نێرگسو پەروێز دابنێت، دەڵێی بڕیاربوو هەمویان جەژن لەمەشهەد بکەن، مااڵەکە دوبارە بێدەنگبووە، مەنوچەر رۆیشتە ژورەوە، شەقایق لەگەڵ خۆیدا بیریکردەوە هەموو شتێك وەك سەرەتابوو.

هەستە جلەکانم بهێنە!

شەقایق رۆیشتە ژورەکەو جلەکانی مەنوچەری لەکۆمەدییەکە دەرهێنا، مەنوچەر جلەکانی گۆڕی، شەقایق هێواش وتی:

– دەتەوێت برۆیتە دەرەوە؟

مەنوچەر سەیرێکی کردو وتی:

– بەڵێ.

شەقایق بێخواست وتی:

– بەتەنیا؟

مەنوچەر پێکەنینێکی نێشداری کردو وتی:

– بەڵام، دەمەوێ برۆم خۆشی ببینم! تۆش دابنیشە، بخەوە.

شەقایق رۆیشتە ژورەکەیترو لەکونجی دیوارەکەدا دانیشت، مەنوچەر هاتە ژورەوە، لەالی دەرگاکە وەستاو بەگاڵتەجارییەوە:

– دەرك بەحاڵت دەکەم، دەزانی بۆ؟

شەقایق راست سەیری چاوانی کرد، مەنوچەر بەتورەییەوە:

ئەو کات کەتۆو دایکت دەڕۆشتن بۆ لای.."مەنوچەر کەمێك وەستاو فەرماندەرانە وتی:" لای نەنەگیانت من وەك ئێستای تۆ لای دیوارەکە کزەم دەکرد، ئەو کاتە لەکوێ بوی؟.. لەلای سادق خان دڵت دەداو دڵت وەردەگرت!.. ئێستا نۆبەتی منە، من دەڕۆمە دەرەوە، تۆ دەبێت لێرە بپیشێی.. چێژوەردەگرم لەدڵۆپبون بەئاوت چێژ وەردەگرم.

شەقایق بێدەنگبوبوو، بەڕاستی کێ تاوانبار بوو؟.. خۆزگە هیچکات ئەو نەبوایە، ئێستا کە بیری دەکردەوە دەیبینی ئەوو سادق هەردوکیان راستیان کردوە، دەیبینی کە خراپەی کردووە لەگەڵ هەردوکیاندا، چونکە دڵی دابوو بەهەردوکیان، چێژی دەبرد لەوەی کە دوو کەس عاشقانە میهرەبانی لەگەڵدا دەکەن، لەخۆبایی بوو، هەردوکیانی فریودابوو، بەڵام نەیدەتوانی بەیەکێکیان بڵێ "نە"! نەیدەزانی لەوانەیە تاوانبار خۆی بێت، خۆزگە هەر لەو سەرەتاوە یەکلایی بکردایەتەوە.

سادق پەیوەندی لەهەموو شتێك بڕیبوو، هیچ کەس هەواڵی نەدەزانی، مەنیجە ئەوەندەخەفەتو گرفتاری بوو کە نەکەوتە دوایو لەبیریکرد، تەنیا فاتمە بوو کە هەندێکجار بیری لێدەکردەوە، چونکە سادق ئەوی دەخستە بیری شەقایق، سادق پەنای بردبووە لای هاوڕێیەکی "جەواد" ئاگای لەخەمی گەورەی ئەو بوو ئەوەی بەخەیاڵی خۆی لەبیرو خەیاڵ رزگاری بکات ئەو پێشنیازی کرد سادق دەستبداتە ماددەی بێهۆشکەر، بەباوەڕی جەوادو هەردوو بەدوو لەدەنگەدەنگی ژیان کاری خۆیان دەکرد، جەواد ژوریکی بچوکی هەبوو، هەردوکیان لەوێ ئیشیان دەکرد، دەیانخوارد، دەخەوتنو هەندێکجار بۆ دورکەوتنەوە لەکێشەکان پەنایان دەبردە بەر دوکەڵی تلیاك.

"37"

بەیانی کاتێک مەنوچەر دەڕۆیشت بۆ سەر ئیش، نیگای خەوالّوی شەقایق کەوتە سەر حەوشەکە، بارانێکی تونـد دەبـاری، شـەقایق بەخەوالّویی هەستاو چەترەکەی پەیداکرد، مەنوچەر لەچێشتخانەکە تونـدو خێـرا نـانی بـەیانی دەخـوارد، کاتێـک شـەقایقی بینـی، بەشـێوەیەکی بزێوە وتی:

– مەگەر ناچاری هەستی؟

شەقایق چەترەکەی بەرەو ئەو درێژ کردو وتی:

– باران دەباریّت، لەبیرت نەچێت چەتر لەگەلّ خۆتدا ببەیت!

مەنوچەر بێبایەخ وتی:

– نایەوێت دلّنیگەران بیت، برۆ بخەوە.

شـەقایق هـەر لـەوێ چـەترەکەی لەدیوارەکـە دانـاو بەخـەمباری لەچێشـتخانەکە رۆیشـتە دەرەوە، رەفتـاری مەنوچـەر هـیچ نـەگۆڕابوو، وەک رۆژانی سەرەتا بەدرەوشت بوو، شەقایق لەگەلّ خۆیدا وتی:

– یـانی مـن ئەوەنـدە خراپـەم کـردوە، کـە ئێسـتا خـەریکم سـزاکەی دەدەمەوە؟!

شـەقایق خـوی بەتەنیاییـەوە گرتبـوو، زۆرجـار بەبـەرزی لەگـەلّ خۆیـدا قسەی دەکرد.

– چ بارانێکە، ناوەستێ، حەزدەکەم لەژێریدا رێبکەم.

لەپشـت دەرگاکـە وەسـتاو ئەبلّـەقی حەوشـەکە بـوو، بێئامـانج دەسـتی گـرت بەدەسـکی دەرگاکـەوە، لەتـەواوی بـێ باوەڕیـدا ئاگـاداربوو، دەرگاکـە کرایـەوە، هـەر بیریشـی نـەدەکردەوە کـە مەنوچـەر لـەبیری چـووبێت دەرگاکـە دابخـات، دەرگـای ژورەکـەی کـردەوەو لەژورەکـە رۆشـتە دەرەوە، دونیـا فێنـک بـوو، دەنگـی ئاوەکـە تـەنیا دەنگێـک بـوو کـە

دەبیسترا، شەقایق بەپێخاوسی چووە حەوشەکە، جلەکەی ناسك بوو، زۆر زوو تەڕبوو، سوڕایەوەو پاشان بەرەو ژورەکە ڕۆشت، بەڵام دەرگاکە داخرا بوو، دونیا ساتبەسات ساردتر دەبوو، ڕۆیشتو لەگۆشەیەکی هەیوانەکە دانیشت، جلەکانی تەڕبوو، لەسەرمادا دەلەرزی.

جارێکیتر هەستاو دەرگاکەی تاقیکردەوە، زۆر هەوڵیدا، بەڵام سودی نەبوو، بەترسەوە لەگەڵ خۆیدا وتی: مەنوچەر چی؟.. ئەگەر مەنوچەر لێرە بمبینێ بێگومان دەمکوژێ.

کات بەئارامی دەڕۆیشت، بارانەکە لەلێزمە دەباری، شەقایق بۆ ساتێك لەگەڵ خۆیدا بیریکردەوە، لەوانەیە ئەگەر هەوڵی بدایە دەیتوانی هەڵبێت، دەرگای ژورەکە کرابووە، شتەکانی کۆ بکردایەتەوەو بڕۆشتایە، بەڵام ئێستا زۆر درەنگ بووە، دەڵێی لەبیری چووە ئێستا بەڕاستی ژنی مەنوچەرە، ئێستا ئەگەر ڕایبکردایە لەئیسلامدا خوێنی حەڵاڵ دەبوو، شەقایق چوار کاتژمێری تەواو لەهەیوانەکە لەرزی.

لەکۆتایدا مەنوچەر هاتەوە، سەرەتا بەبینینی ئەو لەهەیوانەکە وەستا.

– بۆچی لێرە دانیشتویی؟!

شەقایق ئارام ئارام هەستاو هێواش وتی:

– من خەریکبوم..

مەنوچەر قسەکانی بڕیو هاواریکرد:

– دەی دەتویست رابکەیت!.. بەڵێ؟

شەقایق بەترسەوە وتی:

– نەخێر، نەمدەویست رابکەم.

مەنوچەر بەتوڕەیی هێرشی بردە سەری، شەقایق هاواریکرد:

– بەخودا نەمدەویست رابکەم.

مەنوچەر پەلی گرتو بردییە ژورەکەوە، تا شەقایق ویستی لەژورەکە هەڵبێت، مەنوچەر مستێکی تۆندی لەپشتی دا لەکاتێکدا بەتۆندی لێی دەدا هاواریکرد:

– ئەمەت دەوێ؟.. بێگومان دەبێت لێت بدەم!

شەقایق نەیدەتوانی لەژێر دەستی دەربچێت.

– بەخودا چوومە حەوشەکە پیاسەبکەم، دەرگا کرابووە.. من.. نەمدەویست هەڵبێم.

مەنوچەر رۆیشتە لایەکەوەو بەبێزارییەوە هاواریکرد:

– برۆ جلەکەت بگۆڕە!

ماوەیەکی خایاند، شەقایق لەژوری نوستن دانیشتبوو، لەشی بەتەواوی ئێشی دەکرد، ئەوە لەتەڕبونو چوار کاتژمێری وەستان لەسەرمادا، ئێستاش بەتەواوی لێدانی خواردوە، دەرگاکرایەوەو مەنوچەر هاتەژورەوە، هێشتا تووڕەبوو، بەڵام ئارامتر.

– راستییەکەی بڵێ، دەتویست رابکەیت؟

شەقایق بەئاوازێکی منداڵانە وتی:

– نە، بەخودا نە! من تەنیا بینیم دەرگا کرایەوە، دەمویست لەحەوشەکەدا پیاسەیەك بکەم.

مەنوچەر هاواریکرد:

– تۆ، لەژێر بارانەکە چیت دەویست ها؟ نەتوت لەسەرماندا دەمریت؟

شەقایق تەنیا گریا، مەنوچەر بەتووڕەیی بەرەو لای رۆیشتو سەری بەرز کردەوە، دەموچاوی خوێناوی بوو، مەنوچەر سەری باداو بەهەمان ئاواز بەردەوامبوو:

– واپێت دەڵێم، ئەگەر نەخۆش بکەوی دەتکوژم!.. تێگەشتی؟.. دەتکوژم، نەیەی بەمن بڵێی نەخۆشم! من تاقەتی پەرستاریم نییە لەتۆ.. "پاشان بەئاوازێکی گونجاو وتی:" هەستە دەموچاوت بشۆ!

مەنوچەر لەژورەکە دانیشتبوو سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، تازە تەلەفزیۆنیان کڕیبوو، بەڵام شەقایق حەزی لەسەیرکردنی تەلەفزیۆن نەبوو.

شەقایق خوانەکەی هێنا، ویستی مەنجەڵی چێشتەکە بهێنێ، بەڵام کۆکەی لێهات، چاوی بەمەنوچەر کەوت، مۆنەی کردبوو سەری بادەدا، چێشتەکەی هێنا، حاڵی باش دیارنەبوو، بەڵام نەیدەویست خۆی وادەربخات لەبەردەم مەنوچەردا، تاقەتی بیستنی بۆڵەبۆڵی نەبوو، مەنوچەر وتی:

– وەرە بۆ ئێرە لای من دابنیشە بزانم.

شەقایق بەترسو لەرزەوە رۆیشت بۆ لایو مەنوچەر دەستی خستە سەر رومەوتیو وتی:

– بەه، بەه، هێشتا کاتژمێرێك تێنەپەڕیووە، تات هەیە.

شەقایق پێکەنینێکی شەیتانئامێزی خستەسەر لێویو وتی:

– نە، دەستەکانی تۆ گەرمە!

مەنوچەر وتی:

– ئێستا پێبکەنە.. نۆبەتی گریانیشت دێت ئەوکاتە من پێدەکەنم!

بەیانی شەقایق خۆی کرد بەخەوتوو تامەنوچەر ئاگاداری حاڵی خراپی نەبێت، تەواوی دوێنێ شەو لەتادا سوتابوو، بەڵام وەك ئەوەی مەنوچەر نەیزانیبوو، کاتێك مەنوچەر رۆیشت، هەستا رۆیشتە چێشتخانەکە، حەزی لەخواردن نەبوو، دەموچاوی بەئاوی سارد شوشتو پاشان پەرداخێك ئاوی خواردەوەو رۆیشت خەوت.

کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ کاتێک لەخەو هەستا، دەبێت بیری لەخواردنی شێوان بکردایەتەوە، بەسەختی هەستاو بەرەو چێشتخانەکە چوو، دەموچاوی رەنگپەڕیوی دەریدەخست کە نەخۆشە قورگو سەری ئیشی دەکرد، خۆ مەنوچەر کوێرنەبوو بێگومان دەیزانی نەخۆشکەوتوە، بیرێکی باش هات بەمێشکیدا سەرەتا شێوانەکەی دروست کردو پاشان رۆیشت بەرەو لای ئاوێنەکە.

مەنوچەر وەك هەمیشە لەکاتی دیاریکراودا هاتەوە، هەرکە چاوی بەشەقایق کەوت پێکەنیو وتی:

– لەپشت ئەم دەموچاوەوە، خودا دەزانێت چی روخساڕێکت شاردوەتەوە؟

شەقایق بەدەستەپاچەیی وتی:

– خۆ نەخۆش نیم!

مەنوچەر بەهەمان ئاواز:

– من کەی وتومە نەخۆشیت؟!

شەقایق لەقسە بێجێگەکەی خۆی تورەبوو، بۆ ئەوەی باسەکە بەردەوام نەبێت بەرەو چێشتخانەکە رۆیشت، خوانی شێوانی داخست، مەنوچەر چووە چێشتخانەکەوە، سەیرێکی خوانەکەی کردو بەرەو تەباخەکە رۆشت، سەری مەنجەڵەکەی لاداو کەمێکی لەچێشتەکە خوارد، بەدەنگێکی فەرماندەرانە وتی:

– باش شلە دروست دەکەیت؟

شەقایق وتی:

– تا ئەو شوێنەی من لەبیرم بێت تۆ هیچکات شلەو شۆربا ناخۆیت شەوان! ئێستا چی بووە حەز لەشلە دەکەیت؟!

مەنوچەر بەپێکەنینەوە وتی:

– ئەو کەسەی دەبێت حەز لەشلە بکات تۆی، نە من!

شەقایق خۆی بەسەرسام نیشانداو پرسی:

– بۆچی من؟!

مەنوچەر بەهەمان ئاواز بەردەوامبوو:

– هیچ، ئاخر من نەخۆشم، دەمەویست تۆ شلە بخۆیت!

مەنوچەر پەنجەی خستەسەر دەموچاوی‌و بەگاڵتەوە وتی:

– زۆر روداری "لەبەردەمی لاچوو بەردەوامبوو" دەی ئەم چێشتە چی لێهات؟!

نیوەشەو مەنوچەر لەسەرمادا بەخەبەرهاتەوە، سەرەتا وایزانی بەتانییەکە بەسەرییەوە نەماوە، بەڵام لەناکاو زانی کە شەقایق نییە لەسەر جێگەکەی، بەترسەوە لەجێگەکەی هەستا، دڵی والێی دەدا کە دەنگی لێدانەکەی دەبیست، لەژورەکە هاتەدەرەوە، لەناکاو شەقایقی بینی کە لەلای پەنجەرەکە خەوی لێکەوتبوو، پەنجەرەکە کرابووەو بایەکی ساردی لێوەدەهات، لەتوڕەیدا ویستی هاواربکات، لەمەبەستی شەقایق تێنەگەیشتبوو، بەهێواشی رۆیشتە پێشەوەو دەستی خستەسەر شانی شەقایق‌و جوڵاندی، شەقایق بەچاوانێکی خەواڵووە سەیری دەموچاوی سورهەڵگەڕاوی مەنوچەری کرد، ئەوەندە حاڵی خراپبوو کە وایزانی خەو دەبینێت، هێواش بەئاوازێکی وەک چپە وتی:

– بەخەبەری! تۆش گەرمات بووە؟

مەنوچەر بەحاڵی ئەوی نەزانی‌و بەتوڕەیی هاواریکرد:

– هەستە بزانم، شێت!

شەقایق جوڵاو لەپەنجەرەکە هاتەخوارەوە، تازە هۆشی بەخۆیدا هاتبووەوە، بەڵێ حاڵی من..

مەنوچەر بەئاوازێکی توڕە وتی:

– واتزانی وەک خۆت کەرم؟! لەپشت پەنجەرەکە چیت دەویست، ها؟

شەقایق خێرا وتی:

– من تەنیا..

مەنوچـــەر بێبایـــەخ بـــەرەو لای رۆشـــتو لەکاتێکـــدا بـــەرەو دەرگـــای ژورەکەی دەبرد وتی:

– زۆر باشـــە، بـــڕۆ.. گـــۆڕت ونبکـــە !.. دوای ســـاڵێك هێشـــتا لـــەبیری هەڵهاتنـــدایت.. دەرگـــای ژورەکـــە ئـــەڵێی چـــووبوو بەقینـــدا، نەدەکرایـــەوە، مەنوچـــەر بەدەســـتێکی کلیلەکـــەی کـــردەوە، بەدەســـتەکەی تریشـــی شەقایقی گرتبوو، شەقایق دەگریاو دەیوت:

– توخوا بمبەخشە !

مەنوچەر دەرگای کردەوەو بەتوڕەیی بەرەو دەرەوە پاڵیناو وتی:

هـــەر لـــەوێ بمێنـــەرەوە، ئەگـــەر توانیـــت رابکـــە ! دەمـــەوێت بـــزانم چـــۆن رادەکەیت..

شەقایق وتی:

– من نەمدەویست هەڵبێم.

کەچـــی مەنوچـــەر بێبایـــەخ دەرگاکـــەی داخســـت، شـــەقایق ماوەیـــەك گریا، بەڵام سودی نەبوو، مەنوچەر گلۆپەکانی کوژاندەوەو نوست.

شـــەقایق لەپشـــتی دەرگاکـــە دانیشـــت، دەنگـــی گریـــانی تـــەنیا دەنگێـــك بوو کە بێدەنگی سەختی شەوی دەشکاند.

چـــەند خولـــەکێك زیـــاتری نەخایانـــدبوو کـــە دەرگاکـــە کرایـــەوە، مەنوچـــەر بـــەداماوی لەژورەکـــە چـــوو لەبەرامبەریـــدا دانیشـــت لەهەیوانەکـــە، زنجـــیرە فرمێســـکی لـــەرزۆك لەچـــاوە ســـەوزەکانی شـــەقایق درەوشـــایەوەو ئەهاتـــەخوارەوە بەســـەر گۆنایـــدا، مەنوچـــەر دەســـتی خســـتە ژێـــر چـــەناگەیو بەئاوازێکی دڵسۆز وتی:

– ئـــاخر نیـــوەی شـــەو، لەپشـــت پەنجەرەکـــە چـــیت دەویســـت؟ ئـــەویش لەم سەرمادا.

شەقایق روی وەرگێڕاو بەچەند وشەیەکی پچڕپچڕ وتی:

– گەرمام بوو، دەمەویست،.. دەمەویست کەمێك فێنك بمەوە.

مەنوچەر سەرێکی باداو وتی:

– ئاخر لەم هەوا ساردەدا گەرمات بوو؟! بزانم نەوەك..

مەنوچەر دەستی خستە سەر دەموچاوی شەقایقو بەتانەلێدانەوە وتی:

– بەه، بەه، لەکۆتایدا نەخۆش کەوتی، شایستەی! کچی شێت لەم هەوا ساردەدا چوێتەتە بەر بارانو پیاسەتکردوە، مەگەر ئەرکبوو؟.. ئێستا.. ئێستا هەرچیت لێبێت شایستەی، ئێستاش لێرە دابنیشە تافێنك ببیتەوە.

مەنوچەر هەستاو هەرکە هەنگاوی بەرەو لای دەرگاکە نا دەنگی لەرزۆکی شەقایق لەشوێنی خۆیدا وەستاندی.

– من.. ئێستا سەرمامە.

مەنوچەر سەیرێکی بێتاقەتی کردو هێواش وتی:

– هەستە وەرە ژورەوە!

بەیانی کاتێك مەنوچەر دەچووە سەرکار، شەقایق نوستبوو لەڕوخساری رەنگپەڕیویدا دیاربوو تەندروستی باش نییە، بەڵام مەنوچەر بەناچاری، خێرا لەماڵ دەرچوو تاخۆرئاوا کە مەنوچەر گەڕایەوە، شەقایق هەر نوستبوو، ئەو دەنگەدەنگەی لەچێشتخانەکەوە دەهات بەخەبەری هێنا، سەیری دەوروبەری خۆی کرد، گەروی وشکبوو زۆر حەزی لەئاو بوو، هەستاو بەرەو چێشتخانەکە رۆیشت، گۆناکانی لەبەر تا سورهەڵگەڕابوو، توشی سەرئێشە هاتبوو، لەشی قورس بوو، مەنوچەر لەچێشتخانەکە لای تەباخەکە وەستابوو، شەقایقی بینی بەنیگەرانییەوە پرسی؟

– چی بووە، بۆچی لەشوێنی خۆت هەستایت؟

شەقایق هێواش بەدەنگێکی لاواز وتی:

– تینووم!

مەنوچەر پەردا‌خێك ئاوی دایە دەستی، شەقایق پەرداخە ئاوەکەی خواردەوە، مەنوچەر ئەوی هەر لەوێ، لەچێشتخانەکەدا، شەقایق بەهەمان ئاواز وتی:

– تۆ بۆچی نەڕۆشتیت بۆ ئیش؟

– لەئیش گەڕاومەتەوە!.. دەڵێی ئێستا لەخەو هەستاوی؟!

شەقایق وتی:

– مەگەر کاتژمێر چەندە؟!

– حەوتو نیو.

شەقایق سەیرێکی دەوروبەری کردو پرسی:

– دایکم لێرەیە؟

مەنوچەر بەسەرسامییەوە سەیری کرد، بەئارامی لەلایدا دانیشت، دەستی خستە سەر گۆنایو لەژێر لێوەوە وتی:

– وای، چی تایەکت هەیە!.. هەستە، هەستە برۆینەوە بۆ ژورەکە.

شەقایقی لەجێگەکەیدا خەواندو رۆیشت قاپێك ئاوو دەستەسرێکی هێنا، تاگەڕایەوە شەقایق خەوتبوو، مەنوچەر دڵی بەحاڵی دەسوتا، بەمجۆرە نەدەبوو، بێگومان دەبێت کارێکی بکردایە.

– شەقایق، شەقایق گیان!.. هەستە.

شەقایق چاوی کردەوەو مەنوچەری بینی، بەدەموچاوێکی نیگەران ئەبڵەقی بووە بەدەنگێکی گیراو بێحاڵ وتی:

– چییە، ڕۆژ بوەتەوە؟

مەنوچەر بزەیەکی کردو وتی:

– خەوالۆ هەستە، چەند دەخەویت؟

پاشان قاپەکەی هێنایە پێشەوەو وتی:

– وەرە سەیركە كەبابم بۆ دروستكردوی، تاباش ببیتەوە.

شەقایق كەمێك وەستاو بەپاڕانەوە وتی:

– مەنوچەر، ئەمجارە دەبێت نەیخۆم؟.. تەنیا ئەمجارە؟..

مەنوچەر راستگۆیانە وتی:

– نەخێر، تازە بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەمجارە بیخۆیت، زوبە!

مەنوچەر بەسەر پەنجەكانی قژی دەگرت، دڵی بەحاڵی دەسوتا، لەماوەی ئەم ساڵەدا ئەمە یەكەمجار بوو كە بەمیهرەبانی قسەی لەگەڵ شەقایقدا دەكرد، شەقایق دڵی بەنیگای نیگەرانی مەنوچەر خۆشبوو، دەڵێی دوبارە لەدایكبووە، ئێستا نیگای مەنوچەر وەك ئەو كاتانەیە..

مەنوچەر بەسەرسامییەوە:

– بۆچی بەمجۆرە سەیرم دەكەی؟!

شەقایق سەری خستە سەر سینگی‌و ئارام وتی:

– دڵم بۆ ئەم نیگایە تەنگبووە.

مەنوچەر بەبینینی نێرگس سەری سوڕماو بەخێرایی بەرەو لای رۆیشت، ماوەیەكی زۆربوو دایكی نەبینیبوو، زۆربەی كات لەتەلەفۆن قسەیان بەیەكەوە دەكرد نێرگسیش خۆشحاڵبوو.

– تەنیای؟.. شەقایق لەكوێیە؟!

مەنوچەر وتی:

– لەماڵە، ئێستا دەڕۆین بۆ لای.

نێرگس وتی:

– باشە.

مەنوچەر سەری كردەخوارو وتی:

– نە، نەخۆشە!

نێرگس سەیرێكی سەرسامی كردو وتی:

– بۆچی؟ چی لێهاتووه؟!

– نازانم، سەری گێژدەخوات، تای هەیە، لاوازە، نازانم، هیلاکە.

نێرگس زەردەخەنەیەکی خستەسەر لێوی‌و وتی:

– لەوانەیە سکی هەبێت!

پاشان پێکەنی‌و لەگەڵ خۆیدا وتی:

– بۆچی نە؟.. ئینشائەڵڵا هەر ئەمەیە!

کاتێک نێرگس‌و مەنوچەر گەیشتنە ماڵ، شەقایق لەژورەکە دانیشتبوو، شەقایق بەبینینی نێرگس غافڵگیربوو، بەشێوەی گلەیی روو لەمەنوچەر وتی:

– بۆچی نەتوت ئامۆژن دێت؟

نێرگس لەکاتێکدا ئەوی دەگرتەباوەش وتی:

– ئێستا چی جیاوازییەکی هەیە، گیانم، حاڵت باشە؟

کاتی ماچکردنی شەقایق، ئاگاداری گەرمی دەموچاوی ئەو بوو، بەنیگەرانی وتی:

– بۆچی دەموچاوت ئەوەندە گەرمە؟!

شەقایق وتی:

– شتێك نییە.

نێرگس قسەکانی بڕی‌و وتی:

– ئەمڕۆ دەبێت برۆین بۆ لای پزیشك!

مەنوچەر وتی:

– دوای چێشتی نیوەڕۆ دەڕۆین بۆ لای پزیشك.

لەتیمارگەکە، پزیشك دوای سەیرکردنی ورد هەندێ راسپاردەی پێکردن‌و رێگەیدان کەوا برۆن، شەقایق هەستاو لەژورەکە رۆیشتەدەرەوە، نێرگس دودڵبوو، پزیشکەکە بەسەرسامییەوە تەماشای دەکرد، پرسی:

– شتێك بووە؟!

نێرگس نەیدەزانی چۆن قسەکەی بکات، پزیشکەکە بەنیگەرانی ئەوی زانی، بەمیهرەبانی وتی:

– نیگەران مەبە خانم!.. زۆر زوو باش دەبنەوە.

نێرگس قسەی پزیشکەکەی بڕیو وتی:

– راستیەکی من وامزانی بوکەکەم سکپڕە!

پزیشکەکە لەسەر کورسییەکە جوڵاو وتی:

– بەڕێکەوت شتێك هەیە کە دەمەویست پێت بڵێم، راستییەکەی بەبڕوای من بوکەکەتان زۆر لاوازە، من وادەزانم دەبێت ئێوە خۆشحاڵبن بەوەی کەسکپڕ نییە، بوکەکەتان لەکاتێکدا نییە کە بتوانێت سکی بپڕبێتو ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت، بوکەکەتان سکی پڕنابێت.. کێشەکەش لەبەر لاوازی جەستەیە، بەڵام بەکۆنترۆڵو چاودێری ورد حاڵی بێگومان باش دەبێتو سکیشی پڕدەبێت.

قسەکانی پزیشکەکە وەك چەکوشێکی ئاسنین لەسەری نێرگسی دا، رازیبون بەم مەسەلەیە دژواربوو بۆی، بەشێوەیەکی تۆڕە لەژورەکەی پزیشکەکە هاتەدەرەوە، شەقایقو مەنوچەر لەهۆڵەکە چاوەڕێی بون، هەرکە لەدەرگاکە هاتەدەرەوە، شەقایق هەستا، مەنوچەر وتی:

– شتێك بوو کە..؟..

نێرگس بەتۆڕەیی قسەکەی بڕیو وتی:

– نەخێر! بڕۆن ئیتر.

نێرگسو مەنوچەر لەژورەکە دانیشتبون، شەقایقیش لەچێشتخانەکە سەرقاڵی ئیشەکانی بوو، مەنوچەر هەندێکجار تەماشای نێرگسی دەکرد، کە بەماتی ئەبڵەقی خاڵێکی نادیاربوو، ئارام چووە پێشەوەو هێواش بەنێرگسی وت:

– چی بووە؟.. بۆچی لەو کاتەوەی لەلای پزیشکەکە هاتوینەتەوە، تۆ ئەوەندە خەمباری؟ نەوەك پزیشکەکە شتێکی وتبێ؟ شەقایق حاڵی خراپە؟

نێرگس سەیرێکی تورەی کردو وتی:

– مەترسە ! شازادەکەت نامرێ.

مەنوچەر ئەوەندە سەری سوڕما لەڕستەلێدەرەکەی بەشێوەی رەخنەگرانە وتی:

– چی دەڵێی دایکە؟!

نێرگس بەدەنگێکی هێواش تەواوی قسەکانی پزیشکەکەی دوبارەکردەوەو وتی:

– بەڵێ، کاکەی بێ خەیاڵ، ! پزیشك وتی ژنەکەت منداڵی نابێت.

مەنوچەر بێبایەخ وتی:

– دایکە چی دەڵێی شەقایق خۆ بێگانە نییە تۆ هەر دەڵێی ژنەکەت، ژنەکەت! ئێستا خۆ شتێك..

نێرگس بەتورەییەوە:

– چیت لێهاتووە مەنوچەر، یانی گرنگ نییە بۆت؟

مەنوچەر ئەمجارە بەکینەوە ئەبڵەقی بوو وتی:

– دەڵێی چی بکەم؟.. باشە شتێکە کە بووە ! تازە ئەم پزیشکە خۆ پسپۆڕ نییە، قسەیەکی کردووە.

نێرگس لەتورەییدا سورهەڵگەڕا، نەیدەزانی چۆن مەبەستەکەی تێبگەیەنێ بەهەمان تورەیی وتی:

– ئەی کوڕ بۆچی تێناگەی چی دەڵێم؟.. پزیشك خۆ لەخۆیەوە نەبووە بەپزیشك بێگومان شتێکی زانیوە.

مەنوچەر بەتورەیی هاواریکرد:

– دەڵێی چی بکەم؟.. دوای ئەو هەموو قسە کە لەدوامەوە دەریانکرد کە فڵان بێزاربوو ئارامی نەگرتو چی دەزانم فلانی ئاگرەکەی توندبوو، ئێستا برۆم تەڵاقی بدەم؟!

بەبیستنی وشەی تەڵاق، شەقایق لەناکاو لەرزی، نەیدەزانی دەبێت چی بکات، بڕیاریدا بێبایەخ کارەکانی بکات، بەڵام دەستەکانی دەلەرزی، لەناکاو هۆشی بەخۆیدا هات وتی:

– من خەریکم بەدبەخت دەبم.. .

بەشی حەوتەم

"38"

مەنوچـــەر هەڵسـوکەوتی لـــەجاران تونـــدتر بـــوو،، لـــەدوای راوێـــژکردن لەگـــەڵ نێرگســـدا، شـــەقایق وردەوردە بەبابەتەکـــەی زانـــی، نێـــرگس شـــتێکی پێـــوو تبـــوو! بـــەڵام شـــەقایق بـــاوەڕی بەمەنوچـــەر هـــەبوو دڵنیـــابوو کـــە رازینابێـــت بەتەڵاقـــدانی، خـــەیاڵی ئاســـودەبوو، بـــەڵام لەلایەکـــەوە دڵنیـــابوو کـــە نێـــرگس بـــەبێکار دانانیشـــێت، دەیناســـی ژنێکـــی بەسیاســـەت بـــوو، لـــەو ژنانـــەبوو کـــە بەقســـە کارەکانیـــان دەکـــرد، بەوتـــەی پێشـــینان بەلۆکـــە سەردەبڕێت.

ماڵیـــان وەک ســـەربازخانەی لێهـــاتبوو، ئێـــواران کـــە مەنوچـــەر دەهاتـــەوە شـــێوانیان دەخـــواردو دوای ســـەیرکردنی تەلـــەفزیۆن گلۆپـــەکان دەکوژانـــەوەو دەخـــەوتن، شـــەقایق بەراســـتی لەگـــەڵ هـــەموو شـــتێکدا راهـــاتبوو، تەنانـــەت بەکـــەم قســـەیی مەنوچـــەریش!.. هەرچـــەندە بێزاردەبـــوو، بـــەڵام بەبێـــدەنگی هاواریـــدەکرد، کاتێـــک تورەدەبـــوو دەیەویست زەوی‌و زەمان تێکەڵی یەک بکات هیچ کەس رێگری نەبوو.

تـــازە ئۆتۆمبیلیـــان کڕیبـــوو، شـــەقایق وابـــیری دەکـــردەوە کـــە لـــەروی وشـــیاری‌و فێڵبازییـــەوە لـــەنێرگس دەچـــێت‌و، لـــەروی راســـتگۆیی‌و میهرەبـــانی زۆرتـــر لەمامـــە پـــەرۆیزی دەکـــرد، ئەفســـوس ئـــەو رۆژە شـــیرینانە کـــە دوبارەنەدەبونـــەوە، ئـــەگینا شـــەقایق دڵنیـــابوو بەباشـــترین ژیـــان

دەگـــات، هەرچـــیبوو شـــانازی بەمەنوچـــەرەوە دەکـــرد، لـــەوەی کـــە دەیبینـــی بەپێچـــەوانەی ئـــەو قســـانەی لەفـــەرهادو کیومـــەرس دەیبیســـت بێدەســـتو قـــاچو دڵناســـكو ترســـنۆك نـــەبوو، هەســـتێکی خۆشـــی هـــەبوو، شـــەقایق سەیری رۆژمێرەکەی کردو بەدەنگێکی هێواش وتی:

ئێســـتا ســـاڵێكو یـــازده مانگـــە لـــەم ماڵـــەدا زینـــدانیم، جگـــە لەئـــەو رۆژەی کـــە لەگـــەڵ ئـــامۆژنو مەنوچـــەر رۆیشـــتین بـــۆ لای پزیشـــك، رۆژانـــیتر هـــەموی لـــەم ماڵـــەدا بـــووم، ئەوەنـــدە ســـەیری دەرگـــاو دیوارەکـــانم کـــردوە بەچـــاوی داخـــراوەوە دەتـــوانم بڵـــێم چـــی لەکوێیـــە، مەنوچـــەر لەحەوشـــەکە خـــەریکی ئۆتۆمبیلەکـــەی بـــوو، خـــۆی بەســـەر ئۆتۆمبیلەکـــەدا لارکردبـــووە، دیارنـــەبوو لەمەکینەکەیـــدا بـــەدوای چـــیدا دەگـــەڕێت، شـــەقایق پیاڵەیـــەك چـــای تێکـــردو بەبیانوی بردنی چاکە چووە حەوشەکە.

بایەکی فێنك دەهات، مەنوچەر چاوی بەشەقایق کەوت.

– کێ وتی بێیتە حەوشەکە؟

شـــەقایق هـــەر لەوێـــدا وەســـتا، ســـینییە چـــاکەی خســـتە ســـەر قادرمەکـــەو بـــەرەو ژورەکـــە گەڕایـــەوە، مەنوچـــەر هەناســـەیەکی قـــوڵی هەڵکێشـــاو دوبـــارە بەهەمان ئاواز وتی:

– باشـــە، دەتوانیـــت بێیـــت "شـــەقایق بەخۆشـــحاڵی رووی تێکـــرد" بـــەڵام برۆ جلێکی گەرم لەبەربکە!

شـــەقایق جـــارێکیتر بـــەرەو لای حەوشـــەکە هـــات، بـــا قـــژی گرتبووەدەســـتو شـــێتانە دەیجوڵانـــد، شـــەقایق چـــاوی بەباخچـــەکە کـــەوت، لـــەناکاو کەوتـــە بـــیری حـــاجی ژن، ئـــەو هەمیشـــە عاشـــقی گـــوڵو باخچـــە بـــوو، لەبەرئەمـــە بـــوو هەرکـــەس لەدەرگاکـــە دەهاتـــە ژورەوە لـــەبۆنی خۆشـــی گوڵـــەکان مەســـت دەبـــوو، لـــەبینینی باخچـــەکە چـــێژی دەبـــرد، دوبـــارە ســـەیری باخچـــەکەی کـــرد، باخچـــە خاڵیەکـــەی خۆیـــانی لەگـــەڵ باخچـــە پڕگـــوڵو گیاکـــەی حـــاجی ژنـــدا بـــەراوردکرد، ئـــەم دوانـــە وەك بیابـــانو

گوڵستان بوو، لای باخچەکە هەندێك گڵی گوڵدان هەبوو، بڕیاریدا گڵی گوڵدانەکان بگۆڕێت، مەنوچەر بێجیاوازی سەرقاڵی کارەکەی بوو، نیو کاتژمێر رایبورد، لەناکاو بەو بێدەنگییەی بڕیاردەرە هۆشی هاتەوە بەخۆیداو بەرەو شەقایق سوڕا، وەکو منداڵە وردبینەکان سەرقاڵبوو، ئەوەندە بەگەرمی ئیشی دەکرد کە ئاگای لەمەنوچەر نەبوو، مەنوچەر دەستی لەکارەکە هەڵگرتو رۆیشت بۆ لای، شەقایق هەستی بەبونی کرد.

– چییە، ئەم گوڵدانە ناشرینانە زۆر سەرقاڵیان کردوی؟

شەقایق لای ئەو لەلێواری باخچەکە دانیشتو وتی:

– ئەم گوڵدانە ناشرینانە لەو پارچە ئاسنە باشترە!

مەنوچەر بەئاوازێکی گاڵتەجاڕی وتی:

– ئا، مەگەر تۆ لەم بوارەدا "سەیرێکی ئۆتۆمبیلەکەی کردو بەردەوامبوو" پسپۆڕی.

شەقایق بەبیستنی دەنگی شادی ئەو خۆشحاڵ بوو، بەدەنگی بەرز پێکەنی، مەنوچەر هێواش وتی:

– چییە کچێ، ئەمڕۆ زۆر خۆشحاڵی؟

– هەروا!

بۆ ساتێك بێدەنگی بووە بڕیاردەر، شەقایق هەر بێدەنگبوو سەیری خاڵێکی نادیاری دەکرد دوای ساتێك بێئەوەی سەیری ئەو بکات وتی:

– ئەم ئۆتۆمبیلە هینی کێیە؟

مەنوچەر وتی:

– ئۆتۆمبیلی خۆمە، کڕیم!

شەقایق بەئەبڵەقی سەیری دەکردو وتی:

– چۆن؟

مەنوچەر زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوی‌و وتی:

– باشە پارەم دا، کڕیم.

شەقایق بەئاوازێکی منالانەوە:

– ناڕەحەتم مەکە! بیلێ چۆن کڕیت، لەکوێ پارەکەت هێنا؟

مەنوچەر وتی:

– ئێمە خۆ خەرجیمان نییە، خۆمان دوو کەسین، تۆش خۆ خەرجیت نییە، منیش هەرچی لەدەرامەتم زۆر بوایە پاشەکەوتم دەکرد.

شەقایق وتی:

– دەزانی ئەگەر منداڵمان بوایە چی دەبوو؟

مەنوچەر ئەبڵەقی خاڵێك بوو وتی:

– دیارە ئیتر! هەموی دەبوە خەرجی دەرمانو پزیشکی ئەو.

شەقایق کەمێك وەستاو پاشان وتی:

– ئەگەر منداڵکمان بوایە، حەزدەکەی ناوی منداڵەکەمان بنەین چی؟

مەنوچەر ئەبڵەقی بوو بەپێکەنینەوە وتی:

– لەهەردوو کاتەکەدا "شەقایق"!

شەقایق بەسەرسامییەوە:

– یانی ئەگەر کوڕیش بوو ناوی دەنەیت شەقایق؟!

– بەڵێ، وابزانم ئەگەر کوڕیش بێت ناوی بنێم شەقایق، چونکە دەمەوێ هەر ئەم ناوە بانگ بکەم.

خەمێکی گەورە لەچاوی شەقایق دەرکەوت، دەنگی یەکسەر شێوەی ماتەمی گرتە خۆی، بەدەنگێکی لەرزۆك وتی:

– مەنوچەر! ئامۆژن راست دەکات؟

– چی؟

– ئەوەی کەمن منالّم نابێت.

مەنوچەر جولاّ بەئاوازێکی توڕە وتی:

– هەستە، دەمەوێ بەکارەکانم بگەم.

شەقایق خێرا وتی:

– توخوا! راستیەکە، بڵێ، راستە؟

مەنوچەر هەستاو بەتوڕەییەوە:

– برۆ ژورەوە، ئیتر نامەوێت لەحەوشە بیت، برۆ ژورەوە!

شەقایق هەستا، دودڵبوو بۆ رۆیشتن، بەدەنگێك کە ترس تێیدا شەپۆلی دەدا جارێکیتر جورئەتی دایە خۆی تاپرسی:

– بۆچی نایڵێی؟

مەنوچەر بەتوڕەییەوە روی تێکرد، شەقایق بەچەند وشەیەکی پچڕپچڕ وتی:

– من.. من

مەنوچەر بەتوڕەییەوە شانەکانی گرتو لەکاتێکدا راست سەیری چاوی کرد، وتی:

– تۆ چی.. ؟.. ها؟.. بۆچی لاڵبویت؟

شەقایق هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو بەبێباکی وتی:

– دەزانم ئامۆژن چی دەوت، دەزانم پزیشکەکە پێی وتبوو کە من منداڵم نابێت، دەزانم ئەو دەیەوێت.. دەیەوێت تۆ تەڵاقم بدەی.

مەنوچەر هەنگاوێکی بەرەو دواوە ناو وتی:

– ئەوەش دەزانی کە من چیم دەوێ.

شەقایق بەگریانەوە بەرەو ژورەکە رایکرد، مەنوچەر توڕەبوو، گڕی تووڕەیی لەبونیدا پەرەی دەسەند، دەستی خستبووە ناو قژیەوە، چاوی بەدار گێلاسەکە کەوت، بێئامانج چڵێکی درێژی لەدارەکە کردەوەو بەرەو ژورەکە ڕۆشت، زۆری نەخایاند هاواری شەقایق گەیشتە ئاسمان.

نێرگس هاتبوو بۆ کەرەج، بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەوە مەنوچەر زۆر خۆشحاڵبوو بەتەواوی قسەی لەگەڵ شەقایقدا دەکرد، پێدەکەنی، بەڵام شەقایق دڵنیابوو ئەمە نەخشەیە، ئەو نێرگس لەمەنوچەر باشتر دەناسی، بەیانی، دوای رۆیشتنی مەنوچەر، نێرگس تازە لەخەو هەستا، شەقایق بەمیهرەبانی ئەبڵەقی بوو وتی:

– ئامۆژن نانی بەیانی دەخۆی؟

نێرگس بزەیەکی تاکو خەمباری خستەسەر لێوی و وتی:

– راستیەکەی.. من، هاتوم لەگەڵ تۆدا قسەبکەم.

شەقایق هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو وتی:

– دەزانم دەتەوێت چی بڵێیت.

نێرگس هەنگاوێکی بۆ پێشەوە ناو بەسەرسامی وتی:

– دەزانیت؟!

بەڵێ، دەزانم پزیشکەکە چی وت: دەزانم تۆش چیت دەوێت.

نێرگس ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو بێدەنگ بوو، شەقایق بێدەنگیەکەی شکاند وتی:

– بەڵام ئەوەی دەبێت بەتەڵاقی من رازی بێت، من نیم، ئەوە مەنوچەر..

نێرگس خێرا وتی:

– یانی تۆ قسەیەکت نییە؟!

شەقایق سەری کردەخوار، بیری کردەوەو پاشان فەرماندەرانە وتی:

– نەخێر!

نێرگس بەبێدەسەڵاتی وتی:

– من.. من نامەوێت ناڕەحەتت بکەم، بەڵام ئەگەر مەنوچەر رازیبێت ئامادەم پاڕێزگاریت لێبکەم، خۆم تەنیا، من خۆم مەنوچەر رازیدەکەم، "پاشان بەئاوازێکی کێناوی وتی:" بەخودا نامەوێ

بەدبەختت بکەم، بەڵام مەگەر چەند منداڵم هەیە؟.. مەنوچەر تەنیا منداڵی منە، حەزدەکەم تا زیندوم کوڕەزاکەم ببینم.. بەڵام "ئەمجارە بەڵەخۆبایبونەوە وتی:" بەڵام دەزانم کە تۆش ناڕەزا نیت، باش دەزانم کە هێشتا..

شەقایق بەشێوەیەکی بزێو وتی:

– نە، ئامۆژن!.. بەو شێوەیە نییە کە بیری لێدەکەیتەوە من..

گریان نەیهێڵا ئەو قسەکەی بکات، بەخێرای بەرەو ژورەکەی رۆیشت.

خۆرئاوا مەنوچەر بەخۆشحاڵی هاتەوە بۆ ماڵ، میوەو شیرینی کڕیبوو، بەڵام کاتێک هاتەماڵەوە، شەقایق لەماڵ نەبوو، نێرگسیش بەتەنیا لەژورەکە دانیشتبوو، مەنوچەر وتی:

– ئا، بۆچی تەنیا دانیشتوی دایە؟.. شەقایق لەکوێیە؟

پاشان بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد، نێرگس هەستاو بەئاوازێکی فەرماندەرانە وتی:

– لەژورەکەی خۆیەتی.

مەنوچەر سەرسامانە وتی:

– بۆچی لەوێ؟!

نێرگس لەکاتێکدا بەرەو چێشتخانەکە دەڕۆیشت وتی:

– وابڕیارە ئەمشەو لەگەڵ منداِ بێت بۆ تاران!

مەنوچەر لای دەرگاکە وەستا، سەرسامانە پرسی:

– تاران بۆچی؟!

نێرگس روی تێکردو بەلەخۆبایبونەوە سەیری چاوە سەرسامەکانی کردو وتی:

– بۆچی درۆت لەگەڵم کرد؟.. تۆ بەمنت وت شەقایق بەهیچ جۆرێک ناچێتە ژێر باری تەلاقەوە، بەڵام ئەو رازییە، تەنیا لەبەر تۆ!

www.pertwk.com

کیسە میوەکان لەدەستی مەنوچەر کەوتە خوارەوە، پرتەقاڵەکان بەسەر زەویدا دەسوڕانەوە، مەنوچەر پرسی:

– تۆ هەموو شتێکت پێوت؟

نێرگس وتی:

– خۆی هەموو شتێکی دەزانی، "پاشان سەیری دەرەوەی کردو بەدەنگێکی هێواش وتی:" چیتە مەنوچەر هات؟.. ئەم یارییە شەیتانانە چییە؟.. دوای ئەم هەموو ماوەیە، هێشتا وەك منداڵ بیردەکەیتەوە؟.. هێشتا بەدوای خەیاڵەکانتەوەی؟.. جگە لەوەی هەمیشە بەترسو لەرزەوە لەماڵ دەردەچیت، لەوە دەترسیت کە بگەڕێیتەوەو ئەو لەماڵ نەبێت، ئەمە ژیانە، تۆ دوای دوو ساڵ هێشتا دەرگاکانی لێ قوفڵدەکەیت! ئەگەر بەڕاستی خۆشت ویستبا وات لێنەدەکرد، تۆ خۆشت ناوێت، تۆ لەبەرئەوەی پشتە ملەپێت نەڵێن فڵان هەوەسبازبوو دوای دوو ساڵ ژنەکەی تەڵاقدا، رازی نابێت، بەڵام گیانەکەم ئەم کچە نەنگی هەیە، ناتوانێت منالّی ببێت، ناتوانێت!

مەنوچەر بەماتی گوێی لەقسەکانی نێرگس گرتبوو لەناکاو هاواریکرد:

– درۆیە، هەموو ئەم قسانە درۆیە، من هێشتا خۆشم دەوێت! هێشتاشا خۆشم دەوێت!.. بەڵام ئەو منی خۆش ناوێت، دایکە منی ناوێت.

نێرگس تورەبو، دەستی بەرز کردەوەو زلەیەکی تۆندی لێداو پاشان بەتورەیی وتی:

– باشە نیەوێت! مەگەر ئاسەوارە، کورەکەم! تۆ بۆچی ئەوەندە گێلی؟.. تۆ خەریکی لەبەر ئەو خۆت دەکەیتە قوربانی، بۆچی دەتەوێت بیتە قوربانی؟..

مەنوچەر بەتورەیی قسەکانی نێرگسی بڕیو وتی:

– دایکە بەداخەوەم!.. من وەك تۆ بیرناكەمەوە، ئەگەر بەبڕوای تۆ من خەریكم فیداەبم، دەی بهێڵە بڵێم من ئامادەم فیدابم، بەڵام ژنەكەم تەڵاق نادەم، من ئەوم خۆشدەوێت، دەمەوێت لەگەڵیدا بژیم، تەنانەت بەبێ منالیش.

نێرگس بەتوڕەییەوە چاویبڕییە چاوی مەنوچەرو وتی:

– زۆرباشە، دەی ئیتر هیچکات لانابینی، تۆ.. تۆ.. "لەكاتێكدا هاواریدەكرد وتی:" تۆ ئیتر كوڕی من نیت!

مەنوچەر هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشا، ساتێكی لەبێدەنگیدا رابوارد، بەدەنگی داخرانی دەرگاكە هۆشی بەخۆیدا هاتەوە، شەقایق بەچاوی پڕفرمێسكەوە لەژورەكە هاتەدەر، مەنوچەر بەتوڕەییەوە هاواریكرد:

– ونبە، لەژورەكەت!

پاشان بەدوای نێرگسدا لەماڵ دەرچوو.

نیوەی شەو، شەقایق بەدەنگی كرانەوەی قفڵەكە چاویكردەوە، چاوی بەرومەتی هیلاكو خەوالوی مەنوچەر كەوت، بێدەنگیەكی كوشندە بڕیاردەربوو، مەنوچەر بێدەنگییەكەی شكاند، بەتوڕەیی وتی:

– تۆ بویت دایكمت پڕكرد، بەڵێ؟

شەقایق كەمێك وەستاو وتی:

– بەڵێ!

مەنوچەر بەكینەوە ئەبڵەقی بوو، چەند جار لەژورەكە سوڕایەوەو پاشان بەئاوازێكی فەرماندەرانە وتی:

– بۆچی؟

شەقایق بەمینگە مینگ وتی:

– چونكە.. چونكە تۆ.. تۆ گێلی! دایكت راستدەكات.

مەنوچـــەر بەرامبـــەری لەســـەر ئـــەژنۆ دانیشـــت، پێکـــەنینێکی تـــوڕەو دڕێژی دەستپێکردو وتی:

– بـــەڵێ، گـــێلم، چـــونکە وابیرمـــدەکردەوە لەبـــەر مـــن تـــەڵاقت دەوێـــت، بـــەڵام تـــۆ، تـــۆی ناڕەســـەنو پـــیس دوای دوو ســـاڵ هێشـــتا لـــەبیری ئـــەو کـــوڕە گێلـــەدای، رقـــم لێتـــە، رقـــم لـــەم چـــاوە ناپـــاکو هەوەســـبازانەیە رقـــم لەتۆیـــە، رق، تێدەگەی؟

شەقایق بەبێ ئەوەی سەیری بکات بەئاوازێکی راستی وتی:

– منیش رقم لەتۆیە.. چونکە..

شـــەقایق بێئامـــانج دەســـتی بـــەگریان کـــردو مەنوچـــەریش گریـــانی دەســـتپێکرد، دوای چـــەند ســـاتێك مەنوچـــەر بـــەدەم گریانـــەوە پێکـــەنیو وتی:

– دەتپەرستم شەقایق.. هەموو قسەکانم درۆ بوو.

شـــەقایق خەمبارانـــە ئەبڵـــەقی چـــاوە فرمێســـکاویەکانی مەنوچـــەر بـــوو، مەنوچەر بەردەوامبوو:

– من بەبێ ئەم دوو چاوە دەمرم.

ژیـــان تـــازە شـــێوەی ئاســـایی خـــۆی دۆزیبـــووە، تـــازە هـــەردوکیان خەریکبون رادەهاتن بەهەموو شتێك، بەڵام لەناکاو هەموو شتێك گۆڕا.

شـــەوبوو، مەنوچـــەر لەژورەکـــە دانیشـــتبوو ســـەیری تەلـــەفزیۆنی دەکـــرد، شـــەقایق قاپـــەکانی شوشـــتبوو دەیویســـت میـــوە بشـــواتەوە کاتێـــك لـــەدەرگا درا، ســـەری لەچێشـــتخانەکەوە دەرکـــرد، چـــاوی بەدەموچـــاوی سەرســـامی مەنوچەر کەوت.

– یانی کێیە؟!

شەقایق شانی بەرزکردەوەو وتی:

– بڕۆ بزانە!

زۆری نەخایاند مەنوچەر گەڕایەوە.

– کێ بوو مەنوچەر؟

لەکوێی شەقایق!

دەنگـــی ئاشـــنای پـــەروێز شـــەقایقی خۆشـــحاڵکرد، بەخۆشـــحاڵی لەچێشتخانەکە هاتەدەرەوە.

– سڵاو هەواڵپرسییەکی درێژ لەنێوانیاندا کرا، شەقایق هێواش وتی:

– کەواتە ئامۆژن لەکوێیە؟

پەروێز سەرێکی بەداخەوە سوڕداو وتی:

– چی بڵێم..

مەنوچەر قسەی هێنایە ناو قسەوە جڵەوی قسەکردنی گرتەدەست.

شـــەقایق جێگـــەی ئـــەو دوانـــەی لەهۆڵـــە داخســـتو خـــۆی بـــەرەو ژورەکـــەی تر ڕۆیشت، مەنوچەر هێواش وتی:

– بۆچی دایکم نەهات؟.

پەروێز ئارامتر لەو وتی:

– تورەیە لێت.. .ڕاستییەکەت دەوێ دەڵێت نایەوێ بتبینێ.

مەنوچەر ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو وتی:

– دایکـــم دەڵێـــت شـــەقایق تـــەڵاق بـــدەم، چـــونکە منـــداڵی نابێـــت، دەڵێـــتو بەڵێ! مەگەر دەبێت؟

پەروێز وتی:

– من نازانم ، بەڵام دایکت خەریکە دڵی دەوەستێ.

مەنوچەر سەری خستەسەر ئەژنۆیو بێدەنگبوو، پەروێز وتی:

– چـــۆنە ســـبەینێ بەیەکـــەوە بـــڕۆین بـــۆ تـــاران؟.. دەتوانیـــت مۆڵـــەت وەربگریت؟

مەنوچەر سەری بەرزکردەوەو وتی:

– بەڵێ، دەتوانم.

بـــەیانی رۆژی دواتـــر هـــەردوکیان لـــەمالێ دەرچـــون، شـــەقایق بەڕۆیشـــتنی پەرۆیز دڵنیابوو کە بۆ تاران دەڕۆن.

کاتێـــک مەنوچـــەرو پـــەرۆیز چـــونەماڵەوە، نێـــرگس لەحەوشـــەکە بـــوو، خـــەریکی گســـکدان بـــوو، ســـەری بـــەرزکردەوەو مەنوچـــەری بینـــی، بـــەتوڕەیی بەپەرۆیزی وت:

– مەگەر نەموتبوو چیتر نامەوێ بیبینم؟!

مەنوچـــەر بزەیـــەکی کـــردو ئەبڵـــەقی پـــەرۆیز بـــوو، پـــەرۆیز بـــەهێماو نیشـــانە مەنوچـــەری تێگەیانـــد کـــە هێشـــتا توڕەییـــە، مەنوچـــەر بەهێواشـــی وتی:

– دایکە، سڵاوت لەبیرچوە، ها!

نێرگس بەتوڕەیی ئەبڵەقی بوو، وتی:

– چـــۆن روتهـــات بێیـــت بـــۆ ئێـــرە؟.. چـــۆن توانیـــت دڵ لەشـــازادەکەت وەربگریتـــەوە، بێـــی بـــۆ بینینـــی دایکـــت؟.. خـــۆ مـــن دایکـــتم، منێکـــت وێڵکـــرد کە لەگەڵتدا سوتام، لکای بەوەوە..

مەنوچەر هەنگاوێکی بۆ پێشەوە ناو بەئاوازێکی دڵسۆزانە وتی:

– دایکە من کەی تۆم وێڵکرد، مەگەر دەبێت لەبیرتبکەم؟

نێرگس بەگاڵتەوە وتی:

– باوکت نەهاتبایە، تۆ لەم دەوروبەرە دەرنەدەکەوتی.

مەنوچەر سەیرێکی بێتاوانەی کردو وتی:

– دایکـــە، بـــەخودا هـــەموو رۆژێـــک دڵـــم لێرەبـــوو، بـــەڵام دەترســـام رێگـــریم لێ بکەیت خۆ تۆ ناتەوێت دڵم بشکێنی؟

نێرگس بەدەم فرمێسکڕشتنەوە وتی:

– مەگەر تۆ دڵت نەشکاند، مەگەر تۆ منت نەتۆراند؟

مەنوچەر هاتە پێشەوەو بەدڵسۆزی وتی:

– بەخودا، نە! خوا من بکوژێت، ئەگەر وێستبێتم دڵت بڕەنجێنم، بەڵام دایکە کەمێك بیربکەرەوە، بیربکەرەوە چیت بەمن وت، ئەو قسەیەی دەیکەیت نابێت، من ناتوانم.

نێرگس قسەی بڕیو لەکاتێکدا بەرەو ڕوی دەچوەپێشەوە وتی:

– تۆ دەزانی من چی دەکێشم؟ یەکەمجار وتم "باشە، شتێکە بووە، هیچ نییە، بەڵام هەموو ڕۆژێك ئەم دێت ئەو دەڕوات بەتانەو توانج پێم دەڵێن نێرگس بوکەکەت منااڵی نەبوو؟.. من چی بڵێم، بڵێم تاکە کوڕەکەم دەیەوێت تائەبەد لەگەڵ ژنەکەیدا بسوتێ!

مەنوچەر وتی:

– ئاخر من نەمدەتوانی.. یانی ئەگەر نەنگییە لەمن بوایە ئەوکاتە چی؟.. ئەوکات، تۆ چیت دەوت؟!

نێرگس وتی:

– ئەوکاتە مافم دەدایە شەقایق کە هەر بڕیارێك دەدات بیدات.

مەنوچەر بەداماوی وتی:

– دایکە.. بۆچی ئەم قسانە دەکەیت؟.. بۆچی ئازارم دەدەیت؟ ئاخر من چۆن تەنیا یادگاری ئامۆژن تەڵاقبدەم؟ ئامۆژن لەو دونیا دەستم لێهەڵناگرێت، چۆن وەڵامی بدەمەوە؟

نێرگس وتی:

– باشە، تەڵاقی مەدە.

مەنوچەر قاقا پێکەنیو وتی:

– ئەم هەموو باسە بۆ چییە؟ خۆ منیش هەر ئەمە دەڵێم!

نێرگس ڕاستەوخۆ سەیری چاوانی مەنوچەری کرد وتی:

– بڕۆ ژنێکی تر بهێنە! ژنێك بتوانێت منااڵی ببێت، شەقایقیش تەڵاق مەدە بالات بمێنێتەوە، بەمجۆرە خەڵکیش ناتوانن بڵێن ژنەکەی وێڵکردوە.

پێکەنین لەسەر لێوانی مەنوچەر وشکبوویەوە، بەسەرسامی وتی؟

– برۆم چی بکەم؟

– برۆ ژن بهێنە؟ هەر ئەمە.

مەنوچەر تورەبوبوو، لەکاتێکدا لەحەوشەکە دەسوڕایەوە وتی:

– دایکە تۆ بۆچی تێناگەی، من ناتوانم، نامەوێ.

نێرگس وتی:

– ئەگەر بەو جۆرەی کە تۆ ئەوت خۆش دەوێت، ئەویش تۆی بۆی دەبێت رازی بێت! دەبێت لەبەر تۆ فیداکاری بکات، جگە لەمە ژنێکی خۆپەرستە، چونکە هێشتاش خەیاڵی لەشوێنی ترە.

مەنوچەر گەیشتەوە کەرەج، مێشکی پڕبوو لەقسەکانی نێرگس، دڵتەنگبوو، نەیدەزانی لەبەرامبەرو ویستەکانی دایکیدا چی بکات، ئەگەر رازینەدەبوو ئازاری دەدا، ئەگەر رازیش دەبوو دڵی شەقایق دەشکاند.

ئاها، خودایە شەقایق ئەو.. بەڵام دایکم راستی دەوت خۆ ئەو منی خۆش ناوێت، لەوانەیە خۆشیشی بوێم؟.. باتاقی بکەمەوە، بزانم چی دەڵێت، ئەگەر بڵێت رازیم، بەڵام بەمەرجی تەڵاق ئەو کاتە درا، هەموو قسەکانی درۆ بووە، چونکە هێشتا خەیاڵی سادق لەمێشکیدایە.. لەوانەیە دوای تەڵاقیش دەڕوات بۆ لای ئەو.. .بەڵام ئەگەر بڵێت باشە لەگەڵتدا ڕێک دەکەوم و دەستێم ئەوکات منیش.. بەڕێبەی عەلی پەیوەندی لەدایکم دەبڕم، پەیوەندی لەهەموو شتێك دەبڕم.

لەوکاتەوەی مەنوچەر هاتبووە، بەبێدەنگی لەبەردەمی تەلەفزیۆنەکە دانیشتبوو، شەقایق دەیزانی کە ئەو قسەی زۆری پێیە، دایزانی بڕیارە قسەی تازە ببیستێ، بەڵام مەنوچەر بێدەنگبوبوو، شەقایق لەگەڵ خۆیدا وتی:

– دەی بۆچی شتێك نالێت؟ خۆ من ئامۆژن دەناسم، بەبێ هۆ مامە پەرۆیزی نەناردوە بۆ ئێرە، بێگومان مەبەستو ئامانجی هەبوو، خودایە تاقەتم نەما، دەی بۆچی نایلێت؟ نە، بەمجۆرە نابێت، دەبێت خۆم دەست پێبکەم، دەبێت خۆم داوای لێبکەم بیلێت، لەوانەیە لەروی نەیەت.

شەقایق بەسینیە چاوە رۆشتە ژورەکەوە، لەکاتێکدا دادەنیشت وتی:

– مامە پەرۆیزت گەیاندە تاران؟

مەنوچەر هۆشی لای خۆی نەبوو، بەدەستەپاچەیی وتی:

– چیت وت؟.. گوێم لێنەبوو!

شەقایق بەدڵنیایی وتی:

– دەڵێم مامە پەرۆیزت گەیاندەوە تاران؟

مەنوچەر سەری کردەخوارو وتی:

– بەڵێ!

شەقایق هێواشتر لەو پرسی؟

– ئامۆژن چی دەوت؟

مەنوچەر سەیرێکی کردو بەگاڵتەوە وتی:

– وەنەوزو وڕێنە.

شەقایق وتی:

– مەنوچەر مەیخەرە پشتگوێ، چی وت؟

مەنوچەر ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو وتی:

– دەڵێت تەڵاقت بدەم.. "کەمێك وەستاو بەپەلە بەردەوامبوو:" بەڵام من تەڵاقت نادەم من..

شەقایق بەپێکەنینەوە وتی:

– تەنیا ئەمە.. ؟

مەنوچەر بەچەند وشەیەکی پچرپچڕ وتی:

– دەیەوێت.. دەیەوێت برۆم، برۆم ژن بهێنم.

تـــۆرەیی تـــەواوی بـــونی شـــەقایقی گرتەبـــەر، بـــەڵام ســـاتێك دوای ئـــەوە کاتی هەستان بەدەنگێکی فەرماندەرانە وتی:

– باشە برۆ ژن بهێنە، بەڵام..

مەنوچـــەر ســـەیرێکی پرســـیاراوی دەموچـــاوی کـــرد شـــەقایق بەهـــەمان ئاواز بەردەوامبوو:

– بەڵام دەبێت، تەڵاقم بدەیت!

مەنوچەر پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی خستەسەر لێوی‌و وتی:

– دەمزانی ئەمە دەڵێیت.

شەقایق لەتوڕەیدا سورهەڵگەڕاو بێخواست بانگی کرد:

– واتزانـــی پێـــت دەڵـــێم لەبـــەر تـــۆ ئامـــادەم رازی بم هـــەوێ؟ ئـــەها، بەهەڵەتێگەشـــتی کـــاکی خۆپەرســـت! بهێڵـــە شـــتێکت پـــێ بڵـــێم، رێـــزی نێـــوان منوتـــۆ لـــەزوەوە شـــکاوە، مـــن ئـــیتر نامـــەوێ لەگەڵتـــدا بـــژیم ئـــیتر لـــەم چاوشـــارکێیە هیلاکبـــوم، شـــەوێك لـــەیل‌و مـــەجنونین، شـــەوێك چـــەقۆ پـــەنیر، شـــەوێکیش زینـــدانی‌و پاســـەوان! نـــە، چـــیتر مـــن نـــیم، تاقـــەتی ئـــەم ژیانـــەم نییە "لەکاتێکدا دەگریا بەگاڵتەوە بەردەوامبوو:"

– ژیـــان، هـــا، ژیـــان وشـــەیەکی چـــەند نامۆیـــە مـــن‌و تـــۆ نـــاژین، تـــەنیا خەریکین شانۆی ژن‌و مێردەکان پیشان دەدەین.

مەنوچەر بەشێوەیەکی توڕە وتی:

– باش قسە دەکەیت!

شەقایق بەتوڕەیی ئەبڵەقی بوو، هاواریکرد:

– ئەگـــەر دەتـــەوێت بمکوژیـــت، بمکـــوژە، ئـــیتر لەهەڕەشـــەکان‌و بـــێ کاتـــەکانت هـــیلاك بـــوم، مـــن.. مـــن ئـــیتر شـــتێکم نییـــە بـــۆ دۆڕان، بـــەڵام ئەمـــە بزانە ئامادە نیم لەبەر تۆ.. رازی بم.

مەنوچـــەر هەســـتا، بەرامبـــەری وەســـتا بەخۆینســـاردییەوە ئەبڵـــەقی رومەتی سەرهەڵگەڕاوی شەقایق بوو، ئینجا فەرماندەرانە وتی:

– زۆرباشـــە، قســـەکانی خـــۆت کـــرد، ئێســـتا بـــاش گرێکانـــت بکـــەرەوە! جارێـــک دەیڵـــێم ئـــیتر دوبارەشـــی ناکەمـــەوە مـــن ژن دەهێـــنم بـــەبێ ئـــەوەی تـــۆ تـــەڵاق بـــدەم، "پاشـــان بەگاڵتـــەوە وتـــی:" ئەگـــەر تـــۆ دڵـــت بەقیـــژەو هەراوهوریا بەستووە من بەزۆر واتلێدەکەم خۆت بدەیت بەدەستەوە.

شـــەقایق ویســـتی قســـەیەک بکـــات، بـــەڵام مەنوچـــەر نەیهێشـــتو بەهـــەمان ئاواز بەردەوامبوو:

– پێشـــتر دەمویســـت واز لەهـــەموو کـــەس بهێـــنمو پتـــەوو بـــەتین بـــەتۆوە بلکێم، بەڵام ئێستا دەیبینی هۆیەک نییە بەمکارە تۆ دەهێڵمەوە.

شەقایق بەداماوی هاواریکرد:

– بۆچـــی نایـــەڵێت مـــن بـــڕۆم بـــەدوای ژیـــانی خۆمـــدا؟.. مـــن نـــازانم ســـور بـــونی تـــۆ بـــۆ چـــییە؟.. تـــۆ دەتوانیـــت، تـــۆ دەتوانیـــت ئاســـودە لای ژنەکـــەت بژیت، بۆچی دەتەوێت بمهێڵێتەوە؟

مەنوچـــەر ئەبڵـــەقی چـــاوانی بـــوو، دەســـتی لەســـەر گۆنـــای دانـــاو بەگاڵتەجارییەوە:

– من بەبێ ئەم چاوانە دەمرم.

شەقایق بەتوڕەیی دەستی ئەوی خستە لاوەو بەلایدا تێپەڕی.

شـــەقایق لـــەلای پەنجەرەکـــە دانیشـــتبوو ســـەیری مـــانگی دەکـــرد، شـــنەبایەکی فێنـــک لـــەدرزی پەنجەرەکـــە دەهاتـــەژورەوەو لەگـــەڵ خۆیـــدا بـــۆنی خۆشـــی گوڵـــە یاســـەمینەکانی دەهێنایـــەژورەوە، مانگەشـــەوێکی زێـــڕین لـــەنیگای ســـەوزی شـــەقایقدا قەتیســـبوو، بـــەڵام خـــۆی دیلـــی خەیاڵاتێک، دڵی دۆڕاندبوو بەشەو، لەگەڵ خۆیدا دەیوت:

کاتێک لەمەنوچەر جیابومەوە دەستبەجێ دەچم بۆ تاران بۆ لای پورم، دەزانم، باش دەزانم کە سادق لای پورم نییە، بست بەبستی شار دەگەڕێم تابیدۆزمەوە، دڵم پێم دەڵێت هێشتا چاوەڕێی منە.. هێشتا ژنی نەهێناوە، باش دەزانم کە سادق وەك ناوەکەی راستگۆبوو، درۆی لەگەڵم نەدەکرد، کاتێک دەیوت وەفاداردەبێت لەگەڵمدا فشەی نەدەکرد، راستی دەوت ، ئێستر رۆژانی دانیشتن تەواوبوو، ئێستا لەدەستی ئەم دێوە بێویژدانە رزگارم دەبێت، راستیان وتوە کە شتێ نوێ هاتە بازاڕ، شتی کۆن دڵی ئازار دەدرێ، منیش وەك دەستەسڕێکی پیس دەخەنەدورەوە، بەڵام شتێك نییە، دڵم گەرمە، هیوام دوبارە زیندوبووە، هەموو شتێك بەزویی باش دەبێت.

هەموو خێزانەکە بەمەسەلەکەیان زانیبوو، ئەوەندە بازاڕی پڕوپاگەندە گەرمبوو کە لەکۆتایدا نێرگس، بەڕازیبونی مەنوچەر، دەستبەکاربوو، پەروێز رازینەبوو، بەردەوام بەنێرگسی دەوت دوایی پەشیماندەبیتەوە، بەڵام نێرگس گوێی لەم قسانەنەدەگرت، بەتایبەتی ئەوەی کە بڕیاریدابوو، ئەمجارە زەماوەندێکی گەورە بۆ مەنوچەر بسازێنێت، دەیویست هەموو ئارەزوەکانی رەنگی ئیشپێکردن بگرنەخۆیان.

ئێستا دوو مانگ لەبەسەرهاتی شەڕی مەنوچەرو شەقایق تێپەڕبوو، مالّەکە شێوەیەکی ساردی گرتبووە خۆی، شەقایق بێهەوالّ لەهەموو شوێنێك وایدەزانی ژیان هەر بەشێوەیەیی خۆی تێپەڕدەبێت، تاوەکو نێرگس دەرکەوت.

بەڵام مەنوچەر، ئاگاداری بابەتەکە بوو، دەیزانی دایکی لەم ماوەیەدا بۆ داواکاری ژن رۆیشتووە بۆ زۆر شوێن، چاوەڕێی وەڵامبوو،

لەناخی دڵەوە رازینەبوو، بەڵام کاتێک رەفتاری ساردی شەقایقی دەبینی، بێبایەخ لەگەڵ خۆیدا دەیوت:

– مافی خۆمە، ئەو دوو ساڵەش بێخود لەگەڵ شەقایقدا مامەوە، بەڵام ئێستا نەخشەی باشم هەیە بۆی.

شەقایق وایدەزانی نێرگس بۆ ئاشتی هاتووە، ئاخر گوڵو شیرینی هێنابوو، پێدەکەنیو دەبوە قوربانی شەقایق.

– تۆ خانمی! یاخوا دایکە لەژیان خێر ببینێت، دڵی منت نەشکاندو لەم کۆتایی تەمەنەدا شادتکردم.

شەقایق بەسەرسامییەوە وتی:

– ئامۆژن، مەگەر من چیم بۆ کردوی، تۆ خۆت باشی.. ؟!

نێرگس بەخۆشحاڵییەوە:

– راستییەکەی بیری نەدەکردەوە رازی بێت، بەڵام پەروێز راستی دەکرد من هێشتا تۆم نەناسیوە، تۆ دڵێکی میهرەبانت هەیە، وەکو خوالێخۆشبوی دایکت، مونیرەش زۆر بەڕێزو گەورەبوو، راستییەکەی جەمیلەخانی دراوسێمان کچێکی پێناساندین، منو ژنی مامەئیسماعیل رۆیشتین بینیمان، کچێکی باشە! بڕوام وایە مەنوچەر پەسەندی بکات، کچی بێچارە بەختێکی خراپی هێناوە، منداڵی نەبووە، کەسی ژیانیش نەبووە، بەڵام کچەکە، مانگ! دەیوت ئامادەبووم لەگەڵ ئەم نەنگییەشیدا ژیان بەرمەسەرو ژیانم بپارێزم، بەڵام مێردەکەی باش نەبوو دەکەوتە دوای هاوڕێ..

شەقایق تازە لەمەبەستەکەی نێرگسی زانی، لەکاتێکدا هەڵدەستا وتی:

– ئامۆژن من بەمەنوچەرم وت، رازیم بەڵام دەبێت، دەبێت من تەڵاق بدات ئەگینا..

مەنوچەر لەحەوشەکە دانیشتبوو، حەزی نەدەکرد لەژورەکە بێت کاتێک دایکی بەسەرهاتەکە بەشەقایق دەڵێت، لەنیگای شەقایق دەترسا، لەناکاو دەنگەدەنگ بەرزبووە، بەترسەوە بەرەو ژورەکە ڕۆیشت.

شەقایق وتی:

– من ناتوانم ئامۆژن، بۆچی هیچ کەس تێناگات، ئەمە زوڵمە مەگەر من چی گوناهێکم کردوە کە سەرەتای تەمەنم بکەومە ژێر دەستی هەوێ، ئامۆژن من قسەیەکم نییە، دەڵێم مافی مەنوچەرە!.. ئاخر ئەو گەنجە، حەیفە دەبێت پشتی هەبێت منی بۆ چییە ئامۆژن دەبێت من تەڵاق بدات..

نێرگس وتی:

– مەگەر خراپە کە دەیەوێت بتهێڵێتەوە، ئاخر تۆ کێت هەیە؟ واتزانی تەڵاقت وەرگرت ژیانت ئاوەدان دەبێت؟.. دەڕۆیتە ژێر دەستی ئامۆژنەکان! ناتبەن کە بژیت دەبێت ببیتە خزمەتکاریان.

شەقایق قسەکانی نێرگسی بڕیو وتی:

– دەمەوێت ئەم ژیانە نەبێت! دەمەوێت ئەم ژیانە وێران بێت، من دەمەوێت خزمەتکاری ئامۆژنەکان بکەم، بەڵام ناتوانم ئامۆژن، ناتوانم لەژێر دەستی هەوێدا بمێنمەوە، "شەقایق بەچاوی فرمێسکاوییەوە ڕویکردە مەنوچەر، بەڵام زۆر زوو چاوی لەسەر لابرد بەئاوازێکی فەرماندەرانە بەردەوام بوو" من ئیتر نامەوێت لەم خانووە ژیان..

مەنوچەر نەیهێشت قسەکەی بگاتە کۆتایی، هاتەپێشەوە چەند زلەیەکی تووندی لێداو، پاشان لەکاتێکدا قژی ئەوی لەدەستیدا دەسوڕاند هاواریکرد:

– سەرکێشی بێ هەست! خۆ من دەزانم! خۆ من دەزانم لەخەیاڵتدا چی تێپەڕدەبێت، بەڵام هەڵە تێگەشتوی.. مەگەر خەوەکەی ببینیت.

www.pertwk.com

نێرگس لەپشتەوە وەستابوو، لەژێر لێوەوە پێدەکەنی‌و لەگەڵ خۆیدا وتی:

– کچێکی چەند ملهوڕە، من بڵێ وامزانی سوپاسمان دەکات، بەڵێ خانم دڵی لەشوێنێکی تر‌ە.. راستەکات مەنوچەر، ئەم لەبەر هەوێ واناکات، هێشتا سەری بەدوای ئەو کوڕەوەیە.

نێرگس لەکەرەج مابووە، دەیویست سەرەتا ئیشەکان بکات، ژورەکانی چۆڵکردبوو، هەموو شتەکانی بردبووە ژورەکانی ئەوبەری حەوشەکە، وابڕیاربوو ژنەکەی مەنوچەر پێداویستی ناوماڵ بهێنێت، ژنە تازەکەی مەنوچەر هەموو شتێکی لەبارەی شەقایقەوە دەزانی، رازیبوو لەگەڵ شەقایقدا ڕێکبکەوێت.

رومەت‌و لەشی شەقایق پارچەیەك شین، مەنوچەر وەك تاوانبار ئەوی لەژورەکانی ئەوبەری حەوشەکە، زیندانی کردبوو، نێرگس بەتەنیا ڕۆیشتەوە بۆ تاران، بڕیاربوو ڕۆژی دواتر مەنوچەر بۆ داواکاری بەرەو تاران بچێت، لەبەرخۆیەوە بیریدەکردەوە:

– ئەمە لەوانەیە دوا شەو بێ لای شەقایق دەمێنمەوە دوای ئەمە دەبێت لەگەڵ یەکێکی تردا سەر بخەمە زەوی.

چاوی بەشەقایق کەوت، تەنیاو خەمبار لەگۆشەی ژورەکەدا بەکزی دانیشتبوو، مەنوچەر لەخۆباییانە چاکەتەکەی خستە بەردەمی‌و بەدەنگێکی پڕ لەتوندی وتی:

– چاکەتەکەم بدورەوە ! سەبەینێ بەم چاکەتەوە دەڕۆم بۆ داوای ژن.

شەقایق بەدەستێکی لەرزۆك چاکەتەکەی لەپێش قاچی لابرد، ویستی بڕوات بۆ ژورەکەیتر،، دەنگی مەنوچەر وەستاندی.

هـــەر لـــەوێ دابنیشـــە ! "پاشـــان بەگاڵتەکردنـــەوە وتـــی:" لەمـــە بـــەدواوە منـــەتی تـــۆش ناکێشـــم، ژنەکـــەم هـــەموو شـــتێکم بـــۆ دەکـــات، باوەڕناکـــەم ئـــیتر ڕێگەم بکەوێتە ئێرە، بەڕاستی دەتخەمە لاوە..

قســـەکانی مەنوچـــەر وەک خەنجـــەرێک بەلەشـــی بڕینـــداری شـــەقایقدا دەڕۆشـــتنەخوارەوە، کـــاتی دورینـــی قۆپچـــەکە لـــەناکاو دەنگـــی مـــونیرە لەمێشکیدا دەنگی دایەوە.

دایکـــەگیان! ئێســـتاکە دڵتـــداوە بەســـادق، دەمـــەوێت شـــتێکت بـــۆ ڕونبکەمـــەوە، لەوانەیـــە ســـادق ئێســـتا بەڕاســـتی عاشـــقت بێـــت، بـــەڵام ســـبەینێ هـــیچ دیارنییـــە، بـــەڵام.. بـــەڵام مەنوچـــەر لـــەناخی دڵـــەوە تـــۆی دەوێـــت، دەبێـــت هەمیشـــە لـــەو دڵنیابیـــت، بێخـــود مەبـــە دیلـــی دڵـــت، بـــاش بیربکـــەرەوە ! دڵـــت بـــدەرە دەســـت عـــەقڵت.. ئـــەو دەزانـــێ چـــی باشـــەو چـــی خراپ.

بـــەڵام دوبـــارە دەڵـــێم قســـەی کۆتـــایی قســـەی خۆتـــە، ئەمـــە تـــۆی کـــە دەبێت تەمەنێک بژیت.. نەمن!

دەنگی ئەستوری مەنوچەر زنجیرەی خەیاڵەکانی جیاکردەوە.

– هۆشت لەکوێیە؟ بۆچی بەدەزوو سپی دەیدوریتەوە؟

هەفتەیـــەک لەڕۆیشـــتنی مەنوچـــەر بـــۆ تـــاران تێپـــەڕبوو، شـــەقایق وەک دەســـت لێوەشـــێنراوەکان ئەبڵـــەقی گۆشـــەیەک دەبـــوو، ئـــیتر تەنانـــەت لەگـــەڵ خۆشـــیدا قســـەی نـــەدەکرد، خـــەمبارتر لـــەجاران چـــاوی لەئاینـــدەی ڕەشـــی خـــۆی بـــوو، هـــەموو خەیاڵـــەکانی کەوتبونـــە ســـەر ئـــاو، مەنوچـــەر لەخۆیـــەوە نەیـــدەوت، لـــەو کاتـــەوەی کـــە باســـی تـــەڵاق هاتوەتـــە پێشـــەوە، ئـــەو دڵـــی لای ســـادقە، ئێســـتاکە بـــاش بـــیری دەکـــردەوە دەیبینـــی لـــەم دوو ســـاڵەدا هـــیچ پەیوەندیـــەکی بەمەنوچـــەرەوە نـــەبووە، تـــەنیا لەبـــەر تەنیاییەکـــەی پـــەنای دەبرد بۆی.

لەکۆتایدا رۆژی هەشتەم مەنوچەر هاتەوە، سەیرکردنی ساردو بێ روناکی بوو، شەقایق ئیتر حەزی نەدەکرد بیبینێت، بەڵام حەزیدەکرد بزانێت لەماوەی ئەم هەفتەیەدا چی بووە.

مەنوچەر دەرگای ژورەکەی ئەوی کردەوەو هاتەژوورەوە، ئەو روناکییەی کە لەدەرەوە هاتبووەژوورەوە تەنیا رۆشنایی بوو، شەقایق پشت لەو روو لەپەنجەرەکە دانیشتبوو، دەنگی گیراوی مەنوچەر ئارامی ژورەکەی تێکدا.

من سبەینێ دوبارە دەڕۆم بۆ تاران، وابڕیارە زەماوەندەکەم ئەم هەفتەیە بکرێت، "کەمێك وەستاو پاشان بەدەنگێکی وەك چپە وتی:" ناوی عەهدیەیە! دەمەوێ کاتێك هات بۆ ئێرە باش رەفتاری لەگەڵدا بکەیت.

شەقایق هەستا بەرەو کۆمەدەکەی رۆیشت، پاکەتی ئالّتونەکانی بەتوڕەیی کێشایەدەرەوەو خستییە بەردەمی مەنوچەر، وەك مەنوچەر ئەمیش بەدەنگێکی فەرماندەرانە وتی:

– وەرە.. وەرە! بیگرە بیدە بەژنەکەت،"پاشان راستەوخۆ تەماشای چاوانی مەنوچەری کردو وتی" هیچکات وامەزانە ئیرەیی بەژن هێنانەکەت دەبەم، چونکە کاتێك بیردەکەمەوە سەیردەکەم هیچ پەیوەندیەکم بەتۆوە نییە تاکارەکانت گرنگ بن بۆم، بڕۆ هەر هەڵەیەك دەتەوێ بیکە، بەڵام.. " بێدەنگییەکی قورس ژورەکەی پڕکرد، ئەمجارە بەدەنگێکی لەرزۆك بەردەوام بوو"، بەڵام هیچکات ناتبەخشم.. هیچکات!

مەنوچەر بەبێ ئەوەی پاکەتەکە ببات، ژورەکەی جێهێشت، بەدوایدا دەنگی پێوەدانی دەرگای حەوشەکە هات.

زەماوەندەکەی مەنوچەر کرا، نێرگس و خوشکەکانی پێشتر هاتبون بۆ کەرەجو شتومەکی عەدیەیان لەژورەکاندا رێکخست، شەقایق لەپشت پەنجەرەکە سەیری حەوشەکەی دەکرد، ئێستا فرمێسکیشی نەدەڕشت، بەچاوانی خۆی دەیبینی کە سێبەری شومی بەدبەختی چۆن ژیانی وێران دەکات، ئاسمانی ژیانی لەهەمیشە تاریکترو خەمبارتربووە، دەنگی گریانی شەقایق لەنێوان هەڵهەڵەو هەڵپەڕکێی هاوڕێیانی بوک و زاوا وندەبوو، ئەو لەبەر روناکی و شادیدا دەدرەوشایەوە و ئەمبەر لەخەرمانی تاریکی و لەڕەشی و نائومێدیدا نوقمبوبوو، ئەوێ رۆژ بوو ئێرە شەو..

ژیان ئاسایی بووە، عەدییە خۆشحاڵبوو بەئومێدەوە چاوەڕێبووە ژیانە تازەکەی، هێشتا هاوسەری یەکەمی مەنوچەری نەبینیبوو، بەڵام حەزیدەکرد هەرچی زوترە ببینێتو دەیویست بەراوردی بکات لەگەڵ خۆیدا، بەڵام بەژنێکی حەسودو خراپ دەهاتە پێشچاوی، نێرگس، دایکی مێردەکەی، پییوتبوو کە شەقایق رازییە مەنوچەر ژن بهێنێت، بەڵام ئەگەر رازیبووە بۆچی لەهیچ مەراسیمێکدا بەشداری نەکردوە.

بەیانی پێش رۆیشتن مەنوچەر بەعەدیەی وت:

– دەمەوێت بڵێم بابێت بۆ بینینت، خۆ ناڕەحەت نابیت؟

عەدیە هەستاو لەکاتێکدا چاکەتەکەی مەنوچەری دەدایە دەستی وتی:

– نە! بەڕێکەوت زۆر حەزم دەکەم ببینم، "پاشان بەگاڵتەوە وتی" حەیف کە شانازیان پێ نەدایت تا لەمەڕاسیمی زەماوەندا بەشداری بکات.

مەنوچەر زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– کەواتە پێی دەڵێم ئەمڕۆ نیوەڕۆکەی بێت بۆ ئێرە..

هەرچەند عەدیە شەقایقی نەبینیبوو، بەڵام شەقایق لەماوەی ئەم چەند رۆژەدا هەموو رۆژێك عەدیەی دەبینێ کاتی رەوانەکردنی مەنوچەر، دەموچاوی خۆشەویست بوو، کورتەباڵاو کەمێك قەڵەوبوو، شەقایق لەبەرخۆیەوە وتی:

– کاتێك یەکەم منااڵی دەبێت، بێگومان لەمە قەڵەوتریش دەبێت.

لەکۆتایدا چاوەڕوانی عەدیە تەواوبوو، هەوڵیدا خۆی بەکارێکەوە سەرقاڵبکات، شەقایق چۆن بێت لەگەڵیدا، بەڵام کەمێك بیریدەکردەوە دەیبینی عەدیە هیچ تاوانبار نییە.

عەدیە بەبینینی شەقایق ئەوەندە سەرسامبوو کە تەنانەت شەقایقیش هەستی بەسەرسامییەکەی کرد، تەنانەت عەدیەش لەدڵەوە جوانی ئەوی دەبینی، ئەو چاوە سەوزو بادەمییانە لەگەڵ برژانگی درێژوگەڕاوە، چەند دڵگیروجوان بوو، دەموچاوی شەقایق بەشێوەیەك جوانبوو کە عەدیە ساتێك لەگەڵ خۆیدا بیری کردەوە:

– منیش ئەگەر لەجێگەی مەنوچەر بوایەم ئەم ژنەم وێڵنەدەکرد.

شەقایق بێدەنگییەکەی شکاند:

– من هیچکات لەبەر شێوەی روخسارم لەخۆبایی نەبووم، بەڵام ئەگەر لەخۆبایی بومایە لەوانەیە ئێستا ژیانێکی باشترم هەبوایە.

عەدیە خۆی کۆکردەوەو بەتانەوە وتی:

– جوانیش سەردەمێکی هەیە! بەڵام بمبەخشە بەو شێوەیەی من تێگەیشتوم تۆ کێشەی ترت هەیە.

شەقایق بەقسەی بێ شەرمەکانی عەدیە راچڵەکی، عەدیە بێخواست بەردەوامبوو:

– وابزانم بۆ هەردوکمان باشترە کە دەست وەر نەدەینە ئیشوکاری یەکترەوە، دڵنیام مەنوچەریش بەلەدایکبونی منداڵی من بەڕاستی دەست لەتۆ دەکێشێتەوە!

پاشان زەردەخەنەیەکی مانادار دەموچاوی عەدیەی پڕکردەوە.

شەقایق بەبێ دڕەنگکردن لەژورەکە چووەدەرەوە، قسەکانی عەدیە تا سنوری شێتی توڕەیکردبوو، بەڵام هەرچی بوو عەدیە راستی دەکرد، مەنوچەر لەبەر منداڵ ژنی هێنابوو.

پێنج مانگ رایبورد..

مەنوچەر زۆر کەم دەڕۆیشت بۆ بینینی شەقایق، مەگەر ئەوەی کە شەقایق شتێکی پێویست بێت لەو کاتەوەی کە عەدیە شەقایقی بینیبوو، بەرامبەر مەنوچەر هەستیارتر بوو، مەنوچەر بەتەواوی بەئەم بابەتەی زانیبووو هەوڵیدەدا سەرنجبدات، کەمتر دەڕۆیشت بۆ لای شەقایق، مەگەر لەکاتی پێویستیدا.

چەند رۆژێک بوو کە عەدیەو مەنوچەر سەرقاڵی هاتوچون بوون، شەقایق وردبین بوو، بەڵام زۆری نەخایاند کە وەڵامی پرسیارە نادیارەکەی دەست کەوت.

نزیکی خۆرئاوا بوو، ئێستا تەنیا سەرقاڵی تەلەفزیۆن بوو، دەنگی سۆرانی کلیلەکە لەناو قفڵەکەی ترساندی، چاوی کەوت بەمەنوچەر، ئارامییەک تەواوی لەشی گرتبووە، بەڵام زۆر زوو روی لێوەرگێڕا، مەنوچەر لای پەنجەرەکە دانیشتو بەدەنگێکی فەرماندەرانە وتی:

– عەدیە.. .. نەخۆشە!

شەقایق بەخوێنساردی:

– باشە بەمن چی؟

مەنوچەر بەگاڵتەوە سەیری کردو وتی:

– خەریکە دەبیتە خاوەن منداڵ.

شەقایق غافلگیربوو، بەڵام خێرا خۆی کۆکردەوەو وتی:

– دایکت چاوەڕێی ئەم ساتە بوو، نەك من..! داوای لێبکە بێتو چاوی لەبوکەکەی بێت.

مەنوچەر بەتوڕەیی لای پەنجەرەکە هەستا، ویستی شتێك بڵێت، بەڵام بێبایەخ لەژورەکە ڕۆشتەدەرەوە.

عەهدیە بێزوەکەی خراپ بوو، هیچی نەدەخوارد، جگە لەبرنجی سادەو ماست، مەنوچەر بێزاربوو، نێرگس قاچێکی لەتاران بوو، قاچێکی لەکەرەج، پەروێز مافی دەدا بەشەقایق، بەڵام نێرگس بەتوڕەیی دەیوت:

– کچی رودار! کەمێکیش یارمەتی نادات، منی بێچارە دەبێت هەموو ڕۆژێك بڕۆم بۆ کەرەج، چۆن گرفتار بوین.

مەنوچەر قسەیەکی نەدەکرد، بەڵام هاوبیرو رای پەروێز بوو.

لەکۆتایدا ڕۆژی دیاریکراو گەیشت، نێرگس هیوادار بوو، عەهدیە لەپاڵ مەنوچەردا دەگریا، ژانەکەی ناڕێکو کورت بون، بەڵام کاتێك دەستی پێدەکرد هاواری عەهدیە دەگەیشتە ئاسمان، پەروێز هاتبوو بۆ کەرەج، بەڵام بڕیاریدا لەلای شەقایق بمێنێتەوە.

شەقایق بەگەرمی پێشوازی لێکرد، پەروێز جگە لەمە چاوەڕوانی هیچی تری لێنەدەکرد، تاشەو کە مەنوچەر گەڕایەوە بۆ ماڵ، شەقایقو پەروێز لەژورەکە قسەیان دەکرد، مەنوچەر دەستبەجێ بەرەو ژورەکەی شەقایق ڕۆیشتو کاتێك چووەژورەوە، پەروێز بەگاڵتەوە پێی وت:

– لەکۆتایدا کوڕی گوڵی دایکت هاتە دنیاوە؟ "پاشان بەهەمان ئاواز وتی:" کاك مەسعود!

مەنوچەر بزەیەکی خستەسەر لێوی‌و وتی:

– نـــه، کچـــێکه، بـــەڵام باوکـــه خۆمـــانین، زۆر ناشـــرین بـــوو، ســـەرم ســـوڕدەمێنێ عەهدیـــه ئـــەم هـــەموو ماســـتو برنجـــەی خـــوارد، دەی بۆچـــی منالّەکه وەکو قەلەرەشه؟

پەرۆیز پێکەنینێکی بەرزی کردو وتی:

– لەوانەیە لەجیاتی برنج بنی مەنجەڵی سوتاوی خواردوە!

دەنگـــی قاقـــای پـــەرۆیزو مەنوچـــەر دەگەیشـــتە ئاسمـــان، پـــەرۆیز لەبـــەر پێکەنین فرمێسك بەچاویدا زنجیرەی بەست، بەدەنگێکی بەرز وتی:

– دایکـــت چـــی دەکـــرد؟.. بەتـــەواوی تورەبـــوو، نـــە؟.. چـــاوەڕێی کـــۆڕی گوڵ بوو.

مەنوچەر هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو وتی:

– دەبوایـــە قســـەکانیت ببیســـتایە! بەتانـــەوە وتـــی نـــاوی بنـــێ لـــەیلا کاتێك وتی لەیلا دەڵێی ناوی ئیزرائیلی هێنابوو!

پـــەرۆیز بەخەیاڵـــدا رۆیشـــتە خـــوارەوە، یادگاریـــەکانی رابـــردوو لەمێشکیدا گیانی گرتەوەبەر.

لـــەم مانگـــەدا عەهدیـــە منـــاڵی بـــووە، مەنوچـــەر لـــەم رووەوە کەوتوەتـــە ئـــەو روو، ئـــیتر هـــەر نایـــە بـــۆ لام، دەڵێـــی لـــەبیری چـــووە مـــن هـــەم، عەهدیـــەش پێـــی نـــاخۆش نییـــە، بـــەیانیان کاتێـــك دەڕوات بـــۆ ئـــیش دەنگـــی دەبیســـتم دەڵێـــت ئاگـــات لـــەخۆت بێـــت، منالّەکـــە مەهێنـــە دەرەوە! نـــازانم لەوانەیـــە لەترســـی عەهدیـــەدا بێـــت کـــە بەلامـــدا نایـــەت، مەگـــەر هـــەر رۆژی یەکـــەم نـــەیوت، نایـــەوێت ببێتـــە مێـــردم، مەگـــەر نـــەیوت زینـــدانیمو خۆشـــی پاســـەوان؟.. ئـــەو کاتـــە وامزانـــی گاڵتـــەدەکات، بـــەڵام ئێســـتا خـــەریکم دەبیـــنم دەیبیســـتم کـــە راســـتی دەوت، ئێســـتا گەیشـــتم بەقســـەی دایکـــی خوالێخۆشبوم، هەمیشە دەیوت:

– هەرچـــی بکـــەیت بـــەپیاوەکان، رەگـــەزی خراپـــی خۆیـــان هەیـــە، ببیەیتە سەرەو ببیەیتە خوارەوە خراپن.

www.pertwk.com

پێمـــدەوت دایکـــە مەگـــەر بـــاوکم خـــراپ بـــوو؟.. دەیـــوت ئـــەو خوالێخۆشـــبووە زوو رۆیشـــت ئـــەگینا ئەگـــەر زیندوبوایـــە، لەوانەیـــە ئـــەویش بـــەجۆرێك خـــۆی پیشـــانی مـــن بدایـــە، پیاوەکـــان کـــە پانتۆڵەکـــەیان بـــوو بەدوان، فیلەکەیان بیری هندستان دەکاتەوە!..

بـــەڵام منـــی دڵســـادە، بـــەخۆمم دەوت هیچـــکات مەنوچـــەر بـــەمجۆرە نابێـــت، ئیشـــێکم بەخۆمـــەوە نـــەبوو، هەمیشـــە دەمـــوت هـــەر کچـــێك ببێتـــە ژنـــی مەنوچـــەر خـــۆش بەختـــدەبێت، رەوشـــتی باشـــی نییـــە، کـــە هەیـــەتی، جـــوان نییـــە، کـــە جوانـــە، ســـەر بـــەڕێ نییـــە، کـــە هەیـــە، "شـــەقایق ئـــاهێکی هەڵکێشـــاو وتـــی:" لەهـــەموو کاتێکـــدا ئێســـتا مێردێکـــی خـــراپ نییـــە بـــۆ عەهدیـــە، خـــودا بکـــات لای ئـــەو بمێنێتـــەوە، خـــۆ مـــن ســـەرەتای تەمـــەن بەخترەشەی رۆژگارم.

کـــوڕی مـــامم کـــە نیـــوەی تەمـــەنم لەگەڵیـــدا بـــووم، بەیەکـــەوە گـــەورەبوین منـــی وێڵکـــردوەو لکـــاوە بـــەو ژنـــەوە!.. وای، چـــەند لـــەخۆباییم لـــەبیرمکرد کـــە وەجـــاغم کـــوێرە، بـــێ هونـــەرم! چـــی ســـودێکم هەیـــە بـــۆی، مەنوچـــەر هـــەر ئـــەو کاتـــەی منـــی هێنـــا بـــۆ کـــەرەج زنجـــیرەی خۆشەویســـتی بڕیبـــوو، ئـــیتر تەنانـــەت عاشـــقی دەموچاویشـــم نـــەبوو، ئـــەو یاریـــە کـــاتو بێکاتـــەش هـــیچ نەبوو، دڵخۆشکەربوم، وەك سەر گەرمییەك.

بـــەڵام ســـادق چـــی، یـــانی ئـــەویش وادەبـــوو؟.. بـــەڵام ئـــەو خـــۆی پێـــی وتبـــوم مـــن رقـــم لەمندالّـــە، وتـــی دەیـــەوێت تـــا کۆتـــایی تەمـــەن دوو کـــەس بـــین، یـــادی بـــەخێر دەیـــوت تـــۆ وەکـــو منـــدالّی خـــۆمی! دەگریـــت، بیانوگریشـــی، جوانیشی، ئیتر مندالّم بۆ چییە؟

بـــەڵام لەوانەیـــە ئـــەویش وەك مەنوچـــەر بێئەمـــەك بوایـــە، لەوانەیـــە ئـــەویش رەنگـــی بگۆڕایـــە، منـــی لـــەبیردەکردو تـــازە لەوانەیـــە ئەگـــەر بیزانیایـــە کـــە منـــدالّم نابێـــت، بیـــانوی منـــدالّی دەگـــرتو دەیـــوت تـــۆ بێهونـــەری، وەجـــاغتکوێرە، مـــن تـــۆم بـــۆ چـــییە؟.. منـــدالّێکم دەوێـــت کـــە ببێـــت

بەگۆچـــانی دەســـتم! بـــەڵێ لەوانەیـــە ئـــەویش هـــەموو پەیمانـــەکانی لەبیربکردایـــە، بەقســـەی دایکـــی خوالێخۆشـــبوم پیاوەکـــان هـــەمویان خـــراپن، نابێت دڵنیابیت لەهیچ کامیان.

شـــەقایق هەســـتاو بـــەرەو پەنجەرەکـــە رۆیشـــت، ئاسمـــان گـــیراو هـــەورباو، زۆری نـــەمابوو بـــۆ ســـەرەتای پـــایز، بێخواســـت، خـــەمێکی قـــورس دڵـــی گـــرت، دووبارە رابردوو لەمێشکیدا زیندوبووە.

دەنگـــی ئـــەو قەلەرەشـــانەی کـــە لەســـەر دارتـــوی مـــاڵی دراوســـێکەیان دەســـتیانکرد بـــەهاوار کردبـــوو خەمەکـــەیان زیـــادکرد، کەوتـــەبیری ئـــەو رۆژەی کـــە لەپارکەکـــە لەگـــەڵ ســـادقدا پیاســـەی دەکـــرد، هـــەردوو بێـــدەنگ بـــون، دونیـــا وەك ئێســـتابوو، گـــیراوو خـــەماوی، ســـاردو وشـــك، تـــەنیا دەنگـــی خشەخشـــی گـــەڵاکان بـــوو کـــە لـــەژێر قاچـــیاندا هاواریانـــدەکرد، ئـــەو رۆژە لەکۆتایدا سادق بێدەنگییەکەی شکاندو وتی:

– شەقایق دێیت بڕیارێك بدەین؟

– چ بڕیارێك؟

سادق دەستی بۆ کورسی ناو پارکەکە راکێشاو وتی:

– ســـەیری ئـــەو کورســـییە بکـــە! وەرە لەمـــەودوا هـــەرکات دڵتـــەنگ بـــوین، بـــێین بـــۆ ئـــەم پارکـــەوە لەســـەر ئـــەو کورســـییە دابنیشـــین، بـــۆ ئـــەوەی هیچـــکات ئـــەم بڕیارەمـــان لەبیرنەچـــێت، رۆژی بیســـتو شەشـــی مـــانگی میهـــر کـــە رۆژی لەدایکبونتـــە دێـــین بـــۆ ئێـــرە! هـــەر ئـــەو رۆژە جـــەژنێکی لەدایکبونی بچوك دەکەین بۆت.

پەیمانبـــدە ئەگـــەر لـــەئاسمان بـــەردیش ببارێـــت بڕیارەکـــەمان لەبیرنەکەی.

شـــەقایق لەکاتێکـــدا قســـەکانی ســـادقی بەمێشـــکدا تێدەپەڕانـــدو بەگریانو بەدەنگێکی لەرزۆك وتی:

– یانی دوای ئەم هەموو ماوەیە، دوای ئەم سێ ساڵە، تۆ هیچ لەبیرمدا بوی؟ چاوەڕوانم مایتەوە؟.. دەزانم، زۆر خۆپەرستییە! من زەماوەندم کرد، لەوانەیە تۆش زەماوەندت کردبێ؟.. بەڵام بەخودا، هیچ کات چێژم نەبردووە لەم ژیانە، تەنانەت شەوێکیش نییە کە بیرت نەکەمەوە، بیری قسەکانت! تۆ راستت وت هەردوکمان لەڕەگەزی یەکترین، تەنیای تەنیا! هیچ کەس لەبیری ئێمەدا نییە، تەنانەت خوداش، لەوانەیە من یان تۆ خەریکین سزاوەردەگرینەوە، بەڵام سزای چی؟.. لەوانەیە دوای ئەم هەموو سەختییە رۆژێک بەیەک بگەین، بەڵام کەی؟.. لەوانەیە تا ئەو رۆژە من یان تۆ ئیتر نەبین.

دڵم تەنگ بووە بۆت سادق، دڵم تەنگ بووە!

شەقایق لەژورەکە رۆیشتە دەرەوە، بەتەواوی دڵتەنگبوو، چەند هەنگاوێکی لەناو حەوشەکە ناو رۆیشتە ژێر دار گێلاسەکە وەستا، قەڵەرەشەکان سەرداری دراوسێکەیان، بەبینینی زۆر خۆش حاڵنەبوون، باڵیان گرتەوەو رۆیشتن، عەدیە دەڵێی میوانی هەبوو، دەنگی پێبکەنە بەرزبوو، سەعیدە خوشکی عەدیە لای پەنجەرەکە وەستاو بەئاوازێکی وەک تانە وتی:

– هەوێکەت خەریکە پیاسە دەکات!

عەدیە سەیرێکی دەرەوەی کردو بەتوڕەییەوە وتی:

– یاخوا بمرێت..

سەعیدە پرسی:

– مەنوچەر شەوان دەچێت بۆلای ئەو؟

عەدیە بەهەمان ئاواز وتی:

– هەڵــە دەکــات دەڕوات بــۆلای! پێمــوت ئەگــەر دەیــەوێت تــەڵاقی نــەدا، مــافی نییــە قــاچ بخاتــە ژورەکەیــەوە!.. مەنوچــەر ڕێــزی سەگیشــی بــۆ دانانێت.

سەعیدە ڕوی تێکردو وتی:

– کەواتــە بۆچــی تــەڵاقی نــادات، هــەم تــۆ ڕزگــارت دەبێــتو، هــەم سبەینێ کە منالّەکەت گەورەبوو ناپرسێت ئەم ژنە کێیە؟

عەهدیە وتی:

– وای.. مــن لــەخوام دەوێــت، بــەڵام مەنوچــەر دەڵێــت کەســی نییــە، نەدایکی هەیە، نەخێزانو نەبنەماڵە.

سەعیدە وتی:

– خــۆ دایکــی مێردەکــەت هەیــە؟.. نێــرگس خــانم دەڵــێم، بــڕوات بــۆ لای ئەو ئامۆژنییەتی هەر ئەوەی کە.. عەهدیە وتی:

– نــە بــەوجۆرە خــراپترە!.. ئەگــەر ڕۆژێــك، تــەڵاقی بــداتو بینێرێــت بــۆلای دایکــی مێردەکــەم، لەکۆتایــدا چــاویان بەیەکدەکــەوێت، حەزناکــەم ببمــە هــۆی دەردەســەری، خــۆت بــاش دەزانــی پیاوەکــان هــەمویان حەرامزادەن!

سەعیدە وتی:

– لەهــەموو کاتێکــدا، بــەجۆرێك بیخــەرە ژێــر ئاوکــە بەباشــی لەبەرچــاوی مەنوچەر بکەوێت.

عەهدیە خێرا وتی:

– من ناتوانم، تۆ ئەگەر دەتوانی بەجۆرێك یارمەتیم بدە!

سەعیدە بەرامبەری دانیشتو وتی:

– مەنوچەر زۆر ڕقی لەچییە؟ یانی تۆچی بکەیت ئەو تووڕەدەبێت؟

عەهدیە کەمێك وەستاو دوای ماوەیەك بیرکردنەوە وتی:

– مەنوچـــەر پیـــاوێکی تێگەشـــتووە، ســـەخت گـــیر نییـــە، بـــەڵام بـــاش، وەك هەموو پیاوەکان بەغیرەتە .

چاوانێکی سەعیدە تیشکێکی داو وتی:

– ئەمـــە راســـتە، دەستبخەرەســـەر ئـــەم خاڵـــە لاوازەی، بـــۆ ئـــەم ژنـــەش پێڵاوێکی فێڵبازانە دروستبکە،، عەهدیە وتی:

– ئاخر.. چی بڵێم؟

سەعیدە وتی:

– چوزانم، بڵێ بەبێ مۆڵەت لەماڵ رۆیشتوەتە دەرەوە !

عەهدیە ببێزارییەوە وتی:

– ئەو لەماڵ دەرناچێت؟!

سەعیدە بەبێزارییەوە:

– ئـــاخ تـــۆ چـــەند گێلـــی؟!.. دەباشـــە درۆبکـــە ! لەخۆتـــەوە بڵـــێ رۆیشتوەتە دەرەوە.

عەهدیە کەمێك بیری کردەوەو وتی:

– بەڵێ، بیرێکی باشە !

سەعیدە هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو وتی:

بـــەڵام خوشـــکە پێـــت نـــاخۆش نـــەبێت، تـــۆ زۆر بێدەســـەڵاتی، مـــن لەجێگـــەی تـــۆ بوایـــەم، هەرشـــەوی یەکـــەم شـــۆڕنپێی خـــۆم قایمـــدەکردو ریشەی ئەم ژنەم لەماڵەکەدا دەبڕی، ژنیش دەبێت رێزی هەبێت !

عەهدیە بەشەرمەزاری وتی:

– چـــی بکـــەم خوشـــکە، دڵـــم بـــۆی دەســـوتێ، بـــەڵام راســـتەکەی، مـــن زۆر شلبوم.

سەعیدە وتی:

– خـــۆ ســـەکینە خانمـــت لـــەبیرە؟.. ئـــەویش وەك تـــۆ هـــەوێی هـــەبوو، تـــازە مێردەکـــەی عاشـــقی ژنـــی یەکـــەمی بـــوو، بـــەڵام ژنەکـــە وەجـــاغی

کوێربـــوو، وەك ئـــەم! تـــۆ نازانیـــت، ئـــەم ســـەکینە خانمـــە کـــارێکی کـــرد کـــە تـــەلاقی ژنـــی یەکـــەم نەگەیشـــتە هەفتەیـــەك، مێردەکـــەی دەســـتی ژنـــی یەکـــەمی گـــرتو لـــەمالێ کردیـــەدەرەوەو ئێســـتا ســـەکینە لـــەمالّی مێردەکەیـــدا ســـەرۆکی دەکـــات، بـــووە بـــەژنی مـــالێ! مێردەکـــەی ناوێرێـــت قســـەبکات، وەکـــو مشـــك وایـــە، ســـەکینە خـــانم رۆژی هـــەزارجار دەمـــی دەگرێـــت لەمالّەکـــە دەیکاتـــەدەرەوە،، شـــەو عەهدیـــە بەپێچـــەوانەی شـــەوانی پێشـــوو کـــە بیـــانووی منالّەکـــەی دەگـــرت، شـــێوانێکی بـــاش دروســـتکردبوو، لای منالّەکـــەدا دانیشـــتبوو، بۆدییـــەکی ســـوری تونـــدی لەبـــەرکردبوو، مەنوچـــەر منالّەکەی گرتەباوەشو وتی:

– چییە، ئەمشەو باش بەخۆتدا گەشتویی، شتێك هەیە؟!

– هیچ، ئەمرۆ ئیشم سوکبوو وتم کەمێك بەحالّی مالّدا بگەم.

مەنوچەر بەگالّتەوە وتی:

– بەمالّەکە بگەیت یان بەخۆت؟!

عەهدیە لەدلّەوە وتی:

– بەقســـەی ســـەعیدە هـــەموو کاریـــك دەبێـــت رێکوچـــاك ئـــەنجام بـــدرێت! ئەمشەو بیگرە، شەوێکیتر کە راهات دەست پێ بکە!

مەنوچـــەر بـــەبیری شـــەوی رابـــردوەوە خۆشـــحالّو تامـــەزرۆ رۆشـــتەوە بـــۆ مـــالّ، میـــوەی کڕیبـــوو تابەدەســـت بـــەتالّی نەڕواتـــەوە بـــۆ مـــالّ، لەگـــەلّ خۆیـــدا وتی:

– دەبێـــت هـــەلیش بدەیتـــە عەهدیـــە، ئەگـــەر بێتـــەوە بەخۆیـــدا ژنێکـــی بەهونەرو وشیارە!

منداڵەکـــە خـــەوتبوو، عەهدیـــەش بـــەمۆنی هاتـــەژورەوە، مەنوچـــەر زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– چییە بۆچی مۆنەت کردووە؟ "پاشان بێبایەخ بەردەوام بوو:" ئاە، خۆ ئەم منداڵە هەمیشە خەوتوە!.. کەواتە کەی چاوانی دەکاتەوە؟

عەهدیە بێبایەخ وتی:

– مەنوچەر بەخوا هیلاکم، خەریکم لەم ماڵەدا دەمرم، هەزار جۆر ئیشم هەیە، ئەو ژنەشت کە ئیتر هیچ، ئیتر بەرامبەری نیم.

مەنوچەر پرسیار گەرانە وتی:

– مەگەر چی بووە؟!

عەهدیە هەستاو بەرەو پەنجەرەکە رۆشتو وتی:

– وای.. ئیتر نازانم چی بکەم، چاوم بەمناڵەکەوە بێت یان ببمە ئێشکگری خانم.

مەنوچەر بەبێزاریەوە وتی:

– دەڵێی چی بووە یان نە؟.. نزیك نیوەڕۆ خەریکبوم منداڵەکەم بشۆم، دەبینم دەنگی دەرگاکە بەرزبووە، رۆیشتم بزانم کێیە، سەیردەکەم خانم دەرگاکەی کردوەتەوەو سەیری دەرەوە دەکات، پێموت کەسێك لەدەرگای دا، وتی: نە، دڵم گیرابوو خەریکبوم سەیری دەرەوەم دەکرد، وتم یانی چی؟.. دڵت گیراوە بڕۆ لەژورەکەت دابنیشە یان لەحەوشەکە پیاسەبکە، بۆچی هەر سەر دەکێشیتە دەرەوە بۆ کۆڵان، بەتەواوی روداری وتی، پەیوەندی بەتۆوە چییە؟! منیش توڕەبوم پێموت چییە سەیری دەرەوە دەکەیت کە مێردێك پەیدا بکەی بۆ خۆت؟.. بەتەواوی بێشەرمی وتی: بەڵێ! چییە ئیرەیی دەبەیت؟

مەنوچەر بەتوڕەیی وتی:

– شەقایق؟!.

عەهدیە وتی؟!

– بـــەڵێ!.. "پاشـــان بەگاڵتـــەوە وتـــی:" مێـــردی دەوێ، بۆچـــی نایـــدەی بەشوو راستیش دەکات.

مەنوچـــەر هەناســـەیەکی درێـــژی هەڵکێشـــاو لـــەژێر لێـــوەوە قســـەیەکی کـــردو لەژورەکـــە رۆیشـــتەدەرەوە قســـەکانی عەهدیـــە کـــاری خۆیـــانکرد، بەتـــەواوی تورەبـــوو، بەبێئـــەوەی لەدەرگاکـــە بـــدات رۆیشـــتەژورەوە، شـــەقایق لەچێشـــتخانەکە خـــەریکی شـــتنی قاپـــەکان بـــوو، بـــەبینینی مەنوچەر وتی:

– سلاو شتێك بووە؟!

مەنوچەر بەتورەیی وتی:

– ئەمڕۆ بۆچی رۆشتبوویتە دەرەوە؟

شەقایق بەسەرسامییەوە وتی:

– من؟! من ئەمڕۆ نەڕۆشتوومەتە دەرەوە.

مەنوچـــەر لەکاتێکـــدا بـــەدوای شـــتێکدا دەگـــەڕا کـــە لەشـــەقایق، هاواریکرد:

– تۆ هەڵەت کرد.. ئیتر بەدوای مێرددا دەگەڕێیت؟!

شـــەقایق بەترســـەوە بـــەرەو ژورەکـــە رۆیشـــت، مەنوچـــەر ســـۆندەی ئاوەکەی لێکردەوەو پەلاماریدا، شەقایق هاواریکرد:

– بەخودا نەرۆیشتوم بۆ شوێنێك، بڕۆ لەعەهدیە بپرسە!من..

بـــەڵام مەنوچـــەر بێبایـــەخ لێـــدانێکی باشـــی کـــردو پاشـــان لەژورەکـــە رۆیشـــتەدەرەوە، بەتـــەواوی تورەبـــوو، ســـۆندەکە هێشـــتا بەدەســـتیەوە بـــوو، کاتێـــك رۆشـــتە ژوورەوە بـــەرەو رووی عەهدیـــە فڕێـــی داو بـــەبێ وتنـــی قســـەیەك بـــەرەو ژورەکـــە رۆشـــت، شـــەقایق تابـــەیانی بـــەئازارەوە گریـــا، زیـــاتر لەمەنوچـــەر، لەدەســـتی عەهدیـــە تورەبـــوو، بۆچـــی نـــەهاتبوو بـــۆ پشـــتیوانی کردنی؟!

بەیانی پێش ئەوەی مەنوچەر بچێت بۆ سەر ئیشەکەی، دەرگاکەی ژورەکەی شەقایقی قوفڵکرد، عەهدیە لەبەرخۆیەوە وتی:

بەمجۆرە سودی نییە، جگە لەوەی کە کچە کەمئەندام دەبێتو منی بەدبەخت دەبێت چاودێری ئەویش بکەم، نەدەبێت بیرێکی بنچینەیی بکەمەوە.

دڵۆپە گەورەکانی باران بەتوندی لەپەنجەرەکەیان دەداو پاشان ئارام ئارام دەخزانو دەکەوتنەخوارەوە، سادق لەپشت پەنجەرەکەوە وەستابوو، سەیری حەوشەی دەکرد، سەیری بارانەکەی دەکرد، بەڵام هۆشو بیری لەجێگەیەکیتر بوو، هێشتاش دوای چوار ساڵ هەموو رۆژێك دەڕوات بۆ ئەو پارکە، هێشتاش ئەو نیگا سەوزە لەمێشکیدایە، لەبیردابوو، بەڵام چی سودێکی هەیە کە زەمانە لەیەکی جیاکردونەتەوە، تەنیا ئاهـ بوو کە هەندێکجار لەرەفتاردا دەردەکەوتو نیشاندەری ئەو عەشقەبوو، عەشق تەنیا هاوسەفەرێك بوو کە بۆی مابووەو جگە لەو تەنیایی و خەفەتبوو! یادی ئەو رۆژە خۆشانە وەك مۆسیقایەکی خەمهێنەر ئەوی لەشەپۆلێکی دوردا دەخستە بێهۆشییەوە، چیتر ئەو گەنجە وریاو چالاکە نەبوو، سەرکەوتنو بردنەوە مانایەکی نەبوو بۆی، دۆڕاو بوو، بەڵام ترسی لەدۆڕاندن نەبوو، چونکە هەموو دراو نەداری لەدەست دابوو، لاواز، چاوەکانی هێشتا بێتاوانو دڵگیربوو، بەڵام رونـاکی رابردوی تێدا نەدەبینرا، خۆی دابووە دەست چارەنوسەوە.

– چی بارانێك دەباریێت کاکە سادق!

سادق بێگرنگیدانە جەواد سەیری ئاسمانی دەکرد، جەواد لەلای میزی سەماوەرەکە دانیشتو بەدەستەسڕە یەزدییەکەی دەوری ملی قۆریەکەی خستە سەر زەوی و پیاڵەیەك چای بۆ خۆی تێکرد، بەپشتە

دەستی لوتی خوراندو لەپاکەتی شقارتەدا کەمێك تلیاکی دەرهێناو لەگەڵ چاکەدا خواردی.

– چیپە کاکە نەخۆش! دوبارە خەمباری؟

سادق لەسەر لێواری پەنجەرەکە دانیشتبوو، بێدەنگ، تاقەتی قسەکردنی نەبوو، کاتێك جەواد خۆشحاڵبوو زۆر قسەی دەکرد نازانم راهاتن لەسەر ئەم ماددانە چی نەخۆشییەکە کە مرۆڤ توشی فرەوێژی دەکات، بەڵام خەڵوەتەکەی سوکیو بێ خەیاڵییە، دەڵێی مرۆڤ لەحەوت دەوڵەت ئازاد دەبێت، جەواد وتی:

– وێڵیکە، سادق چوار ساڵ تێپەڕیوە هێشتا لەبیریدای؟..هاا.. ئەو سێبەر بەسێبەر لەگەڵ ژنەکەیدا رێدەکات، ئەم کچە ئێستا چوار ساڵە ونبووە، وەرە...وەرە جگەرەیەکت بۆ دروستبکەم پڕ لەدڵ حەزی لێبکەیت!

بەڵام سادق لەجیهانی خۆیدا بەتەواوی لەبیرو خەیاڵدا بوو، جەواد بەبێزارییەکەوە وتی:

– خەریکم قسەت لەگەڵدا دەکەم، وەرە بابە لەبیریکە، ئەو ئێستە بەڕیشی تۆ پێدەکەنێت.

– سادق ئەبڵەقی جەواد بوو، بەئارامی وتی:

لەنێوان خەڵوەتی شەواندا، کەسێك بێ هودە دەپرسێت.

شەقایقیش بۆ تۆ هەرو ا بێ تواناو سەرسامە.

لەوکاتی دوو دڵیەدا کەسێك لەسنگیدا دەڵێت.

ئەگەر شکت لەعەشق هەیە، چۆن عاشقێکی؟!

جەواد بەپێکەنینەوە بەرەو لای رۆیشتو لەلایدا دانیشت، لەلای پەنجەرەکە، بێدەنگی سادق ئەویشی بێدەنگکرد، دەڵێی ئەویش سوک کەمکێش بوو، ئێستا دەڵێی درکی بەهەستی سادق کردبوو، ئێستا دەڵێی ئاسمانو بارانیش بەرزبوون، ساتێك تێپەڕی، جەواد وتی:

– ئەمڕۆش دووبارە دەتەوێ بڕۆیت؟

سادق هێواش وتی:

– چارەیەکم نییە، جگە لەمکارە چارەیەکی ترم نییە، من هەموو شتێکم دۆڕاندوە، لەسەر ئەم عەشقە، لەسەر ئەو ونبووە !

جەواد بەئارامی وتی:

– حەزم دەکرد وەك تۆ بومایە، زیرەك، لۆتی.. عاشق! بەڵام ژنەکەم وێڵکردو کەوتمە هێڵی ئەم شتە پیسە !

سادق بزەیەکی کردو وتی:

– ئەو شتەی کە لەلای تۆ پیسە بۆ من دەرمانە، وەکو ئارامبەخشێك! من ئەگەر تلیاك نەبێت وەك شێتەکانم لێدێت، نازانم چی بەڵایەك بەسەر خۆمدا دێنم، بەڵام ئەوە باشتر کە بێهۆش بم، کاتێك ئەم تلیاکە ناکێشم دەڵێی هەموو ئەو ڕۆژانە دێنەوە پێش چاوم..

جەواد سودی لەوەستانەکەی سادق وەرگرتو جگەرەکەی دا بەئەو، دەیزانی کاتێك حاڵی سادق خراپ بێت، تاوەك شەو لەهەموو کەس دەوەڕێت وەك سەگ، جەواد هەمیشە دەیویست شەقایق ببینێت هەر ئەو کچەی کە سادق لەبەر خاتری دەستی لەگەنجی و تەمەنی خۆی هەڵگرتو هەموو شتێکی خستەسەری، هەموو بونی! حەزیدەکرد بزانێت کە ئایا ئەم کچە بەوەفاداری ماوەتەوە بەرامبەر سادق؟.. ئایا هێشتا باوەڕی بەبڕیارو پەیمانەکانی هەیە؟.. سادق بەتێپەڕبونی چوار

ساڵ هێشتا وەك رۆژی یەكەمە كە جەواد بینیبوی، هێشتا بۆ عەشقەكەی و پەیمانەكەی وەك ناوەكەی خۆی راستگۆ بووە.

بارانەكە كردیە لێزمە، بەڵام تەنیا دەنگێك كە لەگوێی سادقدا مانای هەبوو دەنگی بارانەكە بوو، هەموو ساڵێك كە دەگەیشتە ئەم كاتە دڵی رووناكدەبووە، زیاتر لەرۆژانەتر!

لەو پاركەی كە رۆژێك شوێنی بەیەككەشتنیان بوو، ئەمڕۆ بووە بەخەڵوەتگای سادق، باڵندەش باڵی نەدەگرتەوە، هەموو لەترسی تەڕبون لەماڵەكانیان خۆیان شاردبووە، سادق بەرامبەر ئەو كورسییە وەستا كە هەمیشە لەسەری دادەنیشتو چاوەڕێی هاتنی شەقایق دەكرد، بەدەنگێكی هێواشو لەرزۆك وتی:

– شەقایق دیسان بەرامبەر هەمان كورسی هەمیشەیی و لەلای هەمان ئەو دارەی كە تەنیا شایەتحاڵی ئەو قسەو پەیمانانەیە وەستاوم، شەقایق باوەڕدەكەیت چوار ساڵ تێپەڕی كرد، چوار ساڵ بەبێ تۆ، زۆر بێ وەفای! نەهەواڵێك، نەنیشانەیەك، رۆیشتی كە رۆشتی، بەبێ من بێگومان لەگەڵ مەنوچەر!

ئەو دەمارەی كە بەتەوێڵی سادقەوە بوو بەناوهێنانی مەنوچەر بەرجەستەبوو، خوێنی سور تێیدا دەستی بەسوڕان دەكرد.

سادق هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشاو سەری بەرەو كورسییەكە سوڕاند، دەڵێی شەقایق لەوێ دانیشتبوو خەریكی گوێگرتن بوو لەقسەكانی.

لەو رۆژەوەی كە رۆیشتوی كارم بوە بەئەلافی، بێئامانج لەشەقامدا دەگەڕام، خۆم وێڵدەكرد لەنێوان لافاوی خەڵكیدا، وەكو ماسییەك لەناوەڕاستی دەریادا وندەبوو، بەڵام شەو بەهیلاكی سەیری دوكەڵی تلیاكم دەكرد كە وردە وردە بونمی لەبەرچاومدا لەناودەبرد، دەبینی كچەكە، دەزانی چیت كردوە؟.. هەندێ كات لەگەڵ خۆمدا دەڵێم ئەو

دوژمنایەتییەی کە منو تۆ هەمانبوو دەڵێی ئاگری خۆشەویستی نێوانمانی تیژترو بڵێسەدارتر دەکرد، لەبیرتە چەند قسەی خراپو بێجێمان بەیەك دەکرد، زۆری نەمابوو لەیەك بدەین، بەڵام لەناکاو نازانم چیبوو کە بوم بەدیلت.

هەموو قسەکانم دوبارەبوەتەوە، دەزانم، بەڵام هێشتاش دوبارترین قسە دەتوانم پێت بڵێم ئەمەیە، هێشتاش وەفادارم بۆت.

سادق جارێکیتر سەیری کورسیە بەتاڵەکەی کرد لەسەری دانیشتو بەخەیاڵەکانی خۆی پێکەنی، کاتێك با هەڵیکرد هەستی بەسەرما کردو لەرزی گەرچی ئەم قسانەی لەسەر زمانی دابوو، بەڵام دەترسا قسەی دڵی بکات، هێشتا هاواری دەرونی بوو کە ناچاریدەکرد بەبێدەنگی.

مەگەر نەبیرو خەیاڵی شەقایق منی گەیاندە ئێرە، بەدبەختبوم، بێچارەبوم، منی گێل دەمتوانی بڕۆم، بڕۆم بەدوای ژیانمدا، بەدوای بەدبەختیم، بەڵام ئێستا ژیانم بووە بەفێڵی کورەو ئاگر!

سادق ئاگاداری فرمێسکەکانی نەبوو کە هاتبونەخوار لەوانەیە باران نەیدەهێڵا هەست بەگەرمی فرمێسکەکانی بکات، بێخواست هاواریکرد:

– بۆ مەعریفەت! لەبیرتە چیت دەوت؟ پەیمانەکانت لەبیرە کە داوتە؟ لەبیرتە پەیمانتدا نەبیت بەژنی ئەو پیاوە دۆڕاوە؟ لەبیرتە وتت ئەگەر بکرێت شەو رادەکەم تابێم بۆ لای تۆ؟.. لەکام گۆڕی؟. لەکوێی؟

شەو بوو، باران دەباری، ئەو ئاوەی کە لەپێڵاوەکانی سادقدا کۆبوبووە قاچی بێهێز کردبوو، خەڵك دەڵێی لەباتی بەیانی کە لەماڵەکانیاندا خۆیان قایم کردبوو ئێستا وەکو مێرولەو کولە رژابونە سەر شەقامەکان، سادق لای دوکانێکی بچوکی جگەرەفرۆشێکدا وەستابوو، بۆ گرنگیدان بەخەڵك جگەرەی دەکێشا، لەبەیانیەوە تا ئێستا لەدەرەوەبوو، سستو بێحاڵ بوو، دەڵێی بارێکی هەزار کیلۆیی

بەســـەر شـــانییەوە بـــوو، لەوانەیـــە سســـتی لەســـەر شـــانەکانی وەســـتابوو هیلاکی نەدەهێشت.

– ئەم هەموو خەڵکە، ئەم هەموو مرۆڤە، من نازانم چی یان دەوێت؟

دەنگـــی پیـــاوە جگەرەفرۆشـــەکە لەخـــەیاڵ دەریکـــرد، وایزانـــی خـــەودەبینێت، بـــەڵام دەڵێـــی روخســـاری ئاشـــنای شـــەقایق بـــوو کـــە لەپشـــت شوشەی دوکانەکەوە سەیری دەکردو وەستابوو.

– چەند خۆشحاڵ بوو.

– نەوەکو خەوتبم؟!

ســـادق نەیـــدەزانی خـــەوتوە یـــان بەخەبـــەر، بـــەڵام نـــاڵێی بەخەبـــەربوو، جگەرەکـــەی خستەســـەر زەوی‌و بەتـــەواوی بێحـــاڵی بـــەرەو روی شـــەقایق رۆیشت، شەقایق پێدەکەنی.

هەناسەبڕکەی پێکەوت‌و، بەڵام هەر چۆن بوو وتی:

– شەقایق

کچـــەکە بـــەری کـــردە دواوە، بـــەڵێ ئەمـــە هـــەمان چـــاوان بـــوو، بـــەڵام نـــە، ئەمە ئەو دەموچاوە نییە، خۆ ئەمە شەقایق نییە!

ئەو پیاوەی کە لەلای کچەکە وەستابوو یەخەی گرت‌و وتی:

– چییە؟

سادق هێواش وتی:

– بمبەخشە! بەهەڵە تێگەیشتم.

بـــەڵام پیاوەکـــە زۆر توڕەبـــوو، چـــەقۆت لەئێســـقانی بدایـــە خـــوێنی لێنەدەهات.

– تۆ هەڵەت کرد! زبالە مەگەر کوێری؟

دەســـتی بەشـــەڕ کـــرد، ســـادق لـــەوە بێزارتربـــوو کـــە یەخـــەی بگرێـــت، دامابوو بەشێوەی تۆران هاواریکرد:

– وێڵمکە پیاو! هۆشم نەبوو بۆچی تێناگەی.

پیاوەکە زۆری لێدا، هیچ کەس ئامادەنەبوو یارمەتی بدات، دەڵێی سەیری فلیمیان دەکرد، سادق لەژێر مستو لەقەی پیاوەکە خەریکبوو لەناودەچوو، بەڵام هیچ کەس دڵی بەناڵەکانی نەسوتا، هیچ کەس بۆ یارمەتی نەڕۆیشتەپێشەوە.

دیسان باران باری، وەک ئەوەی دوا هاوڕێی ئەم بارانە بوو، بەڵام ئەمجارە سستیەکەی دەشوشتو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، سادق لەشی نیوەگیانی بەسەختی لەنێوان خەڵکدا تێپەڕاندو خۆی لەنێوان ئەم هەموو ناپیاوە دەرکرد، توانای وەستانی نەبوو، ئەو خوێنەی کە بەسەر دەموچاوییەوە بوو بەئاوی باران دەشۆرایەوە، بەبێگیانیو بێتوانایی کەوتەسەر زەوی، کۆڵانێکی چۆڵبوو کە تەنیا دەنگی قاچی باران دەگەشتە گوێی، سەیرکردنی بێ رونـاکی، چاوی بڕیبووە تاریکی گەڕەکەکەو لەژێر لێوەوە ئەم رستانەی دەوتەوە:

عاشقم عاشقم من عاشقم لەئەزەلەوە.

عاشقم عاشقم من بۆ هەشقت تائەبەد

سادق بەنیوە گیانی لەکاتێکدا چاوی لەتاریکی کۆڵانەکەبوو لەتەواوی تەنیایدا لای دیوارێك دانیشتبوو، دەڵێی لەساتی کۆتایی تەمەنیدا دیسان هیواداربوو ونبوەکەی ببینێت، راستدەکەن وتویانە تەنیا چاوەڕوان چاوەکانی نانوقێت.

تەنیا کارێك کە جەواد توانی بۆی بکات ئەوەبوو کە کاری بەوەسیەتی هەمیشەی ئەو کرد، سادقی لەلای گۆڕی پورە مونیرەوە ناشت، چونکە هەمیشە دەیوت:

– لەکۆتایدا شەقایق رۆژێك دێتەسەر گۆڕی دایکی.

بەڵام تەنیا کارێك کە جەواد بۆ دڵی خۆی کردی ئەوەبوو کە هەموو ساڵێك لەرۆژی بیستو شەشی مانگ میهردا شیعرەکەی شەقایق بدات بەرۆژنامە تا چاپی بکەن، لەوانەیە شەقایق رۆژێك بیخوێنێتەوە، لەوانەیە بەمە رۆحی سادق بەئارامی بگات.

دوای مردنی سادق، فاتمە تەنیا کەسێك بوو کە هەمیشەو هەموو شەوێکی هەینی لەسەر گۆڕەکەی ئامادەدەبوو هەمیشە بەخوێندنەوەی نوسراوی سەر بەردی گۆڕەکەی ئەو، لەناخی دڵەوە لەقوڵای رۆحییەوە دەگریا، هەمیشە دەکەوتەبیری ئەو رستەیەی سادق جگەری دەبوو بەکەباب:

دەزانم، لەکۆتایدا لەخەفەتی شەقایقدا دەمرم.

"43"

سەرما بێدادی دەکرد، بەفر دەباری، حەوزەکە بەستبوی، مەنوچەر سێجار بەفری سەربانەکەی لابردبو، لەژورەکە دانیشتبوو ساتێکیش شەقایق لەمێشکی دەرنەچوو، هێشتا زۆپای ژورەکەی ئەوی دانەنابوو، ئەم ژورە لەگەڵ ئەوەی کەزۆپا تێیدا ئیشی دەکرد هێشتا ساردبوو چجا بگات بەئەوێ.

چەند ساتێك تێپەڕی لەگەڵ خۆیدا وتی:

بابە نا سەلامەتی من مێردیم، ئەگەر من ئەمکارەی بۆ نەکەم، کێ بۆی بکات، ئەو کچی مامە، گوناهە ئێستا بێگومان لەسەرمادا هەڵدەلەرزێت، ئەگەر باوکم بزانێت، تفم تێ دەکات، مافی هەیە، لەبیرم چووە چەندەم پێوتن کە شەقایقم دەوێ، ئێستا چی؟.. بومەتە نۆکەری ئەم ژنە ! ئەگەر ئامۆژن زیندوبوایە بێگومان نەفرینی دەکردم.

عەهدیە سەری بەرزکردەوەو مەنوچەری بینی.

بۆ کوێ شاڵو کڵاوت لەبەرکردوە؟

مەنوچەر سەیرێکی کردو لەکاتێکدا قۆپچەی قۆڵەکەی دەبەست:

– دەمەوێت بڕۆم زۆپاکەی شەقایق دابنێم، ئێستاکە بێکارم دەبێت چاکی بکەم، دوایە ناتوانم.

عەهدیە برۆی نزیك یەککردەوەو بەتورەیی وتی:

– خۆت لێرەی، بەڵام هۆشت لەلای ئەوە!.. ئەو نەهونەری هەیە نەبەرهەم، بەڵام خۆشەویستتە.

مەنوچەر بەکینەوە وتی:

– وازبێنە ئیتر! چەند بۆڵە دەکەی؟

مەنوچەر کلیلەکەی دەرهێناو دەرگاکەی کردەوە، هەوای ژورەکە وەکو ساردکەرەوە ساردبوو، شەقایق دوو بەتانی بەخۆییەوە بێچابوو، لەسەرمادا لەسەر گۆناکانی پەڵەدەرکەوتبوو، پەڵەکان زۆر جوان بوبوو، بەڵام نیگای خەمباربوو.

بەهێواشی سڵاویکرد، دەنگی دەلەرزی:

– نەوەك سەرمای بوبێت!

مەنوچەر دەستی بردە پێشەوەو لەسەر گۆنای دانا، بەئاوازێکی فەرماندەرانە وتی:

– خۆ نەخۆش نیت؟

شەقایق وەك منداڵ سەری بادا یانی نە

مەنوچەر رۆیشتە گەنجینەکە، زۆپاکەی هێناو لەژورەکە داینا، ئیشی بەستنی زۆپاکە دوو کاتژمێری خایاند، شەقایق لەم نێوانەدا چای بۆ هێناو لەلایدا وەستا تا هەرچی ویست بیدات بەدەستییەوە.

نزیکی نیوەڕۆبوو، عەهدیە بەبەردەوامی بەژورەکەدا هاتوچۆی دەکرد، دڵی تاقەتی نەهێنا، لەکۆتایدا بەرەو لای ژورەکەی شەقایق

کەوتـــەرێ، بـــەبێ ئـــەوەی لـــەدەرگا بـــدات رۆیشـــتە ژورەوە، مەنوچـــەر ســـەری لەئیشەکەیدابوو، روی بەرەو لای وەرگێڕاو بەسەرسامی پرسی:

– چی بووە؟!

عەهدیە بەمۆنی سەیری کردو وتی:

– چێشتی نیوەڕۆ ئامادەیە، بۆچی نایەیتەوە؟

مەنوچەر بێبایەخ وتی:

– تۆ برۆ! ئەمە ئیشی زۆری ئەوێت، بەمزوانە تەواو نابێت.

عەهدیە بەپێداگریکردو وتی:

– باشە سەبردەکەم تا بەیەکەوە برۆین.

شەقایق هێواش وتی:

– راست دەکات، تۆ برۆ خۆم بەجۆرێك چاکی دەکەم.

مەنوچەر بەتورەیی وتی:

– لەخۆتەوە قسە مەکە!

پاشان بەعەهدیەی وت:

– بـــرۆ بـــۆ ژورەکـــە بـــۆلای منداڵاکـــە، مـــن زوو دێـــم.. بـــرۆ!.. لێـــرە مەمێنـــە سەرمات دەبێت.

عەهدیە بەتورەیی لەژورەکە رۆیشتەدەرەوە.

شەقایق جارێکیتر بەگونجاوی وتی:

– مەنوچەر گیان برۆ!.. گوناهە، برۆ دوایی وەرە چاکی بکە!

مەنوچـــەر بێبایـــەخ ســـەرقاڵی ئیشـــەکەی بـــوو، کاتێـــك ئیشـــەکە تـــەواوبوو، زۆپاکـــەی داگیرســـاند بـــەرەو لای دەرگاکـــە رۆیشـــتو دەرگاکـــەی قـــوفڵکرد، دەستی شوشتو بێبایەخ وتی:

– ئەم چا چی لێهات؟

شەقایق بەداماوی وتی:

– بـــڕۆ بـــۆ لای عەهدیـــە ! منالّەکـــە لەخـــەو هەڵدەســـتێ‌و بیـــانوت دەگرێت.

مەنوچەر بەئەبڵەقی سەیری کردو وتی:

– دەتەوێ لێرە بمکەیتە دەرەوە ؟

– نە بەخودا ! .. تەنیا .. تەنیا ..

مەنوچەر بزەیەکی کردو وتی:

– پەیوەندیت پێوەنەبێ، برۆ چابهێنە !

شەقایق چاکەی هێنا، مەنوچەر بەمۆنی وتی:

– بۆچی بۆ خۆتت تێنەکرد؟ ! خێراکە بۆ خۆشت بێنە !

ئـــەو رۆژانـــەی کـــە هێشـــتا مەنوچـــەر ژنـــی نـــەهێنابوو وایـــدەزانی بەگەیشـــتنی بەشـــەقایق هـــەموو ئـــێش‌و ئـــازارو خەمـــەکان نامێنێـــت، شـــەقایق تـــەنیا کەســـێك بـــوو کـــە ئـــەو، لـــەدونیادا عاشـــقی بـــوو، بـــەڵام نەیـــدەزانی بۆچـــی لەگـــەڵ ئـــەو خۆشەویســـتییە زۆرەی کـــە بـــۆ شـــەقایق هـــەیبوو بڕیـــاری لەســـەر زەماوەنـــدی دوبـــارەدا، دڵنیـــابوو کـــە نـــەبونی منـــداڵ هـــۆی ئەمـــە نـــەبووە، ئەوەنـــدە شـــەقایقی خۆشدەویســـت کـــە نـــەبونی منـــداڵ کـــاری نـــەدەکردە ســـەر خۆشەویســـتییەکەی، بـــەڵام بەتـــەواوی ئـــەو رۆژانـــەی کـــە بەخواســـتی ئـــەوانیتر ئـــارامی گرتبـــوو لەســـەر زەماوەنـــد، هێلکـــەی رقوکینـــە لەدڵێـــدا دروســـتبوو، هـــەرگیز عەهدیـــەی خـــۆش نەدەویســـت، عەهدیـــەی وەك بونـــەوەرێکی لـــەخۆبایی‌و خۆپەرســـت دەبینـــی کـــە هـــیچ نـــەبوو، بـــەڵام خـــۆی بەهەموو شتێك دەزانی.

تەنانـــەت لـــەدایکبونی لـــەیلاش، ئـــەوی بـــۆ ژیـــان لەگـــەڵ عەهدیـــەدا دڵگـــەرم نـــەکردبوو، رەفتـــاری عەهدیـــە جێگـــەی خـــۆراگری نـــەبوو، عەهدیـــە نمونەیـــەکی تـــەواوی ژنێکـــی لارو نامیهرەبـــان بـــوو، ئەوەنـــدە گرنگـــی

بەعەدیە دەدا، ئەوەندە کاری بەشەقایقەوە نەبوو، بەڵام هێشتا عەدیە ئیرەیی دەبرد.

کلیلی دەرگای حەوشی بوو، بەڵام ئەوەندە بێزاربوو کە زەنگەکە لێیدا، عەدیە بەتەنێك مۆنیەوە دەرگاکەی کردەوە، نەسڵاو، نەشتێك بەبێ پێشەکی وتی:

– میوانمان هەیە.

مەنوچەر بەسەرسامییەوە:

– کێیە؟!

عەدیە بەتانەلێدانەوە وتی:

– دایکتە!

مەنوچەر دڵی کرایەوە.

– تەنیایە؟ باوکم نییە لەگەڵیدا؟!

– چۆن! ئەویش هاتووە.

دوای سڵاو هەواڵپرسین، مەنوچەر پرسی:

– دایکە شتێك رویداوە لەم ناوە دەرکەوتن؟

نێرگس بێئەوەی وەڵامی بداتەوە بەهێواشی وتی:

– ژنەکەت چیەتی؟.. بۆچی مۆنی کردوە؟.. شەڕتانکردوە؟

مەنوچەر سەری باداو وتی:

– ئەم ژنە دۆڕاوە ئێوە بۆ منتان دۆزییەوە، ئەمە رەفتاری هەمیشەییەتی، تازە سەرەتایەتی، سوپاسی خوا بکە کە رێی پێدان بێنەژورەوە!

نێرگس وتی:

– هەرچی دەپرسم شەقایق لەکوێیە وەڵامی سەر بەرەو ژور دەداتەوە، وای..، سەد رەحمەت لەو! لەگەڵ ئەوەی کە ئەو هەموو خراپەی لەئێمە بینیووە، خراپەی بەرامبەرمان نەکردوە.

عەهدیە لەلای دەرگای چێشتخانەکە وەستاو بەتوانجەوە:

– چییە دایکە؟ ئەگەر بێگانەم برۆمە دەرەوە، بۆچی چپە دەکەن.

مەنوچەر بێبایەخ وتی:

– قسەی تایبەتییە، هیچ پەیوەندیەکی بەتۆوە نییە!

عەهدیە وەکو ئەسفەنجێك بوو کە خرابێتە سەر ئاگر، بەتورەیی وتی:

– دەیبینی دایکە، دەبینی چۆن قسەم لەگەڵدا دەکات، هەر نالێی من ژنیم.

نێرگس قسەیەکی نەکرد، بەڵام لەدڵەوە وتی:

– تاوانی خۆتە، ئای چەند قسە دەکەیت.

عەهدیە بۆ ئامادەکردنی نانی ئێوارە جارێکیتر رۆیشتە چێشتخانەکەوە، مەنوچەر بەردەوام بوو، من منالّم بۆچی بوو؟.. ئێستا دەڵێی هێلکەی ئالّتونە! باشە کچە ئەگەر کوڕ بوایە ئەوا تەواو لەخۆی بایی دەبوو، وازی لێبێنین باوکم بۆچی خەوتووە؟!

– هیلاکبوو رۆیشت خەوت، باشە شەقایق چۆنە؟

مەنوچەر وتی:

– زۆر باش نییە، دایکە، تا لێرەی خۆت بیبە بۆلای پزیشك! من لەدەستی ئەم ژنە ناتوانم سەیری بکەم، چی بگات بەوەی بیبەم بۆلای پزیشك!

بەیانی شەقایقو نێرگس لەگەڵ پەرۆیزدا رۆیشتن بۆ لای پزیشك! عەهدیە خەریکبوو لەئیرەیدا دەتەقی، مەنوچەریش درەنگتر رۆیشت بۆ سەر ئیش، دەیزانی دوای رۆیشتنی دایکو باوکی رۆژگاری رەش دەبێت، لەدەستی ئەم ژنە حەسودە بەتەواوی گرفتاربووبوو.

نێرگس و شەقایق لەهۆڵەکە چاوەڕوانی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بوون، دانیشتبون، پەرۆیز رۆشتبوو لەفەبکرێت، شەقایق بێدەنگییەکەی شکاندو وتی:

– ئامۆژنەکان چۆنن باشن؟

نێرگس وتی:

ئیسماعیل و ئەعزەم بەدەستی کیومەرسەوە پیربون، ساڵەحیش گرفتاری باوکەگیانە! زۆر لەپێکەوتووە!.. چەند رۆژێك پێش ئێستا رۆیشتم بۆ بینینی دەزانی چی وت! دەیوت زۆر خراپەم لەگەڵ شەقایق و مونیرەدا کرد، مونیرە خوا بیبەخشێت! بەڵام بەشەقایق بڵێ گەردنم ئازادبکات!

شەقایق وتی:

– ئەی فەرهاد چی؟

نێرگس وتی:

– ئۆو، ئۆو من ئەم عەهدیە وەك ژنەکەی فەرهاد دەبینم، قوڕبەسەر فەرهاد، لەبیرتە چەند وێڵبوو؟

ئێستا بووە بەنۆکەری ژنەکەی، ژنەکەی قاچێکی لەماڵ باوکێتی، ئەوەکەی تریش لەماڵ فەرهاد، لەبیرتە چەند لاوازبوو؟.. ئێستا وەك دێوی لێهاتووە! "نێرگس کەمێك وەستاو بەئاوازێکی خەماوی وتی:" تاوانی من بوو کە تۆ بەدبەخت بوویت، من بوم کە فشارم خستەسەر مەنوچەر عەهدیە بهێنێت.

شەقایق قسەکانی ئەوی بڕیو وتی:

– هەرچی بووە رایبوردوە، بەڵام مەنوچەر راستی دەکرد ژن بێنێت، عەهدیە ژنێکی باشە، ئەگەر من نەبم بەدڵنیاییەوە هەموو شتێك چاکدەبێت، بەڵام مەنوچەر رازینابێت تەڵاقم بدات!.. هێشتا.. هێشتاش وادەزانێ لەبیری سادقدام!

نێرگس هێواش وتی:

– بەڵام مەنوچەر تۆی خۆش دەوێت! بەڕاستمە شەقایق!

پــــەروێز لەفــــەی کڕیبــــوو، هەرســــێکیان نــــانی نیوەڕۆیــــان لــــەهۆڵی نەخۆشــــخانەکە خــــوارد، مامــــە پــــەروێز وەك ئــــەو کاتانــــە قســــەخۆش و قۆشمەچــــی بــــوو، بــــەڵام دەنگــــی پەرســــتیارەکە ناچــــاریکرد بێــــدەنگبن، پەرستیار وتی:

– خاتوو فیداییان تۆی؟

شەقایق وتی:

– بەڵێ، منم!

پەرستیارەکە وتی:

– وەڵامــــی تاقیکردنەوەکــــەت ئامادەیــــە دەتوانیــــت پیشــــانی پزیشــــکی بدەیت.

پەروێز هەستاو وتی:

– من دەڕۆم بۆلای پزیشکەکە، ئێوە نانەکەتان بخۆن!

پــــەروێز ڕۆشــــت نێــــرگس نیگــــەرانبووبوو، شــــەقایقیش زانــــی بــــەئاوازێکی میهرەبانی وتی:

– مەترسە ئامۆژن! بەمزوانە نامرم.

زۆری نەخایانــــد پــــەروێز گەڕایــــەوە بــــۆ لایــــان، دەموچــــاوی گۆڕابــــوو، نێرگس ڕۆیشتە پێشەوەو پرسی:

پزیشکەکە چی دەوت؟.. شەقایق چییەتی؟

پەروێز بەدەنگێکی بەرز پێکەنیو وتی:

– هیچ، تەنیا شەقایق تاماوەیەکیتر دەبێت بەدایك!

لەفەکــــــەی دەســــــتی شــــــەقایق کەوتەســــــەر زەوی، متبوبــــــوو، باوەڕینەدەکرد، بەدەنگێکی لەرزۆك وتی:

– مامە ڕاست دەکەیت؟!

– بەڵێ مامە گیان! ئەگەر دەتەوێت خۆت بڕۆ بۆلای پزیشک، ئەوەتا ژورەکەی لەوێیە.

شەقایق سەرەتا خۆشحاڵبوو، بەڵام دوای ماوەیەک تازە هۆشی بەخۆیدا هاتەوە، رۆژگاری لەمەبەدواوە لەدەستدەچوو، عەدیە! بیری ئەوەی نەکردبویەوە، نێرگس بەسەرسامییەوە:

– چی بووە شەقایق، بۆچی ماتی؟

شەقایق هێواش وتی:

– دڵم رۆیشت بۆلای عەدیە، نەوەک..

نێرگس بەخۆشحاڵی وتی:

– مەترسە گیانەکەم، ئەویش خۆشحاڵ دەبێت!

شەقایق وتی:

– وای، ئامۆژن چەند سادەیە، دەڵێی هێشتا عەدیەی نەناسیوە.

پەرۆیز وتی:

– کاتێک مەنوچەر هاتەوە، شتێك مەڵێن، دەبێت من شیرینیەکی باشی لێوەربگرم.

شەو عەدیە دور لەشەقایقو نێرگسو پەرۆیز لەچێشتخانەکە دانیشتبوو، تەنانەت لەیلاشی لەگەڵ خۆیدا بردبووە چێشتخانەکە، لەیلا بەردەوام دەگریا، حەزیدەکرد لەلای ئەوان بێت، بەڵام عەدیە گرنگی بەگریانەکەی نەدەدا، مەنوچەر هاتەوە، نێرگس بەپێکەنینەوە:

– زوبە مژدانە بدە!

عەدیە بەناچاری بۆ زانینی ئەو هەواڵە گرنگە کە نێرگس مژدانەی دەویست بۆی، چای تێکردو رۆیشتە ژورەکەوە، نێرگس بەپێکەنینەوە وتی:

– ماوەیەکیتر شەقایق منااڵێکی بچوك دەهێنێتە دونیاوە، کچێك یان..

هێشتا قسەکانی نێرگس نەگەشتبووە کۆتایی کە دەنگی هاواری عەهدیە بەرزبووە، شەقایق دڵنیابوو کە شتێکی وا رودەدات، مەنوچەر بەتورەیی سەیری کردو بانگی کرد:

– چیتە، بۆچی هاواردەکەیت؟

عەهدیە وەکو بێگانەکان لەناوەڕاستی ژورەکەدا بەشڵەژاوی هاواریدەکرد:

– بێچارە بوم.. تۆی خراپ، تۆی پیس، بەدبەختتکردم، تۆو ئەم ژنە حەرامزادەیە! پاشان رویکردە نێرگسو پەرۆیز وتی:

– هەواڵی خۆشتان بۆ هێنام؟! برۆن ونبن!

پەرۆیز بەتورەییەوە:

– عەهدیە، زۆر بێدەم بویت؟

مەنوچەر لەتورەیدا پەلاماریداو مستێکی تۆندی لەشانی دا، لەیلای بێچارە لەنێوان ئەو هەموو دەنگەدەنگەدا، دەیقیژاند، عەهدیە هاواریدەکردو دەینالاند.

شەقایق هەستاو بۆ پێشوازی لەعەهدیە بەرامبەر مەنوچەر وەستا، لەدڵەوە وتی:

– لێرەدا دەبێت سیاسەت بەکاربهێنیت، ئێستا نۆبەتی منە!

پاشان بەزیرەکی بەمەنوچەری وت:

– لێی مەدە، مەنوچەر گوناهە.

بەڵام مەنوچەر، بەتورەیی خستیەلاوەو بەمستو لەقە کەوتە گیانی عەهدیە، نێرگسو پەرۆیز هیچ کام بەردەمی مەنوچەریان نەگرت، دەڵێی، چێژیان لەلێدانی عەهدیە دەبرد، شەقایق کەوتە بیری ئەو زوڵمانەی کە عەهدیە بەرامبەری کردبوی لەگەڵ خۆیدا وتی:

– شایستەیەتی، ئێستا نۆرەی گریانی ئەوە.

مەنوچەر هاواریدەکرد:

– هیچم پێنەوتی هاربویت، پێشی دەمەکراوەکەی ناگرێت، جوێن بەهەموو کەس دەدات! چیبە؟.. خەریکی دەتەقیت؟

عەهدیە بێبایەخ هاواریکرد:

– خۆ دەتەویست زۆپاکە چاکبکەیتەوە؟

مەنوچەر بەتورەییەوە:

– وەرە! ئەمە منالّەکەت، ئەمەش خۆت، گۆرت ونبکە! بڕۆ سبەینێ تەلاقت دەدەم، مارەییەکەشت کاش دەدەمێ، ئیتر چیت دەوێت؟

عەهدیە هەستاو بەقینەوە روبەڕوی مەنوچەر وەستا، پێکەنینێکی تورەو درێژیکردو وتی:

– خۆت راگرە! بزانە منالّت بۆ دەهێنێ، دوایی تەلاقم بدە.

مەنوچەریش وەك ئەو پێکەنینێکی درێژی کردو وتی:

– نەشیهێنێ گرنگ نییە، تەنیا تۆ نەبیت هەموو شتێك باش دەبێت.

عەهدیە وتی:

– هەلّەتێگەشتی، ئەگەر وابیرت کردوەتەوە تەلاقوەردەگرم، هەلّەتێگەشتوی!.. باوکت دەردەیێنم، گێل!.. عەهدیە هەر ئەو شەوە رۆیشت، لەیلا لەسوچی ژورەکە متبوو، مەنوچەر بەرەو لای رۆیشت، دلّی بەحالّی دەسوتا، کچی بێچارە لەمەنوچەر دەترسا، شەقایق رۆیشتە پێشەوەو لەیلای گرتەباوەش، مالّەکە لەبێدەنگییەکی قورسدا نوقم بوبوو، مەنوچەر لەمالّ چووەدەرەوە، بەلّام زۆری نەخایاند کە بەپاکەتێك شیرینیەوە گەڕایەوە، ئەوەندە لەو هەوالّە خۆشحالّبوو کە هەموو شتێکی زۆر زوو لەبیرکرد، لەیلا بەچاوانێکی سەرسامەوە ئەبلّەقی بوو، لەوانەیە لەگەلّ خۆیدا بیریدەکردەوە کە ئەو چەند شێتە.

لەیلا زۆر نائارام بوو، نێرگس بێزاربوو، شەقایق منداڵەکەی لێسەندو خەواندی، مەنوچەر بێقەرارتر لەهەموو شەوەکان چاوی

بڕیبـــووە شـــەقایق، باوەڕینـــەدەکرد کـــە خەریکـــە دەبێتـــە دایـــك، خۆشـــی بـــاوك، بـــاوکی منـــدالّی شـــەقایق! ئێســـتا بەڕاســـتی دەیتـــوانی هەســـت بـــەوە بکـــات مێـــردی شـــەقایقە، تـــا بـــەر لەمـــە وابـــیری دەکـــردەوە کـــە شـــەقایق تـــەنیا هاوزمـــانو هاودەردێکـــەبۆی، کـــە کـــاتی هیلاکـــی ئـــارامی پـــێ دەبەخشـــێت، بەڵام ئێستا منداڵێك لەسکی شەقایقدا بوو کە پەیوەستبوو بەئەوەوە.

بـــەیانی مەنوچـــەر زوتـــر لەخـــەو هەســـتا، دەیویســـت وەك ئـــەو کاتانـــە خـــۆی نـــانی بـــەیانی دروســـتبکات، کاتێـــك لەنانـــەوا گەڕایـــەوە کـــەس لەخـــەو هەڵنەســـابوو، چـــاکەی خستەســـەر، خوانەکـــەی داخســـت، رۆیشـــت لـــەلای شـــەقایق دانیشـــت، دەموچـــاوی چـــەند بێتـــاوانو بچـــووك بـــوو، پێـــی نـــەدەهات کـــە بیســـتو سێســـاڵە بێـــت، خـــۆی هێشـــتا منـــدالّ بـــوو ئـــەو کاتـــە دەیویســـت منالّی بێت، شەقایق جوڵاو بەرەو لایەکی تر سوڕا.

مەنوچـــەر ئـــارامی نـــەگرت، هێـــواش بـــانگی کـــرد، شـــەقایق چـــاوی کردەوەو مەنوچەری بینی، سەیری کاتژمێرەکەی کردو وتی:

– دوا دەکەویت ها!

مەنوچەر زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– ناتەوێت نانی بەیانی بخۆیت؟!

شـــەقایق هەســـتا رۆیشـــتە چێشـــتخانەکە، مەنوچـــەر لـــەلای دەرگاکـــە وەستابوو سەیری دەکرد، شەقایق وتی:

– خۆ تۆ نانی بەیانیت ئامادە کردووە؟

مەنوچەر سەیرێکی ژورەکەی کردو وتی:

– دەمـــەوێ بەتـــەواوی بتکـــەم بـــەبیانوگر، ئەوەنـــدە کـــە لەدەســـتی بیانوەکانت هیلاك ببم.

شەقایق پێکەنینێکی کردو وتی:

– من خۆم بیانووگریم، وای بەحاڵی منالّەکەمان.. .. !

دەنگی دەرگا بەرزبووە، مەنوچەر بەسەرسامییەوە:

– کێیە، بەم بەیانییە؟!

شەقایق بەترسەوە:

نەوەکو عەهدیە شتێکی..

مەنوچەر قسەکەی پێبڕیو وتی:

– ئەها! خۆیەتی هێشتا رۆژ نەبووەتەوە هات.

قسەکەی مەنوچەر راست دەرچوو، عەهدیە لەگەڵ دایك‌و باوکیدا لەپشتی دەرگاکەوە بوون، نێرگس‌و پەروێزیش لەخەو هەستان، دەموچاوی عەهدیە شین‌و مۆر بوبووە، مەنوچەر بێگرنگیدان وتی:

– چی بووە، سەرەتای بەیانی هاتون بۆ ئێرە؟

باوکی عەهدیە وتی:

– بە ناسەلامەتی لەجێگەی باوکی تۆدام!

مەنوچەر قسەکەی بڕیو بەتوڕەیی وتی:

– چۆن من دەبێت گەورەو بچووك پەیڕەوبکەم، بەڵام ئەم کچە بێهەستەت کەمێکیش پەروەردە نەکراوە، بەجۆرێك قسە لەگەڵ باوکمدا دەکات کە دەڵێی ئەو بەندەی خوایە نۆکەریەتی.

دایکی عەهدیە وتی:

– ئێستا مەگەر چی بووە؟

مەنوچەر وتی:

– هیچ خانم، هیلاکبوم لەدەست کچەکەت، ئیتر تاقەتیم نەماوە، بیبەنەوە لەم رۆژانەدا دێم تەڵاقی دەدەم.

عەهدیە قسەیەکی نەکرد، وەك هەتیوی دایکمردوو لەگۆشەی حەوشەکە بەکزی دانیشتبوو، بەکورتی بەدەستتێخستنی پەروێزو نێرگس مەنوچەر بەخشی، ئەوکاتەی کە باوك‌و دایکی عەهدیە رۆیشتنەوە مەنوچەر وتی:

– بەڵام وای بەحاڵت ئەگەر دوبارە دەست پێبکاتەوە! دەیبەخشم بەمەرجێك کاری شەقایقەوە نەبێت!

شەقایق لەرویەکەوە توڕەبوو لەگەڕانەوەی، لەروییەکی تڕەوە بەزەیی پێدادەهاتەوە، خێزانەکەی عەهدیە هەژارو بێچارەبوون، ئەگەر کاتێك عەهدیە ناچار بەتەڵاق بکرایە بێگومان باوکی دەیکوشت.

– باوکە! تا لەکەرەجی وەرە خانویەك بکڕین، هەم نزیکدەبینەوە، هەم ئەوەی کە خەیاڵم لەبارەی شەقایقەوە ئاسودەبێت.

پەرۆیز وتی:

– بەڕێکەوت خۆمانیش لەبیری ئەوەدا بووین، بەڵام وتمان لەوانەیە ببینە هۆی ژانەسەر.

مەنوچەر وتی:

– باوکە توخوا ئەم قسەیە مەکە! مەگەر من جگە لەئێوە کەسێکی ترم هەیە، لەدونیادا تەنیا تۆو دایکم بۆ ماوەتەوە.

پەرۆیز وتی:

– لەگوێتدا بێت، خانویەکی باشت دۆزییەوە ئاگادارمان بکەرەوە! ئێمەش لەبیری فرۆشتنی خانوەکەداین، ئەو عەهدیەی کە من ئەمشەوە بینیم، تاژەهرەکەی نەکات بەسەر شەقایقدا واز ناهێنێت.

کڕینی خانوو گوێزانەوەی کەلوپەل مانگێکی خایاند شەقایق حاڵێکی باشی نەبوو، پزیشك پێی وتبوو لەماوی سکپڕیدا دەبێت پشوبدات، لەبەرئەمە شەقایق رۆیشت بۆ ماڵی نێرگس، عەهدیە هەموو رۆژێك دەستی بەنزا بەرزدەکردەوە تاوەکو منااڵەکەی شەقایق بەزیندویی لەدایکنەبێت، ئەگەر شەقایق لەوێ بمایەتەوە هەر شتێکی دەکرد، بەڵام کاتێك شەقایق رۆیشت دەستی کورتبووە، مەنوچەر لەترسی ئەو زۆر نەدەڕۆشت بۆ بینینی شەقایق، ئەگینا عەهدیە باش

دەیزانـی کـە دڵـی مەنوچـەر بـۆ شـەقایق باڵێـدەدات، بەڕاسـتیش هـەروابوو، دڵـی مەنوچـەر لـەلای شـەقایق بـوو، شـەو بەخـەیاڵی ئـەوەوە دەخـەوتو بـەیانی بـەهیوای ئـەوەوە لەخـەو هەڵدەسـتا، لەماڵەکـەی خۆیـدا جگـە لەسـاردیو دوری هیچـیتر بـەدی نـەدەکرا، عەهدیـە، ئـەو رەفتـارە تاڵـەی رابـردوی گرتوەبـەر، ئەوەنـدە بێبایـەخ بوبـوو لەلایـەن مەنوچـەرەوە کـە ئـیتر مەنوچـەر هـیچ کـارێکی پێنـەبوو، شـەقایق مـانگی کۆتـایی بـوو، دڵـی مەنوچـەر بەهـەموو دەنگێـك دەکەوتـەخوارەوە، مۆڵـەتی وەردەگـرتو لەشـوێنی ئیشـەکەوە دەڕۆیشـت بـۆلای شـەقایق، شـەقایق قەڵـەوبوبوو، بەڵام جوانتر، چونکە پێشتر زۆر لاوازبوو.

لەسـەرەتای شـەوەوە مەنوچـەر دڵخـورتێی هـەبوو، شـەو دەنگـی دەرگـا بـەرزبووە، بەخەبـەربوو دەڵێـی ئیلـهام درابـوو،، پـەرۆیز بـوو، مەنوچـەر بەترسەوە وتی:

– چی بووە باوکە؟.. شەقایق..

پەرۆیز دەستی خستەسەر شانیو بەئارامی وتی:

– مەترسـە!.. کـوڕم شـتێك نـەبووە، وەك ئـەوەی شـەقایق حـاڵی بـاش نییـە، دایکـت وتـی کـە بـۆ پـاریز بـێم بەشـوێندا، واباشـترە ئەمشـەو بیگەیەنینە نەخۆشخانە، بڕۆ خۆت ئامادەبکە!

مەنوچـەر بەشـڵەژاوی بـەرەو ژورەکـە رۆیشـت، خێـرا جلـەکانی لەبـەرکرد، عەهدیـە بێخواسـت رۆیشـتە سـەر جێگەکـەیو خـەوت، نێـرگس راستی دەکرد، کاتی هاتبوو مەنوچەر لەلای گوێیدا وتی:

– لەکۆتایدا خەریکە دەگەین بەئارەزوەکەمان.

شەقایق لەنێوان ئێشدا وتی:

– خۆ تۆ پێشتر بەئارەزوەکەت گەشتی!

مەنوچەر دەستی بەئارامی گرتو وتی:

– من منالّی تۆم دەوێت، نەك منداڵی ئەو ژنە لەخۆرازییە، تەنیا بەڵێنبدە لەژوری نەشتەرگەری بەساغو سەلامەت بێیتە دەرەوە!

کاتێك گەیشتنە نەخۆشخانەکە، ئێشی شەقایق زیادیکردبوو، هاواریدەکردو ناوی مونیرەی دەهێنا.

تەواوی نەخۆشخانەکەی، بەدەنگی هاوارەکانی شەقایق دەستیان بەپاڕانەوە بەرزکردەوە.

مەنوچەر لەخەڵوەتیدا دەگریا، پەروێز سەدجار بەپلەکانەکەدا هاتبووە خوارەوەو ئەرۆیشتە سەرەوە، بەڵام نێرگس بەخوێنساردی، دوعای پاڕانەوەی دەخوێند.

دوو کاتژمێر تێپەڕی، مەنوچەر ئیتر توانای گریانیشی نەبوو، سەری دەدا بەدیوارەکەداو لەژێر لێوەوە دەیوت:

– تو خودا تاقەت بگرە!

دەرگا کرایەوە، مەنوچەر وەك هەورەبروسکە لەشوێنی خۆی بەرزبووە، دڵی بەتوندی لێی دەدا، هەناسەیەکی لەسینگیدا حەپس کردو، چاوی لەدەمی پزیشکەکە بوو.

– کارەکە تەواو سەختبوو، بەڵام خۆشبەختانە هەم منداڵەکە، هەم دایکی سەلامەتن.

نێرگس خێرا وتی:

– منداڵەکە ساخو سەلامەتە؟

پزیشکەکە دەستی خستە سەرشانی مەنوچەر وتی:

کوڕێکی جوانو چەتون! بەڵام ژنەکەت زۆری ئازار کێشا، دەبێت چەند رۆژێك لەنەخۆشخانە لەژێر چاودێریدا بێت.

شەقایق بەڕەنگپەڕیوی لەژورەکە خەوتبوو، دەموچاوی تەڕبوو لەئارەقدا، مەنوچەر لەلایدا لەسەر قەرەوێلّەکە دانیشت، دەستیکرد

بـــەناو قـــژە تێـــك خواردوەكـــەی شـــەقایقداو بـــەئارامی گریـــا، دەســـتی لاوازی ئەوی خستە ناو دەستی خۆیی‌و بەئارامی گۆنای وشارد.

هـــەموو یادگاریـــەكانی وەك فلیمێـــك لەبەرچـــاوی دەركـــەوت، بەیادگارییـــە خۆشـــەكان پێكـــەنی‌و بەیادگارییـــە تاڵـــەكانیش غـــەمباربوو، دەنگـــی پەرستیارەكە لەجێگەی خۆی جوڵاندی.

نەخۆشەكەمان هۆشی نەهاتوەتە لای خۆی؟

مەنوچەر هێواش وتی:

– نەخێر.

پەرستیارەكە بەسەرسامییەوە:

– هێشتا بێهۆشە؟!

پاشـــان هاتـــە لای شـــەقایق‌و چـــەند زلەیـــەكی تونـــدی لەرومـــەتی دا، مەنوچەر ماتبوبوو، دەنگێك وەك نااڵە لەگەروی شەقایق هاتەدەرەوە:

– دایكە.. !

پەرســـتیارەكە لاچـــوو، مەنوچـــەر بـــۆ لای شـــەقایق رۆیشـــت، دەســـتی ئەوی گرت‌و بەدەنگێكی لەرزۆك وتی:

– شەقایق گیان، هەستە!

شـــەقایق چـــاوە هیلاكـــەكانی بڕییـــە دەموچـــاوی نیگـــەران‌و پەرێشـــانی مەنوچەرو بەهەمان دەنگ هێواش وتی:

– منااڵەكە مرد؟

مەنوچەر بەبزەوە ئەبڵەقی بوو، وتی:

– نـــە!.. ســـاغ‌و ســـەلامەتە، دەڵێـــی دایكـــە تەمەڵەكەیـــەتی، ئێســـتا خەوتووە.

شەقایق هێواش وتی:

– دەمەوێت ببینم.

پەرستیارەكە هاتەپێشەوەو وتی:

– کەواتە هەستە، هەستە دابنیشە، منالّەکە ئەگەر بەم حالّەوە بتبینێ دەترسێت، دایکی بێحالّ!

شەقایق بەداماوی گریاو بەشێوەیەکی ئالّۆز وتی:

– ناتوانم!

پەرستیارەکە وتی:

– وای، چەند مەکرباز! هەستە بزانم.

پزیشکەکە هاتەژورەوە، بەئاوازێکی جیدی بەپەرستیارەکەی وت:

– وازی لێبێنە، خاتو موصەمەدی! حالّی باش نییە.

پەرستیارەکە بەشەرمەزارییەوە:

– بمبەخشە، بەلّام بیانوی منالّەکەی دەگرێت.

شەقایق قۆلّی مەنوچەری گرتو وەك منالّە چەتونەکان وتی:

– توخوا بیهێنە، دەمەوێت بیبینم.

پزیشکەکە بەپەرستیارەکەی وت:

بڕۆ منالّی خاتوو فەدائیان بهێنە، تا منداڵەکەی نەبینێت خەیالّی ئاسودە نابێت.

پەرستیارەکە لەژورەکە چووەدەرەوە، پزیشکەکە خۆی گەیاندە قەرەوێلّەیەکیتر، سەرقالّی قسەکردنبوو لەگەلّ نەخۆشی ئەو قەرەوێلّەدا، مەنوچەر ئارام بەرەو لای رۆیشت بەئاوازێك کە نیگەرانی تێیدا شەپۆلی دەدا وتی:

– دکتۆر.. حالّی شەقایق زۆر خراپە؟

پزیشکەکە سەیرێکی مەنوچەری کردو بەئاوازێکی باوکانە وتی:

– ناوی شەقایقە؟!

– بەلّێ.

پزیشکەکە لەکاتێکدا سەیری دەفتەرەکەی دەکرد، وتی:

– حـــاڵی باشـــه، بـــەڵام لاوازه، وادیـــاره نارەحـــەتی دەرونیشـــی هـــەبێت، ســـەیرە بەهـــەبونی مێردێکـــی باشـــی وەك تـــۆ، بۆچـــی دەبێـــت ئەوەنـــدە نارەحـــەت بێـــت؟.. لـــەژوری نەشـــتەرگەری تـــەنیا قســـەی لـــەمردن دەکـــرد، زۆرتر چاودێری بکە.

مەنوچەر ئاهێکی هەڵکێشاو لەگەڵ خۆیدا وتی:

– ئـــاخ دکتـــۆر، تۆچـــی دەزانـــی، چـــی لـــەدڵی منـــی بەدبەختـــدا تێپەڕدەبێت.

نێرگس و پەرۆیز هاتنەژورەوە، نێرگس بەهێواشی پرسی:

– حاڵی باشە؟

شەقایق لەناکاو چاوی کردەوەو بەمەنوچەری وت:

– منااڵەکەیان هێنا؟

پـــەرۆیز رۆیشـــتە لای شـــەقایقو دەســـتی خستەســـەر تـــەوێڵیو بەمیهرەبانی وتی:

– پیرۆزت بێت، شەقایق گیان!

پەرســـتیارەکە هاتـــەژورەوە، نێـــرگس فرمێســـکی خۆشـــی دەڕشـــت، رەنگو روی شەقایق بەبینینی منااڵەکە کرایەوە.

مەنوچەر بەخۆشییەکی منااڵنە وتی:

– دایکە، سەیریکە، چەند بچوکە!

پەرۆیز وتی:

– ئێستا باشە منااڵی دوەمییەتی، ها!

مەنوچەر بێبایەخ وتی:

– وادەزانم تازە بومەتە باوك.

نێرگس بەخۆشیەکی بێئەندازەوە وتی:

لەبیرتـــە لـــەیلا کاتێـــك لـــەدایکبوو چـــەند ســـور بـــوو؟.. بـــەڵام ئـــەم منداڵـــە چەند سپییە،چەند بچوك؟. پەرۆیز، مەنوچەر راست دەکات!

شـــەقایق بەڕاســـتی خۆشـــحاڵبوو، واهەســـتی دەکـــرد هێزێکـــی ســـەیر لەلەشیدا دروست بووە.

عەهدیـــە لەگۆشـــەی ژورەکـــە بـــەکزی دانیشـــتبوو دەگریـــا، لـــەیلا ســـەرقاڵی یـــاریکردن بـــوو، ســـەعیدەش تـــەواوی ژورەکـــەی تێدەپەڕانـــد، عەهدیـــە بێدەنگییەکەی شکاندو بەگریانەوە وتی:

– دەبینـــی، دەبینـــی خوشـــکە چـــەند بەدبـــەختم، دەیـــانوت کچـــەکە ناتوانێـــت منـــداڵی بێـــت، ئێســـتا کـــوڕێکی بـــوو، قـــوڕ بەســـەر بـــەختی رەشـــی من، ئەگەر منیش کوڕێکم بوایە لەوانەیە ئەوەندە بێرێز نەبومایە.

سەعیدە وتی:

– وای، مەگـــەر ئێســـتا درەنگـــە؟.. تـــۆش کوڕێـــك بهێنـــە!.. خوشـــکە گیـــان بـــەمجۆرە تـــۆ دەڵێـــی بـــەو حـــاڵو رۆژەوە ناتوانێـــت شـــیربدات بەمنداڵەکـــە، کاتێـــك مەنوچـــەر بکەوێتـــە پـــارە خەرجکردنـــەوە.. کاتێـــك ناچـــاربێت هـــەموو رۆژێـــك بـــڕوات شـــیری وشـــکی ئەوەنـــدە قیمـــەت بکڕێـــت دڵنیابە دەستم دەم لەکچە دێنێتە دواوە.

سەعیدە ماوەیەك بێدەنگبوو پاشان بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز وتی:

– ناویان ناوە چی؟

عەهدیە وتی:

هەینی وابڕیارە نانی نیوەڕۆ بدات؟ دەڵێت دەیەوێت جەژن بگرێت!

پاشان بەتوڕەیی وتی:

– رێـــوڕەسمی ناونـــانی منداڵەکەیـــەتی.. هـــا، کـــەی ئـــەم ئیشـــانەی بـــۆ لـــەیلا کـــرد، مـــەڕێکی ســـەربڕیو ئەویشـــی دابەشـــکرد بەســـەر هەژارانـــدا هیچـــی لەو گۆشتە دانەنا بۆ من کە منداڵم بوبوو.

بۆشایی ساردو بێگیانی مالّەکە دوبارە گەرمو خۆشبووە، سەرتاسەری حەوشەکە بەگڵۆپی رەنگاورەنگ رازابووە، گولّدانەغەمبارەکان ئێستا لای حەوزەکە بونو بۆنی تازەیان لێدەهات.

حەوشەکە گسکدرابوو، لەناوەڕاستی حەوزە خالّیەکەی ئەو رۆژانە، سێ ماسی سور مەلەیان دەکرد، دەنگەدەنگی منالّەکان خۆشیو چالاکی دروست دەکردو ژیانی مەنوچەری دەڕازاندەوە، میوانەکان دەستەدەستە دەهاتن، تەنانەت باوکە گیانیش هاتبوو، شەقایق خۆشحالّبوو، کەوتەبیری حەوشە قەرەبالّغەکەی خۆیان، بیروەری منداڵی، کاتێک کیومەرسو فەرهاد دەکەوتنە یەکو مالّەکەیان بەدوو کەسی دەخستەسەر شانیان.

دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ لەکۆتایدا باوکە گیان بەپەرۆیزی وت:

– باشە لەکۆتایدا ناوی کوڕەزاکەت چییە؟

پەرۆیز سەیرێکی کۆمەڵەکەی کردو وتی:

راستیەکەی نەمدەویست بەشداری بکەم لەناونانەدا، لەبەرئەمەبەراوێژکردنی مەنوچەر ناوی منالّەکەمان ناوە "ئارەش".

باوکەگیان بەپێکەنینەوە وتی:

– وەك ئارەشی کەمانگیر، هەمیشە بەهێزو خۆشەویست بێت!

لەژورەکەی پالّدەستا، ئەعزەم دانیشتنەکەی بەگالّتەوگەپ گەرمکردبوو، باسی یادگارییەکانی رابردوی دەکرد، تەنانەت میوانە بێگانەکانیش بەقسەی خۆشەکانی قاقا پێدەکەنین، بەڵام عەهدیە متبوبوو، هیچی نەدەکرد، شەقایق هەستێکی سەیری هەبوو، لەناکاو کەوتە بیری سادق.

منالّەکە دەگریا، شەقایق نەیدەزانی چاودێری منالّەکە بکات، خۆی حالّێکی باشی نەبوو، پێویستی بەچاودێری بوو، نێرگس بەدلّو گیان

رازیبـــــوو پەرســـــتیاریی ئـــــارەش بکـــــات، زۆری خۆشدەویســـــت، ئـــــارەش منـــــدالێك بـــــوو دەچـــــووەدڵەوە، دەموچـــــاوی بێتـــــاوانو جـــــوانی لەمەنوچـــــەری دەکـــــرد، جگـــــە لـــــەوەی کـــــە چـــــاوەکانی ســـــەوز بـــــوو، وەك بڵێســـــەی ئـــــاگر دەدرەوشـــــایەوە، مەنوچـــــەریش دڵبەســـــتەی ئـــــارەش بـــــوو، ئەوەنـــــدە کـــــە هەنـــــدێکجار شـــــەقایقی لـــــەبیردەکردو شـــــەوان تـــــا کـــــاتێکی درەنـــــگ بـــــۆ بینینـــــی ئـــــارەش لای نێـــــرگس دەمایـــــەوە، هەنـــــدێکجاریش نێـــــرگس، ئارەشـــــی دەهێنـــــا بـــــۆلای شـــــەقایق، چـــــونکە مەنوچـــــەر نەیدەویســـــت شـــــەقایق بیـــــانوی منداڵەکـــــە بگرێت.

رەوشـــــتی عەهدیـــــە ســـــەدو هەشـــــتا پلـــــە گـــــۆڕا بـــــوو، میهرەبـــــان بوبـــــوو، تەنانـــــەت داوای ئارەشیشـــــی دەکـــــرد، مەنوچەریشـــــی رازیبـــــوو، وەك ئـــــەوەی بڕیـــــاربوو، ســـــەختیەکان لابچـــــێت، سوپاســـــی خـــــوای دەکـــــرد ئـــــەویش رەفتارێکی باشی گرتبوەبەر.

سلاو دایکە !

نێـــــرگس بەسەرســـــامی چـــــاوی بڕییـــــە مەنوچـــــەر، غـــــەمبارو گـــــیراو بـــــوو، وادەردەکەوت نەخۆش بێت.

– چی بووە مەنوچەر گیان! نەخۆشی؟

مەنوچەر ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو وتی:

– نە دایکە، هیلاکم، ئارەش لەکوێیە؟

خـــــەوتوە ! "نێـــــرگس دوبـــــارە بەنیگـــــەرانی پرســـــی:" چـــــی بـــــووە مەنوچـــــەر نەوەك نەخۆش بیت؟

مەنوچەر پێکەنیو وتی:

– مانگاکەم زاوە دایکە، عەهدیە سکی پڕە.

نێرگس لەکاتێکدا هەڵدەستا بەتوڕەیی وتی:

ئـاخر کـوڕ تـۆ منالّـت بـۆ چـی بـوو؟.. مەگـەر شـێتی؟.. لـەم دوانـە داماویتەتـەوە، تـازە شـەقایق خـۆی لەمنالّەکـە خـراپترە، بـەخوا خـەرجی زۆرتـرە ! بـەردەوام نەخۆشـە.. توانـای نییـە قسـەبکات، ئـەو کیلۆیـەش کـە قەڵـەو بـووە هینـی ئـارەش بـوو، نـازانم خۆزگـە دەمـردمو ئـەم رۆژانـەم نەدەبینی.

بێخـودو بێهـۆ رۆشـتم هـەوێم هێنایـە سـەر شـەقایق، خۆزگـە ئـارامم بگرتایـە بـزانم چـی دەبێـت، هـا، تـا پزیشـکەکە وتـی بوکەکـەت واو وایـە، پەلـە هـەڵی گـرتمو رۆیشـتم بـۆلای بـوکی تـازە، ئـەویش چ بوکێـك، ئـەو رۆژی داواکردنـە ئەوەنـدە مـەزڵوم دەردەکـەوت کـە هەرکـەس نـەزانێت وایـدەزانی ئەسـتەغفیرواڵڵا کچـی پێغەمبـەرە، بـەڵام ئێسـتا وەك سـەگ لەهـەموو کـەس دەوەڕێت..

مەنوچەر جلّەوی قسەکردنی گرتەدەستو بەتوڕەیی وتی:

ئێسـتا ئەوەنـدە فرەبێـژە کـە مـەڵێ، بـۆنی گـوڵ لەمێشـکی دەدات، چـوار کاتـژمێر خـۆی دەکاتـە ئـێشو ئـازار چـێژە ئـیتر نەخـەوم هەیـە، نەخۆراك، تازە لەیلاشی هەیە.

نێرگس وتی:

ئێسـتا لـەیلا گەورەیـە، سـێ– چـوار سـاڵانە، بیـدە بەشـەقایق لـەلای خـۆی دایبنێـت، ئـەو جـارە شـەقایق دەیـوت کـە عەهدیـە دەزانـێ لەبەرچـاوم لـەمنالّ بـدرێت دڵـم دەبێـت بەکـەباب، ئـەو لـەیلای هێناوەتـە حـەوش، دەڵێـی بـدە، وتـی رۆیشـتم منالّەکـەم هێنـا بـۆ ژورەکـەی خـۆم سـەیردەکەم لەشـی منالّەکـە پەڵەپەڵـەی شـین بـوو، راسـت دەکـات شـەقایق، ئـەو ئەوەنـدە تەمەڵـە، تامنالّەکـە دەڵێـت چێشـت دەخـۆم، دەسـتدەکات بەلێـدانی، ئـەو جـارە خـۆم بینـیم لـەیلا خـەریکبوو لەحەوشـەکە یـاری دەکـرد مـن لەنانـەوا گەڕامـەوە پارچـەیەك نـانم دایـە دەسـت ئـەو منالّـە، وادەیخوارد کە دەڵێی دوو سەدەیە چێشتی نەخواردوە !

www.pertwk.com

مەنوچەر سەرێکی پەرۆشی باداو بەگاڵتەوە وتی:

– هێشتا چیت بینیوە، بەخودا هەندێکجار خۆرئاوا دەڕۆمەوە بۆ ماڵ سەیردەکەم جێگەی خەو هێشتا لانەبراوە، پێی دەڵێم بۆچی کۆتنەکردونەتەوە، بەتەواوی روداری دەڵێت، کۆمنەکردوەتەوەو ئێستا ئێستا دەبێت سەر بخەینە زەوی و بخەوین، ئای چەند تەمەڵە! دایکە بەخوا لەبەر تۆیە دەنگم دەرناچێت، هەندێکجار خۆم جلی خۆم دەشۆم، چییە؟.. خانم منااڵێکی هەیە! تازە دەڵێت دایکت شەوێك لەیلای لای خۆی دانەنا، ئەوکات بووە بەدایە بۆ ئارەش، مەگەر شازادەکەت بێ دەستو قاچە؟!

مەنوچەر ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

هیچکات ئەمانەم پێ نەوتوی، بەڵام دایکە ئەوەندە کە ستەمم لەشەقایق کردوە، خراپەم لەگەڵ هیچ کەس نەکردوە، ئێوە واتانەدەزانی کە ئەو رۆژانەی تازە هاتبوینە کەرەج، چیرۆکی دڵداریمان بۆ یەك باسدەکرد، نە دایکە، هەر شەوی یەکەم بەجۆرێك لەشەقایقم دا کە هێشتا دەنگی هاوارو پاڕانەوەکانی لەگوێمدا دەزرنگێنەوە، لەو دوو مانەگەدا جارێك رەفتاری باشم لەگەڵیدا نەنواند، وەکو کەنیزێکی بەزۆر کڕاو فەرمانم بەسەردا دەدا.

کاتو بێکات زلەیەکم لەبن گوێی دەدا، ئەو کاتە ئەم ژنە لەبەر ئەو لێدانەی کە بەڕاستی لێیدرا، هێشتا سەرزەنشتم دەکات.

ئارەش جۆاڵو لەخەو هەستا، تازە وردەورده گاوڵکەی دەکرد دەبینی مەنوچەر پێکەنینێکی شیرینی خستەسەر لێوی و هەستا، نێرگس زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

– واباشترە ئیتر ئارەش بێت بۆلای خۆتان، ئەگەر خوو بەمنەوە بگرێت وادەزانێت من دایکیم، منااڵ دەبێت لەگەڵ دایکی خۆیدا بێت! جگە لەوە تۆ زۆر ناز بەشەقایق دەدەیت.

مەنوچەر ماچێکی گۆنای ئارەشی کردو وتی:

– باشە، هەر ئەمشەو دەیبەم.

عەهدیە بەدەموچاوێکی شەڵەژاوو مۆن لەپشت پەنجەرەکەوە چاوەڕێی مەنوچەربوو، هەرکە دەرگاکە کرایەوەو چاوی بەئارەش کەوت، بەتورەیی لەژێر لێوەوە بۆڵاندی:

– ئەم منالّەی بۆچی هێناوە؟

مەنوچەر خێرا بەرەو لای ژورەکەی شەقایق رۆیشت، عەهدیە هەروا بۆڵاندی کە:

ئا، بۆچی رۆشت بۆ ئەوێ، بەه، بەه، زۆر باشە، ئێستا تێی دەگەیەنم.

شەقایق لەکونجی ژورەکە دانیشتبوو بەبینینی ئارەش کە لەباوەشی مەنوچەردا پێدەکەنی، لەناکاو لەشوێنی خۆی بەرزبووە، بەخۆشحاڵی وتی:

– ئا.. .. ئارەش لێرە چی دەکات؟!

مەنوچەر وتی:

– هێنام لەلای دایکی بمێنێتەوە!

شەقایق ئارەشی لەباوەش گرت، دەنگی منالّانەی لەیلا سەرنجی مەنوچەری بۆلای پەنجەرەکە راکێشاو بەرەو لای پەنجەرەکە رۆیشتو کردیەوە، شەقایق بەسەرسامی لەلایدا وەستا، مەنوچەر وتی:

– چی بووە لەیلا؟

لەیلا بەهەمان ئاوازی منالّانە وتی:

– باوکە، دایکم حاڵی خراپە.

مەنوچەر قسەیەکی نەکرد، پەنجەرەکەی داخستو بەتورەیی لەژوورەکە رۆشتەدەرەوە.

شەقایق بێبایەخ ئارەشی لەباوەش دەگرتو ماچی دەکرد.

www.pertwk.com

عەدیە رۆژانی دوایی سکپڕییەکەی تێدەپەڕاند.. لەم ماوەیەدا سۆراخێك نەبوو لەمەنوچەر، بەتەواوی گرفتاری عەدیە بوو، بەڵام شەقایق زۆریش نارازی نەبوو، ئاراش وردە وردە قسەی دەکرد.. بەدەنگێکی دڵ نەواز دەیوت:

– دایکە.

ئاکام عەدیە منالّی بوو، منداڵەکە کوڕبوو، لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا ئێشی منالّ لەدایکبون لەلەشی نەڕۆشتبووەدەرەوە، زۆر خۆشحاڵبوو، بەپێچەوانەوە نێرگس هیچ هەستێکی نەبوو، دوای لەیلاش نەیناسیبوو، بەڵام ئێستا فریوی زمانی چەورو نەرمی ئەوی نەدەخوارد دایك‌و باوکی عەدیە واتە هەموو بنەماڵەکەی لەتاران بون‌و کەسێك نەبوو بێجگە لەنێرگس کە پەرستیاری بکات، عەدیە باش دەیزانی کە دایکی بەو هەموو گرفتاریەشەوە نایەت بۆ یارمەتیدانی.

نێرگس رۆشتبوەوە بۆ مالّو بەپاڕانەوە شەقایقی رازیکرد بوو کە پەرستیاری عەدیە بکات، منالّی دوەمی عەدیەش زۆر سور بوو، چاوەکانی دەلێی دەقکرابوون، لێو دەمی کراوەو گەورە، سەد رەحمەت لەلەیلا، ئەو جوانتربوو لەئەم، بەڵام ئەم دانەیە هەر جوان نەبوو، مەنوچەر حەزی نەدەکرد سەیری دەموچاوی منالّەکەی خۆی بکات، لەبەرخۆیەوە:

– بۆچی منداڵەکان هەر لەخۆی دەکەن؟.. رەش‌و ناشرین!

عەدیە تەواو بێتامی کردبوو، هەر ئاه و نالّەی بوو کە من نەخۆشم، توانام نییە بجولّێم، وای پشتم.. وای دڵم.

کە مەنوچەر لای دادەنیشت حالّی باش دەبوو، منالّەکەی بەزۆر دەکردە باوەشی.

– سەیریکە کوڕەکەت چەند جوانە! ناوی بنێین چی؟

www.pertwk.com

شـــەقایق لەچێشـــتخانەکە خـــەریکی ســـەیرکردنی عەهدیـــەو مەنوچـــەر بـــوو، تـــاوەکو ئێســـتا بەتەنیشـــت یەکـــەوە نـــەیبینی بـــوون، عەهدیـــە بەگێـــژی خۆی خستبووە باوەشی مەنوچەر.

– بیلّێ ئیتر مەنوچەر، ناوی بنێین چی؟

مەنوچەر بزەیەکی خستەسەر لێوی‌و وتی:

– یانی تۆ نازانیت ناوی ئەم منالّە چییە؟!

عەهدیە سەرسامانە پرسی:

– مەگەر منالّ ناوی هەیە؟!

مەنوچەر لەکاتێکدا پێدەکەنی وتی:

باشـــە دیـــارە، دەبێـــت نـــاوی بنـــێین حـــاجی فـــەیروز ئـــیتر! نـــایبینی چـــەند ڕەشە، تەنیا جلێکی سورو تەپلّێکی دەوێت.

عەهدیە مۆنەی کردو بەشێوەی تۆران وتی:

– چییەتی منالّەکەم، بەد سەلیقە!"پاشان بەشێوەی گالّتە وتی"

– وەکو شیر برنجە؟! ئەویش وەکو ماستە!

مەنوچەر لەلای هەستاو بەئاوازێکە جیدی وتی:

– ناوی دەنەین مەسعود، هەر ئەوەی کە دایکم دەیویست.

عەهدیـــە مەســـعودی گرتـــەباوەش‌و لەکاتێکـــدا ســـەیرێکی دایکانـــەی کـــردو وتی:

– مەنوچەرو مەسعود چەند بەیەکەوە دەگونجێن.

مەنوچـــەر توخـــوا داوای ئەمـــەم لێمەکـــە، تـــو گیـــانی مەســـعودت، ئـــارەش هەیە، ئەمکارە ئیتر مەکە!

مەنوچەر بەداماوی بەرەو لای ئەو سوڕاو وتی:

شەقایق تۆ قوربانان، مەڵێ نە! سوێند بەخوا هەفتەیەکە خەریکم لێی دەدەم، ئێستر هیلاك بووم، توخوا، تۆ ئێستر ئازارم مەدە! بەڵێندەدەم هەموو شەوێك بیهێنم ببینیت.

شەقایق لەکاتێکدا دەگریا، وتی:

– تۆ خۆت مانگەو مانگ بەزۆر دێیت بۆ ئێرە، ئەوکات، ئەو کات..

بەڵام گریان نەیهێشت قسەکەی تەواوبکات، مەنوچەر شانەکانی گرتو بەچاوانێکی پارانەوە ئەبڵەقی بوو وتی:

– لەئیرەیدا خەریکە دەتەقێت، دەڵێت لەبەر بینینی تۆ، ئارەشم لەدایکم سەندەوەو دام بەتۆ، رۆژگاری منی رەشکردوە، واز ناهێنێت دەڵێت ئەگەر بەمجۆرە نییە بهێڵە ئارەش لای من بێت، توخوا بڵێ من چی بکەم "پاشان لەکاتێکدا بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕۆیشت، هاواریکرد:" لەو رۆحەتدا.. ئەی خودا! چی بڵێم ئەم ژنە دایکم بۆی دۆزیمەوە، من منااڵم بۆچی بوو، شەقایق تۆ حاڵت باش نییە، بەردەوام نەخۆشی، ئەگەر سبەینێ عەهدیە بڕوات من دەبێت جگە لەمناڵەکان چاودێری تۆش بکەم.

شەقایق کەمێك وەستاو وتی:

باشە، بیبە، بەڵام بەمەرجێك!

مەنوچەر روی تێکرد بەگریانەوە ئەبڵەقی بوو، شەقایق بەردەوام بوو:

بەخودا ئەگەر پەڵەیەکی شین بەسەر لەشی ئارەشەوە ببینم، خۆم.. خۆم رۆژگارت رەشدەکەم، ئەو ژنە دەخەمە الوە، عەهدیە لێرە دەکەمە دەرەوە.. تێگەیشتی مەنوچەر؟

مەنوچەر لەسەر بەڵێنەکەی بوو، شەو بەشەو ئارەشی دەبرد بۆالی شەقایق، عەهدیە بەم حاڵە زۆر بێتاقەتبوو.

رۆژێك بەیانی كاتێك مەنوچەر دەچووە سەركار، عەدیە چاودێری كرد، هەركە قاچی بردە دەرەوە، عەدیە رۆیشت بۆ ژورەكەی شەقایق، شەقایق لەپاڵ خوانی قاوەڵتی دانیشتبوو، ئارەشیش لەگۆشەی ژورەكە خەوتبوو، شەوی پێشوو مەنوچەر نەیردبووە، شەقایق چاوی لەئارەش بوو، دەرگاكە كرایەوە بەبینینی عەدیە سەرسامبوو، بەڵام سەیركردنی عەدیە ترساندی، بەتوڕەیی سەیری دەموچاوی ئەوی دەكردو بەدەنگێكی لەرزۆك وتی:

– تۆ هەر لەڕۆژی یەكەمەوە شوم بویت، هەر لەخولەكی یەكەمەوە كە بینیتم، یەكەمجار كە دایكی مەنوچەر هاتە داوام وتی كچەكە وەجاغی كوێرە، بەكاری كوڕەكەم نایەت، بەڵام دڵی كوڕەكەم سوتاوە بۆی دەیەوێت بیهێڵێتەوە، بەخوا پەیوەندی بەكچەكەی ئێوەوە نییە، بەڵام لەبەختی خراپی من بویتە خاوەنی منداڵ، ئەوكاتە حەزمدەكرد بتخنكێنم، تێدەگەی! تۆ منت بەدبەخت كرد!

عەدیە هاواریێكی كردو بەرەو ئەو هێرشی برد، شەقایق تەنانەت كاتی هاوارکردنیشی نەبوو، لەدەنگی هاواری ئارەش عەدیە هۆشی هاتەوە بەخۆیدا.

شەقایق لەكاتێكدا دەگریا، بەدەنگێكی هێواش وتی:

– تۆ، تۆ چی دەزانیت عەدیە؟.. واتەدەزانی لەم ماوەیەدا خۆشگوزەرانبوم؟ خەریكی ژیانم بوم؟.. "بەدەست دەوروبەری پیشانداو بەردەوام بوو" ئەمە ژیانە؟.. منیش رازی نیم، منیش دەمەوێ جیابمەوە، من وەجاغ كوێرنەبوم، پزیشكێك، شتێك قسەیەكی وت دایكی مەنوچەریش پەلەبوو، تۆی بەدبەختكرد، من بەدبەختر! بەڵام هەر لەرۆژی یەكەمەوە بەمەنوچەرم وت بهێڵە بڕۆم بەدوای ژیانمدا، بەڵام نەیهێشت.. تۆ دەزانی لەنێوان منو مەنوچەر چی تێپەڕی، بەڵێ؟.. من هێشتا جلی پرسەم لەبەردابوو بۆ دایكم، هات

بەزۆر منی هێنا بۆ ئێرە.. هێشتا ئەو لێدانەم لەبیرناچێتتەوە کە شەوی یەکەم خواردم، هێشتا جێگەی ئەو قایشەی کە مەنوچەر لەپشتی داوم ماوە لەسەر لەشم، تۆ واتزانی من خۆشەویستی مەنوچەرم؟.. واتزانی شازادەیم؟ ئەو ئەگەر بەدەست خۆی بوایە ئامادەبوو سێ – چوار ژنی تر بهێنێت.

توخوا وامەزانە خۆش بەختم، کەمێك رێکبە! منیش وەك تۆ ئازارم کێشاوە، وەکو تۆ دیلم، بەخوا ئەگەر ئەم منالّە نەبوایە، لەکۆتایدا بەجۆرێك رازیم دەکرد تەلاقم بدات، بەلّام ئێستا..

عەهدیە لەکاتێکدا بەتوندی دەگریا وتی:

– تەلاق وەربگرە ، توخوا تەلاقەکەت وەربگرە! هەردوکمان ئاسودەدەبین، تەنانەت ئارەشیش، ئەویش لەم بێ چارەنوسییە هیلاکبوە، هەر نازانێت من دایکیم یاخود تۆ! لەوانەیە وابزانێت خاتوو نێرگس دایکیەتی، ئەم منالّەش بووە بەدیلی ئێمە، توخوا کارێك بکە شەقایق! من خەریکم دەمرم.

ئاوازە پارانەوەکەی عەهدیە، شەقایقی خستە خەیالّەوە.

– دەی ئارەش لەکوێیە؟

شەقایق لەکاتێکدا سەیری حەوشەی دەکرد وتی:

– دام بەعەهدیە بردی، من حالّم باش نییە، ناتوانم چاوم لێی بێت.

مەنوچەر بەرامبەر شەقایق دانیشتو بەتورەیی وتی:

– دەیبینی، دەیبینی خۆت ناتەوێ، ئەگینا خەریکم یارمەتیت دەدەم، من حەزدەکەم ئارەش لەژێر دەستی تۆدا گەورەبێت، بەلّام تۆ..

شەقایق بەساردی سەیری کردو وتی:

– لوتفت زۆرە، بەڵام تۆ ئەگەر دەتەوێت یارمەتی من بدەیت، بڕۆ یارمەتی عەدیە بدە، لەڕاستیدا ئەو ژنتە، نە من، من هەمیشە نەخۆشبووم، زیاتر لەژنت، وەك سەرگەرمییەك بووم، ئێستا کە باش بیردەکەمەوە سەیردەکەم عەدیە زیاتر لەمن زەحمەت دەکێشێت!

مەنوچەر پێکەنینێکی توڕەو درێژی کردو وتی:

– ها؟.. کەواتە ئەو هاتووە بۆ ئێرە، بەڵێ؟

شەقایق وتی:

– نە، بەڕێکەوت رۆشتم بۆلای، من مرۆڤێکی راستو رەوان نەبوم، هەموو کارەکان لەسەر شانی ئەوە، من، من چیم؟

مەنوچەر لەکاتێکدا بەرامبەری هەڵدەستا هاواریکرد:

– تۆ توانایەکی باشت نییە، هەر ئەوە باشتر کە لێرە بمریت، بەڵام وای بەحاڵت ئەگەر بیانوی ئارەش بگریت، ئیتر هەواڵێك نییە لەبینینی ئارەش.

مەنوچەر زۆر توڕەبوو، ئەوە لەعەدیە کە زمانو تانەو بۆڵەبۆڵەکانی ساردیان کردوەتەوە لەژیان، ئەمەش لەشەقایق کە بەمشێوەیە سەر سوڕی کردوە، دڵی لەهەموو شتێك بێزاربوو، بەدوای تاوانباردا دەگەڕا، بەڵام تاوانبار کەس نەبوو جگە لەخۆی، بەڵام سەیر لەکاری ژنەکان دەرنەدەهێنا، رۆژێك وەك چەقۆو پەنیر، رۆژێك پارێزگاری لەیەکتردەکەن، هەستی بەتەنیایی خۆی دەکرد.

شەش مانگ رایبوورد..

عەدیە لەحەوشەکە جلی دەشت لەیلاو ئارەشیش بەدەوروبەریدا دەسوڕانەوەو یارییان دەکرد، مەسعودیش لەباوەشی شەقایقدا بەچاوە وردبینەکانی ئەبڵەقی لەیلاو ئارەش بوو، شەقایق هێواش وتی:

چـەند رۆژێکـە دوای خـواردنی چێشـت حـاڵم خـراپ دەبێـت، وابـزانم ئـەم "ئەعصاب"ە نەعلەتییە داویەتی لەگەدەم.

عەهدیە چاوو برۆی ناسککردەوەو وتی:

– ئێمـە هیچـکات تۆمـان بەسـاغو سـەلامەتی نـەبینیوە، هـەرکاتێکیش دەڵـێین چـۆنی، خێـرا دەڵێـی چ حـاڵێکم هەیـە خەریکـە دەمـرم"پاشـان بێبایەخ بەردەوامبوو" ئەگەر جلت هەیە بیهێنە بۆتی بشۆم.

هـاواری ئـارەش، عەهدیـە هەسـتاند، خێـرا لەژورەکـە رۆیشـتەدەرەوە، ئارەش لەژورەکەی شەقایق بوو، عەهدیە لەحەوشەکەوە هاواریکرد؟

کاتێـك چـووە ژورەوە، شـەقایقی بینـی کـە بەبێهۆشـی لەسـەر زەوی کـەوتوە، ئـارەش بەگریانـەوە چـووە باوەشـی عەهدیـە، عەهدیـەش ترسـابوو، دڵـی بـەحاڵی ئـارەش دەسـوتا هـەر بـەو جـۆرەی کـە ئارەشـی لەباوەشـدابوو، رۆشـتە چێشـتخانەو ئـاوی هێنـا، تاگەڕایـەوە، شـەقایق هـاتبووە هۆشـدا، رەنـگ بەدەموچـاوییەوە نـەمابوو، عەهدیـەی بینـی بەدەنگێك کە بەزۆر دەبیسترا وتی:

– چی بووە؟..

عەهدیە بەنیگەرانی لەلای دانیشتو وتی:

– لەمن دەپرسیت؟ باشە تۆ بڵێی چی بووە؟

شەقایق لەکاتێکدا ئارام ئارام دادەنیشت، وتی:

– نـازانم چـی بـوو، لـەناکاو ئێشـێکی سـەیر کەوتـە دڵـم کـە هـەموو لەشـم لەرزی، سەرم گێژی خواردو کەوتم.

عەهدیە بەئاوازێکی گلەیی ئامێز وتی:

– ئـارەش لەترسـا نیوەگیـان بـوو، وامزانـی خوانەخواسـتە ئـەو شـتێکی لێهاتووە.

شـــەو کاتێـــک مەنوچـــەر هاتـــەوە، ئەوەنـــدە هیلاکبـــوو کـــە تاقـــەتی نانخواردنیشـــی نـــەبوو، بـــەڵام ئـــارەش رۆیشـــتە پێشـــەوەو دەســـتەکانی بەڕوێـــدا کـــردەوە، مەنوچـــەر بزەیـــەکی کـــردو لەباوەشـــی گـــرت، چـــاوی بەپەنجەرەی ژورەکەی شەقایق کەوت.. لەژێر لێوەوە وتی:

– ئەمشەو چەند زوو خەوتوە!

ئارەش بەدەنگێکی شیرین وتی:

– باوکە شەقایق کەوت!

مەنوچەر مۆنەی کردو وتی:

– بڵێ دایکە، ئارەش! ئێستا دایکت لەکوێ کەوت؟

ئارەش لەکاتێکدا یاری بەقژپچەکانی کراسەکەی ئەو دەکرد وتی:

– دایکم دەڵێت: شەقایق چێشتی خواردوە دڵی ئێشی کردووە.

مەنوچـــەر، ئارەشـــی خســـتە ســـەر زەوی‌و ئەبڵـــەقی پەنجـــەرەی ژورەکـــەی ئەوبـــەربوو، بەخەیاڵـــدا رۆشـــتەخوارەوە، ئـــارەش منـــاڵی شـــەقایق بـــوو، بـــەڵام عەهدیـــەی بـــەدایك دەزانـــی، هەڵبـــەت عەهدیـــەش ئـــەوی خۆشدەویســـت، ئـــارەش زمـــان شـــیرینی دەکـــردو جێگـــەی خـــۆی لەدڵەکانـــدا بەتـــەواوی دەکـــردەوە، مەنوچـــەر چـــەندجار بینیبـــوی کـــە عەهدیـــە هێـــواش شـــیرینی‌و شـــۆکلاتە دادا بـــەئارەش، لـــەم روەوە زۆر خۆشـــحاڵبوو، بـــەڵام دڵی بۆ شەقایق دەسوتا.

کەوتـــە بـــیری رۆژە خۆشـــەکانی رابـــردو، بـــیری ئـــەو رۆژانـــەی کـــە بەرامبـــەر پەنجەرەکـــە دادەنیشـــتو بـــۆ هاتنـــەدەرەوەی شـــەقایق چـــرکەژمێری دەکـــرد، بـــەڵام دیارنـــەبوو شـــەقایق بەتـــەنیایی لەماڵـــەوە چ دەکـــات، جارێـــك ئـــیتر تاقـــەتی چـــاوەڕێکردنی نـــەمابوو، بـــەبیانوی وەرگرتنـــی گیـــا لـــەدەرگای ژورەکـــەیانی دا، بـــەڵام بەپێچـــەوانەی چـــاوەڕوانییەوە ئـــامۆژن دەرگاکـــەی کردەوەو گیاکەی پێداو ئەو رۆژە سەرنەکەوت شەقایق ببینێت.

بەشی کۆتایی

شــەقایقو عەهدیــە لــەهۆڵی چــاوەڕوانی دانیشــتبون، تــا نۆیــەنی شــەقایق بێــت، دە نەفــەری تــر چــونە ژوری پزیشــکەکەوەو بەمشــێوەیە شــەقایق نیــو کاتــژمێر دواکــەوت، بــەڵام رۆیشــتنو هاتنــەوەی شــەقایق زۆری نەخایانــد بــۆ

ژووره‌كه‌ی پزیشك، پزیشك چه‌ند ئارام بگرێت، پزیشك تازانینی وه‌لامی كۆتایی ته‌نیا رێگه‌ی به‌خواردنی ده‌رمانی ئارامبه‌خش ده‌بوو، عه‌هدیه كاتی ده‌رچون له‌نه‌خۆشخانه گرێیه‌كی خسته توێڵی‌و وتی:

ئه‌و هه‌موو چاوه‌ڕوانییه كۆتاییه‌كه‌ش هیچ؟.. شه‌قایق به‌شێوه‌ی پۆزش وتی:

– توخوا بمبه‌خشه، عه‌هدیه گیان! تۆم له‌ئیش‌و ژیانت كرد.

عه‌هدیه بێبایه‌خ به‌قسه‌كه‌ی ئه‌و وتی:

– به‌یانی به‌مه‌نوچه‌ر ده‌ڵێم پاره‌م بده‌رێ چێشتی "قورمه سه‌وزی" دروستده‌كه‌م له‌كاتی تێده‌په‌رێت ده‌ڵێت كێ قورمه‌سه‌وزی ده‌خوات، ها، ئه‌و كاته‌ی له‌بیرچووه كه بنی مه‌نجه‌ڵه‌كه به‌نان پاكده‌كاته‌وه.

هه‌ر گوێی له‌قسه‌كانی نه‌بوو، دوباره دڵ ئێشه‌كه‌ی ده‌ستی پێكرد بووه‌وه، هێواش هه‌نگاوی ده‌نا به‌حاڵی شه‌قایق ڕێی ده‌كردو قسه‌ی ده‌كرد، تازه دوای گه‌یشتن بوو به‌مانْ كه عه‌هدیه به‌ده‌موچاوی ره‌نگپه‌ڕیوی شه‌قایقی زانیبوو.

– چییه دوباره حاڵت خراپ بوو؟

شه‌قایق ده‌ستی به‌دیواره‌كه‌وه گرت‌و هاته‌ماڵه‌وه، هێواش وتی:

– ئێستا گولاجێك ده‌خۆم حاڵم باشتر‌ده‌بێت.

عه‌هدیه جاڕێكیتر له‌مانْ ڕۆشته ده‌ره‌وه، منااڵنه‌كانی له‌ای دراوسێكه‌یان دانابوو، تا شه‌قایق ببات بۆڵای پزیشك، ئێش وابه‌سه‌ر شه‌قایقدا زاڵبوو كه به‌زۆر خۆی گه‌یانده پشت ده‌رگای ژوره‌كه‌ی، ئیتر تاقه‌تی نه‌هێنا، یه‌كێك له‌گولاجه‌كانی به‌ده‌سته له‌رزۆكه‌كه‌ی خسته‌ده‌می‌و هه‌ر له‌وێ له‌پشت ده‌رگاكه دانیشت، ئێش ئامانی بڕیبوو، ئه‌وه‌نده چرنوكی له‌گۆشتی قاچی دابوو كه په‌ڵه‌په‌ڵه له‌سه‌ر قاچی به‌نه‌وشه‌بوو، كینه‌ی گه‌روی گۆڕا بۆ دڵۆپی فرمێسك، هاواری نه‌ده‌كرد،

بـــەلام نالّـــەکانی لـــەهاوارو دلّ تـــەزێنتربوو، هەنـــدێکجار لـــەتاو ئـــازاردا لـــەناکاو ناوی دایکی دەهێنا.

نیـــو کاتـــژمێر تێپـــەڕی تـــا ئارامبەخشـــەکە کـــاری خـــۆی کـــردو شـــەقایق بێهـــۆش لـــەو ئێشـــە بێتاقەتکـــەرەی کـــە کێشـــابوی هـــەر لـــەوێ لەپشـــت دەرگاکە خەوت.

عەهدیـــە بـــۆ هێنانـــەوەی منداڵـــەکان رۆشـــتبوو بـــۆ مالّـــە دراوســـێکەیان، ئەوەنـــدە بەگـــەرمی گفتوگـــۆی دەکـــرد کـــە دەڵێـــی بـــۆ رابـــواردنی کـــاتی بەتاڵـــە، کەســـێك نـــەبوو پێـــی بڵێـــت مەگـــەر تـــۆ نـــەبوی نیـــو کاتـــژمێر پـــێش ئێســـتا بۆڵـــەت بەســـەر شـــەقایقدا دەکـــرد کـــە کـــاتم گـــیراوەو زۆر ئـــیش هـــەبوو کە بەنیوەو ناچڵی ماوەتەوە.

ئەوانـــە هـــەموی بیـــانوبوو، نەیدەویســـت لەبـــەر شـــەقایق کارێکبکـــات، ئـــەگینا ئـــەوە مـــاڵ بـــوو دەی بۆچـــی بـــەکارەکانی نەدەگەیشـــت، لەوانەیـــە قسەکردن لەگەڵ دراوسێدا بەشێکە لەکاری رۆژانەی.

شـــەقایق لەتینوێتیـــدا لەخـــەو هەســـتا، ئـــیتر دڵنێشـــەی نـــەبوو، بـــەلام گـــەروی وشـــکبوبوو، دڵـــی پـــەرداخێك ئـــاوی فێنکـــی دەویســـت، بـــەلام مالّەکـــە چـــۆڵبوو، لەســـاردی هـــەوادا لـــەناکاو لـــەرزی، هەســـتاو رۆشـــتە ژورەکەیـــەوە، وردەوردە رۆیشـــتە چێشـــتخانەکەو پـــەرداخێك ئـــاوی دڵۆپـــدڵۆپ خـــواردەوە، تینوێتیەکـــەی نـــەمابوو، بـــەلام ســـەری قورســـبوو، چـــاوانی پڕبـــوو لەخـــەو، خەوت.

شـــەو بـــوو، منالّـــەکان برســـی بـــون، لەبـــەر درەنگکـــەوتنی مەنوچـــەر نـــانی شـــێوانیان خـــواردو خـــەوتن، مەنوچـــەر وەك هـــەموو شـــەوێك، مـــۆنو گێـــژ هاتە مالّەوە، عەهدیە بەروخۆشی وتی:

– شـــێوان دەخۆیـــت؟ دەیزانـــی ئەگـــەر ئـــەویش تونـــدبێت، مەنوچـــەر بێگومـــان تورەدەبـــوو، مەنوچـــەر لەکاتێکـــدا گۆرەویەکـــەی لـــەپێ دادەکەنـــد وتی:

– بێنی زۆر هیلاکم.

لەگەڵ خۆیدا وتی:

– ئـــەم ژنـــە چـــەند گێلـــە هـــا! ئـــیتر پرســـیارکردنی نییـــە، دەزانێـــت مـــن لەشوێنێك شێوان ناخۆم، دیسان پرسیار دەکات!

عەهدیـــــە قـــاپێکی خســـتەبەردەم مەنوچـــەر کـــە پێکهـــاتبوو لـــەدوو پەتاتـــەی کـــوڵاو کـــەمێك نـــەعناو خـــوێی تێـــدابوو، مەنوچـــەر بەتـــەواوی تورەبوو، بەبینینی قاپەکە تورەتر بوو.

– ئەمـــە چـــییە هـــا؟!.. لەبـــەیانی تاشـــەو رێدەکـــەیت، ئەمـــە چێشـــت دروستکردنە؟ بەیانی مەگەر پارەت لێنەسەندم سەوزە بکڕیت،.. ها؟

عەهدیـــــە تـــــەواوی رۆژی لـــــەماڵی دراوســـــێکەیان بەســـــەربردبوو، دوای هاتنـــەوەش، تاقـــەتی چێشـــت دروســـتکردنی نـــەبوو، یـــانی ئەمـــە کـــاری هـــەموو شـــــەوی بـــــوو، بەپەلـــــە شـــــتێکی دروســـــتەدەکردو دەی خســـــتەبەردەمی مەنوچەر.

عەهدیە کەمێك بیری کردەوە، پاشان بەشێوەی تۆران وتی:

– تـــاوانی مـــن نییـــە کاکـــە، بـــڕۆ لەژنـــە جوانەکـــەت ببرســـە، هەرچـــی پارەت دامێ، بەیانی کردمە خەرجی ئەو.

مەنوچەر بەتورەیی وتی:

– باش قسەبکە بزانم چی دەڵێیت؟

– هـــیچ کاکـــە، خـــانم لەبـــەر دڵ ئێشـــەیەك بردومێتـــی بـــۆلای پزیشـــك، منـــیش هـــەموو پارەکـــەم پێـــدرابوو، تاپێـــت دەوت ســـبەینێ بـــاران دەباریـــت، ســـێ رۆژ تـــای هـــەبوو، مەنوچـــەر لەبـــەردەم عەهدیـــە هەســـتاو بـــەتورەیی وتی:

– دەیکەم بەمرۆڤ!

عەهدیـــــە هەناســـــەیەکی ئاســـــودەیی هەڵکێشـــــا، چـــــونکە رزگـــــاریبوو لەدەســـت بۆڵـــەکانی مەنوچـــەر، لـــەزۆر زوەوە شـــەقایق کـــەوتبوو، خوانەکـــە

لەبەردەمیدا راخرابوو، بەڵام لێوی بەچێشتەکەوە نەدەدا، مەنوچەر بەتوڕەیی رۆیشتەژورەوە، تەنیا رونـاکی ژورەکە، رۆشنایی کەمرەنگی ژوربوو، بەڵام لەو روناکییە کەمەشدا شەقایق ئاگا لەتوڕەیی مەونچەر بوو.

بەئارامی سڵاوی کرد، بەڵام مەنوچەر بەدەنگێکی بەرز وتی:

– چیتە؟ هەموو رۆژێك، هەموو رۆژێك نەخۆشیت؟ با شەکەم چێشت بخۆ بادڵت ئێش نەکات! خۆم خەرجیم کەمە تۆش بەردەوام زیادە خەرجی بکە، نۆکەری ئێرەیە!

شەقایق هەستاو بەرامبەر مەنوچەر وەستا، بەدەنگێکە هێواش کە نیشانەی لاوازیو نەخۆشی بوو، وتی:

– حاڵم زۆر خراپ بوو مەنوچەر! بمبەخشە، نەمدەویست پارە خەرج بێت، بەڵام..

مەنوچەر بەتوڕەیی وتی:

– بەڵام چی؟.. بەڵام خەرجبوو ئیتر، منی بەدبەخت ئێشدەکەم کە تۆ بیهۆیەتو لەبەر دەممدا رێ بکەیت، هێشتا عەهدیە هونەرێکی هەیە ئەی تۆچی؟ هەم خانوی خۆڕایی، هەم پارەی فت!

فرمێسك لەچاوانی شەقایق زنجیرەی بەست، ئارام، بەڵام بەئاوازێکی پچڕپچڕ وتی:

هێشتا درەنگ نەبووە، تەڵاقم بدە با رزگارت بێت، مەگەر من دەڵێم بمهێڵەوە؟.. من دەڕۆم بەدوای بەدبەختی خۆمدا.

کاریگەری قسەکانی شەقایقو جادوی نیگای، هەمیشە مەنوچەری سەردەخست، ئارام دەبووەو توڕەییەکەی لەتوکوت دەکرد، مەنوچەر سەری کردەخوارو لەبەرامبەری لاچوو، شەقایق بەدەنگێکی لەرزۆك وتی:

– بۆستە ئیشم پێتە.

پاشان بەرەو ژورەکەی رۆیشت، دەنگەدەنگی لاواز بیستراو پاشان شەقایق لەژورەکە هاتەدەرەوە.

– وەرە ئەمە بگرە! لەباتی ئەو پارەی ژنەکەت بۆی خەرجکردوم.

ئەو ملوانکەی شەقایق بۆ مەنوچەری گرتبوو، ئەو ملوانکەبوو کە مەنوچەر چەند سالێ پێش کردبویە دیاری شەقایق.

مەنوچەر بەدەنگێکی هێواش وتی:

– تۆ ژنمی! ئەو پارەیەی عەهدیە بۆی خەرجکردوی، هینی خۆتە، بەفیدای سەرت! پاشان دەستی شەقایقی خستەلاوە، شەقایق بەقینەوە وتی:

– بەقسەی خۆت عەهدیە هونەری هەیە، بەڵام من چی؟

مەنوچەر بەدەستی دەموچاوی ئەوی بەرزکردەوە، هەردوو بەئەبڵەقی سەیری یەکتریان دەکرد، چەند دڵتەنگی سەیرکردنی ئەو بوو، ئەم رۆژانە زۆر گرفتاربوو، بەڵام سەیرکردنی شەقایق هەموو خەفەتەکانی لەبیربردەوە، شەقایق لەگەڵ تەواوی بێ بایەخییەکاندا، پێویستی بەخۆشەویستی ئەو بوو، ئەگەر سەیرکردنی گەرم بوایەو دڵخۆشی دەکردو ئەگەر مۆن بوایە ئەویش دڵتەنگ دەبوو.

مەنوچەر لەرۆیشتن دوو دڵبوو، حەزیدەکرد بمێنێتەوە، بەڵام دەیزانی کە عەهدیە بەتەواوی تورەدەبێت، تاقەتی بۆڵەبۆڵەکانی ئەوی نەبوو، شەقایق ئاگاداری دودڵیەکەی بوو، لەبەر ئەمە وتی:

– برۆ مەنوچەر! لەوانەیە منداڵەکان بیانوی تۆ بگرن.

مەنوچەر تەوێڵی ماچ کردو لەژورەکە رۆیشتەدەرەوە، لەجیاتی ئەو زەردەخەنەیەی کە بەسەر لێوییەوە بوو گۆڕا بۆ مۆنیو رۆیشتە ژوورەوە، دەستبەجێ رۆیشتە ژورەکەیو بێباخدان بەعەهدیە بەخەیاڵی شەقایقەوە خەوت.

هەفتەیەک تێپەڕی، بەیانی رۆژی سێشەمە شەقایق بۆ وەرگرتنی وەڵامی تاقیکردنەوەکەی لەماڵ رۆیشتەدەرەوە، قسەیەکی بۆ عەهدیە نەکرد، تاقەتی پاڕانەوەی نەبوو، خۆی هیچی لەکاغەزی تاقیکردنەوەکە نەدەزانی، لەبەرئەمە رۆیشت بۆ نەخۆشخانە، وەک ئەو رۆژە چەند خولەکێك چاوەڕوانبوو، روخساری پزیشکەکە دوای خوێندنەوەی کاغەزەکە، یەکسەر گۆڕا، ئاوازەکەی جۆرێکیتر بوو، دڵسۆزو باوکانە وتی:

– کچم کەسێك لەگەڵتدا نەهاتووە؟

شەقایق زانی کە شتێك رویداوە لەبەرئەمە وتی:

– کاکی پزیشک ئەگەر شتێك هەیە پێم بڵێ، من کەسم نییە، خۆم ئەوەندە خەفەتم هەیە کە خەفەت ئیتر مانایەکی نییە بۆ من.

پزیشکەکە نەیدەزانی مەسەلەیەك بەو گرنگییە چۆن باس بکات هێشتا دودڵبوو، شەقایق ئاهێکی هەڵکێشاو بەشێوەیەکی پچڕپچڕ وتی:

– بیلێ پزیشک لەوانەیە نوسراوی سەر ئەو کاغەزە هەواڵێکی خراپ نەبێت بۆم.

پزیشکەکە لەمانای قسەکە نەگەیشت، بەڵام هەستیکرد ئیتر دوو دڵییەکی نییە بۆ وتنی قسەکە.

هیلاك بوو، هیلاکو دڵ تەنگ، تەنیاتر لەهەمیشە، راستی دەکرد، بۆ ئەو کە ژیانی پڕبوو لەخەفەت، خەفەت ئیتر مانایەکی نەبوو.

لەپارکی ناوەڕاستی مەیدان شەقایق تەنیا کەسێك بوو کە یەکێك لەکورسییە چۆڵەکانی پڕ کردبووە، لەچاڵو چۆڵی یەکاندا، پڕ لەئاوی بارانی دەڵێی شەو بوو، هەندێکجار کە ئۆتۆمبیلەکان بەسەر چاڵەکاندا تێدەپەڕین، ئاو بەلاکاندا بڵاودەبووە.

لەهزری ئالۆزکاوی شەقایقدا وێنەی مالّی نەنەگیان کێشرا، ئەو رۆژەی کە شەقایق لەپشت دیوارەکەوە وەستابوو نەنەگیان خەریکبوو ئامۆژگاری سادقی دەکرد.

– کوڕم! مەگەر ئەم کچە چی کۆتەرەیەکی پێ فرۆشتوی؟ وەك کەلەشێری شەڕکەر دەچی بەگژیا.

سادق بەبێزاریيەوە وتی:

– هیچ، تەنیا زۆر ناز دەکات!

دایکە وتی:

– بۆچی دوژمن دروست دەکەیت بۆ خۆت؟

سادق هەستابوو، وتبوی کە:

– ئێمە ئەم دوژمنەمان هەیە ئەمەش، لەسەری دایکە، چیرۆکی ئێمە بووە بەچیرۆکی دڵۆپو دەریا، ئەوەندە دوژمنم هەیە، کە شەقایق لەنێوانیاندا ونبووە، ئێستا ئەگەر خۆڕاگر نییە بڕواتەوە بۆ مالّی خۆیان.

خانم! رۆژنامەت دەوێت؟ دەنگی کوڕێکی گەنج زنجیرەی بیرەکانی شەقایقی پچڕاند، رۆژنامەیەکی کڕی، رۆژنامەی "سنگ حبود"یش، لەو رۆژنامە بێمانایە نەبوو کە سەروبنی دیار نەبوو، بەتایبەتی لاپەڕەی "دەنگی ئێوە"، شەقایق بێئامانج شەقامەکانی دەبڕیو لەبەر خەفەتە تازەکەی خۆی دەگریا، کزو لاواز بوو، بەقاچانێکی هیلاکو دڵێکی ئازار دراوەوە چووە حەوشەکە، لقە شۆڕە بوکانی داری دراوسێکەیان، هاتبووە ئەمدیو لەسەر دیوارەکەوەو یادەوەری پایز بوو.

عەهدیە بەتوڕەیی وتی:

– لەکام گۆڕ بویت؟

شەقایق بەئارامی وتی:

– رۆشتبوم بۆ تاقیگە، مەگەر لەبیرت نەبوو؟

عەهدیە وەکو ئەوانەی جنۆکە دەستی لێوەشاندون دەستی بەدادو بێداد کرد:

– من ئیتر هیلاکبوم، شەویش بۆڵەکانی بۆ منە، پەیوەندی بەمنەوە چییە، ئەمشەو بەمەنوچەر دەڵێم کە لەخۆتەوە رۆشتویتەتە دەرەوە.

ئارامبەخشەکە وردەوردە کاریگەری خۆی دەکردو شەقایق دوای ئێشێك ئارامی دەگرت، قژی بەسەر شانیدا پەرێشان بووو، دەموچاوی لەفرمێسکدا تەڕبوو، زیاتر لەپێشتر پێویستی بەمەنوچەر هەبوو، حەزی دەکرد وەکو منالێك کە لەکاتی نەتوانیدا پەنادەباتەبەر دایکی، پاڵی بدایە بەئەوەوە، بەڵام جگە لەبێدەنگیو خەڵوەت هیچی تری نەبینی، هەستا ئاو بهێنێت بۆ خۆی، نەیدەزانی بۆچی دوای ئێشەکە تینوێتی دێت بۆڵای، لەچێشتخانەکە دەستی بەقاپێکەوە گرتو قاپەکە کەوتە سەرزەوی‌و وردبوو، لەگەڵ ئەوەدا ئێشەکەی دەستی پێکرد، وەك ئەوە وابوو کەسێك دەرزی بکات بەگۆشتیدا، هاواریکرد، بەڵام ئەوەندە بەرزنەبوو کە خەڵك ببیستێت، مەنوچەر چووە ژورەکەی ئەوەوە.

شەقایق لەسەر زەوی دانیشتبوو چنگی لەزەوی دەدا، قژی پەرشوبڵاو بوو دەستەکانی دەلەرزین‌و بەم حاڵەوە بەبێ گوێدان بەحاڵی شەقایق بەئاوازێکی تورە وتی:

– بزانم، بەیانی لەچ گۆڕێك بویت؟

شەقایق بەبێ ئەوەی سەری بەرزبکاتەوە، لەکاتێکدا بەسەختی هەوڵی دەدا مەنوچەر ئاگاداری لەرزۆکی دەنگی نەبێت، بەدەنگێکی لاواز وتی:

– من، رۆیشتم بۆلای پزیشك!

مەنوچەر بەتورەیی رۆشتە پێشەوەو قژی بەدەوری دەستیدا سوڕی خواردو بەجولەیەکی خێرا سەری بەرەو لای خۆی بەرزکردەوە،

بـــەبینینی دەموچـــاوی رەنگپـــەڕیوی بـــەبێ ئـــەوەی هەســـت بـــەڕەحمێك بکـــات لەدڵیدا بەگۆڕانەوە وتی:

– ئـــەم شـــانۆیە لەبـــەر دەممـــدا مەکـــە، واتزانـــی منـــدااڵم؟.. دەڵـــێم ڕۆشتبووی بۆ چ گۆڕێك؟

ئێش ئامانجی شەقایقی نەهێڵاو جارێکیتر لەهۆش خۆی چووەوە.

مەنوچـــەر لای پەنجەرەکـــە وەســـتابوو بەئەبڵـــەقی ســـەیری دەموچـــاوی بێحـــاڵی شـــەقایقی دەکـــرد شـــەقایق جـــوڵانێکی کـــردو بـــەئارامی چـــاوەکانی کردەوە، بەدەنگێك کە زۆرتر لەناڵەی دەکرد، داوای ئاوی کرد.

مەنوچـــەر پەرداخـــە ئاوەکـــەی دایـــە دەســـتیو وەك هتیـــوێکی دایکمـــردوو لەلای دانیشت.

– چیتە شەقایق، ها؟

شەقایق پەرداخەکەی خستەسەر زەویو هێواش وتی:

– چـــاك دەبمـــەوە، پزیشـــکەکە وتـــی تاهەفتەیـــەکی تـــر لـــەم ئێشـــە رزگـــارم دەبێت.

مەنوچـــەر هەســـتا، شـــەقایق بەچـــاوانێکی پـــڕ پاڕانـــەوەو ئـــاوازێکی منااڵنـــە وتی:

– مەڕۆ! هەر هیچ نەبێت ئەمشەو لەلای من بە.

مەنوچەر بزەیەکی کەمرەنگی خستەسەر لێویو وتی:

– مەترســـە! هێشـــتا مردنـــی نیـــت، ئەمشـــەو هـــیلاکم دەڕۆم دەخـــەوم، عەهدیە تەنیایە، تۆش ئەگەر تاقەتت نییە، ئەمە بخوێنەرەوە.

مەنوچـــەر بـــەرەو کۆمەدەکـــە ڕۆیشـــتو ئـــەو ڕۆژنامەیـــەی هێنـــا کـــە بـــەیانی شـــەقایق خـــۆی کڕیبـــوی شـــەقایق ســـەیرێکی کـــردو بـــەئاوازێکی ئـــارام کەگلەیی تێیدا حەشار درا بوو، وتی:

– خۆ من لەعەهدیە تەنیا ترم!

مەنوچەر بێبایەخ رۆیشت، رۆیشتو بەتەنیا جێی هێشت، شەقایق بۆ ساتێك سەیری دەوروبەری خۆی كرد، بیری لەو رۆژە كردەوە كە مەنوچەر بەزۆر هێنای بۆ كەرەجو بەزۆر بووە هاوسەری، ئەو رۆژە تەنیابوو، بەڵام تەنیایی ئەو رۆژە سەدجار شیرینتر بوو لەتەنیایی ئەم رۆژانە، ئەو رۆژانە، بەهیوای دۆزینەوەی سادق، رۆژی دەگەیاندە شەو بۆ ساتێكیش سادقی لەبیرنەدەچوو، بەڵام ئێستا.. سەیركردنی شەقایق ماتو سەرسام بوو بۆ لاپەڕەی پێرستی رۆژنامەكە، چەناكەی لەرزیو دڵە بێهیواكەی دەستی كردوە بەلێدان، چاوە بێروناكییەكانی وەك روناكی درەوشایەوە.

ئەم، ئەم ناوە!

بەرامبەر لاپەڕەی ژمارە یانزەی پێرستەكە نوسرا بوو "شیعرەكان: شیعرێك لە"شیعرەكانی سادق نوسرا بوو" خودایەگیان تۆ چەند گەورەی، چەند میهرەبانی، ئەو بەندەیەی كەوا دەزانێ تەنیایە، چەندان سوپاسە!.. چەند پڕكێشو یاخییە، لەم شەوی تەنیاییەدا، كەوامدەزانی هەموو رابردوم وەك یادگاری لەقۆناغەكەدا نوقم بووە، دیسان نیشانەیەكی ترم لەسادق دۆزییەوە!.. شەقایق شیعرێكم بۆ نوسیوی هەم ناوی خۆتە، لەشیعرەكەشدا حەوت كۆی دووجار ناوی تۆم هێناوە، كاتێك تەواو بوو دەیهێنم بۆت كە بیخوێنیتەوە، بەڵام دەبێت تاڕۆژی لەدایكبوونت ئارام بگریت.

شەقایق بەدەنگێكی بەرز وتی:

– وای، ئەمڕۆ بیستو شەشی مانگی میهرە، ئەمڕۆ، رۆژی لەدایكبونمە!

– حەوت كۆی دوجار، یانی نۆ، ئیتر!

– بەڵێ.

– باشە بۆچی نالێی نۆجار؟

– ئـاخر رۆژ حـەزم لـەژمارە حەوتـە، بیسـتومە دەڵـێن: حـەوت ئاسمـان، حـەوت سـین، هەفتـەش حـەوت رۆژە، منـیش ویسـتم حـەوتجار نـاوت بێـنم لەشیعرەکەدا، بەڵام دوانی زیادیکرد، بووە بەنۆجار.

– دەڵێم سادق نەوەك من عەشقی حەوتەمت بم؟

سادق پێکەنی..

– تۆ یەکەمو دوایەمینی.

فرمێسـك بێخواسـت لەچـاوی شـەقایق هاتـەخوارەوەو بـەدەنگێکی لـەرزۆك دەسـتی کـرد بەخوێندنـەوە " ئـەو کەسـەی هەمیشـە لەحەسـرەتدا جێی هێشتم، پێشکەش بەونبوم، شەقایق..

لەم بیابانە بێ کۆتاییەدا، لەبیرت خێوەتێك هەیە
لەنێوان لافاوی خەفەتەکانم خەفەتێکی تازەتر هەیە

شەقایق گیان بەکاتی شەو، خەیاڵت هاوڕەمم بووە
لەکاتی دەستپێکردنی ئێشدا، نیگات مەرهەمم بووە

بۆ فرمێسکی چاوەکانم، قسەکانت باشترین ئارام بەخش
بەیانیان، هەردوو چاوت، شەقایق، قیبلەم بووە

شەقایق گیان، بەبێ تۆ خەمم قورسترین بووە
سوێند بەهەرچی مەجنونە، دڵم عاشقترین بووە

نیگای سەوزی چاوانت، لەسەرم دەرناچێت
جگە لەگوشینی دەستەکانت، مەگەر ئەم دڵە چی دەوێت؟

بەدڵم وت عاقڵ بە، کە ئێرە جێگەی حەسرەت نییە
دڵم پێکەنی‌و جارێك وتی شەقایق رۆشتووە لێرە؟

شەقایق بە خاوەنی دڵ، دڵم تەنیاترین تەنیایە
ئەگەر رۆژێك تۆ بێیت، بەحەسرەتی هەردوکمان پێدەکەنین

شەقایق گیان، بەبێ تۆ خەفەتم قورسترین بووە
سوێند بەهەرچی مەجنونە، دڵم عاشقترین بووە

لەم کۆڕەدا جگە لەگریە، مەگەر شتێك ماوەتەوە
دوای تۆ کاری رۆژانەم دانیشتن لەسەر لێوارێ جادە

لەنێوان خەڵوەتی شەوان کەسێك بێخودە دەپرسێت:
شەقایقیش بۆ تۆ، ئاوا بێ تواناو سەرسامە؟

لەم کاتی دوو دڵیەدا کەسێك لەسینگەوە دەڵێت:
ئەگەر شکت لەعەشق هەیە، چی جۆرە عاشقێکی؟

شەقایق گیان، بەبێ تۆ خەفەتم قورسترین بووە
سوێند بەهەرچی مەجنونە، دڵم عاشقترین بووە

ئەگەر لەمن، تۆ ونی ناو سینگم جێگەی تۆیە
نمونەت وەکو خۆرە کە لەپشت گردەکان خەوتووە

بەهیوای دەرکەوتنت، هەموو کاتێ لەگەڵ شەودا تازە دەبمەوە
بەڵام ترسم لەو رۆژەیە، کە تاریکی لەنگەر بخات

شەقایق گیان، بەبێ تۆ خەفەتم قورسترین بووە
سوێند بەهەرچی مەجنونە، دڵم عاشقترین بووە

لەتیخی تیژی چاوانت من بریندارى مەیدانم
سوێند بەگیانم کرپیاری تیری نیگاتم

نیگای تیژو بڕەرت ئەگەر وەکو خەنجەر بوایە

لەتیخی تیژی چاوانت حەسودان بەکۆمەڵ دەمردن

شەقایق خەوتبوو، دوای ئەو هەموو ئێشە، ئێستا گەشتبوو بەئارامی، بەڵام لەناکاو لەجیهانی خۆیدا وێنەی سادق دەرکەوت، جلەکەی ڕەش بوو، بەڵام دەموچاوی بەبزەوە بوو، بەئارامی وتی:

– لەکوێی؟ من لەزۆر زووە چاوەڕێم!

شەقایق لەخەو هەستاو سێبەری چڵە ڕوتەکانی دارەکە ترسناك دەهاتە پێشچاو، بەیانی بووە هەستێکی سەیر لەکاتی هەستانیدا لەلەشیدا دەرکەوت، دەڵێی قورس بووە، دەبوایە خۆی سوکبکردایەتەوە، دەبوایە لەشی بدایەتە دەست ئاو، ئاو ڕوناکییەکە، ئاو ژیانە، عەدیە لەژورەکەی خۆیان دانیشتبوو بەرچای دەدا بەمنداڵەکان، شەقایق بەپەنجە بەئارامی لەدەرگاکەی داو ڕۆیشتە ژوورەوە، عەدیە بەبێزاریەوە دەموچاوی مۆنکردو بەقینەوە وتی:

– دەیبینی چا تەواو نەبووە، برۆ هەرکات کوڵا، بۆتی دەهێنم.

شەقایق نیگای بێ ڕوناکی بڕیە دەموچاوی عەدیەو بەدەنگێك، کە بەزۆر دەبیسترا وتی:

– عەدیە گیان! داوایەکم لێت هەیە.

– بیلێ!

شەقایق تەواوی هەوڵی دەدا تابتوانێت قسەبکات، بەڵام جارجار وردەوردە توانای قسەکردنی لەدەستدەدا، دەستی خستە سەر دەستی عەدیەو نیگای بێ گیانی بڕیە دەموچاوی مۆنی عەدیە، توخوا ئەمڕۆ دەمبەیت بۆ گەرماو "حمام"؟. ئەگەر حاڵم باشبوایە خۆم دەڕۆشتم.

عەدیە دەستی لەژێر دەستی دەرهێناو خستیە پشتیو پاشان بەشێوەیەکی بزێو وتی:

– وای، مەگــەر مــن بومەتــە خزمــەتکارت، رۆژێــک ئــاوت دەوێــت، رۆژێــک ژەهــری مــار، چــی ژنێکــی رووداری؟.. بــەمن چــی، مــن کــاتم نییــە منداڵــەکان ببەمە گەرماو، چجا تۆ، باشە خۆت بڕۆ!

شەقایق دەستی گرت بەدیوارەکەوەو بەرامبەری هەستا.

– بمبەخشە عەهدیە، بەڵام ئیتر زەحمەتەکانی ئێمەش تەواوبوو.

پاشان بزەیەکی کەمرەنگی خستە سەر لێوی‌و هێواش وتی:

– لەدەستم ئاسودە دەبیت، بەم زوانە، زوو.

عەهدیە هەستاو وتی:

– پێت ناخۆش نەبێت، لەخوام دەوێت لەدەستت ئاسودەبم.

شــەقایق بــۆ ســاتێك وەســتا، بــەبێ ئــەوەی روی تێبکــات‌و بــەبێ ئــەوەی سەیری دەموچاوی بکات، وتی:

– گەردنم ئازاد بکە عەهدیە ! من ڕۆشتم.

عەهدیــە ســەری لەرســتەکەی دەرنــەهێنا، نــەوەك راکردنــی هــەبێت، بــەتوڕەیی کەوتــەدوای، بــەڵام نــە، ڕۆیشــتە ژورەکــەی، بــەڵام زۆر بێحــاڵ‌و ڕەنگپەڕیو.

دوای نیــوەڕۆ بــوو دەنگــی کاتــژمێری ســەر دیوارەکــە وەك چەکوشــێك وابــوو بەســەر ئاســندا بــدرێت، لــەیلاو مەســعود خــەوتبون، ئــارەش لــەنیوەڕۆوە ڕۆیشــتبوو بــۆ لای شــەقایق، بێــدەنگی بــاڵی بەســەر ماڵەکــەدا کێشــابوو، عەهدیــە جلــی دەدوری نەیــدەزانی بۆچــی دڵــە خورتێیــەتی، چەند جارێك هەستاو سەری لەمناڵەکان دا.

نــەوەك ڕوداوێــك وێــڵ هاتبێتــە پــێش بــۆ مەنوچــەر، خوایــە مــن بۆچــی بــەم جۆرەم.

کینەیەکی سەنگین قورگی دەگوشی.

وای من چیم لێهاتووە ؟.. بۆچی بێخود دەگریم؟.. خودایە نەوەك..

عەدیە لەژورەکە رۆیشتەدەرەوەو بەبێدرەنگکردن رۆیشت بۆ ژورەکەی شەقایق، ئارەش لەگۆشەی ژورەکە سەرقاڵی یاریکردن بوو، بەبینینی ئەو سەری بەرزکردەوەو پاشان دوبارە دەستی کردەوە بەیاری، شەقایق خەوتبوو، چاوەکانی نیوەکراوەبوو، قژی بەسەر دەموچاویدا پەرشو بڵاو بوو، دەستەکانی لێك ئاڵاندبوو، لەسەر سکی بوو.

عەدیە بەدەنگێکی لەرزۆك، کە پڕبوو لەترس، بانگی کرد:

– شەقایق؟!..خەوتوی؟!

بەڵام شەقایق لەزووەوە خەوتبوو، ئارەش بەسەرسامی لای عەدیە وەستا، بەترسەوە وتی:

– دایکە! بۆچی دەتەوێت شەقایق لەخەو هەستێنی؟

عەدیە گرتیە باوەشو جارێکیتر شەقایقی بانگکرد، دەڵێی سالانێکە خەوتوە، عەدیە دەستی خستەسەر شانیو بەهاوار وتی:

– هەستە!.. توخوا هەستە! مەگەر نەتوت بتبەم بۆ گەرماو؟ توخوا هەستە، شەقایق هەستە دەمەوێت بتبەم بۆ گەرماو.

بەڵام شەقایق بۆ هەمیشە خەوتبوو، عەدیە بەناڵەکردنەوە بەرەو کۆڵانەکە رایکرد، هاواریدەکردو رایدەکرد، ئارەش بەهەراسانی بەدوایدا لەماڵ دەرچوو.

ئەی خەڵك وەرنە دەرەوە، وەرن توخوا شەقایق ببەن بۆلای پزیشك خەریکە دەمرێت!

خەڵك هاتنە کۆڵانەکەوەو عەدیەیان گەیاندە ماڵەوە کە بەبێحاڵی کەوتبوەسەر زەوی،،

بەخاکیان سپارد.

لەکاتێکدا کە مەنوچەر بەگریانەوە بەرەو لایەکیتر رۆیشت تا بەخاکسپاردنی شەقایق نەبینێت چاوی کەوت بەبەردی گۆڕێکی تر لای

گۆڕەکەی دایکی شەقایق، مەنوچەر بێ تاقەتر لەپێشتر هاواریکردە دەنگی منداڵی لەمێشکیدا دەزرنگایەوە، کاتێك یەکەمجار سادقی بینیبوو.

– ناوم سادقە، تۆچی؟

– مەنوچەر!

– ناوەکەشت وەکو خۆت ژیگولە.

پاشان دەنگی پێکەنینو پێکەنین..

ئەم گۆڕە پەیوەستبوو بەسادقەوە، سادقیش مردبوو.

ئەویش سالانێکە مردوەو منی نەمزانیوە، دەی هەر لەبەرئەمە شەقایق، زۆر زوو تەنیای کردم!

لەسەر بەردە رەشەکەی گۆڕەکەی ئەو بەرەنگی سورو بەئەستوری نوسرا بوو:

لەسەر گۆڕەکەم بنوسن شەقایق

تاهەرکەس ببینێت، خوێناو بگرێت.

کەسێك کە هەمیشە لەحەسرەتی شەقایقدا بوو.

مەنوچەر هاواری کرد:

لەکۆتاییشدا شەقایقت لێ سەندم، خودایە من چەند تەنیام.

تەواو.....